ژیان و فێرکردن و پەرجووەکانی

# عیسای مەسیح

## لە لەدایکبوونییەوە هەتا بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان

تەواوی ژیانی عیسای مەسیح

بەگوێرەی ئەوەی لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتووە.

# ژیان و فێرکردن و پەرجووەکانی

# عیسای مەسیح

## لە لەدایکبوونییەوە هەتا بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان

لە وەرگێڕانی (KSS) وەرگیراوە

چاپ و بڵاوکردنەوەی ببلیکا

کوردستان - هەولێر - بەختیاری

**+964 750 736 5575**

**info@kitebipiroz.com**

**www.kitebipiroz.com**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (165)ی ساڵی (2018)ی پێدراوە.

چاپخانەی ئاسیا - سلێمانی

تیراژ: 4000 دانە

ISBN: 978-1-62337-463-1

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١٣ |
| **بەشی یەکەم: سی ساڵ لە ئامادەکاری** | ١٥ |
| سەرەتا | ١٥ |
| پێشبینی بۆ لەدایکبوونی پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکەریا | ١٧ |
| مژدەی لەدایکبوونی عیسا | ١٩ |
| دیدەنی مریەم و ئەلیسابات | ٢٠ |
| ستایشی مریەم | ٢٠ |
| لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا | ٢١ |
| ستایشی زەکەریا | ٢٢ |
| لەدایکبوونی عیسای مەسیح | ٢٣ |
| هاتنی شوان و فریشتەکان | ٢٤ |
| خەتەنەکردنی عیسا | ٢٥ |
| هەڵاتن بەرەو میسر | ٢٨ |
| گەڕانەوە بۆ شاری ناسیرە | ٢٨ |
| عیسا لە پەرستگادا | ٢٩ |
| **بەشی دووەم: عیسای مەسیح بانگەوازەکەی ڕادەگەیەنێت** | ٣١ |
| حەزرەتی یەحیا | ٣١ |
| لەئاوهەڵکێشانی عیسای مەسیح | ٣٣ |
| شەیتان عیسا تاقی دەکاتەوە | ٣٤ |
| شایەتیدانی یەحیا | ٣٥ |
| بەرخی قوربانی خودا | ٣٧ |
| قوتابییە یەکەمینەکان | ٣٧ |
| پاکسازی حەوشەکانی پەرستگا | ٣٩ |
| عیسا نیقۆدیمۆس فێردەکات | ٤٠ |

**بەشی دووەم: عیسای مەسیح بانگەوازەکەی ڕادەگەیەنێت**


یەحیا شایەتی بۆ مەسیح دەدات ٤٢
زیندانیکردنی حەزرەتی یەحیا ٤٣
عیسا قسە لەگەڵ ژنێکی سامیرەیی دەکات ٤٤
قوتابییەکان بەدوای عیسای مەسیح دەکەون ٤٦
باوەڕی سامیرەییەکان بە عیسای مەسیح ٤٧
عیسا دەگەڕێتەوە بۆ جەلیل ٤٧
عیسا کوڕی کاربەدەستێکی پاشا چاک دەکاتەوە ٤٧
عیسا لە ناسیرەی شارەکەی خۆی دەردەکرێ ٤٨
عیسا دەست بە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی دەکات ٥٠


**بەشی سێیەم: ساڵی ناوبانگ و پەسەندکردن** ٥١


عیسا قوتابییەکانی هەڵدەبژێرێت ٥١
عیسا ڕۆحێکی پیس دەردەکات ٥٢
چاککردنەوەی خەسووی پەترۆس ٥٣
عیسا لە چۆڵەوانی نوێژ دەکات ٥٣
عیسا نەخۆش چاک دەکاتەوە ٥٤
چاککردنەوەی نەخۆشی گولی ٥٤
چاککردنەوەی ئیفلیجێك ٥٤
عیسا لێڤی بانگهێشت دەکات ٥٥
عیسا لەبارەی ڕۆژووەوە پرسیار دەکات ٥٦
چاککردنەوەی نەخۆش لەلای حەوزی بێتحەسدا ٥٧
عیسای مەسیح لەسەر دەسەڵاتە خوداییەکەی دەدوێت ٥٨
لە مردنەوە بەرەو ژیان ٥٩
شایەتییەکان لەبارەی عیسای مەسیحەوە ٦٠
گەورەی ڕۆژی شەممە ٦١
کۆمەڵێک دوای مەسیح دەکەون ٦٢
بانگهێشتکردنی دوازدە قوتابییەکە ٦٣

**وتاری سەر چیا** ٦٣
خۆزگەخواستنەکان ٦٣
خوێی زەوی و ڕووناکی جیهان ٦٤
تەورات ٦٥
تووڕەیی ٦٥
داوێنپیسی ٦٦
تەڵاق ٦٧
سوێندخواردن ٦٧
تۆڵەسەندن ٦٧
خۆشویستنی دوژمنان ٦٨
خێرکردن ٦٨
نوێژکردن ٦٩
ڕۆژووگرتن ٧٠
گەنجینەی ڕاستەقینە ٧٠
دوودڵی و ڕاڕایی ٧٠
حوکم مەدەن ٧١
داوا بکەن، پێتان دەدرێ ٧٢
ڕێگای ژیان ٧٢
ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە پێغەمبەرانی درۆزن ٧٣
بناغەی پتەو و بناغەی لاواز ٧٣
باوەڕی سەرپەلێک ٧٤
عیسا کوڕی بێوەژنێک زیندوو دەکاتەوە ٧٥
عیسای مەسیح و پێغەمبەر یەحیا ٧٥
وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە ٧٧
لێخۆشبوون و خۆشەویستی ٧٨
عیسای مەسیح لە جەلیل ٧٩
بە ئاشکرا هێرش دەکرێتە سەر عیسای مەسیح ٨٠

**بەشی سێیەم: ساڵی ناوبانگ و پەسەندکردن**
دار بە بەرهەمی دەناسرێت ٨٠
نیشانەی یونسی پێغەمبەر ٨١
دایک و برا ڕاستەقینەکانی عیسا ٨٢
نموونەی جوتیارێک ٨٢
بۆچی عیسا بە نموونە دەدوێت؟ ٨٣
ڕوونکردنەوەی نموونەی جوتیارەکە ٨٤
نموونەی چرا ٨٤
نموونەی گەشەکردنی تۆوێک ٨٥
نموونەی گەنم و زیزان (زیوان) ٨٥
نموونەی دەنکە خەردەل و هەویرترش ٨٦
ڕوونکردنەوەی نموونەی گەنم و زیزان ٨٦
نموونەی گەنجینە و مرواری ٨٧
نموونەی تۆڕ ٨٧
هێمنکردنەوەی ڕەشەبا ٨٨
ڕزگارکردن لە لێگیۆن ٨٨
زیندووکردنەوەی کچێک ٩٠
چاککردنەوەی ژنێک ٩٠
چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا ٩١
عیسای مەسیح جارێکی دیکە لەلایەن جولەکەوە ڕەتدەکرێتەوە ٩٢

**بەشی چوارەم: ساڵی بەرگری** ٩٣
عیسای مەسیح بە شار و گوندەکاندا دەگەڕێت ٩٣
عیسای مەسیح قوتابییەکانی دەنێرێت ٩٣
کوشتنی حەزرەتی یەحیا ٩٦
تێربوونی پێنج هەزار کەس ٩٨
عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات ٩٩
عیسا نەخۆشی دیکە چاک دەکاتەوە ١٠٠

## بەشی چوارەم: ساڵی بەرگری


منم نانی ژیان ١٠٠
قوتابییەکان گومان دەکەن ١٠٣
دووڕوویی ئایینی ١٠٤
باوەڕی ژنێکی کەنعانی ١٠٥
عیسا کەڕولاڵێک چاکدەکاتەوە ١٠٦
عیسا چوار هەزار کەس نان دەدات ١٠٧
داواکردنی نیشانەی ئاسمانی ١٠٨
هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان ١٠٨
چاکبوونەوەی کەسێکی نابینا ١٠٩
پەترۆس دان بە مەسیحدا دەنێت ١٠٩
یەکەم باسی مردنی عیسا ١١٠
دیداری ئەلیاس و موسا لەگەڵ عیسای مەسیح ١١١
عیسا کوڕێک چاکدەکاتەوە کە ڕۆحی پیسی تێدایە ١١٣
دووەم باسی مردنی عیسا ١١٤
باجی پەرستگا ١١٤
کێ لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە؟ ١١٥
ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە ١١٥
بایەخی مەسیح بۆ ڕزگاربوونی هەمووان ١١٦
گلەیی برایانە ١١٧
گرنگی گەردن ئازادکردن ١١٧
نرخی شوێنکەوتنی عیسا ١١٩
عیسا دەچێتە جەژنی کەپرەشینە ١١٩
بیروڕای جیاواز دەربارەی عیسا ١٢٠
عیسای مەسیح ئەو ڕزگارکەرە بوو کە پێغەمبەرەکان پێشبینییان کرد ١٢١
بێباوەڕی هەندێک لە ڕابەرانی جولەکە ١٢٣
عیسا و ژنێکی داوێنپیس ١٢٣
عیسای مەسیح و ڕووناکی جیهان ١٢٤

## بەشی چوارەم: ساڵی بەرگری


کوڕانی ئیبراهیم ١٢٥
باوکی درۆ ١٢٦
ڕاگەیاندنەکانی عیسا سەبارەت بە خۆی ١٢٧
چاککردنەوەی کەسێکی بە زگماک نابینا ١٢٨
ڕابەرانی جولەکە ئەو پیاوە دەپشکنن کە چاوی چاکبووەوە ١٢٩
کوێریی ڕۆحی ١٣٠
شوان و مێگەلەکەی ١٣١
عیسا حەفتا و دوو قوتابی دەنێرێت ١٣٢
باوک و کوڕ و هزری ڕۆحی ١٣٤
نموونەی سامیرەییە چاکەکە ١٣٥
لە ماڵی مریەم و مەرسا ١٣٦
فێرکردن دەربارەی نوێژ ١٣٦
سەرزەنشتکردنی فەریسییەکان ١٣٨
ئاگادارکردنەوە و هاندانەکان ١٣٩
نموونەی دەوڵەمەندی بێ مێشک ١٤٠
نەک ئاشتی بەڵکو دووبەرەکی ١٤١
گەڕانەوە بۆ لای خودا ١٤٢
چاککردنەوەی ژنێک لە ڕۆژی شەممەدا ١٤٢
بێباوەڕی خەڵکێکی زۆری جولەکە ١٤٣
دەرگای تەنگ ١٤٤
دڵتەنگی عیسا بۆ ئۆرشەلیم ١٤٥
چاککردنەوەی نەخۆش لە ڕۆژی شەممەدا ١٤٦
بانگهێشتکردنی هەژاران ١٤٦
نموونەی میواندارییەک ١٤٧
نرخی شوێنکەوتنی عیسا (دووەم) ١٤٨
نموونەی مەڕە ونبووەکە ١٤٩
نموونەی درهەمە ونبووەکە ١٤٩

**بەشی چوارەم: ساڵی بەرگری**


نموونەی کوڕە ونبووەکە ١٥٠
نموونەی سەرکاری ناپاک ١٥١
نموونەی هەژارێک و دەوڵەمەندێک ١٥٣
گوناه و باوەڕ و خزمەت ١٥٤
مردنی لەعازر ١٥٥
منم هەستانەوە و ژیان ١٥٦
زیندووکردنەوەی لەعازر ١٥٧
ڕابەرانی ئایینی پیلانی کوشتنی عیسا دادەڕێژن ١٥٨
چاککردنەوەی دە نەخۆشی گول ١٥٩
هاتنی پاشایەتی خودا ١٥٩
نموونەی بێوەژن و دادوەرێک ١٦٠
نموونەی فەریسی و باجگر ١٦١
عیسا لەسەر تەڵاق دەدوێت ١٦١
شانشینی ئاسمان بۆ منداڵانە ١٦٢
گەنجە دەوڵەمەندەکە ١٦٣
نموونەی کرێکارانی ناو ڕەز ١٦٤
سێیەم باسی مردنی عیسا ١٦٥
خزمەتکار پایەبەرزترینە ١٦٦
چاکبوونەوەی بارتیماوسی کوێر ١٦٧
عیسا دەبێتە میوانی زەکای باجگر ١٦٧
چیرۆکی دە کۆیلەکە ١٦٨
کەژاوەی پاشایانە ١٦٩
بۆنخۆشکردنی عیسا بۆ مردن ١٧٠

**بەشی پێنجەم: ئەو هەفتەیەی تیایدا عیسا مرد** ١٧٣
عیسای مەسیح دەچێتە ناو ئۆرشەلیم ١٧٣
ژیانی بێ بەرهەم (وانەیەک لە دار هەنجیرەوە) ١٧٥

**بەشی پێنجەم: ئەو هەفتەیەی تیایدا عیسا مرد**


جارێکی دیکە عیسا پێشبینی مردنی خۆی دەکات ١٧٥
خەڵکێکی زۆری جولەکە بەردەوامن لە باوەڕنەبوونیان بە عیسای مەسیح ١٧٦
دار هەنجیرەکە وشک دەبێت ١٧٨
جولەکە سەبارەت بە دەسەڵاتی عیسا پرسیاری لێ دەکەن ١٧٨
نموونەی دوو کوڕەکە ١٧٩
نموونەی ڕەزوانە بکوژەکان ١٧٩
نموونەی داوەتی پاشا ١٨١
سەرانەدان بە قەیسەر ١٨٢
زیندووبوونەوەی مردووان ١٨٢
گەورەترین ڕاسپاردە ١٨٤
مەسیح کوڕی کێیە؟ ١٨٥
هەمووتان برای یەکترن ١٨٦
بەخشینی بێوەژن ١٨٩
نیشانەکانی کۆتایی سەردەم (ڕۆژی دوایی) ١٨٩
کەس ئەو کاتە نازانێت ١٩٢
نموونەی کچە داناکان و کچە گێلەکان ١٩٣
نموونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ ١٩٤
عیسا حوکم بەسەر جیهان دەدات ١٩٥
پیلانگێڕی بۆ کوشتنی عیسا ١٩٧
یەهوزا بە خیانەتکردن لە عیسای مەسیح ڕازی دەبێت ١٩٧
ئامادەکاری بۆ دوایین ئێوارەخوان ١٩٧
کێ پایەبەرزترە؟ ١٩٨
عیسای مەسیح پێی قوتابییەکانی دەشوات ١٩٩
عیسا پێشبینی خیانەتی یەهوزا دەکات ٢٠٠
پەیمانی نوێ ٢٠١
ڕاسپاردەی نوێ ٢٠٢
پێشبینیکردنی نکۆڵی پەترۆس ٢٠٣

**بەشی پێنجەم: ئەو هەفتەیەی تیایدا عیسا مرد**

عیسا دڵنەوایی قوتابییەکانی دەداتەوە ٢٠٤
منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان ٢٠٥
بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز ٢٠٥
منم مێوی ڕاستەقینە ٢٠٧
ئاگادارکردنەوەی عیسا بۆ قوتابییەکان ٢٠٨
کاری ڕۆحی پیرۆز ٢٠٨
هاتنی خۆشی دوای ناخۆشی ٢١٠
عیسا لەپێناو قوتابییەکانی نوێژ دەکات ٢١١
عیسا لەپێناو هەموو باوەڕدارانەدا نوێژ دەکات ٢١٢
عیسا لە باخی گەتسیمانی بە تەنها نوێژ دەکات ٢١٢
گرتنی عیسای مەسیح ٢١٣
دادگاییکردنی عیسای مەسیح لەبەردەم سەرۆک کاهین ٢١٥
پرسیارەکانی کاهینان لە عیسای مەسیح لەبەردەم سەرۆکی کاهینان ٢١٦
پەترۆس نکۆڵی لە ناسینی عیسا دەکات ٢١٦
عیسای مەسیح لەبەردەم دادگای باڵا حوکم دەدرێت ٢١٧
یەهوزا خۆی دەکوژێت ٢١٩
عیسا لەبەردەم حاکمی ڕۆمانی ٢١٩
عیسا لەبەردەم هێرۆدسی پاشا ٢٢١
بڕیاری لەخاچدانی عیسا ٢٢٢
عیسای مەسیح بۆ لەخاچدان پێشکەش دەکرێت ٢٢٣
سەربازەکان گاڵتە بە عیسا دەکەن ٢٢٤
لەخاچدان ٢٢٥
مردنی عیسای مەسیح ٢٢٧
ناشتنی عیسای مەسیح ٢٢٨
ئێشکگرتن لە گۆڕی عیسا ٢٢٩

| | |
|---|---|
| **بەشی شەشەم: چل ڕۆژی کۆتایی** | ٢٣١ |
| هەستانەوەی عیسا | ٢٣١ |
| عیسا بۆ مریەمی مەجدەلی دەردەکەوێت | ٢٣٣ |
| عیسا بۆ کەسانی دیکە دەردەکەوێت | ٢٣٤ |
| قسەی پاسەوانەکان | ٢٣٤ |
| عیسا لە ڕێگای بەرەو ئەمواس دەردەکەوێت | ٢٣٤ |
| عیسا بۆ قوتابییەکانی دیکە دەردەکەوێت | ٢٣٦ |
| دەرکەوتنی عیسا بۆ تۆماس | ٢٣٧ |
| نانخواردن لەگەڵ عیسا | ٢٣٨ |
| ئایا عیسای مەسیحت خۆشدەوێت؟ | ٢٣٩ |
| عیسای مەسیح قوتابییەکانی دەنێرێت | ٢٤٠ |
| دوایین ڕێنمایی | ٢٤١ |
| گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان | ٢٤٢ |
| هاتنی ڕۆحی پیرۆز | ٢٤٣ |
| **کۆتایی** | ٢٤٤ |

# پێشەکی

عیسای مەسیح لەلای زۆربەی خەڵك بە پێغەمبەری ئاشتی و خۆشەویستی ناسراوە، هەموو کەسێکیش حەز دەکات کە ئاشتی ڕاستەقینەی هەبێت و خۆشەویستی ڕاستەقینە تاقی بکاتەوە. بەڵام لە کوێ دەتوانیت ئەو ئاشتی و خۆشەویستییە ڕاستەقینەیە بەدەستبهێنیت؟ یەکێک لە وتەکانی مەسیح ئەمە بوو: (**هەرکەسێك لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.**) لە ئینجیلی پیرۆزدا ئەم ڕاستییە وەك ڕووناکی باسکراوە و مەسیح بە ڕووناکی ڕاستەقینە چوێنراوە، چونکە ژیانێکی بێهاوتا و ناوازەی هەبوو: (**ئەو ڕووناکییە ڕاستەقینەیەی کە بەسەر هەموو مرۆڤێکدا دەدرەوشێتەوە، دەهاتە جیهان.**) زۆربەی خەڵك ڕێز لە مەسیح و پەیامەکەی دەگرن، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ژیانی و فێرکردن و پەرجووەکانی نازانن. ئەم پەڕتووکە چاپکراوە بۆ ئەوەی تۆی خوێنەری ئازیز، زیاتر لەبارەی ئەم ڕووناکییەوە بزانیت.

عیسا کە نازناوی (مەسیح)ی هەیە، بە واتای (دەستنیشانکراو)، کاتێك تەمەنی گەیشتە سی ساڵ، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی دەستی کرد بە گەڕان بە خاکی ئسیرائیلدا. عیسا لە تەمەنی سی و سێ ساڵیدا لە خاچ درا و مرد و نێژرا، لە دوای سێ ڕۆژ لە ناشتنی هەستایەوە لەنێو مردووان و بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان. عیسا وەکو پێغەمبەرەکانی دیکە لە ئاسمانەوە سروشی بۆ دانەبەزیوە، چونکە ئەو خۆی (وشەی خودا)یە. عیسا خۆی **سروشێکی زیندوو** بوو، وشە و ڕۆحی خودا بوو. ڕاستەوخۆ ئەوەی گوتوویەتی و کردوویەتی لە خوداوە بووە.

ئینجیلی پیرۆز کتێبێك یان نووسراوێك نییە لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤایەتی دابەزیبێت. ئەوەی هەیە چوار لە قوتابییەکانی عیسا بە سروشی ڕۆحی خودا سەرگوزەشتە و پەیامەکەی عیسایان بۆ خەڵکی ئەم سەردەمە (بە زمانی یۆنانی) نووسیوەتەوە. نووسراوەکانیان پێیان دەگوترێت (ئینجیل)، کە بە واتای مزگێنی یان مژدە دێت. دەبێت ئەوەش بزانین کە بە تەواوی پەیمانی نوێش دەگوترێت (ئینجیل) کە ژیاننامەی عیسا و کرداری نێردراوانی مەسیح و نامەکانی نێردراوان لەخۆ دەگرێت. خودا لە ڕێگەی مژدەی هاتنی مەسیحەوە هەواڵی خۆشی ڕزگاریی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی ڕاگەیاند، ئەوەش کردنەوەی دەرگای هیوا و ئاواتە

لـە بـەردەم تۆبـەکاران. خـودا نەخشـەی ڕێـگای ژیـان و نەمـری کێشا بـۆ هەرکەسێك کـە ژیـان لەگـەڵ عیسـای مەسـیح قبـوڵ بـکات.

کاتێـك لــە ئینجیلــی پیــرۆز (ژیــان و سەرگوزەشــتەی عیســای مەســیح) دەخوێنینـەوە بەهـۆی ئـەوەی چـوار کـەس لـە چـوار ڕوانگـەی جیـاوازەوە هەریـەك سەرگوزەشــتەکەیان نووســیوەتەوە، ئــەوا لــە تێگەیشــتن و لــە ڕووی مێژوویــەوە لەوانەیـە ئاڵۆزییـەك دروسـت بـکات بـۆ کەسێك کـە شـارەزایی لـە ئینجیلـی پیـرۆز نەبێـت. لـەم کتێبـەدا هەوڵـدراوە ڕووداوەکانـی هـەر چـوار پەڕتووکەکـە تێکهەڵکێش بکرێـن و بکرێنـە یـەك گێڕانـەوە. ئـەوە بـە واتـای ئـەوە نییـە کـە ئێمـە دەسـتکاریمان کردبێـت یـان هەوڵێـك بێـت بـۆ ئـەوە، بەڵکـو ئەگـەر بتەوێـت ڕووداوەکان لەنـاو ئینجیلـی پیـرۆز بخوێنیتـەوە ئـەوا لەبـەر دەسـتدایە و دەتوانیـت بـۆ دڵنیابوونـەوە ئینجیلـی پیـرۆز بخوێنیتـەوە.

لەم کتێبەدا دەقەکە بە سێ شێواز هەیە:

١. ڕەنگـی ڕەش: دەقـی ئینجیلـی پیـرۆز کـە لـە زمانـی یۆنانییـەوە وەرگێـڕدراوە بـە ڕەنگـی ڕەش نـووسراوە؛

٢. ڕەنگـی سـوور: هەندێـك بابـەت و دەسـتەواژە کـە بـۆ خوێنـەری کـورد ڕوون نیـن، ڕوون کراوەتـەوە و بـە ڕەنگـی سـوور نـووسراوە، وەك نیشـانەیەك بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو دەقـە لەنـاو کتێبـی پیـرۆزدا نییـە و زیـادەی ئێمەیـە، تەنها بـۆ ڕوونکردنـەوە دانـراوە؛

٣. **ڕەنگـی ڕەشـی تـۆخ:** لەبەرئـەوەی لەنـاو دەقەکانـی کتێبـی پیـرۆزدا هیـچ ناونیشـانێك بـۆ پەرەگـراف و بابەتـەکان نییـە، ئێمـە بـۆ ڕوونکردنـەوە و جیاکردنـەوەی بابەتـەکان بـە ڕەنگـی تـۆخ نووسـیومانە. لەبـەر ئـەوە لەوانەیـە ناونیشـانێك لـەم پەڕتووکـەدا هەبێـت و لەنـاو ئینجیلـی پیـرۆزی چاپکـراودا نەبێـت.

بـەو هیوایـەی لـە ڕێگـەی وەرگێڕانـی ئەم کتێبـەوە توانیبێتـمان خزمەتێکـی بچووک بـە خوێنـەری کـورد بکەیـن. داوا لـە خـوداش دەکەیـن ئـەم کتێبـە ببێتـە دەسـتپێکی چاکـە و کردنـەوەی دەرگای هیـوا و ڕێـگای ژیانێکـی نـوێ لەبـەردەم زۆر کەسـدا.

# بەشی یەکەم

## سی ساڵ لە ئامادەکاری

### سەرەتا

سروشی پیرۆز بە سەردێڕی ڕاگەیاندنێکی خوداییانە دەست بە سەرگوزەشتەی ژیانی حەزرەتی عیسا دەکات و کەسایەتی و پەیامەکەی لە چوار بابەتدا دەردەخات، دەڵێت:

سەرەتای مزگێنی عیسای مەسیحی کوڕی خودا.[1]

- پەیامەکەی: ڕاگەیاندنی مزگێنی هاتنی شانشینی خودا و ڕزگاربوونی مرۆڤ لە گوناه.
- کەسایەتییەکەی: ناوی (عیسا) بوو. عیسا دەربڕینێکی کوردییە بۆ ناوی (یەشوع)ی عیبری، بە واتای (خودا ڕزگار دەکات) دێت، لە یۆنانی دەگوترێت ئیسۆس، ناوی عیسا لەوەوە هاتووە.
- ناسناوەکەی: (مەسیح)، بە واتای (دەستنیشانکراو) دێت. ناسناوێکە لە کۆندا لەنێو گەلی جولەکەدا بۆ پاشا و پێغەمبەران بووە کە ئاماژەیە بۆ دەستنیشانکردنی بە زەیت لە ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی.
- کوڕی خودا: ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو لە خودی خودایە، هەرگیز بە واتای نەوە خستنەوە یان بەدواییەکداهاتنی زەمەن نایەت.

لە سەرەتاوە سروشی پیرۆز ئەوەی ڕاگەیاندووە کە عیسای مەسیح وەك هەر مرۆڤێکی دیکە تەنها منداڵێك نەبوو، بەڵکو ئەو (وشەی خودا) بوو، ئەوەی کە لە سەرەتاوە هەبوو، لەبەر ئەوە سروش بە ڕاشکاوانە و بە ڕوونی دەڵێت:

---

(١) مەرقۆس ١:١

لـە سـەرەتادا، وشـەکە هەبـوو (ئاماژەیـە بـۆ بوونـی عیسـای مەسـیح)، وشـەکە لـەلای خـودا بـوو، وشـەکە خـۆی خـودا بـوو. ئـەو لـە سـەرەتاوە لـەلای خـودا بـوو. هەمـوو شـتێك بـەو بەدیهاتـووە، بـێ ئـەو هیـچ شـتێك بەدینەهاتـووە لەوانـەی کـە بەدیهاتـوون. وشـەکە سـەرچاوەی ژیـان بـوو، ژیانەکـەش ڕووناکـی مـرۆڤ بـوو، ڕووناکییەکـەش لـە تاریکیـدا دەدرەوشـێتەوە و تاریکییەکـە بەسـەریدا زاڵ نەبـووە.[٢]

لـە کاتێکـی دیاریکـراودا عیسـای مەسـیح لـە شـێوەی مرۆڤـدا بـۆ جیهـان هـات، لـە مریەمـی پاکیـزە لەدایکبـوو. بـەر لـە لەدایکبوونـی عیسـا وەك مـرۆڤ، خـودا پێـش ئـەو پێغەمبەرێکـی نـارد بـۆ ئـەوەی ڕێـگای بـۆ ئامـادە بـکات و خەڵکـی بـۆ تۆبەکـردن بانـگ بـکات. ئـەو پێغەمبـەرە یەحیـای[٣] کـوڕی زەکەریـا بـوو، بـە ناسـناوی لەئاوهەڵکێـش.

مرۆڤێـك هـات کـە خـودا ناردبـووی، نـاوی یەحیـا بـوو. ئـەو بـۆ شـایەتی هـات، تاکـو شـایەتی بـۆ ڕووناکییەکـە بـدات (ڕاسـتی هاتنـی عیسـا بـۆ خەڵـك ڕوون بکاتـەوە)، بـۆ ئـەوەی هەمـووان لـە ڕێگـەی ئـەوەوە بـاوەڕ (بـە عیسـا) بهێنـن. ئـەو ڕووناکییەکـە نەبـوو، بەڵکـو هـات تاکـو شـایەتی بـۆ ڕووناکییەکـە بـدات. ئـەو ڕووناکییـە ڕاسـتەقینەیەی کـە بەسـەر هەمـوو مرۆڤێکـدا دەدرەوشـێتەوە، دەهاتـە جیهـان.

ئـەو لـە جیهانـدا بـوو، جیهانیـش بـەو بەدیهـات، کەچـی جیهـان نەیناسـی. ئـەو بـۆ لای گەلەکـەی (گەلـی جولەکـەی هەڵبژێـردراوی خـودا) هـات بـەڵام ئەوان پێشـوازییان لـێ نەکـرد. لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو ئەوانـەی پێشـوازییان لێکـرد، ئەوانـەی باوەڕیـان بـە نـاوی هێنـا (لـە جولەکـە و ناجولەکـە)، مافـی پێـدان ببنـە ڕۆڵـەی خـودا، ئەوانـەی نـە بـە سروشـت لەدایـك بـوون، نـە بـە خواسـتی مـرۆڤ، نـە بـە ویسـتی پیاویـش، بەڵکـو لـە خـوداوە (بـە باوەڕیـان بـە عیسـای مەسـیح) لەدایـك بـوون (لەدایکبوونێکـی ڕۆحـی). (مـرۆڤ بـۆ ئـەوەی هەتاهەتایـە بژیێـت پێویسـتە بـە ڕۆح لەدایکببێتـەوە بـە باوەڕهێنانـی بـە عیسـا. لێـرەدا لەدایکبـوون بـە واتـای لەدایکبوونـی سروشـتی نایـەت.)

وشـەکەش بـوو بـە مـرۆڤ و لەنێوانمانـدا نیشـتەجێ بـوو. شـکۆی ئەومـان بینـی،

---

(٢) یۆحەنا ١: ١ - ٥

(٣) لە زمانی عیبری پێی دەگوترێ (یۆخەننەن / یۆخەنا)، بەڵام لە کەلتووری کوردیدا ئەم کەسە بە (یەحیا) ناسراوە بەوپێیەی لە ئیسلامدا بەو ناوە ئاماژەی پێ کراوە.

وەك شكۆی تاقانەیەك لە باوكەوە، پڕ لە نیعمەت (بەخششی خودا بۆ مرۆڤ بە بێ ئەوەی مرۆڤەكە شایستەی بێت) و ڕاستی.

یەحیا شایەتی بۆ (عیسا) دا، هاواری كرد: «ئەمە ئەوەیە كە گوتم: ئەوەی دوای من دێت پێشم كەوت، چونكە پێش من بووە.» لە گەنجینەی پڕیی ئەوەوە هەموومان نیعمەت لەدوای نیعمەتمان وەرگرتووە، چونكە تەورات (پێنج سپارەی یەكەمی كتێبی پیرۆز، پەیدابوون، دەرچوون، لێڤییەكان، سەرژمێری و دواوتار) لە ڕێگەی موساوە درا، بەڵام نیعمەت و ڕاستی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە هات. هەرگیز كەس خودای نەبینیوە، بەڵام كوڕە تاقانەی خودا (عیسای مەسیح)، ئەوەی لە باوەشی باوكدایە (خودا)، خودای دەرخست (دەربڕینی كوڕی تاقانە بە واتای نەوە خستنەوە یان بەدواییەكداهاتنی زەمەن نایەت، بەڵكو ئاماژەیە بۆ سروشت و كرۆكی عیسا مەسیح، هەروەك دەربڕینی باوەشی باوك دەربڕینێكی هێماییە و ئاماژەیە بۆ شكۆداری پایەی عیسا و هەتاهەتاییەكەی).[٤]

## پێشبینی بۆ لەدایكبوونی پێغەمبەر یەحیای كوڕی زەكەریا

پێغەمبەر یەحیای كوڕی زەكەریا ئەوەی شایەتییەكی پێشوەختەی دا بۆ عیسا، ئەویش بە پەرجوو لەدایكبوو. دایك و باوكی پیر بوون. بەر لە شەش مانگ لە لەدایكبوونی مەسیح لەدایكبوو. لەبەر ئەوەی دایكی خزمی مریەمی پاكیزەی دایكی عیسا بوو، هەر دوو چیرۆك بە ڕێكخستنێكی وردی خوداییانە تێكەڵ بوون: چیرۆكی لەدایكبوونی عیسای مەسیح و چیرۆكی لەدایكبوونی یەحیای كوڕی زەكەریا.

لەو سەردەمەی هێرۆدسی باوك پاشای یەهودیا بوو، كاهینێك (پیاوی ئایینی جولەكە) لە نۆرەی نەوەی ئەبیا (كە یەكێك بوون لەو دوازدە تیپەی بە نۆرە خزمەتی پەرستگایان دەكرد. پەرستگا شوێنی سەرەكی پەرستشی جولەكەیە و لە ئۆرشەلیمە كە بۆ یەكەم جار لەسەر دەستی پێغەمبەر سلێمانی پاشا دروستكرا. هەموو ڕێوڕەسمە گرنگە ئایینییەكانی جولەكە و

---

(٤) یۆحەنا ١

ئەنجامدانی قوربانی لەوێ دەکرا.) هەبوو ناوی زەکەریا، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون (برای پێغەمبەر موسا) بوو. هەردووکیان لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست بوون، بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە و حوکمەکانی یەزدان. بەڵام منداڵیان نەدەبوو، چونکە ئەلیسابات نەزۆك بوو، هەردووکیشیان بەساڵدا چووبوون.

کاتێك زەکەریا لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا کاروباری کاهینییەتی جێبەجێ دەکرد لەبەردەم خودا، بەگوێرەی نەریتی کاهینییەتی، تیروپشکی کەوتە سەر تاکو بچێتە ناو پەرستگای یەزدان و بخوور بسووتێنێت. لەکاتی سووتانی بخوورەکەدا، خەڵکی هەموو لە دەرەوە نوێژیان دەکرد.

لەوێ فریشتەیەکی یەزدانی بۆ دەرکەوت، لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور (ئاگردانێکە لە شوێنی هەرە پیرۆزی ناو پەرستگا بخوری لەسەر دەسوتێنرێت) ڕاوەستابوو. کاتێك زەکەریا فریشتەکەی بینی، پەشۆکا و ترسی لێ نیشت. بەڵام فریشتەکە پێی گوت: «زەکەریا مەترسە، چونکە پاڕانەوەکەت بیسترا، ئەلیساباتی ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێت و ناوی لێ دەنێیت یەحیا. ئەو دەبێتە مایەی خۆشی و شادی بۆ تۆ، زۆر کەس بەلەدایکبوونی دڵخۆش دەبن، چونکە ئەو لەبەرچاوی یەزدان دەبێتە کەسێکی مەزن و پایەبەرز. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە سکی دایکییەوە پڕ دەبێت لە ڕۆحی پیرۆز (ڕۆحی خودا) و زۆر لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای یەزدانی پەروەردگاری خۆیان دەگەڕێنێتەوە. بە ڕۆح و توانای ئەلیاسەوە (ئەلیاسی پێغەمبەر کە پێغەمبەرێکی مەزن بوو لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین لە فەلەستین ژیاوە، بە ئازایەتی بەناوبانگ بووە) پێش یەزدان دەکەوێت، تاکو دڵی باوکان بۆ لای منداڵەکان ڕابکێشێت و یاخیبووانیش بۆ لای دانایی ڕاستودروستان بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی گەلێکی ئامادە بۆ یەزدان (بۆ پێشوازیکردن لە عیسا) پێکبهێنێت.»

زەکەریاش بە فریشتەکەی گوت: «بە چی ئەمە بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بەساڵدا چووە؟»

فریشتەکە وەڵامی دایەوە: «من جبرائیلم لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت بدوێم و ئەم مژدەیەت بدەمێ. ئەوەتا لە ئێستاوە تۆ لاڵ دەبیت و توانای قسەکردنت نامێنێت هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە

ڕوودەدەن، چونکە باوەڕت بە قسەکەم نەکرد، ئەوەی لەکاتی خۆیدا دێتەدی.»

خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریایان دەکرد و سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەناو پەرستگادا. کاتێك هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێت، جا زانییان کە لە پەرستگادا بینینێکی بۆ ئاشکرا کراوە (هەندێك جار خودا شتێك یان ڕووداوێك پیشانی پێغەمبەران دەدات کە سروشێکە لەلایەن خوداوە)، چونکە بە ئیشارەت لەگەڵیان دەدوا و بە لاڵی مایەوە.

کاتێك ڕۆژانی خزمەتکردنەکەی تەواو بوو، گەڕایەوە ماڵ. دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیساباتی ژنی سکی پڕبوو، پێنج مانگ خۆی شاردەوە و دەیگوت: «یەزدان ئەمەی بۆ کردم، لەم ڕۆژانەدا چاکەی خۆی نیشان دا و ئابڕووی منی لەنێو خەڵکدا کڕییەوە.» (خەڵکی بە گشتی نەزۆکییان بە سزای خودا دادەنا و پێیان مایەی شەرمەزاری بوو.)

## مژدەی لەدایکبوونی عیسا

کاتێك ئەلیسابات سکی شەش مانگ بوو، خودا جبرائیلی فریشتەی نارد بۆ شارێك لە ناوچەی جەلیل کە ناوی ناسیرە بوو، بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێك لە بنەماڵەی داود کە ناوی یوسف بوو، ناوی پاکیزەکەش مریەم بوو. جبرائیل هاتە لای مریەم و گوتی: «سڵاو، ئەی ئەو کەسەی نیعمەتی خودات بەسەردا ڕژاوە، یەزدانت لەگەڵدایە.»

بەڵام ئەو بە پەیامەکە زۆر شێوا و بیری کردەوە، دەبێت ئەمە چ جۆرە سڵاوێك بێت. فریشتەکە پێی گوت: «مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا ڕەزامەندیت بەدەستهێنا (بەرەکەتێکی تایبەت). ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. پایەبەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبردرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێدەداتەوە (چونکە لە نەوەی داودە). هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەی یاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.» (عیسا دەبێتە پاشای شانشینی ئاسمانی.)

بەڵام مریەم بە فریشتەکەی گوت: «ئەمە چۆن دەبێت، کە من هێشتا پاکیزەم؟»

فریشـتەکە وەڵامـی دایـەوە: «ڕۆحـی پیـرۆز دێتـە سـەرت و هێـزی خـودای هەرەبـەرز دەبێتـە سایەی سـەرت. لەبـەر ئـەوە ئـەو پیـرۆزەی لێـت دەبێـت (کـە وەکـو مرۆڤەکانـی دیکـە گوناهبـار نییـە) بـە کـوڕی خـودا ناودەبردرێـت (کـوڕی خـودا بـە واتایەکـی ڕۆحـی مەجـازی دێـت و بـە واتـای لەدایکبوونێکـی جەسـتەیی یـان بەدوایەکداهاتنێکـی زەمەنـی نایـەت). ئەوەتـا ئەلیسـاباتی خزمیشـت بـەو پیرییـە سـکی پـڕە بـە کوڕێـك. ئـەوەی پێیـان دەگـوت نـەزۆك سـکی شـەش مانگـە، چونکـە هیـچ شـتێك لـەلای خـودا مەحـاڵ نییـە.»

مریـەم گوتـی: «ئەوەتـا مـن کارەکـەری یەزدانـم. ئـەوەی تـۆ دەیفەرموویـت بـا بێتـەدی.» فریشـتەکەش بەجێیهێشـت.

## دیدەنی مریەم و ئەلیسابات

لـەو ڕۆژانـەدا، مریـەم هەسـتا و خێـرا بـۆ شـارۆچکەیەك چـوو لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی هەرێمـی یەهودیـا. چـووە ماڵـی زەکەریـا و سـڵاوی لـە ئەلیسـابات کـرد. کاتێـك ئەلیسـابات گوێـی لـە سـڵاوەکەی مریـەم بـوو، منداڵەکـە لـە سـکیدا کەوتـە جوڵەجـوڵ و ئەلیسـابات پڕبـوو لـە ڕۆحـی پیـرۆز. ئەلیسـابات بـە دەنگێکـی بـەرز هـاواری کـرد: «لەنێـو ژنانـدا بەرەکەتداریـت، بەرهەمـی سـکت بەرەکەتـدار دەبێـت! ئـەم شـکۆیەم لەکوێـوە بـۆ هـات، هەتـا دایکـی گەورەکـەم بێـت بـۆ لام؟ (لێـرەدا ئەلیسـابات زانیویەتـی ئـەوەی لـە مریەمـەوە لەدایـك دەبێـت عیسـای مەسـیحە.) چونکـە هەرکـە دەنگـی سـڵاوەکەت بـەر گوێـم کـەوت، منداڵەکـە لـە خۆشـیدا لـە سـکمدا هەڵبەزییـەوە. خۆزگـە دەخوازرێـت بـەوەی بـاوەڕی هێنـاوە کـە لـە یەزدانـەوە چـی پـێ گوتـراوە دێتـەدی.»

## ستایشی مریەم

مریەمیش گوتی:

«گیانم ستایشی یەزدان دەکات،
ڕۆحم بە خودای ڕزگارکەرم دڵشادە،
چونکە سەیری بێفیزی کارەکەرەکەی کرد.

ئەوەتا لە ئێستاوە هەموو نەوەکان خۆزگە بە من دەخوازن،
چونکە توانادار کاری گەورەی بۆ من ئەنجام دا،
پیرۆزە ناوی ئەو.
بەزەییەکەی بۆ ئەوانەیە کە لێی دەترسن،
نەوە دوای نەوە.
بە بازووی کاری بەهێزی ئەنجام دا،
ئەوانەی بە بۆچوونەکانی دڵیان لووتبەرز بوون، پەرتوبڵاوی کردنەوە.
تەختی تواناکارەکانی سەرەوژێر کردووە و
بێفیزەکانی بڵند کردەوە.
برسییەکانی لە خێروبێر تێرکرد،
دەوڵەمەندانی بە دەستی بەتاڵ ڕەوانە کردەوە.
(ئینجا مریەمی پاکیزە ئاماژەی کرد بۆ پەیمانی خودا لەگەڵ ئیبراهیمی باوکمان و نەوەکەی و گوتی:)

بە یارمەتیدانی گەلی ئیسرائیلی بەندەی خۆی
هەتاهەتایە بەزەییەکەی بەبیر هێنایەوە
لەگەڵ ئیبراهیم و نەوەکەی،
هەروەك بەڵێنی بە باوباپیرانمان دا.»

مریەم لەلای ئەلیسابات نزیکەی سێ مانگ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی.

## لەدایکبوونی حەزرەتی یەحیا

ئەلیسابات کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو. جا دراوسێ و خزمانی بیستیان یەزدان دەرگای بەزەیی فراوانی خۆی بۆ کردووەتەوە، لەگەڵی شادمان بوون.

لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی منداڵەکە هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زەکەریا. بەڵام دایکی گوتی: «نەخێر، ناوی دەنرێت یەحیا.»

پێیان گوت: «کەس لە خزمانت بەم ناوە ناونەنراوە.»

ئینجا ئیشارەتیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێت. تەختەیەکی داوا کرد و لەسەری نووسی: «ناوی یەحیایە.» هەموو سەرسام بوون. دەستبەجێ دەم و زمانی زەکەریا کرایەوە، قسەی کرد و ستایشی خودای دەکرد. هەموو دراوسێکانیان ترسیان لێ نیشت و لە سەراپای ناوچە شاخاوییەکانی یەهودیا هەموو ئەم شتانە بوو بە قسە و باسی سەر زاری خەڵکی. هەموو ئەوانەی ئەم باسەیان بیست لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «ئایا ئەم منداڵە دەبێتە چی؟» چونکە دەستی یەزدانی لەگەڵ بوو.

## ستایشی زەکەریا

زەکەریای باوکیشی پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و پێشبینی کرد، گوتی:

«ستایش بۆ یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل،
چونکە گەلەکەی بەسەرکردەوە و کڕییەوە. (نرخی ڕزگارکردنی لە کۆیلایەتی دا)
هێزی ڕزگاریمانی هەستاندەوە، (ڕزگاریی پێ بەخشین)
لە بنەماڵەی داودی بەندەی، (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عیسای مەسیحی ڕزگارکەر لە نەوەی داودی پاشا هات)
وەك چۆن لە کۆنەوە لە ڕێگەی پێغەمبەرە پیرۆزەکانییەوە دواوە،
بۆ ڕزگاربوون لە دەست دوژمنان و
هەموو ناحەزانمان،
هەروەها بۆ بەخشینی بەزەیی بە باوباپیرانمان و
پەیوەستبوون بە پەیمانە پیرۆزەکەی،
واتە ئەو سوێندەی کە بۆ ئیبراهیمی باپیرە گەورەمانی خوارد:
کە ئێمە لە دەست دوژمن ڕزگارمان بێت و
بێ ترس ئەو بپەرستین،
هەموو ڕۆژانی ژیانمان بە پیرۆزی و ڕاستودروستی لەبەردەمیدا بین.

«تـۆش ئـەی منـداڵ (پێغەمبـەر یەحیـا)، بـە پێغەمبـەری خـودای هەرەبـەرز ناوەبردرێیـت،
چونکە پێش یەزدان دەکەویت، تاکو ڕێگای بۆ ئامادە بکەیت،
تاکو بە گەلەکەی ڕابگەیەنیت
بە لێخۆشبوونی گوناهەکانیان ڕزگاریان دەبێت،
بەهۆی بەزەییە بەسۆزەکەی خودامانەوە،
کە بەهۆیەوە ڕووناکی لە بەرزاییەوە بەسەرماندا دەدرەوشێتەوە،
تاکـو بەسـەر ئەوانـەی لـە تاریکـی و لـە سـێبەری مەرگـدا دانیشـتوون بدرەوشـێتەوە،
بۆ ئەوەی پێیەکانمان بە ڕێگای ئاشتیدا ببات.»
منداڵەکـەش گەشـەی دەکـرد و لـە ڕۆحـدا بەهێـز دەبـوو، لـە چۆڵەوانـی مایـەوە هەتـا ئـەو ڕۆژەی کـە خـۆی بـۆ گەلـی ئیسرائیـل دەرخسـت.[٥]

## لەدایکبوونی عیسای مەسیح

لەدایکبوونـی عیسـای مەسـیح بـەم شـێوەیە بـوو: کاتێـك مریەمـی دایکـی لـە یوسـف مارەبـڕاو بـوو، پێـش ئـەوەی بیگوازێتـەوە، دەرکـەوت کـە لـە ڕێگـەی ڕۆحـی پیـرۆز سـکی پڕبـووە. یوسـفی دەسـتگیرانی کـە پیاوچـاك بـوو، نەیویسـت ئابـڕووی ببـات، بڕیـاری دا بـە نهێنـی دەسـتی لـێ هەڵبگرێـت.

کاتێـك بیـری لـەم شـتانە دەکـردەوە، فریشـتەیەکی یـەزدان هاتـە خەونـی و پێـی فەرمـوو: «ئـەی یوسـفی نـەوەی داود، مەترسـە مریـەم بهێنیـت، چونکـە ئـەوەی ئـەو سـکی پێـی هەیـە لـە ڕۆحـی پیرۆزەوەیـە (یـان ڕۆحـی خـودا. ئـەوە ڕاگەیاندنێکـی خوداییانـە بـوو لەسـەر تایبەتمەندیـی سەرسـوڕهێنەری عیسـای مەسـیح. فریشـتەکە درێـژەی بـە قسـەکانی دا و گوتـی:) کوڕێکـی دەبێـت نـاوی دەنێیـت عیسـا، چونکـە گەلەکـەی لـە گوناهەکانیـان ڕزگار دەکات.»

ئەمانـە هەمـووی ڕوویـدا، هەتـا ئـەوەی یـەزدان لـە ڕێگـەی پێغەمبەرەکـە

(٥) لۆقا ١:٥-٨٠

(پێغەمبەر ئیشایا) فەرموویەتی بێتەدی: ﴿ئەوەتا پاکیزەیەك سكی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل.﴾ واتە: خودا لەگەڵمانە.

کاتێك یوسف لەخەو هەستا، ئەوەی فریشتەکەی یەزدان فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا و ژنەکەی گواستەوە. بەڵام هەتا کوڕەکەی نەبوو لەگەڵی جووت نەبوو، ئینجا ناوی لێنا عیسا.[٦]

لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێك دەرچوو، کە هەموو دانیشتووانی ئیمپڕاتۆریەتیەکەی ناونووس بکرێت (مەبەست لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە کە خاکی ئیسرائیل بەشێك بوو لەو ئیمپراتۆریەتە). ئەمە یەکەم ناونووسین بوو، کاتێك کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو. ئیتر هەرکەس بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی.

یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودیا سەرکەوت بۆ شارەکەی داود (ئەو شارەی کە پێغەمبەر داود تێیدا نیشتەجێ بوو) کە پێی دەگوترێ بێتلەحم (نزیکەی دە کیلۆمەتر لە ئۆرشەلیم دوورە)، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو (یوسف لە ناسیرەوە بۆ بێتلەحم نزیکەی سەد کیلۆمەتری بڕی)، تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سكی هەبوو. کە لەوێ بوون، کاتی منداڵبوونی هات. جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قۆنداغی کرد و لە ئاخوڕێکدا داینا (ئەو شوێنەیە کە خۆراکی بۆ ڕەشەوڵاخ تێدا دادەنرێت)، چونکە هیچ ژوورێکیان بۆ نوستن دەست نەکەوت (بە لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحم پێشبینییەکی کۆن هاتە دی. میخای پێغەمبەر لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین ژیاوە و پێشبینی کردبوو: ﴿بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی ئەفراتە، هەرچەندە لەنێو شارۆچکەکانی یەهودا بچووکیت، بەڵام یەکێك لە تۆوە بۆ من دەردەکەوێت ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل، ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە، لە ئەزەلەوەیە.﴾ (میخا ٥: ٢)

## هاتنی شوان و فریشتەکان

لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت. فریشتەیەکی یەزدان بۆیان دەرکەوت و شکۆی یەزدان

---

(٦) مەتا ١: ١٨- ٢٥

لـە دەوریـان درەوشـایەوە، بەمـە ترسـێکی زۆریـان لـێ نیشـت. فریشـتەکە پێـی گوتـن: «مەترسـن، ئـەوا مـژدەی خۆشـییەکی گەورەتـان دەدەمـێ کـە بـۆ هەمـوو گەلـە. ئەمـڕۆ لـە شـاری داود ڕزگارکەرێکتـان بـۆ لەدایـك بـوو، ئەویـش مەسـیحی خـاوەن شـکۆمانە. ئەمـەش نیشـانەیە بۆتـان، مەلۆتکەیـەك دەبینـن لەنـاو ئاخوڕێـك دانـراوە.»

لەنـاکاو لەگـەڵ فریشـتەکە لەشـکرێکی گـەورەی ئاسـمانی دەرکـەوت و ستایشـی خودایـان دەکـرد و دەیانگـوت:

«شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان،

لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.»

کاتێـك فریشـتەکان بـەرەو ئاسـمان بەجێیـان هێشـتن، شـوانەکان بـە یەکتریـان گـوت: «دەی بـا بڕۆینـە بێتلەحـم و ئـەم شـتەی ڕوویـداوە ببینیـن کـە یـەزدان پێـی ڕاگەیاندیـن.»

خێـرا هاتـن و مریـەم و یوسـف و ئـەو مەلۆتکەیـەی لـە ئاخوڕەکـەدا دانرابـوو دۆزییانـەوە. کاتێـك بینییـان، ئـەو قسـەیەیان بڵاوکـردەوە کـە دەربـارەی ئـەم منداڵـە پێیـان گوترابـوو. هەمـوو ئەوانـەی گوێیـان لێبـوو، سـەریان سـوڕما بـوو لـەوەی شـوانەکان پێیـان دەگوتـن. بـەڵام مریـەم هەمـوو ئـەم شـتانەی لـە دڵـی خۆیـدا هەڵدەگـرت و لێکـی دەدایـەوە.

شـوانەکان گەڕانـەوە و خودایـان شـکۆدار کـرد و ستایشـیان کـرد لـە پێنـاوی هەمـوو ئـەوەی بیسـتیان و بینییـان، بـەو شـێوەیەی پێیـان گوترابـوو.

## خەتەنەکردنی عیسا

لـە دوای هەشـتەمین ڕۆژ کاتـی خەتەنەکردنـی منداڵەکـە هـات، هـەر ئـەو کاتـەش نـاوی لێـنرا عیسـا، بـەو شـێوەیەی فریشـتەکە نـاوی لێنـا (لـەو کاتـەی فریشـتەکە لـە خـەون بـە یوسـفی ڕاگەیانـد)، پێـش ئـەوەی مریـەم سـکی پڕبێـت.

پاشـان یوسـف و مریـەم لـەدوای تەواوبوونـی ڕۆژانـی پاکبوونـەوە (بەپێـی نەریتـی جولەکـە لـە دوای تەواوبوونـی زەیسـتانی، ئافـرەت دەچێتـە پەرسـتگا و قوربانـی دەکات) عیسـایان بـردە ئۆرشـەلیم تاکـو پێشکەشـی یەزدانـی بکـەن، بەگوێـرەی تەوراتـی

موسا، کـە تەوراتـی یەزدانـە، هـەروەك تێیـدا نـووسراوە: ﴿هـەر نێرینەیەکـی نۆبـەرە بـۆ یـەزدان تەرخـان دەکرێـت.﴾ بـۆ پێشکەشـکردنی قوربانییەکیـش، بەگوێـرەی ئـەوەی لـە تەوراتـی یـەزدان گوتـراوە: ﴿دوو کوکوختـی یـان دوو بێچـووە کۆتـر.﴾

پیاوێکـی چـاك و لەخواتـرس بەنـاوی شـیمۆن لـە ئۆرشـەلیم هەبـوو، چاوەڕێـی هاتنـی (مەسـیحی) دڵنەواییکـەری ئیسرائیـل بـوو، ڕۆحـی پیـرۆزی لەسـەر بـوو. بـە ڕۆحـی پیـرۆز بـۆی ئاشـکرا کرابـوو کـە نامرێـت هەتـا مەسـیحی یـەزدان نەبینێـت. بەهـۆی ڕۆحـی پیـرۆزەوە هاتـە حەوشـەکانی پەرسـتگا. کاتێـك دایـك و باوکەکـە عیسـای منداڵیـان هێنایـە ژوورەوە، تاکـو بەگوێـرەی نەریتـی تەوراتـی بـۆ بکـەن، شـیمۆن عیسـای لـە باوەشـی گـرت و ستایشـی خـودای کـرد:

«ئەی یەزدانی باڵادەست، ئێستا بەگوێرەی قسەکەت
بەندەی خۆت بە ئاشتی بەڕێبکە.
ئەوا چاوم ڕزگاریی تۆی بینی،
ئەوەی لەبەردەم هەموو گەلان ئامادەت کردووە،
هەتا ببێتە ڕووناکی بۆ ئاشکراکردنی سروشی تۆ بۆ نەتەوەکان و
ببێتە مایەی شکۆمەندی بۆ ئیسرائیلی گەلەکەت.»

دایـك و باوکـی سەرسـام بـوون لـەوەی دەربـارەی گوتـرا. شـیمۆن داوای بەرەکەتـی بـۆ کـردن و بـە مریەمـی دایکـی گـوت: «ئـا ئـەم منداڵـە دەبێتـە هـۆی کەوتـن و هەسـتانەوەی کەسـانێکی زۆر لـە ئیسرائیـل، هەروەهـا دەبێتـە نیشـانەیەك (ئـەوە پیشـبینییێکە بـۆ لەخاچدانـی عیسـا، لەبـەر ئـەوە شـیمۆن بـە مریەمـی پاکیـزەی گـوت:) دژایەتـی دەکرێـت، هەتـا نیـازی دڵـی زۆر کـەس ئاشـکرابێت. تـۆش شمشـێرێك جەرگـت دەبڕێـت.»

پێغەمبەرێکـی ژن هەبـوو بـە نـاوی ئانـای کچـی پەنوئێـل لـە هـۆزی ئاشـێر. زۆر بەسـاڵدا چووبـوو، لـەدوای شـووکردنی تەنهـا حـەوت سـاڵ لەگـەڵ مێردەکـەی ژیابـوو. پاشـان بـە بێوەژنـی مابـووەوە و تەمەنـی گەیشـتبووە هەشـتا و چـوار سـاڵی. پەرسـتگای بەجـێ نەدەهێشـت، شـەو و ڕۆژ خـودای دەپەرسـت بـە نوێـژ و ڕۆژووگرتـن. هـەر لـەو کاتـەدا هـات بـۆ لای ئـەوان و ستایشـی خـودای کـرد، باسـی منداڵەکـەی بـۆ هەمـوو ئەوانـە کـرد کـە چاوەڕوانـی ڕزگاریـی ئۆرشـەلیم بـوون.

لـە دوای لەدایکبوونـی عیسـا لـە بێتلەحمـی یەهودیـا، لـە سـەردەمی هێرۆدسـی پاشـا، هەندێـك مـۆغ لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هاتنـە ئۆرشـەلیم، پرسـییان: «کـوا ئـەوەی لەدایـك بـووە کـە پاشـای جولەکەیـە؟ لـە ڕۆژهەڵاتـەوە ئەسـتێرەی ئەومـان بینـی، هاتوویـن کڕنۆشـی بـۆ ببەیـن.»

کاتێـك هێرۆدسـی پاشـا ئەمـەی بیسـت، پەشـۆکا و هەمـوو خەڵکـی ئۆرشـەلیم لەگەڵـی پەشـۆکان. هەمـوو کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تەوراتی گەلـی کۆکردەوە، لێـی پرسـین: «مەسـیح لەکـوێ لەدایـك دەبێـت؟» وەڵامیـان دایـەوە: «لـە بێتلەحـم لـە یەهودیـا، چونکـە لەڕێـی پێغەمبەرەکـەوە ئـاوای نووسـیوە:

«﴿بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا،
کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا،
چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەك دەردەکەوێت،
شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.﴾»

هێرۆدسـیش بـە نهێنـی مۆغەکانـی بانگکـرد و لەبـارەی کاتـی دەرکەوتنـی ئەسـتێرەکە لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ کـردن. ئینجـا بـۆ بێتلەحمـی نـاردن و پێـی گوتـن: «بـڕۆن و بـەوردی بـەدوای منداڵەکـەدا بگەڕێـن. کاتێـك دۆزیتانـەوە هەواڵـم بدەنـێ، تاکـو منیـش بێـم و کڕنۆشـی بـۆ ببـەم.» (هێـرۆدس ڕاسـتگۆ نەبـوو لـەوەی کـە گوتـی، بەڵکـو دەیویسـت شـوێنی منداڵەکـە بزانێـت بـۆ ئـەوەی بیکوژێـت!)

لـە دوای ئـەوەی گوێبیسـتی پاشـا بـوون، ڕۆیشـتن، ئەسـتێرەکەی لـە ڕۆژهـەڵات بینیبوویـان، پێشـیان کـەوت هەتـا لەسـەر ئـەو شـوێنەی منداڵەکـەی لێبـوو ڕاوەسـتا. بـە بینینـی ئەسـتێرەکە زۆر شـادمان بـوون، چوونـەماڵەکـە، منداڵەکەیـان لەگـەڵ مریەمـی دایکـی بینـی، دانەویـن و کڕنۆشـیان بـۆ بـرد و گەنجینەکانیـان کـردەوە، زێـڕ و بخـوور و مووڕیـان بـە دیـاری پێشـکەش کـرد. ئینجـا خـودا لـە خەونـدا مۆغەکانـی ئـاگادار کـردەوە کـە نەگەڕێنـەوە لای هێـرۆدس، ئەوانیـش بـە ڕێگایەکـی دیکـەدا گەڕانـەوە وڵاتـی خۆیـان.

## هەڵاتن بەرەو میسر

دوای ئـەوەی مۆغـەکان ڕۆیشـتن، فریشـتەیەکی یـەزدان هاتـە خەونـی یوسـف و گوتـی: «هەسـتە منداڵەکـە و دایکـی ببـە و ڕاکـە بـۆ میـسر. لـەوێ بمێنـەوە هەتـا پێـت دەڵێـم، چونکـە هێـرۆدس خەریکـە بـە شـوێن منداڵەکـەدا دەگەڕێـت، بـۆ ئـەوەی بیکوژێـت.» ئەویـش هەسـتا و لـە شـەودا منداڵەکـە و دایکـی بـرد و بـەرەو میـسر ڕۆیشـت. هەتـا مردنـی هێـرۆدس لـەوێ مایـەوە، هەتـا ئـەوەی یـەزدان لەڕێگـەی پێغەمبەرەکــەوە فەرموویەتــی بێتــەدی، کــە دەفەرمــوێ: ﴿لــە میــسرەوە بانگــی کوڕەکـەی خۆمـم کـرد.﴾

کاتێـك هێـرۆدس زانـی مۆغـەکان فریویـان داوە، زۆر تووڕەبـوو. بـە گوێـرەی ئـەو کاتـەی لـە مۆغەکانـەوە لێـی کۆڵیبـووەوە، نـاردی و هەمـوو کوڕێکـی تەمـەن دوو سـاڵ بـەرەو خوارتـر لـە بێتلەحـم و دەوروبـەری کوشـت. ئینجـا ئـەوەی لـە ڕێگـەی پێغەمبـەر یەرمیـا گوترابـوو هاتـەدی:

﴿دەنگێك لە ڕامەوە بیسترا،
گریان و شیوەنێکی گەورە،
ڕاحێل بۆ منداڵەکانی دەگرییێت،
ڕازی نییە دڵنەوایی بکرێت،
چونکە نەماون.﴾

(ڕاحێـل ژنـی یاقوبـی نـەوەی پێغەمبـەر ئیبراهیـم بـووە، لـەوەوە گەلـی خـودا هاتـووە. لێـرەدا ڕاحێـل هێمایـە بـۆ هەمـوو دایکێـك.)

## گەڕانەوە بۆ شاری ناسیرە

کاتێـك هێـرۆدس مـرد، فریشـتەیەکی یـەزدان لـە میـسر هاتـە خەونـی یوسـف و گوتـی: «هەسـتە، منداڵەکـە و دایکـی ببـە و بـڕۆ بـۆ خاکـی ئیسرائیـل، چونکـە ئەوانـەی بـۆ ژیانـی منداڵەکـە دەگـەڕان مـردن.»

ئەویـش هەسـتا، منداڵەکـە و دایکـی بـرد و گەڕایـەوە خاکـی ئیسرائیـل. بـەڵام کاتێـك بیسـتی ئەرخیـلاوس لـە یەهودیـا لـە جێـی هێرۆدسـی باوکـی فەرمانڕەوایـە، ترسـا بچێتـە ئـەوێ. دوای ئـەوەی لـە خەونـدا ئـاگادار کرایـەوە، گەڕایـەوە ناوچـەی جەلیـل.

جا هات و لە شارۆچکەیەك نیشتەجێ بوو بە ناوی ناسیرە، هەتا ئەوەی لەڕێگەی پێغەمبەران گوترابوو بێتەدی: ﴿بە ناسیرەیی ناودەبردرێت.﴾[٧]

منداڵەکەش گەشەی دەکرد و بەهێز دەبوو، پڕبوو لە دانایی، نیعمەتی خوداشی لەسەر بوو.

## عیسا لە پەرستگادا

جەژنی پەسخە یەکێك بوو لە جەژنە گەورەکانی جولەکە کە لەو بۆنەیەدا هەموو جولەکەکان دەچوونە ئۆرشەلیم. ئاهەنگی ئەم جەژنە نانخواردنی ئێوارەی پەسخەی لەخۆدەگرت کە تێیدا جولەکەکان بەرخی سووورکراوەیان دەخوارد و یادی دوایین شەویان دەکردەوە بەر لە دەرچوونیان لە میسر، سوپاسی خودایان دەکرد کە لەدەست کۆیلایەتی فیرعەون ڕزگاری کردبوون. (بەرخی پەسخە لە باوەڕی مەسیحییەتدا ئاماژەیە بۆ عیسای مەسیح، ئەوەی بە مردنی لەسەر خاچ خۆی کرد بە قوربانی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئازادی کردن لە کۆیلایەتی گوناە. ئینجیل ئاماژە بە عیسای مەسیح دەکات وەك (بەرخی خودا) ئەوەی کە گوناهی جیهان هەڵدەگرێت.)

دایك و باوکی (عیسا) هەموو ساڵێك لە جەژنی پەسخە (جەژنێکی جولەکەیە کە بۆ یادەوەری ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە میسر لە سەردەمی حەزرەتی موسا) دەچوونە ئۆرشەلیم. کاتێك عیسا بووە دوازدە ساڵ، وەك نەریتی جەژن بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوتن. دوای تەواوبوونی ڕۆژەکان لە گەڕانەوەیاندا عیسای مێردمنداڵ لە ئۆرشەلیم مایەوە، دایك و باوکیشی نەیانزانی. وایان دەزانی لەناو کاروانەکەیە، ڕۆژە ڕێیەك ڕۆیشتن، دوای ئەوە لەناو خزم و ناسیاوەکان بەدوایدا گەڕان (گەشتیارەکان بە دوو کاروان دەڕۆیشتن، کاروانێکیان ژنەکان بوون کە لە پێشەوە دەڕۆیشتن، کاروانەکەی دیکە کە پیاوەکان بوون لە دواوە دەڕۆیشتن، دەکرا منداڵەکان لەگەڵ هەر یەکێك لە کاروانەکان بوونایە). کاتێك نەیاندۆزییەوە گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم هەتا بەدوایدا بگەڕێن. دوای سێ ڕۆژ لە حەوشەکانی پەرستگادا دۆزییانەوە، بینییان لەناو مامۆستایان دانیشتووە، گوێیان لێ دەگرێت و پرسیاریان لێدەکات. هەموو ئەوانەی گوێیان لێی ڕاگرتبوو، لە

---

(٧) مەتا ٢: ١- ٢٣

تێگەیشـتن و وەڵامەکانـی سەرسـام بـوون. کاتێـك بینییـان واقیـان وڕمـا، ئینجـا دایکی پێـی گـوت: «کـوڕم، بـۆ وات لێکردیـن؟ مـن و باوکـت نیگەرانـت بوویـن و بەدواتـدا دەگەڕایـن.» (ئەرکـی باوکایەتـی لەسـەر یوسـف مەجـازی بـوو بـۆ چاودێریکردنـی عیسـای مەسـیح لـە تەمەنـی منداڵییەتـی.)

وەڵامـی دانـەوە: «بۆچـی بەدوامـدا دەگـەڕان؟ نەتاندەزانـی پێویسـتە لـە ماڵـی باوکمـدا بـم؟» (سـەرقاڵ بـوو بـە کاروبـاری خـودا) بـەڵام لـەو قسـەیە تێنەگەیشـتن کـە پێـی فەرمـوون.

ئینجـا لەگەڵیـان گەڕایـەوە و هاتـەوە ناسـیرە و گوێڕایەڵیـان بـوو، مریەمـی دایکیشـی ئەمانـەی هەمـوو دەخسـتە دڵییـەوە. عیسـاش لـە دانایـی و بـاڵا گەشـەی دەکـرد، جێـی ڕەزامەنـدی خـودا و خەڵکـی بـوو.[٨]

---

(٨) لۆقا ٢: ٤٠- ٥٢

# بەشی دووەم

## عیسای مەسیح بانگەوازەکەی ڕادەگەیەنێت

### حەزرەتی یەحیا

بەر لەوەی عیسای مەسیح بانگەوازەکەی ڕابگەیەنێت، لەو ناوچەیە پێغەمبەر یەحیای کوڕی زەکەریا ناسراو بە لەئاوهەڵکێش دەرکەوت. دەرکەوتنی پێغەمبەر یەحیا بۆ ئەوە بوو کە ڕێگا لەبەردەم مەسیح ئامادە بکات، هەروەك نووسراوە پیرۆزەکان لە کۆنەوە پیشبینییان بۆ کردووە. کاتێك یەحیا دەرکەوت، هەموو خەڵك لە دەوری کۆبوونەوە وایان دەزانی ئەو مەسیحە، ئەو ڕزگارکەرەی کە چاوەڕێیان دەکرد. بەڵام یەحیا نکۆڵی لەوە کرد، گوتی کە ئەو تەنها دەنگێکە خەڵکی بۆ خودا بانگ دەکات، ڕێگا ئامادە دەکات بۆ هاتنی مەسیحی چاوەڕوانکراو.

یەحیا خەڵکی بانگ دەکرد بۆ تۆبەکردن، بۆ ئەوەی لێخۆشبوون بەدەستبهێنن. ڕێوڕەسمێکی ئایینی پەیڕەو دەکرد کە لەلایەن مەسیحییەکانەوە پێی دەگوترێت "لەئاوهەڵکێشان"، تێیدا کەسی تۆبەکاری دەخستە ژێر ئاو وەك ئاماژەیەك بۆ شوشتنەوەی گوناهەکانی ڕابردووی، هەروەها مردنی لە ژیانی ڕابردووی و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ. لەو ڕێوڕەسمەدا یەحیا ناسناوی لەئاوهەڵکێشی وەرگرت.

لە ساڵی پازدەمینی حوکمڕانی تیباریۆس قەیسەر، کاتێك پیلاتۆسی پۆنتی فەرمانڕەوای یەهودیا بوو، هێرۆدسی ئەنتیپاس فەرمانڕەوای جەلیل بوو، فیلیپۆسی براشی فەرمانڕەوای ئیتۆریە و تەراخۆنیتس بوو، لیسانیۆس فەرمانڕەوای ئەبیلینە بوو، لە سەردەمی سەرۆك کاهینییەتی حەنا و قەیافا، لە دەشتودەر پەیامی خودا بۆ یەحیای کوڕی زەکەریا هات. ئیتر بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری ئوردوندا دەگەڕا، جاڕی لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردنی دەدا بۆ گوناه بەخشین. وەك لە پێشبینییەکانی پەڕتووکی ئیشایای پێغەمبەردا نووسراوە:

﴿کەسێك لە چۆڵەوانی هاوار دەكات و دەڵێت:
«ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن،
ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.»
هەموو دۆڵێك پڕ دەبێتەوە و
هەموو چیا و گردێك ڕۆ دەچێت،
ڕێگا خواروخێچەکان ڕاست دەبنەوە و
سەختەکانیش ئاسان دەبن،
هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاریی خودا دەبینن!﴾[٩]

جلوبەرگی یەحیا لە مووی وشتر بوو، پشتێنێکی چەرمیشی لە کەمەری دەبەست، خواردنیشی کوللە و هەنگوینی کێوی بوو (لەو سەردەم ئەو شێوە ژیانە نیشانەی سادەیی و هەژاری بووە). ئیتر خەڵکی ئۆرشەلیم و تەواوی یەهودیا و هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری ئوردون هاتنە لای، لەسەر دەستی ئەو لە ڕووباری ئوردون لەناو هەڵدەکێشران و دانیان بە گوناهەکانیاندا دەنا.

کە بینی زۆر لە فەریسی و سەدوقی (دوو گروپی ئایینی جولەکە بوونە، فەریسییەکان زۆر بە ڕووکەش بە توندی شەریعەتیان پەیڕەو دەکرد. سەدووقییەکانیش باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی مردووان و ڕۆژی کۆتایی نەبوو.) بۆ لەئاوهەڵکێشانەکەی دێن، پێی گوتن: «ئەی بێچووەماران، کێ ئاگاداری کردوونەتەوە لەدەست تووڕەیی داهاتوو هەڵبێن؟ با بەرهەمێکتان هەبێت لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. پێتان وا نەبێت دەتوانن بەخۆتان بڵێن: "(پێغەمبەر) ئیبراهیم باوکمانە." پێتان دەڵێم، خودا دەتوانێت لەم بەردانە نەوە بۆ ئیبراهیم دروستبکات. ئەوەتا تەور خراوەتە سەر ڕەگی دار، هەر دارێك بەرهەمی باش نەدات، دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگرەوە.[١٠]

خەڵکەکە پرسیاریان لێکرد: «کەواتە چی بکەین؟»

وەڵامی دانەوە: «ئەوەی دوو کراسی هەیە، با یەکێکیان بداتە ئەوەی کە

(٩) لۆقا ٣: ١- ٦

(١٠) مەتا ٣: ٤- ١٠

نییەتـی، ئـەوەش کـە نانـی هەیـە، بـا هەمـان شـت بـکات.»

باجگرانیـش بـۆ لەئاوهەڵکێشـان هاتـن، لێیـان پرسـی: «مامۆسـتا، ئێمـە چـی بکەیـن؟»

پێـی گوتـن: «لـەوەی بۆتـان دانـراوە زیاتـر وەرمەگـرن.» سـەربازانیش پرسـیاریان لێکـرد: «ئـەی ئێمـە چـی بکەیـن؟»

یەحیـاش وەڵامـی دانـەوە: «خـاوە لـە کـەس وەرمەگـرن و بوختـان مەکـەن، بـە موچەکانتـان ڕازی بـن.»

گـەل لـە چاوەڕوانیـدا بـوون، هەمـوو لـە دڵـی خۆیانـدا دەربـارەی یەحیـا لێکیـان دەدایـەوە کـە لەوانەیـە یەحیـا خـۆی مەسـیح بێـت. یەحیـا وەڵامـی هەمووانـی دایـەوە: «مـن لـە ئاوتـان هەڵدەکێشـم، بـەڵام یەکێـك دێـت لـە مـن بـە تواناتـرە، ئـەوەی مـن شـایانی ئـەوە نیـم کـە قەیتانـی پێڵاوەکانـی بکەمـەوە. ئـەو لـە ڕۆحـی پیـرۆز و لـە ئاگرتـان هەڵدەکێشێت. شـەنی بەدەسـتەوەیە بـۆ پاککردنـەوەی جۆخینەکـەی، گەنمەکـە لـە ئەمبـاردا کۆدەکاتـەوە و قەسـەڵەکەش بـە ئاگرێکـی نەکـوژاوە دەسـووتێنێت.» بە زۆر شـتی دیکـەش ئامـۆژگاری گەلـی (جولەکـەی) دەکـرد و مـژدەی دەدانـێ.(١١)

## لەئاوهەڵکێشانی عیسای مەسیح

لەئاوهەڵکێشـان ئاماژەیـە بـۆ شوشـتنەوە و پاکبوونـەوە لـە گونـاه. عیسـا پێویسـتی بـەو شوشـتنەوەیە نەبـوو چونکـە بێگونـاه بـوو، لەبـەر ئـەوە یەحیـا هەسـتی بـە شـەرمەزاری کـرد بـۆ لەئاوهەڵکێشـانی عیسـای مەسـیح. بـەڵام عیسـا لەمـەدا شـایەتی ئاسـمانی دەویسـت کـە ئـەو کـوڕی خودایـە.

ئینجـا عیسـا لـە جەلیلـەوە هاتـە ئـوردون، تاکـو لەسـەر دەسـتی یەحیـا لەئـاو هەڵبکێشرێت. بـەڵام یەحیـا دەیویسـت ڕایگرێـت و دەیگـوت: «مـن پێویسـتیم بەوەیـە لەسـەر دەسـتی تـۆ لەئـاو هەڵبکێشرێـم، کەچـی تـۆ دێیـت بـۆ لای مـن؟»

عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ئێسـتا ڕێـگا بـدە، چونکـە ئـاوا لـە ئێمـە دەوەشـێتەوە

---

(١١) لۆقا ٣: ١٠- ١٨

هەتا هەمـوو ڕاستودروسـتییەك تـەواو بكەیـن.» ئینجا ڕێی دا.

کاتێـك عیسـا لەئـاو هەڵكێـشرا، دەسـتبەجێ لـە ئاوەكـە هەسـتایەوە. ئەوەبـوو ئاسـمانی بـۆ كرایـەوە و بینـی ڕۆحـی خـودا وەك كۆترێـك نیشـتەوە و هاتەسـەری. دەنگێكیش لـە ئاسـمانەوە فەرمـووی: «ئەمـە كـوڕی خۆشەویسـتمە، ئـەوەی زۆر پێـی دڵشـادم.»[١٢] (كوڕایەتـی لـە ئینجیـل واتایەكـی ڕۆحـی هەیـە نـەك لەدایكبوونـی جەسـتەیی، هەروەهـا نـەك بەدواییەكداهاتنـی زەمەنـی یـان وەچەخسـتنەوە، یـان لەخۆگرتنـەوە یـان لێكچوانـدن).

کاتێك عیسا دەستی بە خزمەتەكەی كرد تەمەنی نزیكەی سی ساڵ بوو.[١٣]

## شەیتان عیسا تاقی دەكاتەوە

شـەیتان هێـزی خراپـە دەنوێنێـت كـە دژایەتـی پلانـی خـودا دەكات بـۆ ڕزگاركردنی مـرۆڤ لـە سـزای گوناهەكانیـان، هەروەهـا ڕێگـری دەكات لـە پێدانـی ژیانـی هەتاهەتایـی و نەمـری لـە باوەڕهێنانیـان بـە عیسـای مەسـیح و كاری قوربانیدانەكەی لـە پێناویانـدا. لەبـەر ئـەوە شـەیتان هـەر لـە سـەرەتای لەدایكبوونـی مەسـیحەوە دژایەتییەكـی تونـدی كـرد. لـە بەرەنگاربوونـەوەی مەسـیحدا شـەیتان بـە زۆر ڕێـگا هەوڵـی دا تووشـی هەڵـەی بـكات یـان لـە پەیامەكـەی دووری بخاتـەوە، بـەڵام هەمـوو هەوڵدانەكانـی مایەپـووچ بـوون. عیسـای مەسـیح كاری قوربانیدانەكـەی تـەواو كـرد، لـە دۆزەخـەوە دەرگای ژیـان و ڕزگاری بـۆ هەمـوو خەڵـك كـردەوە. شـەیتان هەتـا ئێسـتاش بـە هەمـوو ڕێـگا شـەیتانییەكانی هـەوڵ دەدات كـە خەڵـك هەڵبخەڵەتێنێـت بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـگای ژیـان دووریـان بخاتـەوە تاكـو لەگـەڵ ئـەو لەناوبچـن و لەگەڵیـدا بەشـداربن لـە چارەنووسـە تاریكەكـەی لەنـاو دۆزەخ!

پاشـان عیسـا بەهـۆی ڕۆحـی پیـرۆزەوە (ڕۆحـی خـودا) بردرایـە چۆڵەوانـی، تاكـو لەلایـەن ئیبلیسـەوە (شـەیتان) تاقـی بكرێتـەوە. دوای چـل شـەو و چـل ڕۆژ بـەڕۆژوو بـوون، برسـی بوو. تاقیكـەرەوە لێـی هاتـە پێـش، پێـی گـوت: «ئەگـەر تـۆ كـوڕی خودایـت، بـەم بەردانـە بڵـێ بـا ببـن بـە نـان.»

---

(١٢) مەتا ٣: ١٣- ١٧

(١٣) لۆقا ٣: ٢٣

بـەڵام عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «(لـە تەوراتـدا) نـووسراوە: ﴿مـرۆڤ تەنهـا بـە نـان ناژیێـت، بەڵکـو بـە هـەر وشـەیەك کـە لـە دەمـی خـوداوە دێتـە دەرەوە.﴾[١٤]»

ئینجـا ئیبلیـس بردییـە شـاری پیـرۆز (ئۆرشـەلیم) و لەسـەر گوێسـەبانەی (سـواندە) پەرسـتگا ڕایگـرت و پێـی گـوت: «ئەگـەر تـۆ کـوڕی خودایـت خـۆت هەڵبـدە خـوارەوە. لەبـەر ئـەوەی (لـە زەبـوورەکان)دا نـووسراوە:

«﴿سەبارەت بە تۆ فەرمان بە فریشتەکانی دەدات،

لەسەر دەستیان هەڵتدەگرن،

تاکو پێت بەر بەردێك نەکەوێت.﴾»

عیسـاش پێـی فەرمـوو: «هەروەهـا (لـە تەوراتـدا) نـووسراوە: ﴿یەزدانـی پەروەردگارتـان تاقـی مەکەنـەوە.﴾»

دیسـان ئیبلیـس بـۆ سـەر شـاخێکی زۆر بڵنـدی بـرد و هەمـوو شانشـینەکانی جیهـان و شـکۆی ئەوانـی پیشـان دا و پێـی گـوت: «هەمـوو ئەمانـەت دەدەمـێ ئەگـەر کڕنـۆش ببەیـت و بمپەرسـتی.»

ئینجـا عیسـاش پێـی فەرمـوو: «شـەیتان لێـم دووربکـەوە! چونکـە نـووسراوە: ﴿کڕنـۆش بـۆ یەزدانـی پـەروەردگارت دەبەیـت و تەنهـا ئـەو دەپەرسـتیت.﴾»

ئینجا ئیبلیس وازی لێ هێنا و فریشتەش هاتن و خزمەتیان کرد.[١٥]

## شایەتیدانی یەحیا

ئەمـەش شـایەتییەکەی یەحیایـە، کاتێـك ڕابەرانـی جولەکـەی ئۆرشـەلیم کاهیـن (ڕاڤـەکاری شـەریعەتی جولەکـە) و لێڤییـان (خزمەتـکاری پەرسـتگا بوون) نـاردە لای پرسـیاری لـێ بکـەن: «تـۆ کێیـت؟» ئـەو دانـی پێـدا نـا و نکۆڵـی نەکـرد، بەڵکـو گوتـی: «مـن مەسـیحەکە نیـم.»

---

(١٤) دواوتار ٨: ٣

(١٥) مەتا ٤:١-١١

ئینجا لێیان پرسی: «ئەی کێیت؟ ئەلیاسی؟» گوتی: «نا، ئەو نیم.» (نووسەرەکان کە مامۆستای شارەزاری شەریعەت بوون پێیان وابوو کە پێغەمبەر ئەلیاس پێش عیسا دەگەڕێتەوە. هەروەها لێیان پرسی:)

«ئەی تۆ پێغەمبەرەکەی؟» (ئەوەی موسا پێشبینی کرد لە نەوەی ئیسرائیلەوە دێت (دواوتار ١٨). گەلی جولەکە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی ئەو پێغەمبەرە بوون.)» گوتی: «نەخێر.»

ئینجا پێیان گوت: «باشە تۆ کێیت؟ تاکو وەڵامێك بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟»

یەحیا بە وشەکانی ئیشایای پێغەمبەر وەڵامی دانەوە و گوتی:

«من ئەو کەسەم کە لە چۆڵەوانی هاوار دەکات:

ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن.»

نێردراوانیش لە فەریسییەکان (کۆمەڵێکی ئایینی جولەکەی توندڕەون لە ڕاڤەکردن و جێبەجێکردنی شەریعەت) بوون، پرسیاریان لێکرد: «ئەگەر تۆ مەسیحەکە نیت و ئەلیاس نیت و پێغەمبەرەکەش نیت، ئیتر بۆچی خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشیت؟»

یەحیاش وەڵامی دانەوە: «من خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشم، بەڵام یەکێك لە نێوانتان ڕاوەستاوە کە نایناسن، ئەو لەدوای من دێت، من شایانی ئەوە نیم کە قەیتانی پێڵاوەکانی بکەمەوە.»

ئەمانە لە بێتعەنیا ڕوویدا، لەوبەری ڕووباری ئوردونەوە، لەو شوێنەی یەحیا خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا.

## بەرخی قوربانی خودا

بۆ بەیانی یەحیا بینی عیسا دێتە لای، گوتی: «ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات! (خودا مەسیحی لەسەر خاچ کردە قوربانی بۆ لادانی گوناهی مرۆڤ. بەگوێرەی تەورات کاتێك مرۆڤ هەر گوناه و تاوانێکی

کردبا پێویستی بە کردنی قوربانییەك هەبوو لەسەر قوربانگا بۆ کەفارەتی گوناهەکەی، بەڵام خودا مەسیحی کردە قوربانی بۆ کەفارەتی گوناهەکانی هەموو مرۆڤایەتی.) ئەمە ئەوەیە کە باسم کرد، پیاوێك دوای من دێت پێشم کەوت، چونکە پێش من بووە. منیش نەمدەناسی، بەڵام تاکو ئەو بۆ ئیسرائیل (گەلی جولەکە) دەربکەوێت، لەبەر ئەوە هاتووم خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشم.

یەحیا شایەتی دا: بینیم ڕۆحی پیرۆز وەك کۆترێك لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە و لە سەری نیشتەوە (لە سەر سەری عیسای مەسیح). من نەمدەناسی (وەك مەسیحی چاوەڕوانکراو نەمدەناسی)، بەڵام ئەوەی منی ناردووە خەڵك لەئاوهەڵکێشم، پێی گوتم: «ئەوەی دەیبینیت ڕۆحی پیرۆز دێتە خوارەوە و لەسەری دەنیشێتەوە، ئەو لە ڕۆحی پیرۆزتان هەڵدەکێشێت» خۆم بینیم و شایەتیم دا کە ئەمە کوڕی خودایە.»

## قوتابییە یەکەمینەکان

بۆ بەیانی دیسان یەحیا لەگەڵ دوو قوتابی (شوێنکەوتەی) خۆی ڕاوەستا بوو، عیسای بینی دەڕۆیشت، گوتی: «ئەوەتا بەرخی خودا!»

دوو قوتابییەکە گوێیان لێی بوو کە وای گوت، دوای عیسا کەوتن. عیسا ئاوڕی دایەوە و بینی بەدوایدا دێن، لێی پرسین: «چیتان دەوێت؟» پێیان گوت: «ڕابی، لە کوێ دەمێنیتەوە؟» ڕابی واتە مامۆستا.

پێی فەرموون: «وەرن، تەماشا بکەن.» لەبەر ئەوە ئەوانیش ڕۆیشتن و بینییان لە کوێ دەمایەوە، ئەو ڕۆژەش لەگەڵی مانەوە، نزیکەی کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو.

ئەندراوسی برای شیمۆن پەترۆس، یەکێك بوو لەو دووانەی کە گوێیان لە یەحیا بوو و دوای عیسا کەوتن. یەکەم جار ئەندراوس چوو شیمۆنی برای دۆزییەوە و پێی گوت: «مەسیحمان دۆزییەوە.» واتە دەستنیشانکراو. ئینجا شیمۆنی هێنایە لای عیسا. عیساش تەماشای کرد و فەرمووی: «تۆ شیمۆنی کوڕی یۆنای، بەڵام بە کێفاس ناو دەبردرێیت.» کێفاس واتە پەترۆس.

بـۆ بەیانـی عیسـا ویسـتی بچێتـە جەلیـل، فیلیپۆسـی دۆزییـەوە، پێـی فەرمـوو: دوام بکـەوە.

فیلیپـۆس خەڵکـی بێتسـەیدا بـوو، شـارەکەی ئەنـدراوس و پەتـرۆس. فیلیپۆسـیش ناتانئیلـی دۆزییـەوە، پێـی گـوت: «ئـەوەی کـە موسـا لـە تـەورات و پێغەمبەرانیـش لـە پەڕتووکەکانیـان لەسـەریان نووسـیوە دۆزیمانـەوە، عیسـای کـوڕی یوسـفی خەڵکـی ناسـیرەیە» (خەڵکـی پێیـان دەگـوت عیسـای کـوڕی یوسـف لەبـەر ئـەوەی یوسـف مێـردی مریەمـی دایکـی عیسـا بـوو).

ناتانئیـل پێـی گـوت: «ئایا لـە ناسـیرە شـتی چاك هەڵدەکـەوێ؟» فیلیپـۆس پێـی گـوت: «وەرە و ببینـە.»

عیسـا ناتانئیلـی بینـی بـۆ لای دێـت، دەربـارەی فەرمـووی: «ئەوەتـا ئیسرائیلـی بەڕاسـتی، فێڵـی تێـدا نییـە!»

ناتانئیل پێی گوت: «چۆن دەمناسیت؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «پێـش ئـەوەی فیلیپـۆس بانگـت بـکات، لەژێـر دار هەنجیرەکـە بوویـت، تـۆم بینـی.»

ناتانئیـل وەڵامـی دایـەوە: «ڕابـی، تـۆ کـوڕی خودایـت! پاشـای ئیسرائیلیـت! (مەسـیحی چاوەڕوانکـراو)»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «بـاوەڕت هێنـا، چونکـە پێـم گوتیـت لەژێـر دار هەنجیرەکـە تـۆم بینـی؟ شـتی گەورەتـر دەبینیـت!» ئینجـا پێـی فەرمـوو: «ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، دەبینـن ئاسـمان کراوەتـەوە و فریشـتەی خـوداش لەسـەر کـوڕی مرۆڤ سـەردەکەون و دادەبـەزن.» (کـوڕی مـرۆڤ ناسـناوێکە کـە بـە عیسـای مەسـیح دەگوتـرا وەك ئاماژەیـەك بـۆ بەجەسـتەبوونی. عیسـا پەیوەنـدی نێـوان خـودای بـاوك و مـرۆڤ ڕێکدەخـات.).»

## پاکسازی حەوشەکانی پەرستگا

جولەکـە وەك حەجکـردن دەچوونـە ئۆرشـەلیم، کـە وەك بەشـێك لـە ڕێوڕەسـمەکە قوربانـی جۆراوجۆریـان پێشـکەش دەکـرد. لەبـەر ئـەوە لـە کاتـی

حەجکردندا حەوشەی دەرەوەی پەرستگا دەبووە بازاڕێك بۆ فرۆشتنی ئاژەڵ و پەلەوەر، هەروەها پارەگۆڕەوان مێزەکانیان لە دەوری پەرستگا دادەنا، لەبەر ئەوەی تەنها پارەی تایبەتی پەرستگا قبوڵ دەکرا بۆ دانی باجی پەرستگا و کڕینی ئاژەڵی قوربانی. میوانان لەو بازاڕانەدا توشی فێڵ و قۆڵبڕی دەهاتن، ئەمە وای کرد عیسا لەم دیمەنە ناشرینە بێتە وەلام کە شکۆی پەرستگای شێواندبوو.

کە جەژنی پەسخەی جولەکەکان نزیك بووەوە، عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم. لە حەوشەکانی پەرستگا فرۆشیارانی گا و مەڕ و کۆتری بینی، پارە گۆڕەوانیش دانیشتبوون. قامچییەکی لە گوریس دروستکرد و هەمووانی لە حەوشەکانی پەرستگا دەرکرد، مەڕ و گا پێکەوە. پارەی پارەگۆڕەوانی پەرشوبڵاو کردەوە و مێزەکانی وەرگێڕا، ئینجا بە کۆترفرۆشانی فەرموو: «ئەم شتانە لێرە هەڵگرن! ماڵی باوکم (پەرستگا) مەکەنە بازاڕ!»

جا قوتابییەکانی هاتەوە بیریان کە (لە زەبووری ٦٩) نووسراوە: ﴿دڵگەرمی بۆ ماڵەکەت دەمسووتێنێت.﴾

جولەکەکان (ئەوانەی هەڵدەستان بە خزمەتکردنی پەرستگا) وەڵامیان دایەوە: «چ پەرجوویەکمان نیشان دەدەیت تاکو دەسەڵاتی ئەنجامدانی هەموو ئەم کارانەت بسەلمێنێ؟»

عیساش وەڵامی دانەوە: «ئەم پەرستگایە بڕووخێنن، بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنمەوە.» (وایاندەزانی مەبەستی لەو تەلارەی پەرستگایە کە سلێمانی پاشا بنیادی ناوە، ئەوەی کە هیرۆدس دووبارە بنیادی نایەوە).

ئینجا جولەکەکان گوتیان: «ئەم پەرستگایە بە چل و شەش ساڵ بنیاد نراوە، تۆ بە سێ ڕۆژ هەڵیدەستێنیتەوە؟» بەڵام ئەو باسی پەرستگای لەشی خۆی دەکرد (جەستەی مەسیح وەك هێمایەکە بۆ پەرستگای خودا، ئەوەی کە بە لەخاچدانی دەیڕوخێنن ئینجا لە ڕۆژی سێیەم هەڵدەستێتەوە). لەبەر ئەوە کاتێك لەناو مردووان هەستایەوە، قوتابییەکانی هاتەوە بیریان کە ئەمەی گوتبوو، ئینجا باوەڕیان هێنا بە نووسراوە پیرۆزەکە (پێشبینییەکانی پەیمانی کۆن) و بەو قسەیەی عیسا فەرمووی.

کاتێـك عیسـا لـە جەژنـی پەسـخە لـە ئۆرشـەلیم بـوو، زۆر کـەس باوەڕیـان بـە نـاوی هێنـا، چونکـە ئـەو پەرجووانەیـان بینـی کـە دەیکـرد. بـەڵام عیسـا لـەلای خۆیـەوە متمانـەی پـێ نەکـردن، چونکـە هەمـوو خەڵکـی دەناسـی. لەبـەر ئـەوە پێویسـتی بـە کـەس نەبـوو دەربـارەی مـرۆڤ شـایەتی بـۆ بـدات، چونکـە دەیزانـی دڵـی مـرۆڤ چـی تێدایـە.

## عیسا نیقۆدیمۆس فێر دەکات

فەریسـییەکان کۆمەڵەیەکـی ئایینـی جولەکـەی تونـدڕەو بـوون لـە ڕاڤەکـردن و جێبەجێکردنـی شـەریعەت. تاقمێکـی بیرتەسـك بـوون کـە پەیوەسـت بـوون بـە شـێوە و وشـە زیاتـر لـە ڕۆح و کرۆکـی بابەتـەکان. ئـەو دەسـتەیە نزیکەی دوو سـەدە بـەر لـە لەدایکبوونـی مەسـیح سـەریانهەڵدا. فەریسـییەکان لـە بنەڕەتـدا خانەدانتریـن و دەسـتپاکترین خەڵـك بـوون. بـەڵام ئـەوان بەپێـی تێپەڕبوونـی کات لایانـدا بـۆ تونـدڕەوی و دەمارگیـری بـە ڕواڵـەت لـە گوێڕایەڵبوونـی تەوراتـی پێغەمبـەر موسـا. فەریسـییەکان بـە دووڕوویـی بەناوبانـگ بـوون. فەریسـییەکان وێڕای تەوراتی موسـا، پەیوەسـت بـوون بـە دابونەریتێـك کـە لـە باوکانـەوە لـە سـەر زاریـان گوازرابـووەوە. ئەوەیـان بـە هاوتەریبـی تەوراتـی موسـا دادەنـا. (فەریسـی بـوون) دەربڕینێـك بـوو بـۆ تونـدڕەوی ئایینـی وشـك کـە ڕۆح و لەخواترسـی ڕاسـتەقینەی لەگەڵـدا نەبـوو. هەروەهـا ئامـاژە بـوو بـۆ دووڕوویـی و پەرسـتنی بـە وشـە و ڕووکـەش.

پیاوێـك لـە فەریسـییەکان هەبـوو بـە نـاوی نیقۆدیمـۆس، یەکێـك بـوو لـە ڕابەرانـی جولەکـە. بـە شـەو هاتـە لای عیسـا و پێـی گـوت: «ڕابـی، دەزانیـن تـۆ مامۆسـتایەکی لـەلای خـوداوە هاتوویـت، چونکـە کـەس ناتوانێـت ئـەو پەرجووانـە بـکات کـە تـۆ دەیکەیـت، ئەگـەر خـودای لەگـەڵ نەبێـت.»

عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـك لەدایـك نەبێتـەوە، ناتوانێـت شانشـینی خـودا (شانشـینی خـودا ئـەو شـوێنەیە کـە لـەدوای ژیانـی سـەر زەوی مرۆڤـەکان هەتاهەتایـە لەگـەڵ عیسـای مەسـیح تێیـدا دەژیـن. لـەم شانشـینەدا عیسـای مەسـیح خـۆی پاشـایەتی دەکات.) ببینێـت.»

نیقۆدیمـۆس پێـی گـوت: «مـرۆڤ کـە پیـر بێـت چـۆن دەتوانێـت لەدایـك بێـت؟

خـۆ دیسـان ناتوانێـت بچێتـەوە سـکی دایکـی و لەدایـك بێتـەوە؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، ئەگـەر یەکێـك لـە ئـاو و لـە ڕۆحـی پیـرۆز لەدایـك نەبێـت، ناتوانێـت بچێتـە نـاو شانشـینی خـودا. (ئـەم لەدایکبوونەوەیـە، یـان لەدایکبـوون لـە ڕۆحـی پیـرۆز، کاری ڕۆحـی خودایـە لـە دڵی مـرۆڤ بـۆ نوێکردنـەوەی دڵـی مـرۆڤ تاکـو کەسـەکە ببێتـە یەکێـك لـە منداڵەکانـی خـودا و بەدیهێنراوێکـی نـوێ.) ئـەوەی لـە جەسـتە لەدایـك بـووە جەسـتەیە، ئـەوەش لـە ڕۆحـی خـودا لەدایـك بـووە ڕۆحـە. سەرسـام مەبـە کـە پێـم گوتـی: "دەبـێ لەدایـك ببنـەوە». بـا بـۆ کـوێ بیەوێـت هەڵـدەکات و گوێـت لـە دەنگەکـەی دەبێـت، بـەڵام نازانیـت لەکوێـوە دێـت و بـۆ کـوێ دەچێـت. هـەر کەسـێکیش لـە ڕۆحـی پیـرۆز لەدایـك بـووە ئاوایـە.»

نیقۆدیمۆس گوتی: «چۆن دەکرێ ئەمانە ڕووبدەن؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «تـۆ مامۆسـتایەکی ئیسرائیلـی و ئەمانـەش نازانیـت؟ ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم: ئـەوەی دەیزانیـن دەیڵێیـن و ئـەوەی دەیبینیـن شـایەتی بـۆ دەدەیـن، ئێـوەش شـایەتیمان قبـوڵ ناکـەن. باسـی شـتە زەمینییەکانـم بۆتـان کـرد و بـاوەڕ ناکـەن (چوونـە نـاو شانشـینی خـودای بـە لەدایکبـوون چوانـدووە)، ئیـتر چـۆن بـاوەڕ دەکـەن ئەگـەر باسـی شـتە ئاسـمانییەکانتان بـۆ بکـەم؟ کـەس سـەرنەکەوتووە بـۆ ئاسـمان جگـە لـەوەی لـە ئاسـمان هاتووەتـە خـوارەوە، کـە ئەویـش کـوڕی مرۆڤـە (عیسـای مەسـیح ناسـناوی کـوڕی مـرۆڤ لـە خـۆی دەنێـت، وەك ئاماژەیـەك بـۆ بەجەسـتەبوونی).

وەك موسـا لـە چۆڵەوانـی مارەکـەی بەرزکـردەوە، ئـاواش دەبـێ کـوڕی مـرۆڤ بـەرز بکرێتـەوە، تاکـو هەرکەسـێك بـاوەڕی پـێ بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێـت.»

لەبـەر ئـەوەی خـودا ئەوەنـدە جیهانـی خۆشویسـت، تەنانـەت کـوڕە تاقانەکـەی بەختکـرد، تاکـو هەرکەسـێك بـاوەڕی پـێ بهێنێـت لەنـاو نەچێـت، بەڵکـو ژیانـی هەتاهەتایـی هەبێـت، چونکـە خـودا کوڕەکـەی نەنـاردە جیهـان تاکـو جیهـان حوکـم بـدات، بەڵکـو تاکـو جیهـان بـەوەوە ڕزگاری ببێـت. ئـەوەی بـاوەڕی پـێ بهێنێـت حوکـم نادرێـت، بـەڵام ئـەوەی بـاوەڕ ناهێنێـت ئـەوا حوکـم دراوە، چونکـە بـاوەڕی

بـه نـاوی کـوڕە تاقانەکـەی خـودا نەهێنـاوە (دەربڕینـی کـوڕی خـودا ئاماژەیـە بـۆ سروشـتی عیسـای مەسـیح، بـە واتـای وەچەخسـتنەوە و بەدواییەکداهاتنـی زەمەنـی نایـەت.) ئەمـەش حوکمەکەیـە: ڕووناکییەکـە هاتـە جیهـان بـەڵام خەڵـك لـە جیاتـی ڕووناکییەکـە تاریکییەکەیـان خۆشویسـت، چونکـە کردەوەیـان خـراپ بـوو. لەبـەر ئـەوەی هـەر کەسـێك خراپـە بـکات ڕقـی لـە ڕووناکییەکەیـە و نایەتـە لای ڕووناکییەکـە، نـەوەك کردەوەکانـی ئاشـکرا بێـت. بـەڵام ئـەوەی بەگوێـرەی ڕاسـتی دەڕوات، دێتـە لای ڕووناکییەکـە، تاکـو دەربکەوێـت کـە کردەوەکانـی لـە خوداوەیـە.

## یەحیا شایەتی بۆ مەسیح دەدات

لـە شـایەتیدانی پێغەمبـەر یەحیـا بـۆ مەسـیح، یەحیا سـەبارەت بـە خـۆی گوتوویەتی کـە لـە خاکـەوە هاتـووە، بەڵام عیسـای مەسـیح لە ئاسـمانەوە هاتـووە. ئـەوەش ئاماژەیە بـۆ ئـەوەی عیسـای مەسـیح وشـەی بەجەسـتەبووە لـە وێنـەی مـرۆڤ. هـەروەك ئامـاژەی کـرد بـۆ دەسـەڵاتی عیسـا، ئـەوەی کـە ژیانـی جاویدانـی دەبەخشـێت. وشـەی «باوکەکـە» وەك دەسـتەواژەیەکی لاهوتـی بەکارهێـنراوە کـە خـودا لـە هەمـوو ئینجیلەکانـدا بـە سروش ناردوویەتـی ئاماژەیـە بـۆ خـودای نەبیـنراو، هەروەهـا بـۆ خـودای بەجەسـتەبوو لـە شـێوەی مـرۆڤ وشـەی «کوڕەکـە» بەکارهێـنراوە. ئـەو دوو وشـەیە هەرگیـز واتـای زاوزێ و بەدواییەکداهاتنـی زەمەنـی نـادەن، بەڵکـو ئامـاژەن بـۆ یەکێتـی کرۆکـی خوداییانـە، چونکـە خـودا یەکـە و تـاك و تەنهایـە.

دوای ئەمانـە عیسـا و قوتابییەکانـی (حەوارییـەکان و شـوێنکەوتووانی) هاتنـە خاکـی یەهودیـا، لـەوێ لەگەڵیـان مایـەوە و خەڵکـی لـە ئـاو هەڵکێشـا. یەحیـاش لـە ئەینونـی نزیـك شـاری سـالیم خەڵکـی لەئـاو هەڵدەکێشـا، چونکـە لـەوێ ئـاو زۆر بـوو، ئیـتر دەهاتـن و لەئـاو هەڵدەکێـشران، چونکـە هێشـتا یەحیـا نەخرابـووە زیندانـەوە. لـەوێ دەربـارەی پاککردنـەوە گفتوگۆیـەك کەوتـە نێـوان قوتابییەکانـی یەحیـا و جولەکەیـەك. هاتنـە لای یەحیـا و پێیـان گـوت: «ڕابـی، ئـەوەی لەوبـەری ڕووبـاری ئـوردون لەگـەڵ تـۆ بـوو، ئـەوەی شـایەتیت بـۆی دا، ئەوەتـا خەڵـك لەئـاو هەڵدەکێشـێت و هەمـوو خەڵـك دێنـە لای.»

یەحیـا وەڵامـی دایـەوە: «کـەس ناتوانێـت شـتێك وەربگرێـت ئەگـەر لـە

ئاسمانەوە پێی نەدرابێت. ئێوە خۆتان شایەتیم بۆ دەدەن کە گوتم: من مەسیح نیم، بەڵام پێش ئەو نێردراوم. بووك بۆ زاوایە، هاوڕێی زاواش کە خزمەتی زاوا دەکات چاوەڕێی دەنگی هاتنەکەی دەکات، کاتێك گوێی لە دەنگی زاوا دەبێ، زۆر دڵخۆش دەبێت. ئەم خۆشییە درا بە من و ئێستا هاتە دی. پێویستە ئەو زیاد بکات و منیش کەم.»

ئەوەی لە سەرەوە دێت لە سەرووی هەمووانە (واتا ئەوەی لە ئاسمانەوە دێتە سەر زەوی). بەڵام ئەوەی لە زەوییە ئەوە زەمینییە و وەکو کەسێکی زەمینی دەدوێت (ئەوەی مرۆڤێکی ئاساییە). ئەوەی لە ئاسمانەوە دێت لە سەرووی هەمووانە و شایەتی ئەوە دەدات کە بینیویەتی و بیستوویەتی، بەڵام کەس شایەتییەکەی وەرناگرێت. ئەوەی شایەتییەکەی وەردەگرێت، مۆری دەکات کە خودا ڕاستە، چونکە ئەوەی خودا ناردوویەتی بە پەیامی خودا دەدوێت، لەبەر ئەوەی خودا بێ سنوور ڕۆحی پیرۆز دەبەخشێت. باوکی ئاسمانی کوڕی خۆی (عیسای مەسیح) خۆشدەوێت و هەموو شتێکی داوەتە دەستی. ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.

فەریسییەکان بیستیان کە عیسا لە یەحیا زیاتر قوتابی دروستکردووە و لەئاو هەڵکێشاوە، هەرچەندە عیسا خۆی خەڵکی لەئاو هەڵنەدەکێشا، بەڵکو قوتابییەکانی. کاتێك عیسا ئەمەی زانی یەهودیای بەجێهێشت و گەڕایەوە جەلیل.[١٦]

## زیندانیکردنی حەزرەتی یەحیا

بەڵام کاتێك یەحیا سەرزەنشتی هیرۆدسی ئەنتیپاسی فەرمانڕەوای جەلیلی کردبوو لەبەر ئەوەی کە هێرۆدیای براژنی خۆی هێنابوو (لەدوای ئەوەی پێکەوە پیلانیان لە دژی مێردەکەی گێڕابوو) و هەروەها لەبەر هەموو ئەو خراپانەی کردبووی، ئەم خراپەیەشی خستە پاڵ هەموو ئەوانە، یەحیای لە زیندان بەند کرد.[١٧]

---

(١٦) یۆحەنا ١: ١٩ – ٤: ٣

(١٧) لۆقا ٣: ١٩-٢٠

کاتێك عیسا بیستی یەحیا گیراوە،[18] بە هێزی ڕۆحی پیرۆزەوە گەڕایەوە جەلیل.[19]

## عیسا قسە لەگەڵ ژنێکی سامیرەیی دەکات

لەو سەردەم خاکی جولەکە دابەش ببوو بۆ دوو هەرێم، ئیسرائیل و یەهودیا. ناوچەی سامیرە بەشی ناوەڕاستی خاکی ئیسرائیل بوو، پایتەختەکەشی هەر پێی دەگوترا سامیرە. لە سەدەی هەشتەمی بەر لە لەدایکبوونی عیسا، پاشای ئاشوور دەستی بەسەر شانشینی باکوردا گرتبوو کە بە شانشینی ئیسرائیل دەناسرا. سامیرەییەکان پێکهاتەیەکی تێکەڵ بوون لە جولەکە و ئەم نەتەوانە کە بە فەرمانی پاشای ئاشووری لەم خاکە نیشتەجێ کرابوون. سامیرییەکان لە دژایەتییەکی سەختدا بوون لەگەڵ یەهودیاییەکان. پەرستگای تایبەت بە خۆیان هەبوو کە لەسەر چیای سامیرە دروستیان کردبوو، شوێنگرەوەی پەرستگای پێغەمبەر سلێمان بوو لە ئۆرشەلیم. سامیرەییەکان چیاکەشیان بە پیرۆز دادەنا و لەبری ئۆرشەلیم لە جەژنەکانیاندا دەچوونە ئەوێ. یەهودیاییەکان مامەڵە و هاموشۆی سامیرەییەکانیان نەدەکرد، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ خەڵکی بێگانە تێکەڵ ببوون. لە ڕوانگەی ئەم پاشخانە مێژوویی و فەرهەنگییەوە خەڵکی چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد عیسای مەسیح کە لە یەهودیا لەدایکببوو قسە لەگەڵ ژنێکی سامیرەیی بکات، بەڵام عیسا لە ڕوانگەی بانگەوازە خوداییەکەیەوە ئەمەی کرد نەك لە ڕوانگەی تەسکی نەتەوەییەوە!

جا (عیسا) دەبووایە بە ناوچەی سامیرەدا تێبپەڕێت، گەیشتە شارۆچکەیەکی سامیرە کە ناوی سوخار بوو، نزیك ئەو پارچە زەوییەی یاقوب دابوویە یوسفی کوڕی. بیری یاقوبیش لەوێ بوو. جا عیسا لە گەشتەکە ماندوو بوو، لەلای بیرەکە دانیشت، نزیکەی کاتژمێر دوازدە بوو.

ژنێکی سامیرەیی هات بۆ ئەوەی ئاو ببات، عیسا پێی فەرموو: «هەندێك ئاوم بدەرێ.» لەو کاتەدا قوتابییەکانی چووبوونە ناو شار تاکو خواردن بکڕن.

---

(١٨) مەتا ٤: ١٢

(١٩) لۆقا ٤: ١٤

جا ژنە سامیرەییەکە پێی گوت: «تۆ جولەکەیت و منیش ژنێکی سامیرەییم، چۆن داوای ئاوم لێ دەکەیت؟» چونکە جولەکەکان تێکەڵی سامیرەییەکان نابن.

عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەگەر بەخشینی خودات بزانیایە و هەروەها ئەوەش کێیە کە پێت دەڵێت ”ئاوم بدەرێ،“ ئەوسا تۆ داوات لێ دەکرد و ئەویش ئاوی ژیانی پێدەدایت.» (عیسای مەسیح لە لایەنی ڕۆحییەوە قسەی دەکرد، بەڵام ئەو تەنها لە دیوە ئاشکراکەی بابەتەکە گەیشت.)

ژنەکە پێی گوت: «بەڵام گەورەم، دۆلکەت پێنییە و بیرەکەش قووڵە. ئیتر تۆ ئاوی ژیانت لەکوێ بوو؟ خۆ لە یاقوبی باوکمان گەورەتر نیت کە بیرەکەی پێداوین، خۆی و کوڕەکانی و ماڵاتەکانیشی لێیان خواردووەتەوە؟»

عیسا وەڵامی دایەوە: «هەرکەسێك لەم ئاوە بخواتەوە جارێکی دیکە تینووی دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی لەو ئاوە بخواتەوە کە من دەیدەمێ، هەرگیز تینووی نابێت، بەڵکو ئەو ئاوەی من دەیدەمێ تێیدا دەبێتە کانیاوێك و هەڵدەقوڵێت، ژیانی هەتاهەتایی دەبەخشێ.»

ژنەکەش پێی گوت: «گەورەم، ئەو ئاوەم بدەرێ تاکو تینوو نەبم و نەیەمەوە ئێرە بۆ ئاوکێشان.» عیسا پێی فەرموو: بڕۆ، مێردەکەت بانگ بکە و وەرەوە ئێرە.»

ژنەکە وەڵامی دایەوە: «مێردم نییە.» عیساش پێی فەرموو: «ڕاست دەکەیت کە دەڵێی مێردم نییە.» لەڕاستیدا پێنج مێردت هەبوو، ئێستاش ئەوەی هەتە مێردت نییە. ئەمەشت بە ڕاستی گوت.»

ژنەکە پێی گوت: «گەورەم، دەبینم تۆ پێغەمبەریت. باوباپیرانمان لەم شاخەدا (ناوچەی سامیرە) خودایان پەرستووە، بەڵام ئێوە (خەڵکی یەهودیان) دەڵێن ئۆرشەلیم ئەو شوێنەیە کە پێویستە پەرستنی لێ بکرێت.»

عیسا پێی فەرموو: «خانم، باوەڕم پێ بکە، کاتێك دێت ئێوە باوك دەپەرستن (مەبەستی لە خودایە کە پەیوەندی مرۆڤ و خودا وەك پەیوەندی باوك و کوڕە)، بەڵام نە لەسەر ئەم شاخە و نە لە ئۆرشەلیم. ئەوەی ئێوە

دەیپەرستن نایناسن، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیپەرستین دەیناسین، چونکە ڕزگاری لە جولەکەوەیە (مەبەستی ئەوەیە کە ڕزگاربوون لە گوناە و سزاکەی بە باوەڕهێنان بە عیسای مەسیحە کە بە ڕەگەز جولەکەیە.) بەڵام کاتێك دێت ئەویش کە ئێستایە خواپەرستە ڕاستەقینەکان بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی باوك دەپەرستن، چونکە باوك داوای ئەم جۆرە خواپەرستانە دەکات. خودا ڕۆحە و پێویستە ئەوانەی دەیپەرستن بە ڕۆحی پیرۆز و ڕاستی بیپەرستن.»

ژنەکە پێی گوت: «دەزانم مەسیا دێت، کە پێی دەگوترێ مەسیح، کە ئەو هات هەموو شتێکمان پێ ڕادەگەیەنێت.»

عیساش پێی فەرموو: «من ئەوم، ئەوەی قسەت لەگەڵ دەکات.»

## قوتابییەکان بەدوای عیسای مەسیح دەکەون

لەو کاتەدا قوتابییەکانی گەیشتن، سەرسام بوون کە لەگەڵ ژنێك قسە دەکات. (یەهودییەکان لە ڕێگادا قسە لەگەڵ ئافرەت ناکەن، بەتایبەتی ئەگەر سامیرەیی بێت). بەڵام کەس نەیگوت: «چیت دەوێت؟» یان «بۆچی قسەی لەگەڵ دەکەیت؟»

ئینجا ژنەکە گۆزەکەی بەجێهێشت، چووە ناو شار و بە خەڵکی گوت: «وەرن کەسێك ببینن هەرچییەکم کردووە پێی گوتم! دەبێ مەسیح نەبێت؟» ئیتر خەڵکەکە لە شار هاتنە دەرەوە و چوونە لای (عیسا).

لەو کاتەدا قوتابییەکان تکایان لێی دەکرد: «ڕابی، بخۆ!»

بەڵام پێی فەرموون: «خواردنێکم هەیە بیخۆم، کە ئێوە نایزانن.» (مەبەستی لە پێویستییە ڕۆحییەکان بووە، کە وەك خۆراکی ڕۆحی باسکراوە.)

لەبەر ئەوە قوتابییەکان بە یەکتریان دەگوت: «کەس هیچی بۆ هێناوە بیخوات؟»

عیساش پێی فەرموون: «خواردنی من ئەوەیە بە خواستی ئەوە بکەم کە ناردوومی و کارەکەی تەواو بکەم. ئەی ئێوە نالێن: "پاش چوار مانگ

کاتی دروێنە دێت"؟ ئەوەتا پێتان دەڵێم: چاوتان هەڵبڕن و سەیری کێڵگەکان بکەن وا زەرد هەڵگەڕاون بۆ دروێنە. سەپانیش کرێ وەردەگرێت و بۆ ژیانی هەتاهەتایی بەرهەم کۆدەکاتەوە، تاکو تۆوچێن و سەپان پێکەوە دڵشاد بن. لەبەر ئەوە ئەو پەندە ڕاستە کە دەڵێت: «یەکێك تۆو دەکات و یەکێکی دیکە دروێنە دەکات» (عیسای مەسیح سەبارەت بەوە قسەی دەکرد کە ئەو خەڵکەی بەرەو لای هاتوون باوەڕبهێنن کە ئەو مەسیحەکەیە و لە گومڕایی و گوناهەوە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە، هەروەها بەردەوام بوو و فەرمووی:) من ئێوەم بۆ دروێنەیەك ناردووە کە پێوەی ماندوو نەبوون. کەسانی دیکە پێوەی ماندوو بوون و ئێوە بەرهەمی ماندووبوونیان دەخۆن.»

## باوەڕی سامیرەییەکان بە عیسای مەسیح

زۆر لە سامیرەییەکانی ئەو شارە باوەڕیان بە عیسا هێنا، لەبەر قسەی ئەو ژنەی کە شایەتی دەدا: «هەرچییەکم کردووە پێی فەرمووم.» لەبەر ئەوە کاتێك سامیرەییەکان هاتنە لای عیسا، تکایان لێکرد لەلایان بمێنێتەوە، ئەویش دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە. ژمارەیەکی زۆر زیاتریش بەهۆی قسەکانییەوە باوەڕیان هێنا و بە ژنەکەیان دەگوت: «چیتر بەهۆی قسەی تۆوە نییە کە ئێمە باوەڕ دەهێنین، چونکە خۆمان بیستمان و دەزانین کە ئەم پیاوە بەڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!»

## عیسا دەگەڕێتەوە بۆ جەلیل

پاش ئەو دوو ڕۆژە عیسا ئەوێی (شارۆچکەی سوخار) بەجێهێشت و چوو بۆ جەلیل، چونکە عیسا خۆی شایەتی دا (ڕایگەیاند) کە پێغەمبەر لە شاری خۆی ڕێزی لێ ناگیرێت. لەبەر ئەوە کاتێك هاتە جەلیل، جەلیلییەکان پێشوازییان لێی کرد، چونکە ئەوانیش بۆ جەژن هاتبوون و هەموو ئەو شتانەیان بینیبوو کە لە جەژندا لە ئۆرشەلیم کردبووی.

## عیسا کوڕی کاربەدەستێکی پاشا چاك دەکاتەوە

عیسا هاتەوە شارۆچکەی قانا لە ناوچەی جەلیل کە لەوێ ئاوی کردبووە شەراب، کاربەدەستێکی پاشا هەبوو، کوڕەکەی لە کەفەرناحوم نەخۆش بوو.

کاتێك ئەو بیستی عیسا لە یەهودیاوە هاتووەتە جەلیل، چووە لای و لێی پاڕایەوە کە بێت بۆ ئەوەی کوڕەکەی چاك بکاتەوە، چونکە نزیکی مردن بوو.

ئینجا عیسا پێی فەرموو: «ئەگەر ئێوە پەرجوو و کاری سەرسوڕهێنەر نەبینن هەرگیز باوەڕ ناهێنن.»

کاربەدەستەکەش پێی گوت: «گەورەم، پێش ئەوەی کوڕەکەم بمرێت، وەرە.»

عیسا پێی فەرموو: «بڕۆ! کوڕەکەت دەژییێت.» پیاوەکە باوەڕی بەو قسەیە کرد کە عیسا پێی فەرموو و ڕۆیشت. کە بە ڕێگاوە بوو کۆیلەکانی تووشی بوون و دەیانگوت کە کوڕەکەی زیندووە، جا سەبارەت بەو کاتژمێرەی تێیدا چاکتر ببووەوە پرسیاری لێکردن، وەڵامیان دایەوە: «دوێنێ کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ تایەکە بەریدا.»

باوکەکە زانی لەو کاتژمێرە بوو کە عیسا پێی فەرموو: «کوڕەکەت دەژییێت.» ئەوسا خۆی و خاو و خێزانی هەموو باوەڕیان هێنا.

ئەمەش دووەم پەرجوو بوو کە عیسا کردی، کە لە یەهودیاوە هاتە جەلیل.[٢٠]

## عیسا لە ناسیرەی شارەکەی خۆی دەردەکرێ

عیسا هاتە ناسیرە کە لێی گەورە بووە، وەك نەریتی خۆی ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت (شوێنی کۆبوونەوەی جولەکەکانە بۆ پەرستن و فێرکردن و خوێندنی تەورات) و بۆ خوێندنەوە هەستا. پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەریان دایێ و کردیەوە، ئەو شوێنەی (لە ئیشایا ٦١) دۆزییەوە کە تێیدا نووسراوە:

ڕۆحی یەزدان بەهێزم دەکات،

﴿چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ مژدەدان بە هەژاران،

منی ناردووە بۆ جاڕدانی ئازادی بەدیلگیراون،

هەروەها گەڕانەوەی بینایی بۆ کوێران،

---

(٢٠) یۆحەنا ٤: ٤- ٥٤

بۆ ئازادکردنی ستەملێکراوان و
ڕاگەیاندنی ساڵی ڕەزامەندی یەزدان.﴾

ئینجا نـووسراوە پیرۆزەکـەی پێچایـەوە، دایـەوە خزمەتکارەکـە و دانیشـت. هەموو ئەوانـەی لـە کەنیشـت بـوون چاویـان تێبڕیبـوو. دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن و گوتـی: ئەمـڕۆ ئـەم نـووسراوە پیـرۆزەی گوێتـان لێبـوو هاتـەدی.

هەمـوو شـایەتییان بـۆ دەدا، سەرسـام بـوون لـەو پەیامـە پـڕ لـە نیعمەتـەی لـە دەمـی دەهاتـە دەرەوە، دەیانگـوت: «ئەمـە کوڕەکـەی یوسـف نییـە؟»

عیسـا پێـی فەرمـوون: «بێگومـان ئـەم پەنـدەم پـێ دەڵێـن: ئـەی پزیشـك چارەسـەری خـۆت بکـە! ئـەوەی بیسـتمان و لـە کەفەرناحـوم کـردت، لێـرەش لـە شـارەکەتدا بیکـە.»

هەروەهـا فەرمـووی: «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، هیـچ پێغەمبەرێـك لـە شـارەکەی خـۆی پەسـەند ناکرێـت. لەڕاسـتیدا پێتـان دەڵێـم، لە سـەردەمی ئەلیـاس زۆر بێوەژن لـە ئیسرائیلـدا هەبـوون، کاتێـك سـێ سـاڵ و شـەش مانگ بـاران نەبـاری، لـە هەموو خاکەکـەدا بـووە قاتوقڕییەکـی گـەورە، بـەڵام ئەلیـاس بـۆ ئـەوان نەنێـردرا، بەڵکو بۆ بێوەژنێـك لـە شـاری سـەرەفەند لـە ناوچـەی سـەیدا (بڕوانـە کتێبـی پیـرۆز، یەکـەم پاشـایان بەشـی ١٧). لـە ئیسرائیلـدا لـە سـەردەمی ئەلیشـەع پێغەمبـەر زۆر کـەس تووشـی نەخۆشـی گولـی هاتبوون، خـودا هیچیانـی چـاك نەکـردەوە، نەعمانـی سـوری نەبێـت.» (نەعـمان سـەرکردەی لەشـکری پاشـای ئـارام (سـوریا) بوو، تووشـی نەخۆشـی گولـی ببـوو. گولیـی نەخۆشـییەکی پێسـتیی ترسـناکە کـە دەبێتـە هـۆی هەڵوەرینـی پەلەکانـی مـرۆڤ. هەرکەسـێك ئـەو نەخۆشـییەی هەبووایـە بـە گڵاو دادەنـرا. نەعـمان هاتـە لای ئەلیشـەع و شـیفای وەرگـرت.)

هەمـوو ئەوانـەی لـە کەنیشـتەکە بـوون، کاتێـك ئەمەیان بیسـت لێـی تووڕەبوون (چونکـە عیسـا بـەم دوو نموونەیـە مەبەسـتی بـوو کـە خەڵکـی فێربـکات خـودا لـە دەسـتپێکی ئەوەدایـە گرنگـی بـە نەتەوەکانـی دیکـە بـدات) دەریانکـردە دەرەوەی شـار، بردیانـە سـەر لێـواری ئـەو چیایـەی شـارەکەیانی لەسـەر بنیـاد نرابـوو، تاکـو فڕێیبدەنـە خـوارەوە. بـەڵام ئـەو بەناویانـدا تێپـەڕی و ڕۆیشـت.[٢١]

---

(٢١) لۆقا ٤: ١٦- ٣٠

## عیسا دەست بە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی دەکات

عیسا ناسیرەی بەجێهێشت و هات لە کەفەرناحوم نیشتەجێ بوو، کە لەسەر دەریاچەیە، لە سنووری زەبولون و نەفتالی، تاکو ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە گوتراوە بێتە دی:

خاکی زەبولون و خاکی نەفتالی،
ئەوەی لە ڕێگای دەریایە، ئەوبەری ڕووباری ئوردون،
جەلیلی نەتەوەکان (ڕۆمانییە داگیرکەرەکان)،
ئەو گەلەی لە تاریکیدا دانیشتووە (بەهۆی گوناە و خراپەوە)،
ڕووناکییەکی گەورەی بینی (بە هاتنی عیسای مەسیحی ڕووناکی جیهان)،
دانیشتووان لە خاکی سێبەری مەرگ
ڕووناکی بەسەریاندا هەڵات.

لەو کاتەوە[٢٢] عیسا هاتە جەلیل و مزگێنی خودای ڕادەگەیاند و دەیفەرموو: «کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن.»[٢٣] ناوبانگی لە هەموو دێیەکانی دەوروپشت بڵاو بووەوە. لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و هەموو ستایشیان دەکرد.[٢٤]

(٢٢) مەتا ٤: ١٣- ١٧

(٢٣) مەرقۆس ١: ١٤ب- ١٥

(٢٤) لۆقا ٤: ١٤ب- ١٥

# بەشی سێیەم

## ساڵی ناوبانگ و پەسەندکردن

### عیسا قوتابییەکانی هەڵدەبژێرێت

وشـەی قوتابـی لـە ئینجیلدا بـۆ شـوێنکەوتووان بەکاردێـت. هەرکەسـێك بەدوای مامۆسـتایەك بکەوێـت ئـەوا قوتابـی ئـەوە. زۆربـەی پێغەمبـەران قوتابییـان هەبووە. ناسـناوی قوتابـی بـۆ هەمـوو ئەوانـە بەکاردێـت کـە فێرکردنەکانـی عیسـای مەسـیح قبـووڵ دەکـەن. جگـە لەمـە وشـەی قوتابـی بەشـێوەیەکی تایبـەت ئاماژەیـە بـۆ ئـەو دوازدە نێـردراوەی کـە عیسـای مەسـیح بانگهێشـتی کـردوون بـۆ ئـەوەی لەگەڵـی بـن، هەروەهـا بـە حەواریـش نـاسراون.

کاتێـك عیسـا لـە کەنـاری دەریاچـەی جەلیـل (دەکەوێتـە سـەر ڕووبـاری ئـوردون، دوو نـاوی دیکـەی هەیـە : «دەریاچـەی جەنیسـارەت» و «دەریاچـەی تەبەریـە») دەڕۆیشـت، دوو بـرای بینـی، شـیمۆن کـە پێـی دەگوتـرێ پەتـرۆس لەگـەڵ ئەندراوسـی بـرای، تۆڕیـان فڕێدەدایـە دەریاچەکـە، چونکـە ماسـیگر بـوون. عیسـا پێـی فەرمـوون: وەرن دوام بکـەون، دەتانکـەم بـە ڕاوکـەری مـرۆڤ (بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان لـە دەریـای جیهانـی پیسـەوە ڕاو بکـەن و بـەرەو خـودا بیانبەن). دەسـتبەجێ تۆڕەکانیـان بەجێهێشـت و دوای کەوتـن.

کـە لـەوێ ڕۆیشـت، دوو بـرای دیکـەی بینـی، یاقوبـی کـوڕی زەبـدی و یۆحەنـای بـرای، لـە بەلەمێکـدا لەگـەڵ زەبـدی باوکیـان تۆڕەکانیـان چاکدەکـردەوە، ئەوانیشـی بانگکـرد. دەسـتبەجێ بەلەمەکـە و باوکیـان بەجێهێشـت و دوای عیسـا کەوتـن.[٢٥]

ڕۆژێکیـان عیسـا لـە کەنـاری دەریاچـەی جەنیسـارەت ڕاوەسـتابوو، خەڵکـی پاڵەپەسـتۆیان دەکـرد تاکـو گـوێ لـە پەیامـی خـودا بگـرن، دوو بەلەمـی لـە کەنـاری دەریاچەکـە بینـی، ماسـیگرەکان بەجێیـان هێشـتبوو و تۆڕەکانیـان دەشوشـت. چـووە نـاو یەکێکیـان، هـی شـیمۆن بـوو، داوای لێکـرد کەمێـك لـە وشـکانی دووری بخاتـەوە،

(٢٥) مەتا ٤: ١٨- ٢٢

ئینجا دانیشت و لەناو بەلەمەکەوە خەڵکەکەی فێر دەکرد.

کاتێك وتەکانی تەواو کرد بە شیمۆنی فەرموو: «دووری بخەرەوە بۆ قووڵایی و تۆڕەکانتان بۆ ڕاوکردن فڕێبدەن.»

شیمۆن وەڵامی دایەوە: «گەورەم، بە درێژایی شەو زۆر هەوڵمان دا و هیچمان نەگرت. بەڵام لەبەر قسەی تۆ، تۆڕەکان فڕێدەدەم.

کاتێك ئەمەیان کرد ماسییەکی زۆریان گرت، خەریك بوو تۆڕەکانیان بدڕێت. جا ئیشارەتیان بۆ هاوکارانی ناو بەلەمەکەی دیکە کرد، تاکو بێن و یارمەتییان بدەن، ئیتر هاتن و هەردوو بەلەمەکەیان پڕکرد، هەتا وای لێهات خەریك بوو نوقوم بن.

شیمۆن پەترۆس کە ئەمەی بینی، (درکی بە توانا و دەسەڵاتی عیسا کرد و وای زانی کە خۆی لەبەرچاوی عیسا کەسێکی گوناهبار و قێزەوەنە) خۆی خستە بەرپێی عیسا و گوتی: «گەورەم، لێم دووربکەوە، چونکە مرۆڤێکی گوناهبارم!» پەترۆس و هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون لە زۆری ئەو ماسییانەی گرتبوویان سەریان سوڕمابوو، یاقوب و یۆحەنای کوڕەکانی زەبدیش، هاوبەشی شیمۆن بوون (دواتر بوونە قوتابی عیسای مەسیح).

عیسا بە شیمۆنی فەرموو: «مەترسە! ئیتر تۆ لە ئێستاوە مرۆڤ ڕاو دەکەیت». لەدوای ئەوەی بەلەمەکانیان هێنایە وشکانی، هەموو شتێکیان بەجێهێشت و دوای عیسا کەوتن.(٢٦)»

## عیسا ڕۆحێکی پیس دەردەکات

ئینجا (عیسا و قوتابییەکان) چوونە کەفەرناحوم. لە ڕۆژی شەممەدا عیسا چووە کەنیشت و دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵك. خەڵکی لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون، چونکە وەك دەسەڵاتدارێك فێری دەکردن، نەك وەکو مامۆستایانی تەورات (ئەوانەی کە کتێبەکانی شەریعەت دەنووسنەوە و ڕاڤەی دەکەن). لە کەنیشتەکەیاندا یەکێکی لێبوو ڕۆحی پیسی (جنۆکەشی پێ دەگوترێت، کە ڕۆحە بەدەکانی سەر بە شەیتانن) تێدابوو، لەپڕ هاواری کرد، گوتی: «عیسای

(٢٦) لۆقا ٥: ١- ١١

ناسیرەیی، چیت لێمان دەوێت؟ هاتووی لەناومان ببەیت؟ دەزانم تۆ کێیت، پیرۆزەکەی خودایت!» (شەیتان و ڕۆحە پیسەکان وێڕای ئەوەی دژایەتی پلانی خودا دەکەن، بەڵام زانیارییان هەیە لەسەر ڕاستی خودا.)

عیسا لێی ڕاخوڕی و فەرمووی: «بێدەنگ بە! لێی وەرە دەرەوە!» ڕۆحە پیسەکەش فێی لە پیاوەکە هێنا و بە دەنگی بەرز هاواری کرد و لێی هاتە دەرەوە.

هەموو سەرسام بوون و کەوتنە پرسیار لە یەکتری: «ئەمە چییە؟ فێرکردنێکی نوێیە بە دەسەڵاتەوە! فەرمان بە ڕۆحە پیسەکانیش دەدات و گوێڕایەڵی دەبن.» یەکسەر ناوبانگی عیسا بە هەموو ناوچەی دەوروبەری جەلیلدا بڵاو بووەوە.

## چاککردنەوی خەسووی پەترۆس

کاتێك عیسا لەگەڵ یاقوب و یۆحەنا کەنیشتەکەیان بەجێهێشت، چوونە ماڵی شیمۆن (پەترۆس) و ئەندراوس. خەسووی شیمۆن لەناو جێگا کەوتبوو، تای هەبوو، خێرا باسی ئەویان بۆ عیسا کرد. ئەویش هات، دەستی گرت و هەڵیستاندەوە. تایەکە بەریدا و دەستی بە خزمەتکردنیان کرد.

ئەو ئێوارەیە لەپاش ڕۆژئاوابوون، هەموو نەخۆش و ئەو کەسانەیان بۆ دەهێنا کە ڕۆحی پیسیان تێدابوو. هەموو دانیشتووانی شارەکە لەبەر دەرگا کۆبوونەوە، عیسا ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی بە جۆرها دەردەوە چاککردەوە و زۆر ڕۆحی پیسیشی دەرکرد و نەیهێشت ڕۆحە پیسەکان بدوێن، چونکە دەیانزانی کێیە.

## عیسا لە چۆڵەوانی نوێژ دەکات

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر کە هێشتا تاریك بوو، عیسا هەستا و چووە شوێنێکی چۆڵ و لەوێ دەستی کرد بە نوێژکردن. شیمۆن و هاوڕێکانی بە شوێنیدا گەڕان، کە دۆزییانەوە پێیان گوت: «هەموو خەڵکەکە بەدواتدا دەگەڕێن.»

عیسا پێی فەرموون: «وەرن، با بڕۆین بۆ دێیەکانی دەوروپشت، تاکو لەوێش پەیامەکەم ڕابگەیەنم، چونکە من بۆ ئەمە هاتووم.[٢٧]»

---

(٢٧) مەرقۆس ١: ٢١- ٣٨

## عیسا نەخۆش چاك دەكاتەوە

ئینجـا عیسـا بـە هەمـوو جەلیلـدا دەگـەڕا، لـە كەنیشـتەكان خەڵكی فێـر دەكـرد و مزگێنی پاشـایەتییەكەی ڕادەگەیانـد، هەرچـی نەخۆشـی و هەرچـی نەسـاغی نێـو خەڵـك هەبـوو، چاكـی دەكردنـەوە. لەبـەر ئـەوە دەنگوباسـی تـەواوی سـوریای گرتـەوە، ئەوانیـش هەمـوو نەخۆشـێكیان دەهێنایـە لای، بـە جۆرەهـا دەرد و ئـازارەوە، ئەوانـەی كـە ڕۆحـی پیسـیان تێـدا بـوو و فێـدار و ئیفلیـج بـوون چاكیكردنـەوە. جـا خەڵكێكـی زۆر لـە جەلیـل و دە شـارەكە و ئۆرشـەلیم و یەهودیـا و ئەوبـەری ئـوردون دوای كەوتـن.[٢٨]

## چاككردنەوەی نەخۆشی گولی

پیاوێـك نەخۆشـی گولـی هەبـوو، هاتـە لای عیسـا و لێـی پاڕایـەوە، چۆكـی دادا و پێـی گـوت: «ئەگـەر بتەوێـت، دەتوانیـت پاكـم بكەیتـەوە.» (گولـی، نەخۆشـییەكی پێسـتی بـوو كـە دەبـووە هـۆكاری هەڵوەرینـی پەلەكانـی مـرۆڤ. مرۆڤـی گـول بـە گلاو دادەنـرا، نەدەبووایـە لـە خەڵـك نزیكبێتـەوە) عیسـا دڵـی پێـی سـووتا و دەسـتی بـۆ درێژكـرد و دەسـتی لێـدا و پێـی فەرمـوو: «دەمەوێـت. پـاك بـەرەوە!» دەسـتبەجێ گولییەكـەی لێبـووەوە و پـاك بـووەوە.

دوای ئـەوەی كـە عیسـا پیاوەكـەی بـە توندی ئـاگادار كـردەوە، دەسـتبەجێ بەڕێی كـرد، پێـی فەرمـوو: «ئاگاداربـە، هیـچ شـتێك بـە كـەس مەڵـێ، بـەڵام بـڕۆ خـۆت بـە كاهین پیشـان بـدە و بـۆ پاكبوونەوەكـەت ئـەو قوربانییـەی موسـا فەرمانـی كـردووە بیكـە، وەك شـایەتییەك بۆیـان.» بـەڵام ئـەو ڕۆیشـت و دەسـتی بـە جـاڕدان و بڵاوكردنـەوەی ئـەم هەواڵـە كـرد، لەبـەر ئـەوە عیسـا نەیتوانـی بـە ئاشـكرا بچێتـە نـاو شـار، بەڵكـو لـە دەرەوە لـە شـوێنە چۆڵەكانـدا بـوو و خەڵكیـش لـە هەمـوو لایەكـەوە دەهاتنـە لای.

## چاككردنەوەی ئیفلیجێك

پـاش چەنـد ڕۆژێـك عیسـا هاتـەوە نـاو كەفەرناحـوم، جا بیسـترا كـە لـە ماڵەوەیە.

---

(٢٨) مەتا ٤: ٢٣- ٢٥

خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، بە شێوەیەك لە بەردەرگاش شوێن نەمابوو. ئەویش وشەی خودای بۆیان ڕاگەیاند. لەو کاتەدا ئیفلیجێکیان هێنایە لای، بە چوار کەس هەڵیانگرتبوو. بەڵام بەهۆی زۆری خەڵکەکەوە نەیانتوانی لێی نزیك ببنەوە. جا کونێکی گەورەیان کردە سەربانی ئەو شوێنەی کە عیسای لێبوو و نوێنەکەیان شۆڕکردەوە کە پیاوە ئیفلیجەکەی لەسەر بوو.

کاتێك عیسا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.»

هەندێك لە مامۆستایانی تەورات لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا بیریان دەکردەوە: بۆچی ئەمە بەم شێوەیە دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟

دەستبەجێ عیسا لە ناخی خۆیدا زانی لە دڵی خۆیاندا بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون: «بۆچی لە دڵتاندا بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟ کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: ”گوناهەکانت بەخشران“ یان بڵێی: ”هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ“؟ بەڵام تاکو بزانن کوڕی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی هەیە گوناه ببەخشێت،...» ئینجا بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «پێت دەڵێم: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوەماڵەوە.» ئەویش یەکسەر هەستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی هەموویان چووە دەرەوە. بە شێوەیەك هەموو سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، گوتیان: «هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!»

## عیسا لێڤی بانگهێشت دەکات

باجگران پیاوانێك بوون دەسەڵاتی ڕۆمانی دایمەزراندبوون بۆ کۆکردنەوەی باج، هەروەها پێیان دەگوتن وەرگری پارەی دەیەك. لەبەر دوو هۆکار خەڵکی ڕقیان لێیان دەبووەوە، یەکەم: هاوکاریکردنی دەسەڵاتداران دژی نیشتمان. دووەم: لەبەر چاوچنۆکی و بووختانکردن بۆ ئەوەی بڕێکی زۆر زیاتر لە باجی دیاریکراو وەربگرن. گەلی جولەکە بە خراپترین خەڵکیان دانابوون.

دیسان عیسا چووە سەر کەناری دەریاچەکە، خەڵکەکە هەموو لێی کۆبوونەوە و ئەویش فێری دەکردن. لەکاتی ڕۆیشتنیدا، لێڤی کوڕی حەلفی

بینی لە شوێنی باجگری دانیشتبوو، پێی فەرموو: «دوام کەوە.» ئەویش هەستا و دوای کەوت.

کاتێك لە ماڵی ئەو دانیشتبوو زۆر لە باجگران و گوناهباران لەگەڵ عیسا و قوتابییەکانی لەسەر خوان بوون، چونکە ژمارەی ئەوانە زۆر بوو کە دوای کەوتبوون. کاتێك مامۆستایانی تەورات کە فەریسی بوون بینییان عیسا وا لەگەڵ گوناهبار و باجگران نان دەخوات، بە قوتابییەکانیان گوت: «بۆچی لەگەڵ باجگر و گوناهباران نان دەخوات؟

کە عیسا گوێی لەمە بوو، پێی فەرموون: «لەشساغ پێویستی بە پزیشك نییە، بەڵکو نەخۆش. نەهاتووم ڕاستودروستان بانگهێشت بکەم، بەڵکو گوناهباران. »[٢٩]

## عیسا لەبارەی ڕۆژووەوە پرسیار دەکات

بیری ڕۆحیی عیسا لە دژی گۆماوی هزری وشکی ڕابەرە ئایینییەکان بوو. ئەوان دەیانویست پەیامە نوێیەکەی لە چوارچێوەی بیرکردنەوە تەقلیدییە کۆنەکانی خۆیان بگونجێنن. عیسا بە نموونە بۆیانی دەردەخست کە پەیامە ڕۆحییەکەی هەر دەبێت لە چوارچێوە ڕۆحییە ڕاستەقینەییەکەیدا بێت! هەندێك لە ڕابەرانی جولەکە پێیان گوت: «قوتابییەکانی یەحیا زۆر ڕۆژوو دەگرن و نوێژ دەکەن، هەروەها ئەوانەی فەریسییەکان، بەڵام ئەوانەی تۆ دەخۆن و دەخۆنەوە.»

عیساش پێی فەرموون: «ئایا دەتوانن وا بکەن بانگهێشتکراوانی زەماوەند بەڕۆژوو بن، کاتێك زاوا لەگەڵیاندایە؟ بەڵام ڕۆژێك دێت کە زاوایان لێ دوور دەخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبن.»

هەروەها نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «هیچ کەس پارچەیەك لە جلوبەرگێکی نوێ ناکاتەوە بۆ ئەوەی جلوبەرگێکی کۆنی پێ پینە بکات، چونکە جلوبەرگە نوێیەکە دەدڕێت و پینە نوێیەکەش لەگەڵ جلوبەرگە کۆنەکە ناگونجێت.

---

(٢٩) مەرقۆس ١: ٤٠—٢: ١٧

کەسیش شەرابی نوێ ناکاتە ناو مەشکەی کۆنەوە، چونکە شەرابە نوێیەکە مەشکەکە دەدڕێنێت و دەڕژێت، مەشکەکەش لەناودەچێت (مەشکە لە پێستی بزن دروستکراوە، بە نوێیەتی نەرمە. بەپێی تێپەڕبوونی کات نەرمییەکەی نامێنێت و وشك دەبێت. هەروەها درێژەی بە قسەکانی دا و فەرمووی:) کەواتە پێویستە شەرابی نوێ بکرێتە مەشکەی نوێوە. کەسیش نییە شەرابی کۆن بخواتەوە و ئارەزووی نوێ بکات، چونکە دەڵێت «کۆنەکە خۆشترە.»»(٣٠)

(عیسا بەمە ئاماژەی دەکرد بۆ ئەوەی بیری تەسك و وشکی جولەکەکان شوێنی فێرکردنەکەی ئەوی تێدا نابێتەوە. بێگومان مەبەستی مەسیح لە بەکارهێنانی ئەم نموونانە هاندانی خەڵك نەبووە بۆ ئەوەی جلی دڕاو لەبەربکەن یان شەراب بخۆنەوە، بەڵکو تەنها نموونە و لێکچواندنە).

## چاککردنەوەی نەخۆش لەلای حەوزی بێتحەسدا

«حەسدا» وشەیەکی عیبرییە بە واتای بەزەیی دێت. حەوزەکە ئەم ناوەی لێنراوە بەهۆی ئەو شوێنانەی کە لە دەوروبەری دروستکرابوون بۆ لەخۆگرتنی ئەو خەڵکەی کە لەوێ دانیشتبوون و چاوەڕییان دەکرد کاتێك ئاوەکە دەجووڵێت یەکسەر بچنە ناوی، پێیان وابوو کەوا فریشتەی یەزدان جاربەجار ئاوەکە دەجووڵێنێت و یەکەم کەس کە دەچێتە ناو حەوزەکە لەدوای جووڵانی ئاوەکە هەر نەخۆشییەکی هەبێت، چاکدەبێتەوە.

لەدوای ئەمە عیسا چوو بۆ ئۆرشەلیم چونکە لەوێ جەژنێکی جولەکەکان هەبوو. لە ئۆرشەلیم لەلای دەروازەی مەڕ حەوزێك هەبوو بە عیبری پێیان دەگوت بێتحەسدا، بە دەوریدا پێنج ڕێڕەوی سەر داپۆشراو هەبوو کە هەردوو لایان بە کۆڵەکە گیرابوون. لەوێ خەڵکێکی زۆر ڕاکشابوون، نەخۆش و کوێر و شەل و گۆج، چاوەڕێی جوڵانی ئاوەکە بوون، چونکە هەندێك جار فریشتەیەکی یەزدان بۆ حەوزەکە دەهاتە خوارەوە و ئاوەکەی دەجوڵاند، جا ئەوەی یەکەم کەس دەچووە ناو حەوزەکەوە، هەر نەخۆشییەکی هەبووایە چاك دەبووەوە. کابرایەك لەوێ بوو سی و هەشت ساڵ نەخۆش بوو. عیسا ئەم کابرایەی بینی پاڵکەوتووە و زانی ماوەیەکی درێژە وایە، پێی فەرموو: «دەتەوێ چاکبیتەوە؟»

---

(٣٠) لۆقا ٥: ٣٣- ٣٩

نەخۆشەکە وەڵامی دایەوە: «گەورەم، کاتێك ئاوەکە دەجوڵێت کەسم نییە بمخاتە ناو حەوزەکە. کاتێکیش دێم، یەکێکی دیکە پێش من دەچێتە ناوی.»

عیساش پێی فەرموو: «هەستە! نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ!» دەستبەجێ کابرا چاکبووەوە، نوێنەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت.

ئەو ڕۆژەش شەممە بوو (بەپێی تەورات ڕۆژی شەممە بۆ پشوودانە و جولەکە بۆی نەبوو لەو ڕۆژەدا هیچ کارێك بکات یان ئاگر دابگیرسێنێت، تەنها ئەگەر کارێکی زۆر گرنگ نەبووایە)، لەبەر ئەوە ڕابەرانی جولەکە بە کابرای چاکبووەوەیان گوت: «شەممەیە و دروست نییە نوێنەکەت هەڵگریت.»

کابرا وەڵامی دانەوە: «ئەوەی چاکیکردمەوە پێی فەرمووم: ”نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ.“

لێیان پرسی: «ئەو پیاوە کێیە کە پێی گوتی: ”هەڵیبگرە و بڕۆ“؟»

بەڵام کابرای چاکبووەوە نەیدەزانی کێیە، چونکە عیسا لەناو ئەو خەڵکەی لەوێ بوون بە نهێنی دوورکەوتەوە.

دوای ئەوە عیسا ئەوی لە پەرستگا بینییەوە و پێی فەرموو: «ئەوەتا چاکبوویتەوە. ئیتر گوناه مەکە، نەوەك خراپتر بەسەربێت.» کابراش چوو و بە ڕابەرانی جولەکەی گوت کە عیسا بووە چاکیکردووەتەوە.

لەبەر ئەمە ڕابەرانی جولەکە عیسایان چەوساندەوە، چونکە ئەم شتانەی لە شەممەدا دەکرد. بەڵام عیسا وەڵامی دانەوە: «هەتا ئێستا باوکم کار دەکات، منیش کار دەکەم.» لەبەر ئەم هۆیە جولەکەکان زیاتر هەوڵیان دەدا بیکوژن، چونکە تەنها شەممەی نەدەشکاند، بەڵکو دەیگوت کە خودا باوکییەتی، خۆی لەگەڵ خودا یەکسان دەکرد.

## عیسای مەسیح لەسەر دەسەڵاتە خوداییەکەی دەدوێت

عیسای مەسیح لە چەندین شوێندا دەسەڵاتە خوداییەکەی خۆی ڕاگەیاندووە. لەگەڵ ئەوەی کە بەجەستەبوونەکەی لە شێوەی «کوڕی مرۆڤ» کە بۆ ئەرکێکی تایبەت هاتە سەر زەوی، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی دەسەڵاتی خودایی بوو بۆ هەستانەوەی مردووان و حوکمدانی جیهان. عیسای مەسیح وشەی «باوکەکە»ی

وەك دەستەواژەیەكی لاهوتی بەكارهێناوە كە ئاماژەیە بۆ خودای نەبینراو. هەروەها بۆ خودای بەجەستەبوو لە شێوەی مرۆڤ وشەی «كوڕەكە»ی بەكارهێناوە. ئەو دوو وشەیە هەرگیز واتای زاوزێ و بەدواییەكداهاتنی زەمەنی نادەن، بەڵكو ئاماژەن بۆ یەكێتی كرۆكی خوداییانە، چونكە خودا یەكە و تاك و تەنهایە.

لەبەر ئەوە عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: كوڕەكە ناتوانێت لە خۆیەوە هیچ شتێك بكات ئەوە نەبێت كە دەیبینێت باوك دەیكات، چونكە هەرچی باوك دەیكات، كوڕەكەش دەیكات. باوك كوڕی خۆی خۆشدەوێت و هەموو ئەوەی پیشان دەدات كە دەیكات، كاری لەمانەش مەزنتری پیشان دەدات، تاكو سەرسام بن. وەك باوك مردووان هەڵدەستێنێتەوە و زیندوو دەكاتەوە، كوڕەكەش ئەوەی بیەوێت زیندووی دەكاتەوە. هەروەها باوك كەس حوكم نادات، بەڵكو هەموو حوكمدانی داوەتە دەست كوڕەكە، تاكو هەموو ڕێزی كوڕەكە بگرن هەروەك ڕێزی باوك دەگرن. ئەوەی ڕێزی كوڕەكە نەگرێ، ڕێزی باوكیش ناگرێ كە ناردوویەتی.

## لە مردنەوە بەرەو ژیان

ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەكەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوكم نادرێت، بەڵكو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: كاتێك دێت كە ئێستایە، كاتێك مردووان دەنگی كوڕی خودا دەبیستن، گوێگرانیش زیندوو دەبنەوە، چونكە وەك باوك ژیانی لە خۆیدا هەیە، بە كوڕەكەشی داوە ژیانی لە خۆیدا هەبێت. دەسەڵاتی حوكمدانیشی داوەتێ، چونكە ئەو كوڕی مرۆڤە. لەمە سەرسام مەبن، چونكە كاتێك دێت هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕدان دەنگی دەبیستن و دێنە دەرەوە، ئەوانەی كرداری چاكیان كردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی بژین (ژیانی جاویدانی بەدەستبهێنن)، بەڵام ئەوانەی كرداری خراپیان كردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی حوكم بدرێن. لە خۆمەوە ناتوانم هیچ بكەم. وەك دەبیستم حوكم دەدەم، حوكمدانەكەشم دادپەروەرانەیە، چونكە داوای خواستی خۆم ناكەم، بەڵكو خواستی ئەوەی ناردوومی.

## شایەتییەکان لەبارەی عیسای مەسیحەوە

ئەگەر شایەتی بۆ خۆم بدەم شایەتییەکەم ڕاست نییە (لە ڕووی شەرعی و یاساییەوە قبوڵ نییە). یەکێکی دیکە شایەتیم بۆ دەدات، منیش دەزانم ئەو شایەتییەی بۆ منی دەدات ڕاستە.

لەدوای یەحیاتان نارد، ئەویش شایەتی بۆ ڕاستی دا. من شایەتی مرۆڤ وەرناگرم، ئەمانەش دەڵێم تاکو ئێوە ڕزگاربن. ئەو چرایەکی هەڵگیرساو و بریسکەدار بوو، دەتانویست ماوەیەك بە ڕووناکییەکەی دڵخۆش بن.

بەڵام من شایەتییەکم هەیە لەوەی یەحیا گرنگترە، چونکە ئەو کارانەی باوکم پێیداوم تەواوی بکەم، ئەم کارانە خۆیان شایەتیم بۆ دەدەن کە باوکم منی ناردووە. باوکیشم کە ناردوومی، خۆی شایەتیم بۆ دەدات. ئێوە هەرگیز دەنگیتان نەبیستووە و ڕواڵەتیتان نەبینیوە، فەرمایشتەکەشی لە دڵی ئێوەدا نامێنێتەوە، چونکە ئەوەی ئەو ناردوویەتی ئێوە باوەڕی پێ ناکەن. نووسراوە پیرۆزەکان دەپشکنن، چونکە وادەزانن ژیانی هەتاهەتایی بۆ ئێوە تێدایە. ئەم نووسراوانەش شایەتیم بۆ دەدەن (ئاماژەیە بۆ پێشبینییەکان)، بەڵام ناتانەوێ بێنە لام تاکو ژیانتان هەبێت.

من شکۆ لە خەڵك وەرناگرم. بەڵام ئێوەم ناسی کە خۆشەویستی خوداتان لە دڵدا نییە. بە ناوی باوکمەوە هاتووم، پێشوازیم لێ ناکەن، بەڵام ئەگەر یەکێکی دیکە بە ناوی خۆیەوە بێت، پێشوازی لێدەکەن. چۆن دەتوانن باوەڕ بهێنن ئەگەر شکۆمەندی لە یەکتری وەربگرن و داوای ئەو شکۆمەندییە نەکەن کە لە تاکە خوداوەیە؟

وا مەزانن من لەلای باوك سکاڵاتان لێ دەکەم. یەکێك هەیە سکاڵاتان لێ بکات، کە موسایە، ئەوەی هیواتان پێیەتی. ئەگەر باوەڕتان بە موسا بکردایە، باوەڕتان بە منیش دەکرد، چونکە لەبارەی منەوە نووسیویەتی. ئەگەر باوەڕیش بە نووسراوی ئەو نەکەن، چۆن باوەڕ بە وتەکانی من دەکەن؟[٣١]

---

(٣١) یۆحەنا ٥: ١- ٤٧

## گەورەی ڕۆژی شەممە

لـە ڕۆژی شـەممەدا عیسـا بەنـاو دەغڵـدا تێدەپـەڕی، قوتابییەکانـی بەڕێـگاوە دەسـتیان کـرد بـە گوڵەگەنـم لێکردنـەوە. فەریسـییەکان پێیـان گـوت: «بڕوانـە، بۆچـی شـتێك دەکـەن کـە لـە شـەممەدا دروسـت نییـە؟»

عیسـاش وەڵامـی دانـەوە: «ئایـا نەتانخوێندووەتـەوە داود چـی کـرد کاتێـك خـۆی و ئەوانـەی لەگەڵـی بـوون کەوتنـە تەنگانـە و برسـییان بـوو؟ لـە سـەردەمی ئەبیاتـاری سـەرۆك کاهیـن، داود چـووە نـاو ماڵـی خـودا (چـادری پەرسـتن کـە شـوێنی سـەرەکی خواپەرستی جولەکـەکان بـوو کـەوا قوربانـی تێـدا ئەنجـام دەدرا و پەرستشـی تێـدا دەکـرا) و نانـی تەرخانکـراوی خـوارد (ئـەوەی کـە بـە گوێـرەی تەوراتـی موسا لەنـاو پەرسـتگا لەسـەر مێزێکـی تایبـەت دادەنـرا)، دایـە ئەوانـەش کـە لەگەڵـی بـوون، ئـەو نانـەی کـە دروسـت نییـە بخورێـت بـۆ کاهینـان نەبێـت.[٣٢]

لـە تەوراتـدا نەتانخوێندووەتـەوە کـە هەرچەنـدە کاهینـان بەهـۆی ئەرکیـان لـە پەرسـتگا لـە ڕۆژانـی شـەممەدا ڕاسـپاردەی ڕۆژی شـەممە دەشـکێنن بـەڵام بـە بێتـاوان دادەنرێـن؟ پێتـان دەڵێـم، مەزنـتر لـە پەرسـتگا لێرەیـە. بـەڵام ئەگـەر واتـای ئەوەتـان بزانیایـە: ﴿مـن میهرەبانیـم دەوێ نـەك قوربانـی،﴾ ئـەوا بێتاوانتـان تاوانبـار نەدەکـرد (عیسـا لـەو قسـانەی کۆتاییـدا رایگەیانـد کـە لـە هەمـان کاتـدا پـەروەردگار و مرۆڤیشـە).[٣٣]»

ئینجـا پێـی فەرمـوون: «شـەممە بـۆ مـرۆڤ بەدیهێـنراوە، نـەوەك مـرۆڤ بـۆ شـەممە. کەواتـە کـوڕی مـرۆڤ گـەورەی ڕۆژی شـەممەیە.[٣٤]»

لـەوێ ڕۆیشـت و هاتـە کەنیشـتەکەیان، ئـەوە بـوو پیاوێـك دەسـتێکی وشـك بـوو. بـۆ ئـەوەی فەریسـییەکان بتوانـن سـکاڵای لـێ بکـەن، لێیـان پرسـی: «ئایـا لـە شـەممەدا چاککردنـەوە دروسـتە؟»

پێـی فەرمـوون: «کـێ لـە ئێـوە ئەگـەر مەڕێکـی هەبێـت و لـە شـەممەدا بکەوێتە

---

(٣٢) مەرقۆس ٢: ٢٣- ٢٦

(٣٣) مەتا ١٢: ٥- ٧

(٣٤) مەرقۆس ٢: ٢٧- ٢٨

چاڵێـك، ئایـا نایگرێـت و دەریناهێنێـت؟ مـرۆڤ چەنـد لـە مـەڕ بەنرخـترە! کەواتـە لە شـەممەدا چاکەکردن دروسـتە.»

ئینجـا بـە پیاوەکـەی فەرمـوو: «دەسـتت درێـژ بکـە.» ئەویـش درێـژی کـرد و چـاك بـووەوە، وەکـو ئـەوەی دیکـە. بـەڵام فەریسـییەکان کـە هاتنـە دەرەوە، تەگبیریـان کـرد چـۆن لەنـاوی ببـەن.[٣٥]

## کۆمەڵێك دوای مەسیح دەکەون

عیسـا و قوتابییەکانـی بـەرەو دەریاچەکـە هەڵکشـان، خەڵکێکـی زۆر لـە جەلیـل و یەهودیـاوە دوای کەوتـن، هەروەهـا لـە ئۆرشـەلیم و لـە ئادومیـا و ئەوبـەری ئـوردون و دەوروبـەری سـور و سـەیداوە هاتنـە لای، خەڵکێکـی زۆر هەمـوو ئـەو شـتانەیان بیسـتبوو کـە دەیکـرد. ئەویـش بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو کـە بەلەمێکـی بـۆ ئامـادە بکـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵکەکـە پاڵەپەسـتۆی نەخەنـە سـەر. لەبـەر ئـەوەی خەڵکێکــی زۆری چاککــردەوە، وای لێهـات هەمــوو دەردەدارەکان بــەرەو ڕووی دەهاتـن تاکـو دەسـتی لێبـدەن. ئـەو کەسـانەی کـە ڕۆحـی پیسـیان تێدابـوو، کاتێـك دەیانبینـی کڕنۆشـیان بـۆ دەبـرد و هاواریـان دەکـرد: «تـۆ کـوڕی خـودای! » ئەویـش بـە تونـدی فەرمانـی پێـدەدان کـە ئاشـکرای نەکـەن.[٣٦]

تاکو ئەوەی لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایا گوتراوە بێتەدی کە دەڵێت:

ئەوەتـا خزمەتکارەکـەم، ئـەوەی هەڵمبـژاردووە، خۆشەویسـتم کـە پێی دڵشـادم، ڕۆحــی خۆمــی دەخەمــە ســەر، جــاڕی دادپــەروەری بــۆ نەتــەوەکان دەدات. شـەڕ نـاکات و هـاوار نـاکات، کەسـیش لـە شـەقامدا دەنگـی نابیسـتێت. قامیشـێکی کوتراو ناشـکێنێت، پڵیتەیەکـی پرتەپرتکـەر ناکوژێنێتـەوە، تاکـو دادپـەروەری بەسـەرکەوتن دەگەیەنێـت. نەتـەوەکان هیوایـان بەنـاوی ئـەو دەبێـت.[٣٧]

ئینجـا عیسـا لەگـەڵ دوازدە قوتابییـەکان هاتـە خـوارەوە و لـە شـوێنێکی تەختایـی ڕاوەسـتا. لـەوێ کۆمەڵێکـی زۆر لـە قوتابییەکانـی و خەڵکێکـی ئێجـگار زۆر کـە لـە هەمـوو یەهودیـا و ئۆرشـەلیم و کەنـاری سـور و سـەیداوە هاتبـوون، هەموویـان بـۆ

(٣٥) مەتا ١٢: ٩- ١٤

(٣٦) مەرقۆس ٣: ٧- ١٢

(٣٧) مەرقۆس ٣: ٧- ١٢

ئـەوە هاتبـوون تاكـو گوێـی لـێ بگـرن و لـە نەخۆشـییەكانیان چاكببنـەوە، ئەوانـەش كـە بەدەسـت ڕۆحـە پیسـەكان دەیانناڵانـد چاكبوونەوە. هەمـوو خەڵكەكـەش هەوڵیان دەدا دەسـتی لـێ بـدەن، چونكـە هێـزی لـێ دەهاتـە دەرەوە و هەمووانـی چاكدەكـردەوە.[٣٨]

## بانگهێشتكردنی دوازدە قوتابییەكە

لـەو ڕۆژانـەدا عیسـا چـووە چیـا تاكـو نوێـژ بـكات، شـەوەكەی هەمـوو بـە نوێژكـردن بـۆ خـودا بەسـەربرد. كـە ڕۆژ بـووەوە، قوتابییەكانـی بانگكـرد، دوازدەی لـێ هەڵبـژاردن و نـاوی لێنـان نێـردراوان.[٣٩] تاكـو لەگەڵـی بـن و بـۆ جـاڕدان بیاننێرێـت و دەسـەڵاتیان هەبێـت بـۆ دەركردنـی ڕۆحـی پیـس. ئـەم دوازدە كەسـەی دیـاری كـرد: شـیمۆن كـە نـاوی لێنـا پەتـرۆس، یاقوبـی كـوڕی زەبـدی و یۆحەنـای بـرای كـە نـاوی لێنـان بوانەرگـس، واتـە كوڕانـی هـەورە تریشـقە، ئەنـدراوس و فیلیپـۆس و بەرتۆلمـاوس و مەتـا و تۆمـاس و یاقوبـی حەلفـی و تـەداوس و شـیمۆنی كانـەوی و یەهـوزای ئەسـخەریوتی كـە عیسـای بەگرتـن دا.[٤٠]

# وتاری سەر چیا

## خۆزگەخواستنەكان

لـەدوای ئـەوەی عیسـا قوتابییەكانـی هەڵبـژارد، وتارێكـی گشـتگیری پێشـكەش كـردن كـە پوختـەی فێركردنـە پڕبایەخەكـەی لەخـۆ گرتبـوو.

كاتێـك عیسـا خەڵكەكـەی بینـی، چـووە سـەر چیـا، ئینجـا دانیشـت و قوتابییەكانی هاتنـە لای، زاری كـردەوە و فێـری كردن:

خۆزگـە دەخوازرێـت (خۆشـحاڵی و خەنیبـوون و بەختـەوەری) بەوانـەی كـە بـە ڕۆح هـەژارن (شـەیدای خوداناسـینن)،

---

(٣٨) لۆقا ٦: ١٧- ١٩

(٣٩) لۆقا ٦: ١٢- ١٣

(٤٠) مەرقۆس ٣: ١٤ب- ١٩

چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.
خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە ماتەمدارن،
چونکە دڵنەوایی دەکرێن.
خۆزگە دەخوازرێت بە دڵنەرمەکان،
چونکە دەبنە میراتگری زەوی.
خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە برسی و تینوون بۆ ڕاستودروستی،
چونکە تێر دەکرێن.
خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە دڵیان پڕ لە بەزەییە،
چونکە بەر بەزەیی دەکەون.
خۆزگە دەخوازرێت بە دڵپاکەکان،
چونکە خودا دەبینن.
خۆزگە دەخوازرێت بە ئاشتیخوازان،
چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناودەبردرێن.
خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی لە پێناوی ڕاستودروستی (چاکی و هەڵسوکەوتی دروست) دەچەوسێنرێنەوە،
چونکە شانشینی ئاسمان بۆ ئەوانە.

خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە کاتێك خەڵکی جنێوتان پێدەدەن و دەتانچەوسێننەوە، لەبەر من هەموو جۆرە بوختانێکتان بۆ هەڵدەبەستن. دڵخۆش و دڵشاد بن، لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پاداشتتان گەورەیە، چونکە پێش ئێوە پێغەمبەرانیشیان ئاوا چەوساندووەتەوە.

## خوێی زەوی و ڕووناکی جیهان

عیسا باسی ئەوەی کردووە کە گرنگە شوێنکەوتووانی خەڵکی چاك بن و باشبوونەکەیان بپارێزن. فەرمووی: ئێوەن خوێی زەوی، بەڵام ئەگەر خوێ سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟ ئیتر بە کەڵکی هیچ نایەت، ئەوە نەبێ فڕێبدرێتە دەرەوە و خەڵکی پێشێلی بکەن.

ئێـوەن ڕووناکــی جیهــان، شــارێك لەســەر شــاخ دروســتکرابێت ناتوانرێــت بشــاردرێتەوە. هەروەهــا خەڵکــی چــرا هەڵناکــەن تاکــو بیخەنــە ژێــر تەشــتەوە، بەڵکـو لەسـەر چـرادان دایدەنێـن بـۆ ئـەوەی ڕووناکـی بداتـە هەمـوو ئەوانـەی لـە ماڵەکـەدان. بـە هەمـان شـێوە، بـا ئێـوەش ڕووناکیتـان بـۆ خەڵـك بدرەوشـێتەوە، تاکـو کـرداره باشـەکانتان ببینـن و ستایشـی باوکتـان بکـەن کـە لـە ئاسـمانە. (لێـرەدا عیسـا داوا لـە بـاوەڕداران دەکات کـەوا ڕەفتـاری بـاش ئەنجـام بـدەن بـۆ ئـەوەی لـەو ڕێگەیـەوە باوەڕەکەیـان پیشـانی خەڵکـی بـدەن و خەڵکیـش ستایشـی خـودا بکـەن کـە باوەڕەکەیـان وای لێکـردوون ئـەوان کاری چـاك بکـەن.)

## تەورات

عیسـای مەسـیح لەبـارەی تەوراتەوە هەڵوێسـتی خـۆی ڕوونکـردەوە و فەرمووی: وا بیـر نەکەنـەوە مـن هاتـووم تـەورات (تەوراتـی موسـا) یـان نـووسراوی پێغەمبـەران بسـڕمەوە، نەهاتـووم بـۆ سـڕینەوەیان، بەڵکـو هاتـووم بـۆ تەواوکردنیـان. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: هەتـا زەوی و ئاسـمان لەئـارادا بێـت، پیتێـك یـان خاڵێـك لـە تـەورات لەنـاو ناچێـت، هەتـا هەمـووی دێتـە دی. بۆیـە ئـەوەی بچووکترینـی ئـەم ڕاسپاردانە بشــکێنێت و خەڵکیــش ئــاوا فێــر بــکات، لــە شانشــینی ئاســمان بــە بچووکتریــن ناودەبردرێـت. بـەڵام ئـەوەی پەیـڕەوی بـکات و خەڵکـی فێـر بـکات، لـە شانشـینی ئاسـمان بـە مـەزن ناودەبردرێـت. ئیـتر پێتـان دەڵێـم: ئەگـەر ڕاستودروسـتیتان (چاکیتـان) لـە مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکان زیاتـر نەبێـت، هەرگیـز ناچنـە نـاو شانشـینی ئاسـمان. (عیسـا لەبـەر ئـەوە وای گـوت چونکـە مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکان زۆر بـە تونـدی لایەنـی ئایینـی خۆیـان دەردەخسـت، بەبـێ ئـەوەی لـە دڵـەوە لـە خـودا بترسـن. زۆر بـە ڕووکـەش دەسـتیان بـە ڕاسـپاردەکانی خـوداوە گرتبـوو، بەبـێ ئـەوەی بـە قووڵـی لـە ناوەڕۆکـە ڕۆحییەکـەی تێبگـەن. بـە ڕووکـەش گوێڕایەڵـی تـەورات بـوون، بەبـێ ئـەوەی ژیانیـان بگۆڕدرێـت).

## تووڕەیی

ئینجـا عیسـا تێگەیشـتنی ڕۆحیـی قووڵـی پشـت ڕاسـپاردەکانی ڕاڤـە کـرد و فەرمـووی: بیسـتووتانە بـە پێشـینان گوتـراوە: ﴿مەکـوژن﴾ و ”ئـەوەی بکوژێـت

شـایانی حوکـم بەسـەرداردان دەبێـت.“ بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم ئـەوەی لـە خوشـکی یـان براکـەی تووڕەبـێ، دەبـێ حوکـم بدرێـت. ئـەوەی بـە براکـەی دەڵـێ ”هیچوپـووچ،“ دەبـێ بدرێتـە سـەنهەدرین (ئەنجوومەنـی بـاڵای جولەکـە بـوو، کـەوا هەمـوو حوکـم و بڕیارەکانـی جولەکـە لەوێـوە دەدرا)، ئـەوەش دەڵێـت ”گێلـە“، دەبێـت بخرێتـە نـاو ئاگـری دۆزەخـەوە. (عیسـای مەسـیح جوێـن و تووڕەیـی لەگەڵ تاوانـی کوشـتن لـە هەمـان ئاسـت دادەنێـت).

لەبـەر ئـەوە ئەگـەر قوربانیـت بـۆ قوربانـگا هێنـا (ئـەو شـوێنەی کـە قوربانـی و نەزرەکانـی بەپێـی ڕێوڕەسـم لـێ پێشـکەش دەکرێـت) و لـەوێ بیـرت کەوتـەوە کـە خوشـکت یـان بـرات شـتێکی لەسـەرت هەیـە، لـەوێ لەبـەردەم قوربانـگا قوربانییەکـەت بەجێبهێڵـە (سـەرباری ئـەوەی قوربانـی گرنگـە) و بـڕۆ یەکـەم جـار خوشـکت یـان بـرات ئاشـت بکـەرەوە، ئینجا وەرە و قوربانییەکـەت بکـە (پەیوەندی بـاش لەگـەڵ کەسـانی دیکـە بـەر لـە ئـەرك و ڕێوڕەسـمە ئایینییەکانـەوە دێـت).

خێـرا لەگـەڵ ڕکابەرەکـەت ئاشـت بـەرەوە لـەو کاتـەی لەگەڵتـە و بەڕێـگاوەن، نـەوەك ڕکابەرەکـەت بتداتـە دەسـت دادوەر و دادوەریـش بتداتـە دەسـت پۆلیـس و فڕێبدرێیتـە بەندیخانـە. ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم: لـەوێ دەرناچـی هەتـا دوایـن فلـس (بچوکتریـن پـارە) نەدەیتـەوە.

## داوێنپیسی

عیسا ڕوونی کردەوە کە هەوەسبازی بنچینەی گوناهە، فەرمووی:

بیسـتووتانە گوتـراوە: ﴿داوێنپیسـی مەکـەن.﴾ بـەڵام مـن پێتـان دەڵێـم: ئـەوەی بـە هەوەسـبازییەوە سـەیری ئافرەتێـك بـكات، ئـەوا لـە دڵـی خۆیـدا داوێنپیسـی لەگـەڵ کـردووە (عیسـا گوناهـی تەماشـاکردنی بـە هەوەسـبازییەوە لـە هەمـان ئاسـتی ئەنجامدانـی داوێنپیسـیی دانـاوە). ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت بـۆت بـووە کۆسـپ (تووشـی گوناهـی کـردی)، دەریبهێنـە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت فڕێبدرێتـە نـاو دۆزەخ. ئەگـەر دەسـتی ڕاسـتت بـۆت بـووە کۆسـپ، بیبـڕەوە و فڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لـەوەی هەمـوو لەشـت بچێتـە دۆزەخـەوە (لێـرەدا

عیسا مەبەستی لە دەرهێنانی چاو یان بڕینەوەی دەست نییە چونکە کوێریش هەوەسی هەیە، بەڵکو مەبەستی لە خۆپاراستن و بڕینی هەوەسی حەرامکراوە، هەرچەندە کارەکە قورسیش بێت!)

## تەڵاق

عیسا ڕێکارەکانی تەڵاقی ڕوون کردەوە، فەرمووی: دیسان (لە تەورات) گوتراوە: ﴿ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات، با تەڵاقنامەی بداتە دەست.﴾ بەڵام من پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات، وای لێدەکات داوێنپیسی بکات. ئەوەش تەڵاقدراوێك بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات.

## سوێندخواردن

عیسا سەبارەت بە سوێندخواردن دوا کە شتێکی باو بووە لەناو جولەکەکان، کە خودا دەکەنە شایەت لەسەر شتێك، بۆ دووپاتکردنەوەی ڕاستگۆییبوون. عیسا داوای لە باوەڕداران کرد بەبێ سوێندخواردن ڕاستگۆ بن، فەرمووی:

دیسان بیستووتانە کە (لە تەورات) بە پێشینان گوتراوە: ﴿سوێندەکانت مەشکێنە، بەڵکو سوێندەکانت بۆ یەزدان بەرەسەر.﴾ بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، لەبەر ئەوەی تەختی خودایە، نە بە زەوی، لەبەر ئەوەی تەختەپێیەتی، نە بە ئۆرشەلیم، لەبەر ئەوەی شاری پاشای پایەبەرزە. سوێند بەسەری خۆت مەخۆ، چونکە ناتوانیت تاڵێکی سپی یان ڕەش بکەیت. با قسەتان: "بەڵێ" بۆ "بەڵێ" و "نەخێر" بۆ "نەخێر" بێت، لەمە بترازێت لە شەیتانەوەیە.

## تۆڵەسەندن

عیسا داوای کرد کە تۆڵە نەسەندرێتەوە: بیستووتانە (لە تەورات) گوتراوە: ﴿چاو بەچاو، ددان بە ددان﴾. بەڵام من پێتان دەڵێم: لە دژی خراپەکار مەوەستنەوە، بەڵکو ئەوەی لە ڕوومەتی ڕاستی دایت، لایەکەی دیکەشی بۆ

شل بکە، ئەوەی ویستی بتداتە دادگا و کراسەکەت لێ بستێنێت، چاکەتەکەشتی بدەرێ. ئەوەی یەك میل بێگاری پێ کردیت، دووانی لەگەڵ برۆ. ئەوەی داوای شتێکی لێکردیت بیدەرێ. ئەوەی داوای قەرزی لێکردیت پشتی تێمەکە.

## خۆشویستنی دوژمنان

عیسا داوای کرد کە دوژمنەکانمان خۆشبوێت، فەرمووی: بیستووتانە (لە تەورات) گوتراوە: ﴿نزیکەکەت خۆشبوێت،﴾ ”ڕقت لە دوژمنت بێتەوە.“ بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە (پەیوەندی نێوان مرۆڤی باوەڕدار و خودا وەك پەیوەندی نێوان باوك و کوڕە)، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاك و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاو چاك و زۆرداریشدا دەبارێنێت. ئەگەر هەر ئەوانەتان خۆشبوێ کە ئێوەیان خۆشدەوێت، چ پاداشتێکتان هەیە؟ ئایا باجگرانیش ئەمە ناکەن؟ ئەگەر سڵاوتان تەنها لە ناسیاوەکانتان کرد، چی زیاترتان کردووە؟ ئایا بتپەرستانیش ئەمە ناکەن؟ بۆیە ئێوە تەواو بن، وەك باوکی ئاسمانیتان تەواوە.

## خێرکردن

عیسا باسی ئەوەی کرد کە خێرکردن دەبێت بە نهێنی بێت، فەرمووی: هۆشیار بن. نەکەن لەبەرچاوی خەڵك چاکە بکەن (چاکەکاریتان پیشانی خەڵك مەدەن)، بۆ ئەوەی بتانبینن. ئەگینا لەلای باوکی ئاسمانیتان (خودا) پاداشتتان نابێت.

لەبەر ئەوە کاتێك خێرێك دەکەیت، لەپێش خۆت زوڕنا لێمەدە (سەرنجی خەڵك ڕامەکێشە) وەك دووڕووان کە لە کەنیشت و سەر شەقامەکان دەیکەن، تاکو لەلایەن خەڵك ستایش بکرێن. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام تۆ کە خێرێك دەکەیت، مەهێڵە دەستی چەپت بزانێت دەستی ڕاستت چی دەکات، تاکو خێرەکەت بە نهێنی بێت. باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە.

## نوێژکردن

عیسا ئـەوەی ڕوونکـردەوە کـە چـۆن نوێـژ بکرێـت و پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا ببەسـترێت، فەرمـووی: کاتێـك نوێـژ دەکـەن وەك دووڕووان مەبـن، ئـەوان حـەز دەکـەن بـە پێـوە لـە کەنیشـت (ئـەو شـوێنەی کـە خەڵـك بـۆ خوداپەرسـتی لێـی کۆدەبنـەوە) و سـووچی شـەقامەکان نوێـژ بکـەن، تاکـو بـۆ خەڵـك دیـار بـن. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئەوانـە پاداشـتی خۆیـان وەرگرتـووە. بـەڵام تـۆ کاتێـك نوێـژ دەکەیـت، بـڕۆ ژوورەکـەت و دەرگا لەسـەر خـۆت دابخـە، نوێـژ بکـە بـۆ باوکـی نەبینـراوت. باوکیشـت ئـەو کارە دەبینێـت کـە بـە نهێنـی ئەنجـام دراوە، پاداشـتت دەداتـەوە. کاتێـك نوێـژ دەکـەن، وەك بتپەرسـتان ئەوەنـدە وشـەکان دووبـارە مەکەنـەوە، چونکـە وا دەزانـن بـە زۆر گوتنیـان گوێیـان لـێ دەگیرێـت. لەبـەر ئـەوە وەك ئـەوان مەبـن، چونکـە باوکتـان (خـودا) دەزانێـت پێویسـتیتان بـە چییـە، پێـش ئـەوەی داوای لـێ بکـەن.

بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن:

”ئەی باوکمان لە ئاسمان،

با ناوت پیرۆز بێت،

با پاشایەتییەکەت بێ (بۆ ئەوەی پاشایەتی ژیانی مرۆڤ بکەیت)،

با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان.

نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ.

لە گوناهەکانمان خۆشبە،

هەروەك ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن.

مەمانخەرە تاقیکردنەوە،

بەڵکو لە شەیتان ڕزگارمان بکە.“

ئەگـەر گەردنـی خەڵکـی لەبـەر خراپەکانیـان ئـازاد بکـەن، ئـەوا باوکـی ئاسمانیشـتان لێتـان خۆشـدەبێت. بـەڵام ئەگـەر گەردنـی خەڵکـی ئـازاد نەکـەن، ئـەوا باوکیشـتان لـە گوناهەکانتـان خـۆش نابێـت.

## ڕۆژووگرتن

عیسا داوای کرد کە بە نهێنی بەڕۆژوو بین، فەرمووی: کاتێك بەڕۆژوو دەبن، ڕووگرژ مەبن وەك دووڕووان، چونکە ڕوویان دەگۆڕن تاکو بۆ خەڵکی دەربخەن کە بەڕۆژوون (بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە ستایش بکرێن). ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوانە پاداشتی خۆیان وەرگرتووە. بەڵام تۆ کە بەڕۆژوو دەبیت، سەرت چەور بکە و دەموچاوت بشۆ، تاکو بۆ خەڵك دەرنەکەوێت کە بەڕۆژوویت، تەنها باوکی نەبینراوت نەبێت، باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە.

## گەنجینەی ڕاستەقینە

عیسا داوای کرد کە خۆمان پەیوەست نەکەین بەوەی کە لەسەر زەوی گەنجینەمان هەبێت، فەرمووی: لەسەر زەوی گەنجینە بۆ خۆتان کۆ مەکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی دەدەن، دز دەیبڕێت و دەیدزێت. بەڵکو گەنجینە بۆ خۆتان لە ئاسمان کۆبکەنەوە، لەوێ مۆرانە و ژەنگ تێکی نادەن، دزیش نایبڕێت و نایدزێت، چونکە گەنجینەکەت لە کوێ بێت، دڵیشت لەوێ دەبێت.

چاو چرای جەستەیە، ئەگەر چاوت ساغ بێت، ئەوا جەستەت هەمووی ڕووناکییە، بەڵام ئەگەر چاوت خراپ بێت، ئەوا هەموو جەستەت تاریك دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو ڕووناکییەی لە تۆدایە تاریکی بێت، ئاخۆ دەبێ تاریکی چۆن بێت!

## دوودڵی و ڕاڕایی

(عیسا ڕایگەیاند کە هیچ پاساوێك نییە بۆ ڕاڕایی و ترس، فەرمووی) بۆیە پێتان دەڵێم: خەم بۆ ژیان و جەستەتان مەخۆن، چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە یان چی دەپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان جەستە لە پۆشاك؟ سەیری باڵندەی ئاسمان بکەن، نە تۆو دەکەن و نە دروێنە و نە لە ئەمبار کۆدەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئاسمانیتان بەخێویان دەکات. ئایا ئێوە لەوان بەنرختر نین؟ کێ لە ئێوە ئەگەر خەم بخوات، دەتوانێت یەك کاتژمێر لە تەمەنی خۆی زیاد بکات؟

هەروەها بۆچی خەمی پۆشاکتانە؟ سەیری گوڵی کێوی بکەن چۆن گەشە دەکات، نە خۆی ماندوو دەکات و نە دەڕێسێت، بەڵام پێتان دەڵێم: تەنانەت سلێمانیش لەوپەڕی شکۆمەندیدا وەك یەکێك لەوانەی نەپۆشیوە. ئەی کەم باوەڕینە، ئەگەر خودا ئەو گیایەی کە ئەمڕۆ لە کێڵگەیە و بەیانی دەخرێتە تەنوورەوە بەو شێوەیە بپۆشێت، ئایا ئێوە زیاتر نین هەتا پۆشتەتان بکات! جا خەم مەخۆن بڵێن "چی بخۆین؟" یان "چی بخۆینەوە؟" یان "چی بپۆشین؟" چونکە بێباوەڕان (مەبەستی لەو نەتەوە بتپەرستانەیە کە لە دەوروبەری ئەواندا بوون) هەوڵ بۆ هەمــوو ئەمانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەمــوو ئەوانە هەیە. بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن (خودا گرنگترین شتی ژیانت بێت)، هەمــوو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت. (ئینجا عیسا ئاگاداری کردنەوە لە ڕاڕابوون سەبارەت بە داهاتوویان بەشێوەیەك کە ترس بوروژێنێت، فەرمــووی:) لەبەر ئەوە خەمی بەیانی مەخۆن، چونکە بەیانی خەمی خۆی دەخوات. هەر ڕۆژێك خراپی خۆی بەسە.

## حوکم مەدەن

ئینجا عیسا سەبارەت بە ڕەخنەی ڕووخێنەر دوا، کە ئامانجی چاککردنی خەڵکانی دیکە نییە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە خۆی لە سەریان هەڵبکێشێت. عیسا داوای لە گوێگرانی کرد کە لە سەرەتادا خۆیان چاکبکەن، فەرمــووی: خەڵك تاوانبار مەکەن تاکو خودا تاوانبارتان نەکات، چونکە بەو شێوەیەی خەڵك تاوانبار دەکەن خودا تاوانبارتان دەکات، بەو پێوانەیەی لەبەردەم ئێوە بۆ خەڵك دەیپێون، خودا بۆتان دەپێوێتەوە.

بۆچی سەرنج لە پووشی ناو چاوی براکەت دەدەیت، بەڵام ئاگات لە کاریتەکەی ناو چاوی خۆت نییە؟ (کاریتە دارێکی گەورە و درێژە) یان، چۆن بە براکەت دەڵێی: "ڕێم بدە با پووشەکەی ناو چاوت دەربهێنم،" لەکاتێکدا تەختە دارێك لەناو چاوی خۆتدایە؟ ئەی دووڕوو، یەکەم جار تەختەدارەکەی ناو چاوی خۆت دەربهێنە، ئینجا باش دەبینیت بۆ دەرهێنانی پووشەکەی ناو چاوی براکەت. (عیسا چووە سەر باسی گرنگی پەیوەستبوون بە دانایی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەوانەی شتی پیرۆز بەفیڕۆ دەدەن، فەرمــووی:)

شتی پیرۆز مەدەن بە سەگ، مرواریشتان فڕێمەدەنە بەردەمی بەراز، نەوەك پێشێلیان بکەن و ڕوو وەربگێڕن و پارچەپارچەتان بکەن.

## داوا بکەن، پێتان دەدرێ

عیسا لەسەر بەخشینی خودا و چاکی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ کەسانی دیکە بۆ گوێگرانی ڕوونکردەوە و فەرمووی: داوا بکەن، پێتان دەدرێت. بگەڕێن، دەدۆزنەوە. لە دەرگا بدەن، لێتان دەکرێتەوە، چونکە هەرکەسێك داوا بکات، وەردەگرێت. ئەوەی بگەڕێت، دەدۆزێتەوە. ئەوەش لە دەرگا دەدات، لێی دەکرێتەوە.

ئەگینا کێ لە ئێوە ئەگەر کوڕەکەی داوای نانی لێ بکات، بەردی دەداتێ؟ یان داوای ماسی لێ بکات، ماری دەداتێ؟ جا ئێوە کە خراپن، بزانن شتی باش بدەنە منداڵەکانتان، باوکتان لە ئاسمان چەند زیاتر شتی باش دەداتە ئەوانەی داوای لێدەکەن! کەواتە لە هەر شتێکدا ئاوا بۆ خەڵك بکەن کە دەتانەوێ بۆتان بکرێت، چونکە ئەمەیە پوختەی تەورات و پەیامی پێغەمبەران.

## ڕێگای ژیان

عیسا سەبارەت بە ڕێگاکانی خواپەرستی و چارەنووسی مرۆڤ قسەی کرد و وەك نموونە باسی دەرگای تەسك و دەرگای فراوانی کرد. چوونەژوورەوە لە دەرگای فراوان هەڵبژاردنی ڕێگایەکی ئاسانە کە پێویست ناکات بە هەوڵدان و بەسەرخۆدا زاڵبوون و بەرگریکردن دژ بە هەوەسە جەستەییەکان، بەڵکو بەرێکردنی ویستی مرۆڤانەیە و شوێنکەوتنی هەوەسەکانی جەستەیە کە فەرمان دەکات بۆ ئەنجامدانی خراپە، هەروەك عیسا ئاماژەی بۆ کردووە. لەبەر ئەوە فەرمووی:

لە دەرگای تەسك بڕۆنە ژوورەوە، چونکە ئەو دەرگایەی بەرەو لەناوچوون دەڕوات پانە و ڕێگاکەی بەرینە و زۆرن ئەوانەی پێیدا دەچنە ژوورەوە. بەڵام تەسکە دەرگا و تەنگە ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیان دەچێت (ژیانی جاویدانی)، کەم کەسیش دەیدۆزێتەوە.

## ئاگادارکردنەوە سەبارەت بە پێغەمبەرانی درۆزن

عیسا سەبارەت بەوانە خەڵکی ئاگادارکردەوە کە بە ناوی ئایینەوە خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن بەبێ ئەوەی بەرهەمێکی ڕاستەقینەیان لە ژیانیاندا هەبێت، پێی فەرموون:

ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لە ناوەوە گورگی دڕندەن. بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە. ئایا تری لە دڕك دەڕنن یان هەنجیر لە چقڵ؟ بەم شێوەیە هەموو دارێکی باش بەری باش دەدات، داری خراپیش بەری خراپ. داری چاك ناتوانێت بەری خراپ بدات و داری خراپیش ناتوانێت بەری باش بدات. هەر دارێك بەری باش نەدات دەبڕدرێتەوە و فڕێدەدرێتە ناو ئاگر. کەواتە بە بەرهەمیان دەیانناسنەوە.

نەك هەرکەسێك پێم بڵێت: "گەورەم، گەورەم!" دەچێتە ناو شانشینی ئاسمان، بەڵکو ئەوەی بە خواستی باوکم دەکات کە لە ئاسمانە. لەو ڕۆژەدا، زۆر کەس پێم دەڵێن: "گەورەم، گەورەم! ئایا بە ناوی تۆوە پەیامی خودامان ڕانەگەیاند، بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسمان دەرنەکرد، بە ناوی تۆوە پەرجووی زۆرمان نەکرد؟" ئینجا منیش پێیان ڕادەگەیەنم: "قەت ئێوەم نەناسیوە. لێم دوور بکەونەوە، ئەی بەدکاران!"

## بناغەی پتەو و بناغەی لاواز

عیسا سەبارەت بە بناغەی نوێ بۆ ژیانی ڕۆحی فێری کردن و فەرمووی:

لەبەر ئەوە هەرکەسێك گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەك پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد دروستکرابوو. هەرکەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەك پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.

کاتێك عیسا ئەم وتانەی تەواو کرد، خەڵکەکە لە فێرکردنەکەی سەرسام

بـوون، چونکـه وەك دەسـەڵاتدارێك فێـری دەکـردن، نـەك وەکـو مامۆسـتایانی تـەورات. کاتێـك عیسـا لـە چیاکـە هاتـە خـوارەوە، خەڵکێکـی زۆر دواى کـەوت.(٤١)

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

## باوەڕی سەرپەلێك

سەرپەل پلەیەکی سەربازی ڕۆمانییە کە ئەفسەری سەد سەبازە لە سوپای ڕۆمانیدا.

کاتێـك عیسـا چـوو بـۆ کەفەرناحـوم، سـەرپەلێك هاتە لای، لێـی پاڕایـەوە و گوتـی: «گـەورەم، خزمەتکارەکـەم بـە ئیفلیجـی لـەماڵـەوە کەوتـووە و ئازارێکـی زۆری هەیـە.»

عیسا پێی فەرمووی: «من دێم و چاکی دەکەمەوە.»

سـەرپەلەکەش وەڵامـی دایـەوە: «گـەورەم شـایانی ئـەوە نیـم خـۆت بێیتـە ماڵەکـەم، بەڵکـو تەنهـا وشـەیەك بفەرمـوو خزمەتکارەکـەم چاکدەبێتـەوە. منیـش مرۆڤێکـم لەژێـر دەسـەڵاتدام، سەربازیشـم لەژێـر دەسـتدایە. بەمـە دەڵێـم: ”بـڕۆ“ دەڕوات؛ بـەوی دیکـەش دەڵێـم: ”وەرە“ دێـت؛ بـە کۆیلەکەشـم دەڵێـم: ”ئەمـە بکـە“ دەیـکات (سـەرپەلەکە بـەم قسـەیەی ڕایدەگەینێـت کـە بـاوەڕی هەیـە بـەوەی کـە مەسـیح دەسـەڵاتی لەسـەر نەخۆشـی هەیـە، هـەروەك خـۆی فەرمـان بـە سـەربازەکانی دەکات و گوێڕایەڵـی دەبـن).

کاتێـك عیسـا گوێـی لەمە بـوو، (لە بـاوەڕی سـەرپەلەکە) سەرسـام بـوو ، بەوانەی فەرمـوو کـە دوای دەکەوتـن: «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، لـە ئیسرائیلـدا باوەڕێکـی بەهێـزی ئـاوام نەدیـوە. پێتـان دەڵێـم کـە خەڵکێکـی زۆر (بـە هـۆی باوەڕیـان) لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاواوە دێـن و لەگـەڵ ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقـوب لـە شانشـینی ئاسـماندا لەسـەر خـوان دادەنیشـن. بـەڵام ڕۆڵەکانـی شانشـینن (جولەکـە کـە بـە میـرات ئەندامـی شانشـینی خـودان) فڕێدەدرێنـە تاریکـی دەرەوە (بـە هـۆی ئـەوەی کـە مەسـیحیان ڕەتکـردەوە)، جـا لـەوێ دەگرییـن و جیـڕەی ددانیـان دێـت.»

ئینجا عیسـا بـە سـەرپەلەکەی فەرمـوو: «بـڕۆ! بـا هـەروەك بـاوەڕت هێنا، بـۆت

---

(٤١) مەتا ٥: ١-٨: ١

ببێـت.» جـا لـەو کاتـەدا خزمەتکارەکـەی چـاك بـووەوە.[42]»

## عیسا کوڕی بێوەژنێك زیندوو دەکاتەوە

بـۆ ڕۆژی پاشـتر، عیسـا بـۆ شـارێك چـوو نـاوی نایيـن بـوو، قوتابییەکانـی و خەڵکێکـی زۆری لەگـەڵ چـوون. کاتێـك لـە دەروازەی شـارەکە نزیـك بـووەوە، تەرمێکـی بینـی بەسـەر شـانی خەڵکـەوە، ئەویـش کـوڕە تاقانـەی بێوەژنێـك بـوو، خەڵکێکـی زۆری لەگـەڵ بـوو. کاتێـك مەسـیح ژنەکـەی بینـی، دڵـی پێـی سـووتا و پێـی فەرمـوو: مەگریـێ.

ئینجـا هاتـە پێشـەوە و دەسـتی لـە دارەمەیتەکـە دا، هەڵگرانـی ڕاوەسـتان. فەرمـووی: ئـەی کـوڕی گەنـج، پێـت دەڵێـم، هەسـتە! مردووەکـە ڕاسـتبووەوە و دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن، عیسـاش دایـەوە دەسـت دایکـی.

هەمـوو ترسـیان لـێ نیشـت، ستایشـی خودایـان کـرد، گوتیـان: «لەناوماندا پێغەمبەرێکـی مـەزن دەرکەوتـووە، خـوداش گەلەکـەی خـۆی بەسـەرکردەوە!» (خەڵـك پێیـان وابـوو کـە عیسـا تەنها پێغەمبەرێکـی مەزنـە، چونکـە هەندێـك لـە پێغەمبـەرە مەزنـەکان مردوویـان زیندووکردبـووەوە، بـەڵام خەڵکـی ئـەو جیاوازییـە گەورەیەیـان نەدەزانـی لەنێـوان ئـەو پێغەمبەرانـە کـە مردوویـان لەڕێگـەی پاڕانەوە لـە خـودا زیندووکردبـووەوە لەگـەڵ عیسـای مەسـیح کـە بـە فەرمانـی ڕاسـتەوخۆی خـۆی و بـە دەسـەڵاتە خوداییەکـەی لەسـەر مـردن، مـردووی زینـدوو دەکـردەوە!) ئـەم هەواڵـەی ئـەو لـە هەمـوو یەهودیـا و هەمـوو ناوچەکانـی دەوروپشـت بـڵاو بـووەوە.

## عیسای مەسیح و پێغەمبەر یەحیا

قوتابییەکانـی یەحیـا هەمـوو ئەمانەیـان بـە یەحیـا ڕاگەیانـد. ئەویـش دووان لـە قوتابییەکانـی بانگکـرد (لـەم کاتـەدا بـە فەرمانـی هیـرۆدس، یەحیـا بەندکرابـوو) و ناردنـی بـۆ لای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ بـۆ ئـەوەی لێـی بپرسـن: «ئایا تۆیـت ئـەوەی

(٤٢) مەتا ٨: ٥- ١٣

دێـت (مەسـیحی چاوەڕوانکـراو، ئـەوەی کـە پێغەمبـەران پێشـبینی هاتنیان کـردووە)، یـان چاوەڕێـی یەکێکـی دیکـە بکەیـن؟»

پیـاوەکان هاتنـە لای عیسـا، گوتیـان: «یەحیـای لەئاوهەڵکێـش ئێمـەی بـۆ لات نـاردووە، دەڵێـت: "تـۆی ئـەوەی دێـت، یـان چاوەڕێـی یەکێکـی دیکـە بکەیـن؟"»

لـەو کاتـەدا عیسـا زۆر کەسـی لـە نەخۆشـی و دەرد و ڕۆحـە پیسـەکان چاککـردەوە، بینایـی بـە چـاوی زۆر لـە کوێـرەکان بەخشـی. ئینجا لـە وەڵامـدا پێـی فەرمـوون: «بـڕۆن چیتـان بینـی و بیسـتتان بـە یەحیـای ڕابگەیەنـن، کوێـر دەبینێـت، شـەل دەڕوات، گەڕوگـول پـاك دەبێتـەوە، کـەڕ دەبیسـتێت، مـردوو هەڵدەسـتێتەوە و هـەژار مزگێنـی پێدەدرێـت. خۆزگـە دەخوازرێـت بـەوەی لـە مـن بـێ هیـوا نابێـت.»

کاتێـك نێردراوانـی یەحیا ڕۆیشـتن، عیسـا ڕووی لـە خەڵکەکـە کـرد و سـەبارەت بـە یەحیـا فەرمـووی: «بـۆ بینینـی چـی چوونـە چۆڵەوانـی؟ قامیشـێك کـە بـا دەیجوڵێنێتـەوە؟ ئـەی بـۆ بینینـی چـی چـوون؟ مرۆڤێـك کـە جلوبەرگـی گرانبەهـای پۆشـیوە؟» نەخێـر، ئەوانـەی جلوبەرگـی گرانبەهـا دەپۆشـن و خـۆش ڕادەبوێـرن لـە کۆشـکەکان دەژیـن. ئـەی بـۆ بینینـی چـی چـوون؟ پێغەمبەرێـك؟ بەڵـێ، پێتـان دەڵێـم، لـە پێغەمبەریـش مەزنـتر. یەحیـا ئـەو کەسـەیە کـە دەربـارەی نـووسراوە: مـن نێـردراوی خـۆم لـە پێشـتەوە دەنێـرم، ئـەوەی ڕێـگات بـۆ ئامـادە دەکات.

مـن پێتـان دەڵێـم: لەنێـو ئەوانـەی لـە ژن لەدایـك بـوون، کـەس لـە یەحیـا پایەبەرزتـر نییـە، بـەڵام بچووکترینـی ئـەوەی لە شانشـینی خودایـە لـەو پایەبەرزترە. (مەبەسـتی لەوەیـە هەرکەسـێك کـە بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح بهێنێـت دەبێتـە یەکێـك لـە منداڵەکانـی خـودا و ئەندامێکـی گەلـی خـودا لـە پەیمانـی نـوێ، ئەمـە بەهـۆی لەدایکبوونـەوەی لـە ڕۆحـی خـودا.)

هەمـوو ئەوانـەی گوێیـان لێبـوو، تەنانـەت باجگرانیـش دانیـان بـە دادپەروەری خـودا نـا، چونکـە بـە دەسـتی یەحیـا لەئـاو هەڵکێشرابـوون. بـەڵام فەریسـی و تەوراتنـاس خواسـتی خودایـان دەرهـەق بـە خۆیـان ڕەتکـردەوە، چونکـە لەسـەر دەسـتی ئـەو لەئـاو هەڵنەکێشرابـوون.

عیسـا بـەردەوام بـوو و فەرمـووی: «ئـەم نەوەیـە بـە چـی بـەراورد بکـەم؟ لەچی

دەچـن؟ لـەو منداڵانـە دەچـن کـە لـە بـازاڕدا دانیشـتوون یەکـتری بانـگ دەکـەن و دەڵێـن: «زوڕنامـان بـۆ لێـدان و هەڵنەپەڕیـن، شـینمان بـۆ کـردن و نەگریـان.»

یەحیـای لەئاوهەڵکێـش هـات، نـە نـان دەخـوات و نـە شـەراب دەخواتـەوە، گوتتـان: "ڕۆحـی پیسـی تێدایـە.» کـوڕی مـرۆڤ هـات، دەخـوات و دەخواتـەوە، گوتتـان: "ئەمـە کابرایەکـی نەوسـن و مەیخـۆرە، هاوڕێـی باجگـران و گوناهبارانـە.» بـەڵام دانایـی ڕاسـتەقینە لـە بەرهەمەکـەی دەسـەلمێنرێت.(٤٣)

## وەرن بۆ لام، من دەتانحەسێنمەوە

لـەو کاتـەدا عیسا فەرمـووی: «ئەی باوك سوپاسـت دەکـەم، پـەروەردگاری زەوی و ئاسـمان، چونکـە ئەمانـەت لـە دانـا و تێگەیشـتووان شـاردووەتەوە و بـۆ منداڵانـت ئاشـکرا کـردووە. بەڵـێ ئـەی بـاوك، چونکـە ئەمـەت پـێ بـاش بـوو. (عیسـا دەیزانـی کـە ئەقڵـی مرۆڤانـە ئەگـەر بـۆ ڕۆحـی خـودا نەکرابێتـەوە ناتوانێـت تێبـگات کـە خـودا توانـادارە لەسـەر هـەر شـتێك و ئـەوەی کـە بیەوێـت دەیـکات، بەووەشـەوە کـە لـە جەسـتەی مرۆڤانـەدا دەردەکەوێـت. ئـەو ئەقڵـە مرۆڤانەیـە ناشـتوانێت واتـای یەکێتـی لەنێـوان خـودای نەبینـراو کـە بـە «بـاوك» ئامـاژەی بـۆ کـراوە، لەگەڵ عیسـای مەسـیحی بینـراو لـە وێنـەی مـرۆڤ کـە بـە «کوڕەکـە» ئامـاژەی بـۆ کـراوە تێبـگات. ئەقڵـی مرۆڤانـە بیرۆکـەی باوکەکـە و کوڕەکـە تێکـەڵ دەکات کـە خـودا بـە سروش لـە ئینجیلـدا ناردوویەتـی. ڕاڤەیەکـی وشـەیی بـۆ دەکات، پێـی وایـە کـە ئـەو بـە ڕەگـەز کوڕیەتـی نـەك بـە تێگەیشـتنە ڕۆحییـە ڕاسـتەکەی. ئەمـە دەبێتـە هـۆکاری سەرلێشـێوان. عیسـای مەسـیح بـەو فەرمایشـتەی ئەمـەی دەربڕیـوە:)

باوکـم هەمـوو شـتێکی پـێ سـپاردووم، کـەس کوڕەکـە ناناسـێت بـاوك نەبێـت، کەسـیش بـاوك ناناسـێت تەنهـا کوڕەکـە و ئـەوە نەبێـت کـە کوڕەکـە دەیـەوێ بـۆی ئاشـکرا بـکات.

وەرن بـۆ لام ئـەی هەمـوو مانـدووان و بارگرانـەکان، مـن دەتانحەسـێنمەوە. نیـری مـن بخەنـە سـەر خۆتـان و لـە منـەوە فێربـن، چونکـە دڵنـەرم و بێفیـزم،

---

(٤٣) لۆقا ٧: ١١- ٣٥

حەسانەوەش بۆ دەروونتان دەدۆزنەوە. نیرەکەم گونجاوە و بارم سووکە.[٤٤]

## لێخۆشبوون و خۆشەویستی

یەکێك لە فەریسییەکان داوای لە عیسا کرد نانی لەگەڵ بخوات، ئەویش چووە ماڵی فەریسییەکە و لەسەر خوان دانیشت. لە شارەکە ئافرەتێکی گوناهبار هەبوو، زانی عیسا لە ماڵی فەریسییەکە دانیشتووە، بوتڵێکی ئەلەباستەریی بۆنی هێنا، لە دواوە بە گریانەوە لەلای پێی ڕاوەستا (لەو سەردەمەدا، وا باو بووە کە خەڵکی بەلای چەپدا ڕاکشاون و نانیان خواردووە و پێیان لەولاوە بووە. ئەمەش وای کرد ئافرەتەکە بێتە لای پێی عیسا ڕابوەستێت)، پێیەکانی بە فرمێسك تەڕ کرد و بە قژی بۆی سڕییەوە، پێیەکانی ماچکرد و بە بۆنەکە چەوری کردن.

ئەو فەریسییەی کە عیسای داوەت کردبوو، کاتێك ئەمەی بینی، لە دڵیدا گوتی: «ئەگەر ئەمە پێغەمبەر بووایە، دەیزانی ئەم ئافرەتەی دەستی لێدەدات کێیە و چییە، چونکە گوناهبارە.»

عیسا وەڵامی دایەوە: شیمۆن، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.

گوتی: بفەرموو مامۆستا.

کابرایەك قەرزی دابوو بە دوو کەس، بە یەکێکیان پێنج سەد دینار، ئەوەی دیکەیان پەنجا. نەیانبوو بیدەنەوە، کابرا لە هەردووکیان خۆشبوو. کامیان زیاتر کابرای خۆشدەوێت؟»

شیمۆن وەڵامی دایەوە: «لەو باوەڕەدام ئەوەی پارە زۆرەکەی لەلابوو.

پێی فەرموو: حوکمەکەت ڕاستە.

ڕووی کردە ئافرەتەکە و بە شیمۆنی فەرموو: «ئەم ئافرەتە دەبینیت؟ هاتمە ماڵەکەت و ئاوت نەدامێ بۆ ئەوەی پێیەکانم بشۆم (لەبەر ئەوەی میوانەکان

---

(٤٤) مەتا ١١: ٢٥- ٣٠

نەعلیان لە پێ بووە، پێیان پیس بووە)، بەڵام ئەم بە فرمێسك پێی تەڕ کردم و بە قژی سڕییەوە. تۆ ماچت نەکردم (ماچکردن یەکێکە لە نەریتەکانی پێشوازیکردن)، بەڵام ئەم لەو کاتەوەی هاتوومەتە ژوورەوە لە ماچکردنی پێیەکانم نەوەستاوە. تۆ زەیتت لەسەرم نەدا، بەڵام ئەم بە بۆن پێیەکانمی چەور کرد. لەبەر ئەم هۆیە پێت دەڵێم، گوناهە زۆرەکانی بەخشران و ئاوا خۆشەویستییە زۆرەکەی دەردەبڕێت. بەڵام ئەوەی کەم بەخشراوە، کەم خۆشەویستی دەردەبڕێت.»

ئینجا بە ئافرەتەکەی فەرموو: «گوناهەکانت بەخشران.»

ئەوانەی لەگەڵی دانیشتبوون لە دڵی خۆیاندا گوتیان: «ئەمە کێیە تەنانەت گوناهیش دەبەخشێت؟»

عیسا بە ئافرەتەکەی فەرموو: «باوەڕت ڕزگاری کردیت. برۆ بە سەلامەت.» (٤٥)

## عیسای مەسیح لە جەلیل

دوای ئەمە عیسا بە هەموو شار و گوندێکدا دەگەڕا، وتار و مزگێنی پاشایەتی خودای دەدا (جولەکەکان هەموویان چاوەڕێی هاتنی عیسای مەسیحی ڕزگارکەر بوون، پێیان وابوو کە سەرکردەیەکی سەربازیی دەبێت کە ئازادیان دەکات لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ڕۆمانی)، دوازدەکەشی لەگەڵ بوو. چەند ئافرەتێکیش کە لە ڕۆحی پیس و نەخۆشی چاکبوونەوە: مریەم کە بە مەجدەلی ناودەبردرا و حەوت ڕۆحی پیسی لێ دەرکردبوو، یوەنای ژنی خوزای بریکاری هێرۆدس، سەوسەن و زۆری دیکەش، بە ماڵی خۆیان یارمەتییان دەدان. (٤٦)

---

(٤٥) لۆقا ٧: ٣٦ - ٥٠

(٤٦) لۆقا ٨: ١ - ٣

## بە ئاشکرا هێرش دەکرێتە سەر عیسای مەسیح

ئینجا پیاوێکیان بۆ هێنا ڕۆحی پیسی تێدابوو، ئەویش نابینا و لاڵ بوو، چاکیکردەوە هەتا ئەوەی لاڵەکە قسەی کرد و بینی. خەڵکەکە هەموو سەرسام بوون و گوتیان: «ئەمە کوڕی داود نییە؟»

بەڵام فەریسییەکان کە ئەمەیان بیست، گوتیان: «ئەمە ڕۆحی پیس دەرناکات، مەگەر بە بەعلزەبولی شای ڕۆحە پیسەکان (شەیتان) نەبێت.»

بەڵام عیسا بە بیرکردنەوەی ئەوانی زانی، پێی فەرموون: «هەر شانشینێك دووبەرەکی تێدابێت، وێران دەبێت، هەر شارێك یان ماڵێك دووبەرەکی تێدابێت، خۆی ڕاناگرێت. ئەگەر شەیتان، شەیتان دەربکات، ئەوا دووبەرەکییان تێدایە، کەواتە چۆن شانشینییەکەی خۆی ڕادەگرێت؟ ئەگەر من بە بەعلزەبول ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەی کوڕەکانتان بە کێ دەریاندەکەن؟ لەبەر ئەوە ئەوان دەبنە دادوەرتان. بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان. یان چۆن یەکێك دەتوانێ بچێتە ماڵی بەهێزێك و شتەکانی تالان بکات، ئەگەر زوو نەیبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تالان بکات؟

ئەوەی لەگەڵ من نییە لە دژی منە، ئەوەش لەگەڵ من کۆناکاتەوە، بڵاو دەکاتەوە. لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: هەموو گوناه و کفرکردنێکی مرۆڤ دەبەخشرێت، بەڵام کفرکردن سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆز نابەخشرێت. ئەوەی قسە لە دژی کوڕی مرۆڤ بکات، دەبەخشرێت، بەڵام ئەوەی قسە لە دژی ڕۆحی پیرۆز بکات، نابەخشرێت، نە لەم دنیایە و نە لەو دنیا.

## دار بە بەرهەمی دەناسرێت

دار بە بەرهەمەکەی دەناسرێتەوە. ئەگەر دار باش بێت، بەرهەمی باش دەدات، ئەگەر دار خراپ بێت، بەرهەمی خراپ دەدات. ئەی بێچووە ماران، کە ئێوە خراپ بن، چۆن دەتوانن بە چاکە بدوێن؟ دەم ئەوە دەڵێت کە لە دڵ دەڕژێتەوە. مرۆڤی چاك لە گەنجینەی چاك شتی چاك دەردەهێنێت، مرۆڤی خراپیش، لە گەنجینەی خراپ، شتی خراپ دەردەهێنێت. بەڵام پێتان دەڵێم:

هـەر وشـەیەکی پـووچ کـە خەڵـك پێـی دەدوێ، لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا حیسـابی خـۆی هەیـە، چونکـە بـە وشـەکانی خـۆت بێتـاوان دەکرێیـت، بـە وشـەکانی خۆشـت تاوانبـار دەکرێیـت.»

## نیشانەی یونسی پێغەمبەر

ئینجـا هەندێـك مامۆسـتای تـەورات و فەریسـی وەڵامیـان دایـەوە و گوتیـان: «مامۆسـتا، دەمانـەوێ نیشـانەیەکت لـێ ببینیـن.»

کەچـی وەڵامـی دانـەوە: «نەوەیەکـی بـەدکار و داوێنپیـس داوای نیشـانە دەکات، بـەڵام نیشـانەی نادرێتـێ، جگـە لـە نیشـانەی یونسـی پێغەمبـەر. هـەروەك چـۆن یونـس سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ لەنـاو سـکی ماسـییەکی گـەورەدا بـوو (عیسا ڕووبـەڕووی ئـەو جولەکانـە بـووەوە کـە گرنگییـان بـە پەیامەکـەی نـەدا. عیسـا ئەوانـی بـە خەڵکـی نەینـەوا و شـاژنە بەلقیـس بـەراورد کـرد. ئینجـا فەرمـووی:)، ئـاواش کـوڕی مـرۆڤ سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ لـە ناخـی زەویـدا دەمێنێتـەوە. خەڵکـی نەینـەوا لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا، لەگـەڵ ئـەم نەوەیـە لـە مـردن هەڵدەسـتنەوە و تاوانبـاری دەکـەن، چونکـە (خەڵکـی نەینـەوا) تۆبەیـان کـرد کاتێـك یونـس پەیامـی خـودای ڕاگەیانـد. ئەوەتـا لـە یونـس مەزنـتر لێرەیـە. شـاژنی باشـوور (شـاژنە بەلقیس) لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا لەگـەڵ ئـەم نەوەیـە لـە مـردن هەڵدەسـتێتەوە و تاوانبـاری دەکات، چونکـە لەوپـەڕی زەوییـەوە هـات بـۆ گوێگرتـن لـە دانایـی سـلێمان. ئەوەتـا لـە سـلێمان مەزنـتر لێرەیـە.»

ڕابـەرە فەریسـییە تونـدڕەوەکان گرنگییـان پـێ نـەدا و خۆشـحاڵ نەبـوون بـە چاکبوونـەوەی مرۆڤێکـی هـەژار کـە شـەیتان کوێـر و کـەڕی کردبـوو، بەڵکـو گرنگیدانەکەیـان پوخـت کـردەوە لـە گومـان خسـتنە سـەر عیسـای مەسـیح. عیسـا وەڵامـی بانگەشـەکانی دانـەوە، ئینجـا ئەوانـی گەڕانـدەوە سـەر بابەتـە سـەرەکییەکە، خەڵکـی فێـری وانەیەکـی ڕۆحـی کـرد، هەروەهـا ئـاگاداری کردنەوە لـە هەڵخەڵەتاندنەکانـی شـەیتان، فەرمـووی:

کاتێـك ڕۆحـی پیـس لـە مرۆڤێـك دەردەچێـت، لـە شـوێنە وشـکەکاندا بـەدوای حەوانـەوەدا دەگەڕێـت و دەسـتی ناکەوێـت. ئینجـا دەڵێـت: ”دەگەڕێمـەوە بـۆ

ماڵەکەی خۆم کە لێی دەرچووم.“ کاتێك دەگەڕێتەوە دەبینێت چۆڵە و گسکدراوە و ڕێکخراوە. ئەوسا دەچێت و حەوت ڕۆحی پیسی دیکە لە خۆی خراپتر لەگەڵ خۆی دەهێنێت، دەچنە ژوورەوە و لەناو ئەو مرۆڤە دەژیێن. ئینجا کۆتایی ئەو مرۆڤە لە جاران خراپتر دەبێت. بۆ ئەم نەوە بەدکارەش، ئاوا دەبێت.»

## دایك و برا ڕاستەقینەکانی عیسا

لە کاتێکدا کە عیسا قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد، دایك و براکانی لە دەرەوە ڕاوەستابوون، داوایان دەکرد لەگەڵی بدوێن. یەکێك پێی گوت: «وا دایك و براکانت لە دەرەوە ڕاوەستاون، دەیانەوێ لەگەڵت بدوێن.»

ئەویش وەڵامی قسەکەری دایەوە: «دایکم کێیە و براکانم کێن؟» ئینجا دەستی بۆ قوتابییەکانی ڕاکێشا و فەرمووی: «ئەوەتا دایك و براکانم، چونکە ئەوەی بە خواستی باوکم بکات کە لە ئاسمانە، ئەوا خوشك و برا و دایکمە.»[٤٧] (عیسا ویستی کە خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لەوەی گرنگی دەدات بەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە باوەڕداران پێکەوە دەبەستێتەوە.)

کاتێك عیسا ئەمانەی دەگوت، ژنێك لەناو خەڵکەکەوە دەنگی بەرز کردەوە و پێی گوت: «خۆزگە دەخوازرێت بەو سکەی هەڵیگرتووی و بەو مەمکەی شیری پێداوی.»

ئەویش فەرمووی: «بەڵکو خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی کە گوێ لە پەیامی خودا دەگرن و کاری پێدەکەن.»[٤٨]

## نموونەی جوتیارێك

هەر لەو ڕۆژەدا عیسا لە ماڵ هاتە دەرەوە و لە کەناری دەریاچەی جەلیل دانیشت. خەڵکێکی ئێجگار زۆر لێی کۆبووەوە، هەتا وای لێهات چووە ناو بەلەمێك دانیشت، هەموو خەڵکەکەش لە کەنارەکە ڕاوەستان. بە نموونە باسی

(٤٧) مەتا ١٢: ٤٦- ٥٠

(٤٨) لۆقا ١١: ٢٧- ٢٨

زۆر شــتی بــۆ کــردن و فەرمــووی: «جوتیارێــك چــووە دەرەوە تــۆو بــکات. کــە تــۆوی دەوەشــاند، هەندێکــی کەوتنــە ســەر ڕێــگا، باڵنــدەش هاتــن و خواردیانــن. هەندێکیــش کەوتنــە ســەر زەوییەکــی بــەردەڵان کــە خۆڵــی کــەم بــوو، خێــرا ســەریان دەرکــرد، چونکــە زەوییەکــەی قــووڵ نەبــوو. بــەڵام کــە ڕۆژ هەڵهــات ســووتان و وشــك بــوون، چونکــە ڕەگیــان نەبــوو. هەندێکیشــیان کەوتنــە نێــو دڕکان، دڕکــەکان گەورەبــوون و خنکاندیانــن. بــەڵام هەندێکیــان کەوتنــە ســەر زەوییەکــی بــاش و بەرهەمیــان دا، هەندێــك یــەك بــە ســەد و هەندێــك یــەك بــە شەســت و هەندێکیــش یــەك بەســی. ئــەوەی گوێــی هەیــە، بــا ببیســتێت!

## بۆچی عیسا بە نموونە دەدوێت؟

قوتابییەکان هاتن و لێیان پرسی: «بۆچی بە نموونە قسەیان بۆ دەکەیت؟»

وەڵامــی دانــەوە: «لەبــەر ئــەوەی بــە ئێــوە دراوە نهێنــی شانشــینی ئاســمان بزانــن (چونکــە خــودا لەنێــو دڵەکانیــان کاری کــردووە بــۆ ئــەوەی گرنگــی بــدەن بــە گوێگرتــن لــە فەرمایشــتەکانی مەســیح)، بــەڵام بــەوان نــەدراوە، چونکــە ئــەوەی هەیەتــی، پێــی دەدرێــت و لێــی دەڕژێ، بــەڵام ئــەوەی نییەتــی، تەنانــەت ئــەوەی هەشــیەتی لێــی دەســەنرێتەوە. (بــە هــۆی پشتگوێخســتن و گرنگینــەدان بــە کاروباری ڕۆحــی) لەبــەر ئــەوە بــە نموونــە قســەیان بــۆ دەکــەم:

«چونکە سەیر دەکەن، بەڵام نابینن،\
گوێ دەگرن، بەڵام نابیستن و تێناگەن.\
پێشبینییەکەی ئیشایا لەواندا هاتەدی، کە دەفەرموێ:\
ئێوە هەمیشە دەبیستن بەڵام هەرگیز تێناگەن،\
ئێوە هەمیشە سەیر دەکەن بەڵام هەرگیز نابینن.\
چونکە دڵی ئەم گەلە ڕەق بووە و\
گوێیان قورس بووە،\
چاویان نوقاندووە،\
نەوەك بە چاویان ببینن و

بە گوێیان ببیستن،
بە دڵیان تێبگەن و بگەڕێنەوە،
منیش چاکیان بکەمەوە.

بـەڵام ئێـوە، خۆزگـە دەخوازرێـت بـە چاوتـان، چونکـە دەبینـن، بـە گوێتـان، چونکـە دەبیسـتن. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: زۆر پێغەمبـەر و پیاوچـاك بـە ئاواتـەوە بـوون ئـەوە ببینـن کـە ئێـوە دەیبینـن بـەڵام نەیانبینـی، ئـەوەش ببیسـتن کـە ئێـوە دەیبیسـتن، بـەڵام نەیانبیسـت. (مەبەسـتی لەوەیـە پێغەمبـەران و پیاوچـاکان بـە ئاواتـەوە بـوون کـە عیسـای مەسـیح ببینـن.)

## ڕوونکردنەوەی نموونەی جوتیارەکە

کەواتـە گـوێ لـە واتـای نموونـەی جوتیارەکـە بگـرن: هەرکەسـێك پەیامـی شانشـین ببیسـتێت و تێینـەگات، شـەیتان دێت و ئـەوەی لەدڵیـدا تۆوکـراوە دەیرفێنێـت. ئەمانـە ئـەو تۆوانـەن کـە کەوتنـە سـەر ڕێگاکـە. ئەوانـەی کەوتنـە سـەر بەردەڵانەکـە، ئـەو کەسـانەن کـە پەیامەکـە دەبیسـتن و بـە خۆشـییەوە وەریدەگـرن. بـەڵام ڕەگ داناکوتـن و کاتیـن، کاتێك لەبەر پەیامەکە تووشـی تەنگانە و چەوسـانەوە دەبـن، یەکسـەر دەکـەون. ئەوانـەش کـە کەوتنـە نێـو دڕکـەکان، ئـەو کەسـانەن کـە پەیامەکـە دەبیسـتن، بـەڵام خەمـی ژیـان و فریوخواردنـی دەوڵەمەنـدی پەیامەکـە دەخنکێنـن، ئیـتر بـێ بەرهـەم دەبـن. بـەڵام ئەوانـەی کەوتنـە سـەر زەوییـە باشـەکە، ئـەو کەسـانەن کـە پەیامەکـە دەبیسـتن و لێـی تێدەگـەن. یـەك بـە سـەد و یـەك بـە شەسـت و یـەك بـە سـی، بەرهـەم دەدەن.(٤٩)

## نموونەی چرا

ئینجـا پێـی فەرمـوون: «ئایا خەڵکـی چـرا هەڵدەکـەن تاکو بیخەنـە ژێـر تەشـت یـان نوێنـەوە؟ باشـە لەسـەر چـرادان دایانانێـن؟ چونکـە شـاردراوە نییـە ئاشـکرا نەبێـت و نهێنـی نییـە دەرنەکەوێـت. ئەگـەر یەکێـك گوێـی هەیـە بـۆ بیسـتن، بـا ببیسـتێت.

---

(٤٩) مەتا ١٣: ١- ٢٣

هەروەهـا پێـی فەرمـوون: وردبنـەوە لـەوەی دەیبیسـتن. بـەو پێوانەیـەی ئێـوە بـۆ خەڵـك دەیپێـون، خـودا بۆتـان دەپێوێتـەوە و زیاتریشـتان دەداتـێ، چونکـە ئـەوەی هەیەتـی، پێـی دەدرێـت، ئـەوەش کـە نییەتـی، تەنانـەت ئـەوەی هەشـیەتی لێـی دەسـەنرێتەوە.

## نموونەی گەشەکردنی تۆوێك

هەروەهـا فەرمـووی: «شانشـینی خـودا لـە مرۆڤێـك دەچێـت تـۆو بوەشـێنێتە سـەر زەوی. شـەو دەخەوێـت و ڕۆژ هەڵدەسـتێت، تۆوەکـە سـەر دەردەکات و گەشـە دەکات، ئەویـش نازانێـت چـۆن دەبێـت. زەوی لـە خۆیـەوە بەرهـەم دەدات، یەکـەم جـار گیـا، ئینجـا گوڵەگەنـم، پاشـان لـە گوڵەگەنمەکـەدا گەنمـی تـەواو. بـەڵام کاتێـك بەرەکـە پێـدەگات، دەسـتبەجێ داسـی لـێ گیـر دەکات، چونکـە دروێنـەی هاتـووە.(٥٠)

## نموونەی گەنم و زیزان (زیوان)

نموونەیەکـی دیکـەی بـۆ هێنانـەوە: «شانشـینی ئاسـمان لـە مرۆڤێـك دەچێـت، تـۆوی چـاك لـە کێڵگەکـەی بچێنێـت. بـەڵام کاتێـك خەڵـك نوسـتبوون، دوژمنەکـەی هـات و لەنـاو گەنمەکـەدا زیزانـی چانـد و ڕۆیشـت. کاتێـك گەنمەکـە ڕوا و گوڵـی دەرکـرد، زیزانەکـەش دەرکـەوت.

«کۆیلـەی خـاوەن مـاڵ هاتـن و پێیـان گـوت: ”گـەورەم، ئایـا لـە کێڵگەکەتـدا تـۆوی چاکـت تـۆو نەکـرد؟ ئیـتر ئـەم زیزانـە لەکوێـوە هـات؟“

«ئەویـش وەڵامـی دانـەوە: ”دوژمـن ئەمـەی کـردووە.“ کۆیلەکانیـش پێیـان گـوت: ”دەتـەوێ بچیـن زیزانـەکان بـژار بکەیـن؟“»

گوتـی: « ”نەخێـر، نـەوەك لەگـەڵ بژارکردنـی زیـزان، گەنمیـش هەڵبکێشـن. هەتا کاتـی دروێنـە لێگەڕێـن بـا بەیەکـەوە پێبگـەن، جـا لەکاتـی دروێنـەدا بـە سـەپانەکان دەڵێـم، یەکـەم جـار زیزانەکـە بـژار بکـەن و بیانکەنـە مەڵـۆ بـۆ ئـەوەی بسـووتێنرێن، بـەڵام گەنمەکە لـە ئەمبارەکـەم کۆبکەنـەوە.“»

---

(٥٠) مەرقۆس ٤: ٢١- ٢٩

## نموونەی دەنکە خەردەل و هەویرترش

(عیسا) نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: «شانشینی ئاسمان وەك دەنکە خەردەل وایە، کە یەکێك بیهێنێت و لە کێڵگەکەیدا بیچێنێ، کە بچووکترین تۆوە، بەڵام کاتێك گەشە دەکات، گەورەترین ڕووەکە و دەبێتە درەخت، تەنانەت باڵندەی ئاسمانیش دێن و لەسەر لقەکانیدا هێلانە دەکەن.» (عیسا لەو پەندەدا ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی شانشینەکەی دەکات کە بە بچووکی دەستپێدەکات، بەڵام بە خێرایی گەشە دەکات و خەڵکێکی زۆر لەخۆدەگرێت).

نموونەیەکی دیکەی بۆ هێنانەوە: «شانشینی ئاسمان لە هەویرترشێك دەچێت، ئافرەتێك هێنای و کردییە ناو سێ پێوانە ئاردەوە، هەتا هەمووی هەڵهات.[٥١]»

هەتا ئەو ئاستەی دەیانتوانی لێی تێبگەن، عیسا بە زۆر نموونەی لەو شێوەیە خەڵکی فێر دەکرد. بەبێ نموونە قسەی بۆ نەدەکردن، بەڵام کاتێك بە تەنها دەبوو لەگەڵ قوتابییەکانی خۆی هەموو واتاکانی بۆ ڕوون دەکردنەوە،[٥٢] تاکو ئەوەی خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە (پێغەمبەر داود، زەبووری ٧٨: ٢) فەرموویەتی بێتەدی: ﴿بە نموونە دەمم دەکەمەوە، ئەوەی لە دامەزراندنی جیهانەوە شاراوەیە دەریدەبڕم.﴾

## ڕوونکردنەوەی نموونەی گەنم و زیزان

ئینجا خەڵکەکەی بەڕێکرد و گەڕایەوە بۆ ماڵ. قوتابییەکانی هاتنە لای و گوتیان: «نموونەی زیزانی ناو کێڵگەکەمان بۆ لێکبدەوە.»

وەڵامی دایەوە: «ئەوەی تۆوە چاکەکەی چاند، کوڕی مرۆڤە. کێڵگەکەش جیهانە، تۆوە چاکەکەش ڕۆڵەکانی شانشینن، زیزانەکەش ڕۆڵەکانی شەیتانن، دوژمنەکەش کە تۆوی کردن ئیبلیسە (شەیتان)، دروێنەکەش کۆتایی زەمانە، سەپانەکانیش فریشتەکانن.»

---

(٥١) مەتا ١٣: ٢٤- ٣٣

(٥٢) مەرقۆس ٤: ٣٣- ٣٤

«هـەروەك چـۆن زیزانەكـە بژاركـرا و بـە ئاگـر سـووتێنرا، لـە كۆتایـی زەمانیشـدا وا دەبێـت. كـوڕی مـرۆڤ فریشـتەكانی دەنێرێـت، هەمـوو كۆسـپ و سـەرپێچیكاران لـە شانشـینییەكەی كۆدەكەنـەوە و فڕێیـان دەدەنـە نـاو كـوورەی ئاگـرەوە، جـا لەوێ دەگریێـن و جیـڕەی ددانیـان دێـت. ئەوسـا ڕاستودروسـتان لـە شانشـینی باوكیانـدا وەك ڕۆژ دەدرەوشـێنەوە. ئـەوەی گوێـی هەیـە، بـا ببیسـتێت!

## نموونەی گەنجینە و مرواری

«شانشـینی ئاسـمان لـە گەنجینەیـەك دەچێـت لـە كێڵگەیەكـدا شـاردرابێتەوە. یەكێك دۆزییـەوە و شـاردییەوە، لـە خۆشـیان دەچێـت و هەرچـی هەیـە دەیفرۆشـێت و ئـەو كێڵگەیـەی پـێ دەكڕێـت.

«هەروەهـا شانشـینی ئاسـمان لـە بازرگانێـك دەچێـت بـە شـوێن مـرواری نایابـدا دەگـەڕا. كاتێـك مرواریيەكـی گرانبەهـای بینـی، چـوو هەرچیـی هەبـوو فرۆشـتی و مرواریيەكـەی كـڕی.

## نموونەی تۆڕ

«هەروەهــا شانشــینی ئاســمان لــە تۆڕێــك دەچێــت فڕێدرابێتــە دەریاچــەوە، لـە هەمـوو جۆرەكانـی ماسـی كۆدەكاتـەوە. كاتێـك تۆڕەكـە پـڕ بـوو، ماسـیگرەكان ڕایانكێشـایە كەنـار، باشـەكانیان لـە سـەبەتەدا كۆكـردەوە و خراپەكانیشـیان فڕێـدا. كۆتایـی زەمانیـش ئـاوا دەبێـت: فریشـتەكان دێن و بـەدكاران لەنـاو ڕاستودروسـتاندا دەردەهێنــن و فڕێیــان دەدەنــە نــاو كــوورەی ئاگــرەوە. جــا لــەوێ دەگریێــن و جیـڕەی ددانیـان دێـت.»

عیسا لێی پرسین: «ئایا هەموو ئەمانە تێگەیشتن؟»

وەڵامیــان دایــەوە: «بەڵــێ.» (هــۆكاری تێگەیشــتنیان ئــەو پەیوەندییــە ڕۆحییــە كۆنــە بــوو كــە ڕوونــاك كرابــووەوە بــە زانیــاری ســەبارەت بــە عیســای مەســیح.)

جـا پێـی فەرمـوون: «لەبـەر ئـەوە هـەر مامۆسـتایەكی تـەورات كـە دەبێـت

بـە قوتابـی لـە شانشـینی ئاسـمان (بـە بـاوەڕ بـە عیسـا پەیوەنـدی دروسـتدەکات لـە نێـوان زانیارییـە کۆنەکـەی و ڕووناکـی نـوێ)، لـە خـاوەن ماڵێـك دەچێـت لـە گەنجینەکەیـدا نـوێ و کـۆن دەربهێنێـت.»

کاتێك عیسا ئەم نموونانەی تەواو کرد لەوێ ڕۆیشت.(٥٣)

## هێمنکردنەوەی ڕەشەبا

لـەو ڕۆژەدا، کاتێـك ئێـوارە داهـات، پێـی فەرمـوون: «بـا بپەڕینـەوە ئەوبـەر.» ئەوانیـش خەڵکەکەیـان بەجێهێشـت و وەکـو خـۆی بـە بەلەمەکـە بردیـان، بەلەمـی دیکەشـی لەگـەڵ بـوو. ئینجـا ڕەشـەبایەکی تونـد هەڵیکـرد، شـەپۆلەکان بـە تونـدی لـە بەلەمەکەیـان دەدا، کـە خەریـك بـوو پڕبێـت لـە ئـاو. عیسـا لـە دواوە سـەری خسـتبووە سـەر سـەرینێك و خەوتبـوو. هەڵیانسـاند و پێیـان گـوت: «مامۆسـتا، بەلاتـەوە گرنـگ نییـە ئەگـەر لەناوبچیـن؟

ئەویـش هەسـتا و لـە ڕەشـەباکەی ڕاخـوڕی و بـە دەریاچەکـەی فەرمـوو: «بێدەنـگ بـە! هێمـن بـە!» ڕەشـەباکە وەسـتا و بـووە هێمنییەکـی تـەواو.

ئینجا پێی فەرموون: «بۆچی ئەوەندە دەترسن؟ هێشتا باوەڕتان نییە؟»

ئەوانیـش تۆقیـن و بـە یەکترییـان دەگـوت: «ئەمـە کێیـە؟ تەنانـەت بـا و دەریـاش گوێڕایەڵی دەبـن!»(٥٤)

## ڕزگارکردن لە لێگیۆن

ئینجـا بـەرەو هەرێمـی گەراسـین ڕۆیشـتن، کـە بەرامبـەر جەلیلـە. کاتێـك عیسـا دابەزیـە سـەر وشـکانی، پیاوێکـی ئـەو شـارەی تووشـبوو ڕۆحـی پیسـی تێدابـوو، دەمێـك بـوو جلـی لەبـەر نەدەکـرد و لـە مـاڵ نەدەژیـا.(٥٥) لەنـاو گۆڕسـتاندا دەژیـا،

---

(٥٣) مەتا ١٣: ٣٥- ٥٣

(٥٤) مەرقۆس ٤: ٣٥- ٤١

(٥٥) لۆقا ٨: ٢٦- ٢٧

کەس نەیدەتوانی چیتر بیبەستێتەوە، تەنانەت بە زنجیریش. زۆر جار بە کۆت و زنجیر دەبەسترایەوە، بەڵام زنجیرەکانی دەپچڕاند و کۆتەکانیشی دەشکاند، کەس نەیدەتوانی بەسەریدا زاڵ بێت. شەو و ڕۆژ بەردەوام لەناو گۆڕستان و لە چیاکاندا بوو، هاواری دەکرد و بە بەرد لەشی خۆی بریندار دەکرد.

کاتێک لە دوورەوە عیسای بینی، ڕایکرد و کڕنۆشی بۆ برد. بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «چیت لە من دەوێت، ئەی عیسای کوڕی خودای هەرە بەرز؟ سوێندت دەدەم بە خودا، ئەشکەنجەم مەدە! چونکە عیسا پێی فەرمووبوو: «ئەی ڕۆحی پیس، لە پیاوەکە وەرە دەرەوە!»

ئینجا لێی پرسی: «ناوت چییە؟»

پێی گوت: «ناوم لێگیۆنە[٥٦]، چونکە ئێمە زۆرین. زۆریش لە عیسا پاڕایەوە نەیاننێرێتە دەرەوەی ناوچەکە.

لەوێ ڕانە بەرازێکی گەورە لە قەد شاخەکە دەلەوەڕان، ڕۆحە پیسەکان لە عیسا پاڕانەوە: «بماننێرە ناو بەرازەکان، با بچینە ناویان.» ئەویش ڕێی پێدان. ڕۆحە پیسەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو بەرازەکان، ئینجا ڕانەکە کە نزیکەی دوو هەزار دەبوون، بەخێرایی لە قەراغی شاخەکەوە بۆ ناو دەریاچەکە هەڵدێران و خنکان.

بەرازەوانەکان ڕایانکرد، هەواڵیان دا بە شار و کێڵگەکان. خەڵکەکەش هاتن تاکو ببینن چی ڕوویداوە. هاتنە لای عیسا، بینییان ئەوەی لەشکرێک ڕۆحی پیسی تێدابوو، دانیشتووە و پۆشتەیە و ئاقڵە، جا ترسان. ئەوانەش کە بینیبوویان چی بەسەر بەرازەکان و کەسەکە هات کە ڕۆحی پیسی تێدابوو، ڕووداوەکەیان بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە. ئیتر دەستیان بە پاڕانەوە کرد لە عیسا تاکو لە ناوچەکەیان بڕوات.

کاتێک عیسا سواری بەلەمەکە دەبوو، ئەوەی ڕۆحی پیسی تێدابوو، لێی پاڕایەوە کە لەگەڵی بێت. ڕێگای نەدا، بەڵکو پێی فەرموو: «بڕۆ ناو ماڵ و کەسوکارەکەت، بۆیان بگێڕەوە پەروەردگار چی بۆت کردووە و چۆن بەزەیی

---

(٥٦) وشەیەکی لاتینییە بە واتای لەشکرێک شەش هەزار سەربازی هەبێت.

پێتـدا هاتـەوە. جـا ڕۆیشـت و لـە دە شارەکە دەسـتی بـە جاڕدانـی هەمـوو ئـەوە کـرد کـە عیسـا بـۆی کردبـوو. هەمـوو سەرسـام بـوون.»

## زیندووکردنەوەی کچێك

دیسـان عیسـا بـە بەلەمەکـە پەڕییـەوە ئەوبـەر، هـەر لـەدەم ئاوەکە بـوو خەڵکێکی زۆر لێـی کۆبوونـەوە. یەکێـك لـە پێشـەوایانی کەنیشـت هـات، نـاوی یایـرۆس بـوو، کاتێـك عیسـای بینـی، لەبەرپێـی کـەوت و زۆر لێـی پاڕایـەوە: «کچـە بچووکەکـەم لـە سـەرەمەرگدایە، وەرە دەسـتی لەسـەر دابنـێ تاکـو چـاك بێتـەوە و بژییـت.» عیسـا لەگەڵـی چـوو، خەڵکێکـی زۆر دوای کـەوت و پاڵەپەسـتۆیان لـێ دەکـرد.

## چاککردنەوەی ژنێك

ژنێـك دوازدە سـاڵ بـوو خوێنبەربوونـی هەبـوو. بـە دەسـتی چەندیـن پزیشـك ئـازاری زۆری چێژتبـوو، ئـەوەی هەیبـوو خەرجـی کردبـوو، بـەڵام هیـچ سـوودێکی نەبـوو، بەڵکـو خراپـتر ببـوو. باسـی عیسـای بیسـتبوو، بۆیـە (ژنەکـە لـە ڕێـگای بـەرەو یایـرۆس) هاتـە نـاو خەڵکەکـە و لـە دواوە دەسـتی لـە کراسـەکەی دا، چونکە لـە دڵـی خۆیـدا گوتـی: «ئەگـەر تەنهـا دەسـت لـە کراسـەکەی بـدەم، چاکدەبمـەوە. دەسـتبەجێ خوێـن لێچوونەکـەی ڕاوەسـتا و لـە لەشـیدا هەسـتی بـە چاکبوونـەوە کـرد لـە نەخۆشـییەکەی.»

یەکسـەر عیسـاش زانـی هێزێـك لێـی هاتـە دەرەوە، ئـاوڕی لـە خەڵکەکـە دایـەوە و فەرمـووی: «کـێ دەسـتی لـە کراسـەکەم دا؟»

قوتابییەکانـی وەڵامیـان دایـەوە: «دەبینیـت خەڵکەکـە پاڵەپەسـتۆت لێدەکـەن، کەچـی دەفەرمـووی کـێ دەسـتی لێـدام؟»

بـەڵام عیسـا چـاوی دەگێـڕا، تاکـو بزانێـت کـێ بـوو وای کـرد. ژنەکـەش بـە ڕووداوەکـەی خـۆی دەزانـی، بـە تـرس و لـەرزەوە هـات، لەبەردەمـی کـەوت و هەمـووی بـە ڕاسـتی پـێ گـوت. ئەویـش پێـی فەرمـوو: «کچـم، باوەڕەکـەت تـۆی چاککـردەوە، بـڕۆ بـە سـەلامەت و لـە نەخۆشـییەکەت چاکببـەوە.»

کاتێك عیسا قسەی دەکرد، کەسانێك لە ماڵی پێشەوای کەنیشتەوە هاتن، گوتیان: «کچەکەت مرد، ئیتر ئەزیەت مەخەرە بەر مامۆستا.»

بەڵام عیسا گوێی بە قسەکەیان نەدا، بە پێشەواکەی کەنیشتی فەرموو: «مەترسە، تەنها باوەڕت هەبێت.»

نەیهێشت کەس لەگەڵی بچێت، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای برای یاقوب نەبێت. هاتنە ماڵی پێشەواکەی کەنیشت، بینی هەرا و گریان و شیوەنێکی زۆرە. چووە ژوورەوە، پێی فەرموون: «بۆچی هەراتانە و دەگریێن؟ کچەکە نەمردووە، نوستووە. بەمە خەڵکەکە پێی پێکەنین.»

بەڵام عیسا هەموویانی دەرکردە دەرەوە، دایك و باوکی منداڵەکەی برد لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون و چووە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو. دەستی منداڵەکەی گرت و پێی فەرموو: «تالیسا، قوم!» واتە: «کیژۆڵە، پێت دەڵێم هەستە!» کچەکەکە تەمەنی دوازدە ساڵ بوو، دەستبەجێ هەستا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، جا هەموویان زۆر سەرسام بوون. بە توندیش ڕایسپاردن کەس بەمە نەزانێت و فەرمووی شتێکی بدەنێ با بیخوات.»[٥٧]

## چاککردنەوەی دوو کەسی نابینا

عیسا بەوێدا دەڕۆیشت، دوو کەسی نابینا دوای کەوتن، هاواریان دەکرد و دەیانگوت: «کوڕی داود، بەزەییت پێماندا بێتەوە.» (عیسای مەسیحیان بە کوڕی داود ناوزەند کرد، چونکە پێشبینییەکان ئاماژەیان بەوە کردبوو کە مەسیح لە ڕەچەڵەکی داودەوە دێت، هەروەها بەگوێرەی ڕەچەڵەکی مرۆڤانە و لە ڕووی یاساییەوە یوسف بە باوکی عیسا دادەنرا کە لە نەوەی داود بوو.)

کاتێك هاتە ماڵەوە، کەسە نابیناکان هاتنە لای. عیساش پێی فەرموون: «لەو باوەڕەدان من بتوانم ئەمە بکەم؟» وەڵامیان دایەوە: «بەڵێ گەورەم.»

ئینجا ئەویش دەستی لە چاویان دا و فەرمووی: «با بە گوێرەی باوەڕتان

---

(٥٧) مەرقۆس ٥: ٣- ٤٣

بۆتـان ببێـت.» ئیـتر بیناییـان بـۆ گەڕایـەوە، عیسـاش بـە تونـدی ئـاگاداری کردنـەوە: «ئاگاداربـن بـا کـەس نەزانێـت (عیسـا نەیدەویسـت خەڵکـی تەنهـا لەبـەر ئـەو پەرجووانـە بـەدوای بکـەون کـە جەسـتەیان چـاك دەکاتـەوە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی کـەوا ئـەو مەسـیحی دەستنیشـانکراوی خودایـە). بـەڵام ئـەوان ڕۆیشـتن و هەمـوو ناوچەکەیـان لێـی تێگەیانـد.»

کاتێـك دەڕۆیشـتن، لاڵێکیـان هێنایـە لای، ڕۆحـی پیسـی تێدابـوو. کاتێـك ڕۆحـە پیسـەکە دەرکـرا، لاڵەکـە قسـەی کـرد. خەڵکەکـەش سەرسـام بـوون، گوتیـان: «قـەت لـە ئیسرائیلـدا شـتی وا ڕووی نـەداوە.»

بـەڵام فەریسـییەکان گوتیـان: «بـە شـای ڕۆحـە پیسـەکان ڕۆحـی پیـس دەردەکات.»[٥٨] (لـە بـری ئـەوەی دان بـە دەسـەڵاتی خوداییانـەی عیسـادا بنێـن بەسـەر شـەیتاندا، تۆمەتباریـان کـرد بـەوەی کـە لەگەڵیـدا هاوپەیمانـە.)

## عیسای مەسیح جارێکی دیکە لە لایەن جولەکەوە ڕەتدەکرێتەوە

عیسـا ئەوێـی (کەفەرناحـوم) بەجێهێشـت و گەڕایەوە شـارەکەی خۆی (ناسـیرە)، قوتابییەکانیشـی دوای کەوتـن. کـە بـووە شـەممە، لـە کەنیشـتدا دەسـتی کـرد بـە فێرکردنـی خەڵـك، زۆر لەوانـەی گوێیـان لێـی گرتبـوو سەرسـام بـوون.

گوتیـان: «ئەمـە ئەمانـەی لەکـوێ بـووە؟ ئـەی ئـەم داناییـەی پێـی دراوە و ئـەم پەرجووانەی لەسـەر دەسـتی دەکرێـن! ئـەرێ ئەمـە دارتاشـەکەی کـوڕی مریـەم و براکـەی یاقـوب و یوسـی و یەهـوزا و شـیمۆن نییـە؟ خوشـکەکانی لێـرە لەلامـان نیـن؟» جـا ڕەتیـان کـردەوە.

بـەڵام عیسـا پێـی فەرمـوون: «پێغەمبـەر بـێ ڕێـز نییـە، تەنهـا لـە شـار و لـە نێـوان خـزم و لـە ماڵـی خـۆی نەبێـت.» ئیـتر لەوێـدا نەیتوانـی هیـچ پەرجوویێـك بـكات (بەهـۆی ئـەوەی ئەوانـەی گوێیـان لێـی دەگـرت باوەڕیـان نەبـوو)، تەنهـا چەنـد نەخۆشـێك نەبێـت کـە دەسـتی لەسـەر دانـان و چاکیکردنـەوە. (عیسـا) لـە بێبـاوەڕی ئـەوان سـەری سـوڕما.[٥٩]

---

(٥٨) مەتا ٩: ٢٧- ٣٤

(٥٩) مەرقۆس ٦: ١- ١٦

# بەشی چوارەم

## ساڵی بەرگری

### عیسای مەسیح بە شار و گوندەکاندا دەگەڕێت

عیسا بە هەموو شار و گوندەکاندا دەگەڕا، لە کەنیشتەکانیان فێری دەکردن و مزگێنی پاشایەتییەکەی (خودای) ڕادەگەیاند، هەرچی نەخۆشی و هەرچی نەساغی هەبوو چاکی دەکردنەوە. کاتێك خەڵکەکەی بینی دڵی پێیان سووتا، چونکە وەك مەڕی بێ شوان پەرێشان و دەربەدەر بوون. جا بە قوتابییەکانی فەرموو: «دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت.» (داوا لە خودا بکەن مزگێنیدەر بۆ خەڵك بنێرێ.)

### عیسای مەسیح قوتابییەکانی دەنێرێت

ئینجا دوازدە قوتابییەکەی بانگکرد، دەسەڵاتی پێدان تاکو ڕۆحی پیس دەربکەن و هەرچی نەخۆشی و نەساغی هەبوو چاك بکەنەوە.[٦٠]

عیسا ئەم دوازدە کەسەی نارد، فەرمانی پێ کردن: «بە ڕێگای نەتەوەکاندا (بتپەرستان) مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەکان (لەوێدا جولەکە و بتپەرستەکان تێکەڵن)، بەڵکو لە بری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانیماڵی ئیسرائیل (جولەکە). کاتێك دەچن، ئەم پەیامە ڕابگەیەنن: «پاشایەتی ئاسمان نزیك بووەتەوە (لەوێ خودا پاشایەتی ژیانی ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان پێی هەیە).» نەخۆش چاك بکەنەوە، مردووان زیندوو بکەنەوە، گول پاك بکەنەوە، ڕۆحی پیس دەربکەن. بەخۆڕایی وەرتانگرتووە، بەخۆڕاییش بیدەن. زێڕ و زیو و مس لە پشتێنتان هەڵمەگرن، نە توورەکە بۆ ڕێگا، نە دوو کراس و پێڵاوی زیاد و نە گۆچانیش، چونکە کرێکار شایانی نانی خۆیەتی.

«چوونە هەر شار و گوندێك، بە شوێن کەسێکی شایستەدا بگەڕێن و هەتا

---

(٦٠) مەتا ٩: ٣٥—١٠: ١

ئـەوێ بەجێدەهێڵـن لـە ماڵـی ئـەو کەسـەدا بمێننـەوە. کـە چوونـە ماڵەکـە سـڵاو بکـەن. ئەگـەر ماڵەکـە شایسـتە بـوون، بـا ئاشـتیتان بۆیـان بێت، بـەڵام ئەگەر شایسـتە نەبـوون، بـا ئاشـتیتان بـۆ خۆتـان بگەڕێتـەوە. ئـەوەی پێشـوازی لـێ نەکـردن و گوێی لـە قسـەتان نەگـرت، لـەو ماڵـە یـان لـەو شـارۆچکەیە بڕۆنـە دەرەوە و تـۆزی پێتـان بتەکێنـن. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: لـە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا، دۆخـی خاکـی سـەدۆم و عەمـۆرا (ئـەو دوو شـارەی کـەوا خـودا لەبـەر گوناهەکانیـان لـە ئاسـمانەوە ئاگـری بەسـەردا بارانـدن و وێرانـی کـردن) سـزای سـووکتر دەبێـت لـەوەی ئـەم شـارە. ئەوەتـا مـن وەك مـەڕ بەنـاو گەلـە گورگـدا دەتاننێـرم. جـا وەك مـار ژیـر بـن و وەك کۆتـر لـە خراپـە بێبـەری بـن.

«لـە خەڵکـی بەئاگابـن، چونکـە دەتاندەنـە دادگا و لـە کەنیشـتەکانیان بـە قامچـی لێتـان دەدەن، لەبـەر مـن دەبردرێنـە بـەردەم فەرمانڕەوایـان و پاشـایان، وەك شـایەتێکی مـن بـۆ ئـەوان و بـۆ نەتەوەکانیـش (بـۆ جولەکـە و نەتەوەکانـی دیکـە). کاتێکیـش بەگرتنتـان دەدەن، نیگـەران مەبـن چـۆن یـان چـی بڵێـن، لـەو کاتـەدا پێتـان دەدرێـت چـی بڵێـن، چونکـە ئـەوە ئێـوە نیـن کـە قسـە دەکـەن، بەڵکـو ڕۆحـی باوکتانـە (باوکـی ئاسـمانی) لـە ئێـوەدا قسـە دەکات.

«بـرا بـرای خـۆی بـۆ مـردن بەگرتـن دەدات، باوکیـش منداڵـی خـۆی. منـداڵان لـە دایـك و باوکیـان هەڵدەگەڕێنـەوە و دەیانکـوژن. لەبـەر نـاوی مـن هەمـووان ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی تاکـو کۆتایـی دانبەخـۆدا بگرێـت، ڕزگاری دەبێـت. کـە لـەم شـارە دەتانچەوسـێننەوە، ڕاکـەن بـۆ شـارێکی دیکـە. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: شـارەکانی ئیسرائیـل تـەواو ناکـەن پێـش هاتنـی کـوڕی مـرۆڤ.

«قوتابـی لـە مامۆسـتاکەی بەرزتـر نییـە و کۆیلـەش لـە گەورەکـەی بەرزتـر نییـە. بـۆ قوتابـی بەسـە وەك مامۆسـتاکەی بێـت و کۆیلـەش وەك گەورەکـەی. ئەگـەر خـاوەن مـاڵ بـە "بەعلزەبول" (سـەرۆکی شـەیتانەکان) نـاو ببردرێـت، چەنـد زیاتـر خانەوادەکـەی؟

«لەبـەر ئـەوە لێیـان مەترسـن، چونکـە شـاردراوە نییـە ئاشـکرا نەبێـت و نهێنـی نییـە دەرنەکەوێـت. ئـەوەی لـە تاریکیـدا پێتانـی دەڵێـم، لـە ڕووناکـی بیڵێنـەوە، ئـەوەی بـە چرپـە دەیبیسـتن، لـە سـەربانەکان جاڕبـدەن. لەوانـە مەترسـن کـە

جەستە دەكوژن، بەڵام ناتوانن گیان بكوژن، بەڵكو لەوە بترسن كە دەتوانێ هەردووكیان لە دۆزەخدا لەناوبەرێت. ئایا دوو چۆلەكە بە فلسێك نافرۆشرێت (بچووكترین یەكەی دراوە)؟ كەچی هیچ یەكێكیان بەبێ خواستی باوكتان ناكەوێتە سەر زەوی. ئێوە تەنانەت مووی سەریشتان هەمووی ژمێردراوە. كەواتە مەترسن، ئێوە زۆر لە چۆلەكە بەنرخترن.

بۆیە ئەوەی لەبەردەم خەڵك دانم پێدا بنێت، منیش لەلای باوكم كە لە ئاسمانە، دانی پێدا دەنێم. بەڵام ئەوەی لەلای خەڵك نكۆڵی لە ناسینی من بكات منیش لەلای باوكم (عیسا دەستەواژەی باوكمی بەكارهێنا، كاتێك خەڵكی باسی خودایان دەكرد. ئەو دەربڕینە نازكێشانێكی ڕۆحیی هەیە، هەرگیز بە واتای باوكی جەستەیی نایەت)، كە لە ئاسمانە، نكۆڵی لێ دەكەم.

«وا مەزانن كە هاتووم تاكو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی. نەهاتووم بۆ هێنانی ئاشتی، بەڵكو شمشێر! چونكە من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی كوڕ لە باوكی و كچ لە دایكی و بووك لە خەسووی، (مەبەست لە شمشێر ئەوەیە كە دژیەكییەكی توند لە نێوان ئەندامەكانی یەك خێزاندا دروست دەكات بەهۆی باوەڕی هەندێكیان بە عیسای مەسیح و بێباوەڕی ئەوانی دیكە و دژایەتیكردنیان بۆ ئەو باوەڕە.)

دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەكەی خۆی دەبێت.

ئەوەی باوك یان دایكی لە من خۆشتر بووێت، شایانی من نییە. ئەوەی كوڕ یان كچی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە. ئەوەی خاچەكەی هەڵنەگرێت و دوام نەكەوێت (ئامادە نەبێت بۆ مردن لە پێناوی من) شایانی من نییە. ئەوەی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی ژیانی خۆی لەبەر من بدۆڕێنێت دەیدۆزێتەوە.

ئەوەی پێشوازیتان لێ بكات، پێشوازی لە من دەكات، ئەوەش پێشوازیم بكات، پێشوازی لەوە دەكات كە منی ناردووە. ئەوەی پێشوازی لە پێغەمبەرێك بكات بە ناوی پێغەمبەر، ئەوا پاداشتی پێغەمبەرێك وەردەگرێت. ئەوەش پێشوازی لە پیاوچاكێك بكات بە ناوی پیاوچاك، ئەوا پاداشتی پیاوچاكێك وەردەگرێت. ئەوەی تەنها جامە ئاوێكی سارد بداتە یەكێك لەم بچووكانە،

لەبەر ئەوەی قوتابی منن، ڕاستیتان پێ دەڵێم: پاداشتی ون نابێت.»[٦١] جا (قوتابییەکان) بەڕێکەوتن و بە گوندەکاندا دەگەڕان.[٦٢] ئەوانیش چوونەدەرەوە و جاڕی تۆبەکردنیان دا. ڕۆحی پیسی زۆریان دەرکرد و زۆر نەخۆشیان بە ڕۆن چەورکرد و چاکیان کردنەوە.[٦٣]

پاش ئەوەی عیسا لە ڕێنمایی دوازدە قوتابییەکەی تەواو بوو، لەوێ ڕۆیشت و چوو بۆ فێرکردن و ڕاگەیاندنی پەیامی خودا لە شارۆچکەکانیان.[٦٤]

## کوشتنی حەزرەتی یەحیا

هێرۆدسی پاشا ئەمەی بیست، چونکە ناوی عیسا دەنگیدایەوە و دەیانگوت: «یەحیای لەئاوهەڵکێش لەناو مردووان هەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت.

خەڵکی دیکە دەیانگوت: «ئەلیاسە.» (دەیانگوت کە ئەلیاس بەر لە لەدایکبوونی مەسیح جارێکی دیکە لەسەر زەوی دەردەکەوێت. (مەلاخی ٣: ٥) دەڵێت: ﴿گوێ بگرن، بەر لەوەی ڕۆژی گەورە و ترسناکی یەزدان بێت، من ئەلیاسی پێغەمبەرتان بۆ دەنێرم.﴾) هەندێکیش دەیانگوت: «پێغەمبەرێکە، وەك پێغەمبەرانی سەردەمی کۆن.»

بەڵام هێرۆدس گوتی: «یەحیایە، ئەوەی سەرم بڕی، ئەوە هەستاوەتەوە![٦٥] لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێت. »[٦٦]

خودی هێرۆدس ناردبووی (هێرۆدس چەند کەسێکی ناردبوو بۆ گرتنی

---

(٦١) مەتا ١٠: ٥- ٤٢

(٦٢) لۆقا ٩: ٦

(٦٣) مەرقۆس ٦: ١٢- ١٣

(٦٤) مەتا ١١: ١

(٦٥) مەرقۆس ٦: ١٤- ١٦

(٦٦) مەتا ١٤: ٢

یەحیای لەئاوهەڵکێش)، لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلیپۆسی برای، ئەوەی کە خواستبووی، یەحیای گرتبوو و لە زیندان بەستبوویەوە، چونکە یەحیا بە هێرۆدسی دەگوت: «دروست نییە براژنەکەت بخوازیت.» ئیتر هیرۆدیا زۆر ڕقی لێی دەبووەوە و دەیویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی، چونکە هێرۆدس لە یەحیا دەترسا، دەیزانی پیاوێکی ڕاستودروست و پیرۆزە، دەیپاراست. کاتێك گوێی لێ دەگرت زۆر دەشێوا، حەزیشی دەکرد گوێی لێ بگرێت.

دەرفەتێك ڕێککەوت، کاتێك هێرۆدس لە جەژنی لەدایکبوونی بۆ گەورە پیاوانی و فەرماندەکانی و ماقوڵانی جەلیل خوانی سازکرد. کچی هیرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد. جا هێرۆدس و ئەوانەی لەگەڵی پاڵیاندابووەوە دڵخۆشی کردن. (لە کۆندا باوە بووە خەڵکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا پاڵیانداوەتەوە.)

پاشا بە کچەکەی گوت: «ئەوەی دەتەوێت لە منی داوا بکە، دەتدەمێ.» سوێندیشی بۆ خوارد: «هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی شانشینەکەشم بێت.»

ئەویش چووە دەرەوە و بە دایکی گوت: «داوای چی بکەم؟» گوتی: سەری یەحیای لەئاوهەڵکێش.

دەستبەجێ و بە پەلە هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، داوای کرد و گوتی: «دەمەوێت ئێستا سەری یەحیای لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەك بدەیتێ.»

پاشا زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکان و ئەوانەی لەگەڵی لەسەر خوان بوون، نەیویست ڕەتی بکاتەوە. پاشا یەکسەر پیاوکوژی نارد و فەرمانی دا سەری بهێنێت. ئەویش چوو و لە زیندان سەری بڕی، لەسەر سینییەك سەری ئەوی هێنا و دایە کچەکە، کچەش دای بە دایکی. قوتابییەکانی (قوتابییەکانی یەحیا) بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕێکدا ناشتیان.[٦٧] ئینجا هاتن هەواڵیان دایە عیسا.[٦٨]

---

(٦٧) مەرقۆس ٦: ١٧- ٢٩

(٦٨) مەتا ١٤: ١٢

## تێربوونی پێنج هەزار کەس

نێردراوان لە عیسا کۆبوونەوە، هەموو ئەوەی کردبوویان و فێریان کردبوو بۆیان گێڕایەوە. ئەویش پێی فەرموون: «هەر خۆتان وەرنە شوێنێکی چۆڵ کەمێك پشوو بدەن.» لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون، دەرفەتی نان خواردنیان نەبوو.

ئیتر هەر خۆیان بە بەلەم چوونە شوێنێکی چۆڵ. بەڵام خەڵکێکی زۆر ئەوانیان لەکاتی ڕۆیشتندا بینی و ناسیاننەوە، لە هەموو شارەکانەوە پێکەوە بەپێ بەرەو ئەوێ ڕایاندەکرد و پێشیان کەوتن. کاتێك عیسا لە بەلەم دابەزی، خەڵکێکی ئێجگار زۆری بینی و دڵی پێیان سووتا، چونکە وەك مەڕی بێ شوان وابوون. دەستی پێکرد زۆر شتی فێرکردن.

کاتێك درەنگ داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای، گوتیان: «ئەم شوێنە چۆڵە و ئێستا کاتیش درەنگە. بەڕێیان بکە، تاکو بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر خواردن بۆ خۆیان بکڕن.

بەڵام وەڵامی دانەوە: «ئێوە شتێکیان بدەنێ با بیخۆن.» پێیان گوت: ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ، تاکو بیخۆن؟[٦٩]

فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: «بایی دوو سەد دیناریش نان بەشیان ناکات، ئەگەر هەریەکەیان کەمێکی بەرکەوێت.»

یەکێك لە قوتابییەکانی کە ئەندراوسی برای شیمۆن پەترۆس بوو پێی گوت: کوڕێك لێرەیە پێنج نانی جۆ و دوو ماسی پێیە. بەڵام ئەوندە چییە بۆ ئەم هەمووە؟

عیسا فەرمووی: «خەڵکەکە دابنیشێنن.» ئەو شوێنە گیایەکی زۆری لێبوو، جا پیاوەکان کە پێنج هەزار دەبوون دانیشتن. عیساش نانەکانی وەرگرت و سوپاسی خودای کرد، بەسەر دانیشتووان دابەشی کرد، بۆ ماسییەکانیش ئاوای کرد، ئەوەندەی ویستیان.

---

(٦٩) مەرقۆس ٦: ٣٠- ٣٧

کاتێـك تێربـوون، بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو: ئـەو پەلکەنانـەی ماوەتـەوە کـۆی بکەنـەوە تاکـو هیـچ بەفیـڕۆ نـەڕوات. ئەوانیش کۆیان کـردەوە و دوازدە سـەبەتەیان پـڕ کـرد لـەو پەلکەنانـەی ئـەو پێنـج نانـە جۆیـەی لـە نانخـۆران مابـووەوە.

لەبـەر ئـەوە کـە خەڵکەکـە بینییـان عیسـا چ پەرجووێکـی کـرد، گوتیان: بەڕاسـتی ئەمـە پێغەمبەرەکەیە کـە بـۆ جیهـان دێـت. عیسـا زانـی ئـەوان بـە نیـازن بێـن و بیگـرن تاکـو بیکەنـە پاشا (خەڵکـی دەیانویسـت عیسـا بکەنـە پاشـایەکی زەمینـی، بـەڵام عیسـا مەبەسـتی بـوو کـە پاشـایەتییەکی ڕۆحـی دابمەزرێنـێ)، دیسـان بـە تەنهـا چـووە سـەر شـاخ.(٧٠)

دەسـتبەجێ عیسـا قوتابییەکانـی ناچـار کـرد سـواری بەلەمەکـە بـن و پێشـی بکـەون بـۆ ئەوبـەری دەریاچەکـە، بـۆ شـارۆچکەی بێتسـەیدا، تاکـو خـۆی خەڵکەکـە بـەڕێ دەکات.(٧١)

## عیسا بەسەر ئاودا دەڕوات

کاتێـك خەڵکەکـەی بەڕێکـرد، بـە تەنها چـووە سـەر شـاخ تاکـو نوێـژ بـکات. کـە ئێـوارە داهـات بـە تەنهـا لـەوێ بـوو، بەلەمەکـەش ماوەیەکـی زۆر لـە وشـکانییەوە دوور کەوتبـووەوە، شـەپۆلەکانیش پێیانـدا دەکێشـا، چونکـە بایەکـە پێچەوانـە بـوو. پێـش خۆرهەڵاتـن عیسـا هاتـە لایـان و بەسـەر دەریاچەکـەدا دەڕۆیشـت. کاتێـك قوتابییـەکان بینییـان لەسـەر دەریاچەکـە دەڕوات، شـێوان و گوتیـان: «ئەمـە دێوەزمەیـە!» لـە ترسانیشـدا هاواریـان کـرد.

دەستبەجێ عیسا قسەی لەگەڵ کردن: ورەتان بەرز بێ! منم. مەترسن.

پەتـرۆس وەڵامـی دایـەوە: «گـەورەم، ئەگـەر تـۆی، فەرمانـم پێبـدە بەسـەر ئاوەکـەدا بێمـە لات.»

فەرمـووی: «وەرە.» پەتـرۆس لـە بەلەمەکـە دابـەزی و بەسـەر ئاوەکـەدا ڕۆیشـت و

---

(٧٠) یۆحەنا ٦: ٧- ١٥

(٧١) مەرقۆس ٦: ٤٥

بەرەو لای عیسا بەڕێکەوت. بەڵام کاتێك بینی ڕەشەبایە، ترسا و خەریك بوو نوقوم دەبوو، هاواری کرد: «گەورەم، ڕزگارم بکە!»

عیساش یەکسەر دەستی درێژکرد و گرتی و پێی فەرموو: «کەم باوەڕ، بۆچی گومانت کرد؟»

کە سەرکەوتنە ناو بەلەمەکە، بایەکە وەستا. ئەوانەی لەناو بەلەمەکەدا بوون، کڕنۆشیان بۆ برد و گوتیان: «بەڕاستی تۆ کوڕی خودای.[٧٢]»

## عیسا نەخۆشی دیکە چاك دەکاتەوە

کاتێك (عیسا و قوتابییەکان) پەڕینەوە، هاتنە خاکی جەنیسارەت و لەنگەریان گرت. کاتێك لە بەلەمەکە دابەزین، خەڵك عیسایان ناسییەوە. بە پەلە ڕۆیشتن و دەستیان کرد بە هێنانی نەخۆشەکانیان بەسەر نوێنەکانیانەوە بۆ هەر شوێنێك کە دەیانبیست عیسای لێیە. بۆ هەر شوێنێك دەچوون، گوند، شار، کێڵگە، خەڵك نەخۆشەکانیان لە بازاڕ دادەنا و لێی دەپاڕانەوە کە تەنها دەست لە چمکی کراسەکەی بدەن. جا هەموو ئەوانەی دەستیان لێیدا چاکبوونەوە.[٧٣]

بۆ بەیانی، ئەو خەڵکەی لەوبەری دەریاچەکە ڕاوەستابوون بینییان لە بەلەمێك زیاتر لەوێ نەبوو، عیساش لەگەڵ قوتابییەکانی سواری بەلەم نەبوو، بەڵکو قوتابییەکانی بە تەنها بەڕێکەوتبوون. بەلەمی دیکەش لە شاری تەبەرییەوە هاتنە نزیك ئەو شوێنەی نانەکەیان لێی خوارد کە عیسای خاوەن شکۆ سوپاسی خودای کرد. کاتێك خەڵکەکە بینییان نە عیسا لەوێیە و نە قوتابییەکانی، سواری بەلەمەکان بوون و چوونە کەفەرناحوم، لە عیسا دەگەڕان.

## منم نانی ژیان

کە لەوبەری دەریاچەکە دۆزییانەوە، لێیان پرسی: «ڕابی، کەی گەیشتییە ئێرە؟»

---

(٧٢) مەتا ١٤: ٢٣- ٣٣

(٧٣) مەرقۆس ٦: ٥٣- ٥٦

عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە بەدوامدا دەگەڕێن نەك لەبەر ئەوەی پەرجووەکانتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. بۆ خۆراکێك ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێك کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوك مۆری لێداوە.»

لەبەر ئەوە لێیان پرسی: «چی بکەین تاکو کارەکانی خودا بکەین؟»

عیسا وەڵامی دانەوە: «کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.»

ئەوانیش لێیان پرسی: «چ پەرجوویەك دەکەیت تاکو ببینین و باوەڕت پێ بکەین؟ چی دەکەیت؟ باوباپیرانمان لە چۆڵەوانی مەنیان خوارد، وەك نووسراوە: لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو بیخۆن.»

عیساش پێی فەرموون: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: موسا نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ، بەڵکو باوکمە لە ئاسمانەوە نانی ڕاستیتان دەداتێ، چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان.»

لەبەر ئەوە پێیان گوت: «گەورەم، هەموو کاتێك ئەو نانەمان بدەرێ.»

عیساش پێی فەرموون: «منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت. بەڵام پێم گوتن، منتان بینیوە و باوەڕیش ناهێنن. هەرکەسێك باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەریناکەم. من لە ئاسمانەوە دابەزیوم، نەك تاکو بە خواستی خۆم بکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی. ئەمەش خواستی ئەوەیە کە ناردوومی، هەرکەسێکی پێداوم لە دەستی نەدەم، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە. خواستی باوکم ئەمەیە: هەرکەسێك تەماشای کوڕەکە بکات و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی هەتاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە.»

جولەکەش بۆڵەبۆڵیان لەسەر دەکرد، چونکە فەرمووی: «منم ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە. گوتیان: «ئەمە عیسای کوڕی یوسف نییە، کە دایك و

باوکـی دەناسـین؟ ئێسـتا چـۆن دەڵێـت ”لـە ئاسـمانەوە دابەزیـوم“؟»

عیسـاش وەڵامـی دانـەوە و پێـی گوتـن: «لەنـاو خۆتانـدا بۆڵەبـۆڵ مەکـەن. کـەس ناتوانێـت بێتـە لام ئەگـەر بـاوك ڕاینەکێشـێت، ئـەوەی ناردوومـی (ئـەو باوکـەی کـە منـی نـاردووە)، منیـش لـە ڕۆژی دواییـدا زینـدووی دەکەمـەوە. لـە پەڕتووکـی پێغەمبەرانـدا نـووسراوە: ﴿هەمـوو لـە خـوداوە فێـر دەبـن.﴾ جـا ئـەوەی لـە باوکـەوە بیسـتبێتی و فێربووبێـت دێتـە لام. کـەس باوکـی نەبینیـوە جگـە لـەوەی لـە خوداوەیـە، تەنها ئـەوەی لـە خوداوەیـە باوکـی بینیـوە. ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێم: ئـەوەی بـاوەڕ بهێنێـت ژیانـی هەتاهەتایـی هەیـە. منـم نانـی ژیـان. باوباپیرانتـان لـە چۆڵەوانیـدا مەنیـان خـوارد و مـردن. بـەڵام ئەمـە ئـەو نانەیـە کـە لـە ئاسـمانەوە دابەزیـوە، تاکـو ئـەوەی لێـی بخـوات نەمرێـت. منـم ئـەو نانـە زینـدووەی کـە لـە ئاسـمانەوە دابەزیـوە. ئەگـەر یەکێـك لـەم نانـە بخـوات بـۆ هەتاهەتایـە دەژییـت. ئـەو نانـەش کـە بـۆ ژیانـی جیهـان دەیبەخشـم، جەسـتەمە.

جولەکـەکان لەنـاو خۆیـان دەمەقاڵەیـان بـوو و دەیانگـوت: «ئەمـە چـۆن دەتوانـێ جەسـتەی خۆیـمان بداتـێ بیخۆیـن؟»

لەبـەر ئـەوە عیسـا پێـی فەرمـوون: «ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئەگـەر جەسـتەی کـوڕی مـرۆڤ نەخـۆن و خوێنـی نەخۆنـەوە، ژیـان لـە ناختانـدا نابێـت. ئـەوەی جەسـتەم بخـوات و خوێنـم بخواتـەوە ژیانـی هەتاهەتایـی هەیـە، منیـش لـە ڕۆژی دواییـدا زینـدووی دەکەمـەوە، چونکـە جەسـتەم خۆراکـی ڕاسـتەقینەیە و خوێنیشـم خواردنـەوەی ڕاسـتەقینە. ئـەوەی جەسـتەم بخـوات و خوێنـم بخواتـەوە بـە منـەوە پەیوەسـت دەبێـت و منیـش بـەوەوە. وەك باوکـی زینـدوو ناردوومـی، منیـش بـەو باوکـە زینـدووم، ئـاواش ئـەوەی لـە جەسـتەی مـن بخـوات بەهـۆی منـەوە دەژییـت. ئەمـە ئـەو نانەیـە کـە لـە ئاسـمانەوە دابەزیـوە، نـەك وەکـو ئەوەی باوباپیـران خواردیـان و مـردن. ئـەوەی لـەم نانـە بخـوات هەتاهەتایـە دەژییـت. ئەمانـەی لـە کەنیشـتێکدا فەرمـوو، لـە کەفەرناحـوم خەڵکـی فێـر دەکـرد. (عیسـا مەبەسـتی لـە خـواردن و خواردنـەوەی ئاسـایی ڕۆژانـە نییـە، بەڵکـو مەبەسـتی لـە خۆراکـی ڕۆحییـە.)

## قوتابییەکان گومان دەکەن

لەبەر ئەوە زۆر لە قوتابییەکانی کە گوێیان لێبوو، گوتیان: «ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەریبگرێت؟»

عیسا لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پێی فەرموون: «ئایا ئەمە بۆ ئێوە دەبێتە کۆسپ؟ ئەی ئەگەر ببینن کوڕی مرۆڤ بەرزبێتەوە بۆ ئەو شوێنەی (ئاسمان) یەکەم جار لێی بوو؟ ڕۆحی پیرۆز ژیان (ژیانی هەتاهەتایی) دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵك نایەت. ئەو قسانەی پێم گوتن ڕۆح و ژیانن. بەڵام هەندێکتان باوەڕ ناکەن،» کە عیسا لە سەرەتاوە ئەوانەی دەناسی کە باوەڕ ناهێنن، هەروەها کێیە ئەوەی بە گرتنی دەدات. ئینجا فەرمووی: «لەبەر ئەوە پێم گوتن، کەس ناتوانێ بێت بۆ لام، مەگەر باوك ڕێگەی پێدابێت.

لەو کاتەوە زۆر لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵی نەدەگەڕان.

لەبەر ئەوە عیسا بە دوازدەکەی فەرموو: «ئەی ئێوە ناتانەوێ بڕۆن؟

شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: «گەورەم، بچینە لای کێ؟ وتەکانی ژیانی هەتاهەتایی لەلای تۆیە. ئێمەش باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ پیرۆزەکەی خودایت.»

عیسا وەڵامی دانەوە: «ئایا من ئێوەی دوازدەم هەڵنەبژاردووە؟ بەڵام یەکێك لە ئێوە ئیبلیسە!» ئەو باسی یەهوزای شیمۆنی ئەسخەریوتی دەکرد، چونکە بەتەمابوو بە گرتنی بدات کە یەکێکە لە دوازدە قوتابییەکە.

دوای ئەمانە عیسا بە جەلیلدا دەگەڕا و نەیدەویست لە یەهودیا بگەڕێ، چونکە ڕابەرانی جولەکەی ئەوێ هەوڵیان دەدا بیکوژن.[٧٤]

---

(٧٤) یۆحەنا ٦: ٦٠- ٧: ١

## دووڕوویی ئایینی

فەریسی و هەندێك لە مامۆستایانی تەورات کە لە ئۆرشەلیمەوە هاتبوون لەلای عیسا کۆبوونەوە. بینییان هەندێك لە قوتابییەکانی بە دەستی پیس نان دەخۆن، واتە بێ دەست شوشتن، چونکە فەریسی و هەموو جولەکە نان ناخۆن ئەگەر بە باشی دەستیان نەشۆن، پەیوەست بوون بە نەریتی پیران (یان نەریتی پێشینانی جولەکە)، هەروەها کاتێك لە بازاڕ دێنەوە نان ناخۆن هەتا خۆیان نەشۆن. زۆر دابونەریتی دیکەش هەیە کە جێبەجێی دەکەن، وەکو شوشتنی کاسە و چاپەست و دۆلکەی مس.

فەریسی و مامۆستایانی تەوراتیش لێیان پرسی: «بۆچی قوتابییەکانت لەسەر نەریتی پیران ناڕۆن و بە دەستی پیس نان دەخۆن؟»

ئەویش پێی فەرموون: «دووڕووەکان، سەبارەت بە ئێوە ئیشایای پێغەمبەر پێشبینی باشی کردووە، وەك نووسراوە:

﴿ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت،
بەڵام دڵی لێم دوورە.
بەخۆڕایی دەمپەرستن،
تەنها ڕاسپاردەی مرۆڤانە فێری خەڵك دەکەن.﴾

ئێوە ڕاسپاردەی خوداتان پشتگوێ خستووە و دەستتان بە نەریتی مرۆڤەوە گرتووە.»

دیسان پێی فەرموون: «باش ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نەریتی خۆتان بکەن. بۆ نموونە، (پێغەمبەر) موسا گوتوویەتی: ﴿ڕێزی دایك و باوکتان بگرن.﴾ ﴿ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێت بکوژرێت.﴾ بەڵام ئێوە دەڵێن: "ئەگەر یەکێك بە دایك یان باوکی بڵێت: ئەوەی لە منەوە سوودت لێی وەردەگرت، دەیکەمە قوربانی (بۆ پەرستگا)،" بە واتای دیاری بۆ خودا، ئیتر نایەڵن شتێکی بۆ دایك یان باوکی بکات. بەو نەریتەتان کە لە یەکتری وەردەگرن، دەسەڵاتی ڕاسپاردەی خودا ڕەت دەکەنەوە. زۆر شتی دیکەی وەك ئەمە دەکەن.»

دیسـان خەڵکەکـەی بانگکـرد و پێـی فەرمـوون: «هەمـوو گوێـم لـێ بگـرن و تێبگـەن. شـت نییـە لـە دەرەوەی مرۆڤـەوە بێتـە نـاوی و گڵاوی بـکات. بـەڵام ئـەوەی لـە مرۆڤـەوە دێتـە دەرەوە، ئـەوە مـرۆڤ گڵاو دەکات، ئـەوەی گوێـی هەیـە بـۆ بیسـتن بـا گـوێ بگرێـت.»[٧٥]

ئینجا قوتابییـەکان هاتنـە پێـش و لێیـان پرسـی: «دەزانـی کاتێـك فەریسـییەکان گوێیـان لـە قسـەکە بـوو بێـزار بـوون؟»

وەڵامـی دایـەوە: «هەر ڕووەکێـك باوکی ئاسـمانیم نەیچاندبێـت، هەڵدەکەنرێت. وازیـان لـێ بهێنـن، ئەوانـە کوێـرن ڕابەرایەتـی کوێـرەکان دەکـەن. ئەگـەر کوێـر ڕابەرایەتـی کوێـر بـکات، هەردووکیـان دەکەونـە چاڵـەوە.»

پەترۆس پێی گوت: «ئەم نموونەیەمان بۆ ڕوون بکەوە.»

عیسـا فەرمـووی: «ئێـوەش هێشـتا تێناگـەن؟ نازانـن هەرچـی دەچێتـە نـاو دەم دەڕواتـە نـاو سـك، دوایـی فڕێدەدرێتـە دەرەوە؟ بـەڵام ئـەوەی لـە دەم دێتـە دەرەوە، لـە دڵـەوە دێـت، ئەمـە مـرۆڤ گڵاو دەکات، چونکـە بیـری خـراپ لـە دڵـەوە دەردەچێـت، کوشـتن، داوێنپیسـی، بەدڕەوشـتی، دزی، شـایەتی درۆ، کفرکـردن. ئەمانە مـرۆڤ گڵاو دەکـەن. بـەڵام خـواردن بەبـێ دەسـت شوشـتن مـرۆڤ گڵاو نـاکات.»

## باوەڕی ژنێکی کەنعانی

عیسـا لـەوێ ڕۆیشـت و چـوو بـۆ ناوچەکانـی سـور و سـەیدا. ژنێکـی (فینیقـی لـە ڕەچەڵەکـی) کەنعانـی (ناجولەکـە) خەڵکـی دەوروبـەری ئـەوێ، بـەرەو ڕووی هـات و هـاواری کـرد: «گـەورەم، کـوڕی داود، بەزەییـت پێمـدا بێتـەوە! کچەکـەم بـە خراپـی ڕۆحـی پیسـی تێدایـە.»

بـەڵام عیسـا بـە وشـەیەکیش وەڵامـی نەدایـەوە. قوتابییەکانـی هاتنـە پێشـی و تکایـان لێـی کـرد: «بەڕێـی بکـە، وا بەدوامانـەوە هـاوار دەکات.»

---

(٧٥) مەرقۆس ٧: ١- ١٦

وەڵامی دایەوە: «من تەنها بۆ مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل نێردراوم.»

بەڵام ژنەکە هات، کڕنۆشی بۆ برد و گوتی: «گەورەم، یارمەتیم بدە!»

(عیسا ئەو نموونەیەی بەبیردا هات کە لە بیری جولەکەکاندا بوو.)

وەڵامی دایەوە: «ناشێت نانی منداڵان ببڕدرێت و فڕێبدرێت بۆ سەگ.»

ژنەکە گوتی: «ڕاستە گەورەم، بەڵام سەگیش لەو پاشماوەیە دەخوات کە لە خوانی گەورەکانی بەردەبێتەوە.»

ئینجا عیسا وەڵامی دایەوە: «خانم، باوەڕی تۆ بەهێزە! ئەوەی داوای دەکەیت با بۆت ببێت.» لەو کاتەوە کچەکەش چاك بووەوە. (گەلی جولەکە پێیان وابوو کە عیسای مەسیح تەنها بۆ جولەکە نێردراوە، لە ڕێگەی ئەم نموونەیەوە تێگەیشتن کە چاکبوونەوە بۆ هەرکەسێکە کە باوەڕی هەبێت.)[٧٦]

## عیسا کەڕولاڵێك چاکدەکاتەوە

ئینجا عیسا هەرێمی سوری بەجێهێشت و بەسەیدادا (سور و سەیدا دوو بەندەرن لەسەر دەریای ناوەڕاست کە بە گەشەی بازرگانی و دەوڵەمەندی ناسرابوون) بەرەو دەریاچەی جەلیل هات، بە هەرێمی دەشارەکەدا.[٧٧] ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر هاتنە لای، شەل و کوێر و گۆج و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوو، لەبەرپێی دایاننان، ئەویش چاکیکردنەوە.[٧٨]

کەڕێکی لاڵوپتەیان بۆ هێنا، لێی پاڕانەوە دەستی لەسەر دابنێت.

عیسا بردییە لایەکەوە، دوور لە خەڵکەکە، پەنجەکانی خستە ناو گوێی کابراوە و تفی کرد بە دەستی خۆیدا و دەستی لە زمانی دا. چاوی بەرەو

(٧٦) مەتا ١٥:٢١ - ٢٨

(٧٧) مەرقۆس ٧: ٣١

(٧٨) مەتا ١٥: ٣٠

ئاسـمان هەڵبـڕی و هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و پێـی فەرمـوو: «ئێففەسـا!» واتـە بکرێـوە. دەسـتبەجێ گوێیەکانـی کرانـەوە و گرێـی زمانـی شـلبووەوە و بـە ڕەوانـی قسـەی کـرد.

ئینجـا ڕایسـپاردن بـە کـەس نەڵێـن، بـەڵام چەنـد ڕایدەسـپارد ئـەوان زیاتـر بڵاویـان دەکـردەوە. زۆر سەرسـام بـوون و دەیانگـوت: «هەمـوو شـتێکی بـە باشـی کـردووە! وا دەکات کـەڕ ببیسـتێت و لاڵ قسـە بـکات.»[٧٩]

## عیسا چوار هەزار کەس نان دەدات

ئینجـا عیسـا قوتابییەکانـی بانگکـرد و فەرمـووی: «دڵـم بـەو خەڵکە دەسـووتێت، ئـەوە سـێ ڕۆژە لەگەڵمـدان و هیچیـان نییـە بیخـۆن. ناشـمەوێت بـە برسـییەتی بیاننێرمـەوە، نـەوەك لـە ڕێـگا بـڕ نەکـەن.»

قوتابییەکانـی وەڵامیـان دایـەوە: «لـەم چۆڵەوانییـە ئـەو نانـە زۆرەمـان لەکـوێ بـوو بـۆ ناندانـی ئـەم هەمـوو خەڵکـە؟»

عیساش پێی فەرموون: «چەند نانتان پێیە؟»

گوتیان: «حەوت، لەگەڵ چەند ماسییەکی بچکۆلە.»

ئیـتر فەرمانـی دا خەڵکەکـە لەسـەر زەوی دانیشـن. حـەوت نـان و ماسـییەکانی بـرد، سوپاسـی خـودای کـرد و لەتـی کـردن و دایـە قوتابییـەکان، قوتابییەکانیـش دایانـە خەڵکەکـە. هەمـوو خواردیـان و تێربـوون، دوایـی حـەوت سـەبەتەی پـڕ پەلکـە نانیـان کۆکـردەوە. نانخـۆران چـوار هـەزار پیـاو بـوون، بێجگـە لـە ژن و منـداڵ. ئینجـا عیسـا خەڵکەکـەی بەڕێکـرد و سـواری بەلـەم بـوو و هاتـە سـنووری مەگـەدان (لەسـەر کەنـاری ڕۆژئـاوای دەریاچـەی جەلیـل).

---

(٧٩) مەرقۆس ٧: ٣٢-٣٧

## داواکردنی نیشانەی ئاسمانی

فەریسی و سەدوقییەکان هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێکرد نیشانەیەکی ئاسمانییان پیشان بدات (پەرجووێکیان بۆ بکات).

وەڵامی دایەوە: «کە ئێوارە داهات، دەڵێن ”ساماڵە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە،“ سەر لە بەیانیش، ”ئەمڕۆ هەورە، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە و ڕووگرژە.“ ئێوە دەزانن ڕووی ئاسمان بخوێننەوە، بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێکبدەنەوە! نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە دەکات، نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونس. (ئەو پەرجووەی کە پێغەمبەر یونس سێ ڕۆژ لەناو سکی ماسییەکی گەورە مایەوە)» ئینجا بەجێی هێشتن و ڕۆیشت.

## هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان

کاتێك قوتابییەکان گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، بینییان لە بیریان چووبوو لەگەڵ خۆیان نان ببەن. عیسا پێی فەرموون: «وریابن، ئاگاداری هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان بن.»

لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان کرد و گوتیان: «لەبەر ئەوەیە کە نانمان نەهێناوە.»

عیسا زانی و پێی فەرموون: «ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی لەنێو خۆتان دەڵێن نانمان نییە؟ ئایا هێشتا تێنەگەیشتوون؟ نایەتە بیرتان پێنج نانەکەی پێنج هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ یان حەوت نانەکەی چوار هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ چۆن تێناگەن من باسی نانم بۆ نەکردن؟ لە هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان ئاگاداربن!» (لە کتێبی پیرۆز هەوریرترش ئاماژەیە بۆ خراپە. عیسا دەیویست ئاگاداریان بکاتەوە لە فێرکردنە هەڵەکان کە لەناو هزری مرۆڤەکان بڵاودەبێتەوە هەروەك هەویرترش لەناو هەویر، بەڵام قوتابییەکان لە واتای ڕۆحیی ئەمە تێنەگەیشتن، بیریان بۆ واتای فیزیایی چوو.) ئینجا تێگەیشتن کە ئەو لە هەویرترشی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە فێرکردنی فەریسی (ئەوانەی کە زیادەیان خستە سەر ڕاسپاردەکانی خودا) و سەدوقییەکان (ئەوانەی چەند بڕگەیەکیان لە ڕاسپاردەکانی خودا لادا).[٨٠]

(٨٠) مەتا ١٥: ٣٢- ١٦: ١٢

## چاكبوونەوەی كەسێكی نابینا

(عیسا و قوتابییەكانی) هاتنە بێتسەیدا، كەسێكی نابینایان هێنایە لای عیسا و لێی پاڕانەوە دەستی لێ بدات. ئەویش دەستی نابیناكەی گرت، بردییە دەرەوەی دێیەكە و تفی لەسەر چاوی دا و دەستی لەسەر دانا و لێی پرسی: «هیچ دەبینیت؟»

سەیری كرد و گوتی: «خەڵك دەبینم وەك درەخت دەڕۆن.»

دیسان عیسا دەستی خستەوە سەر چاوی، چاوی تێبڕی و چاك بووەوە، هەموو شتێكی بە ڕوونی بینی. ئینجا بۆ ماڵی خۆی ڕەوانەی كردەوە و فەرمووی: «جارێ مەڕۆ بۆ ناو دێ.»(٨١)

## پەترۆس دان بە مەسیحدا دەنێت

كە عیسا گەیشتە ناوچەی قەیسەرییەی فیلیپۆس، لە قوتابییەكانی پرسی: «ئایا خەڵك دەڵێن كوڕی مرۆڤ كێیە (كوڕی مرۆڤ ئەو ناساوە بوو كە عیسای مەسیح بۆ خۆی داناوە وەك ئاماژەیەك بۆ بەجەستەبوونی خۆی وەك مرۆڤ)؟»

گوتیان: «هەندێك دەڵێن یەحیای لەئاوهەڵكێشە، هەندێكی دیكە دەڵێن ئەلیاسە، هەندێكیش یەرمیا یان یەكێك لە پێغەمبەران (لەدوای مردن هەستاوەتەوە).»

پێی فەرموون: «ئەی ئێوە دەڵێن من كێم؟»

شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: «تۆ مەسیحیت، كوڕی خودای زیندووی.» (وەڵامی پەترۆس مانای ئەوەیە كە عیسا پێغەمبەرێك نییە لەدوای مردن هەستابێتەوە، بەڵكو ئەو لە ئەزەلەوە زیندوو بووە بەر لەوەی لەسەر وێنەی مرۆڤ بێتە جیهان. دەربڕینی كوڕی خوداش بە واتای ڕەگەزی مرۆڤانە یان بەدوای یەكدا هاتنی زەمەنی نایەت، بەڵكو ئاماژەیە بۆ كرۆكی خودایەتی مەسیح.)

---

(٨١) مەرقۆس ٨: ٢٢- ٢٦

عیساش وەڵامی دایەوە: «شیمۆنی کوڕی یۆنا، خۆزگەت پێ دەخوازرێت، چونکە گۆشت و خوێن ئەمەیان بۆت ئاشکرا نەکرد، بەڵکو ئەو باوکەم کە لە ئاسمانە (داننان بە خودایەتی عیسا بە بەڵگەیەك نابێت کە ئەقڵ بیبڕێت، بەڵکو بە ڕاگەیاندنی خوداییانە دەبێت کە ڕۆحی پیرۆز بۆ مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت). منیش پێت دەڵێم، تۆ پەترۆسی و لەسەر ئەم بەردە (وشەی بەرد وەرگێڕانی ناوە یۆنانییەکەیە، بە واتای پەترۆس دێت) کۆمەڵەی خۆم بنیاد دەنێم کە دەروازەکانی دۆزەخ پێی ناوێرێت. (ڕابەرانی جولەکە پێیان وابوو کە ئەوان کلیلی ئاسمانەکانیان هەبوو، ئەوان دەیبەخشن و هەر ئەوانیش ڕێگری دەکەن. عیسا دووپاتی کردەوە کە دەرگاکانی پاشایەتی کراوەن بۆ هەرکەسێك ئەو شایەتییە قبوڵ بکات کە پەترۆس لەسەر خودایەتی عیسا ڕایگەیاند، لەبەر ئەوە پێی فەرموو:) کلیلەکانی شانشینی ئاسمانت دەدەمێ، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی گرێی بدەیت، لە ئاسماندا گرێدراو دەبێت، ئەوەی تۆ لەسەر زەوی بیکەیتەوە، لە ئاسماندا کراوە دەبێت.» (ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داننان بە خودایەتی عیسا بنەمای قبوڵکردنە لەلای خودا.) ئینجا فەرمانی دایە قوتابییەکان بە کەس نەڵێن کە ئەو مەسیحە.

## یەکەم باسی مردنی عیسا

لەو کاتەوە عیسا دەستی بە ڕوونکردنەوە کرد بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا (کاهینان هەڵدەستن بە ئەرکی قوربانیکردن لەناو پەرستگا و فێرکردنی خەڵك) و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە.

پەترۆس عیسای هێنایە ئەم لاوە و دەستی کرد بە سەرزەنشتکردنی: «خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەرنەیەت!»

عیسا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو: «لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! (مەبەستی لەوەیە کە لێرەدا پەترۆس دژی ویستی خودایە) تۆ کۆسپی لە بەردەمم، چونکە بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.»

ئینجا عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەگەر یەکێك ویستی دوام بکەوێت،

بـا نكۆڵـی لـە خـۆی بـكات (واتـا واز لـە ئـارەزووە تایبەتییەكانـی بهێنێـت) و خاچەكـەی هەڵبگرێـت و دوام بكەوێـت (هـەروەك كاتێـك سـزادراو بـە مـردن خاچەكـەی خـۆی هەڵدەگرێـت لـە ڕێـگای بـەرەو جێبەجێكردنـی سـزاكەی هەمـوو كات ئامـادە بێـت بـۆ ئازارچێژتـن). ئـەوەی بیەوێـت ژیانـی خـۆی ڕزگار بـكات (بـە پشتبەسـتن بـە دەسـتكەوتی مـاددی بـۆ ژیـان)، دەیدۆڕێنێـت، بـەڵام ئـەوەی لـە پێنـاوی مـن ژیانـی خـۆی بدۆڕێنێـت، دەیدۆزێتـەوە. چـی بـە كەڵكـی مـرۆڤ دێـت ئەگـەر هەمـوو جیهـان بباتـەوە و خـۆی بدۆڕێنێـت؟ یـان مـرۆڤ بـۆ كڕینـەوەی خـۆی چـی دەدات؟[٨٢]

ئـەوەی شـەرمی بـە مـن و بـە وتەكانـم بێـت، كـوڕی مرۆڤیـش شـەرمی پێـی دەبێـت، كاتێـك (لـە كۆتایـی ئـەم جیهانـە) بـە شـكۆی خـۆی و بـاوك و فریشـتە پیرۆزەكانـەوە دێتـەوە، [٨٣] كـوڕی مـرۆڤ بـە شـكۆی باوكییـەوە لەگـەڵ فریشـتەكانی خـۆی دەگەڕێتـەوە، ئەوسـا پاداشـتی هـەر كەسـێك بەپێـی كـرداری دەداتەوە (عیسـا ڕایگەیانـد كـە ئـەوە تەنهـا واتـای چاوەڕێكـردن ناگەیەنێـت هەتـا كۆتایـی جیهـان بـۆ ئـەوەی ببینـن كـە مەسـیح وەك پاشـا دەگەڕێتـەوە، بەڵكـو واتـای ئەوەیـە كە مەسـیح پاشـایەتییەكی ڕۆحـی دروسـتدەكات و پاشـاكەی خـودا خۆیەتـی، لەبـەر ئـەوە هانیـدان و فەرمـووی:). ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: هەندێـك لەوانـەی لێـرە ڕاوەسـتاون، مـردن ناچێـژن تاكـو كـوڕی مـرۆڤ نەبینـن بـە شانشـینەكەیەوە دێتـەوە.»[٨٤]

## دیداری ئەلیاس و موسا لەگەڵ عیسای مەسیح

نزیكـەی هەشـت ڕۆژ لـە دوای ئـەم وتانـە، عیسـا پەتـرۆس و یۆحەنـا و یاقوبـی بـرد و سـەركەوتە سـەر چیایـەك تاكـو نوێـژ بـكات. كاتێـك نوێـژی دەكرد، ڕوخسـاری گـۆڕا و جلەكانـی سـپی بریسـكەدار هەڵگـەڕان.[٨٥] لـە پێشـیان شـێوەی گـۆڕا، ڕووی

(٨٢) مەتا ١٦: ١٣- ٢٦

(٨٣) لۆقا ٩: ٢٦

(٨٤) مەتا ١٦: ٢٧- ١٧: ١

(٨٥) مەتا ٩: ٢٨- ١٢٩

وەك ڕۆژ دەدرەوشـایەوە و جلەكانـی وەك ڕووناكـی سـپی هەڵگـەڕان.[86] دوو پیاویـش لەگەڵـی دەدوان، موسـا (ئـەو پێغەمبـەرەی كـە نزیكـەی پـازدە سـەدە بـەر لـە لەدایكبوونـی مەسـیح مـرد) و ئەلیـاس بـوون (پێغەمبـەر ئەلیـاس نزیكـەی نـۆ سـەدە بـەر لـە لەدایكبوونـی مەسـیح بەرزكرایـەوە بـۆ ئاسـمان). بـە شـكۆوە دەركەوتـن و لەبـارەی بەجێهێشـتنی جیهـان (كـە مەسـیح جیهـان بەجێدەهێڵێـت) كـە دەبووایـە بـەم نزیكانـە لـە ئۆرشـەلیم ڕووی بدایـە، گفتوگۆیـان كـرد. بـەڵام پەتـرۆس و هاوڕێیانـی خـەو چاوی قـورس كردبـوون، كاتێـك بـە تـەواوی خەبەریان بـووەوە شـكۆی ئـەو و دوو پیاوەكەیـان بینـی كـە لەگەڵـی ڕاوەسـتابوون. كاتێـك پیـاوەكان لـە عیسـا جیا دەبوونـەوە، پەتـرۆس بـە عیسـای گـوت: «گـەورەم، پێـمان باشـە لێـرە بیـن. بـا سـێ كەپـر دروسـتبكەین، یەكێـك بـۆ تـۆ، یەكێـك بـۆ موسـا، یەكێكیـش بـۆ ئەلیـاس.» ئەمـەی گـوت بـێ ئـەوەی بزانێـت باسـی چـی دەكات.[87]

كاتێـك قسـەی دەكـرد، هەورێكـی ڕۆشـن باڵـی بەسـەریاندا كێشا و دەنگێـك لـە هەورەكـەوە فەرمـووی: «ئەمـە كـوڕی خۆشەویسـتمە، ئـەوەی پێـی دڵشـادم. گوێـی لـێ بگـرن! (ئـەم شـایەتییە ئاماژەیـە بـۆ عیسـا، هەروەهـا لێـرەدا وشـەی كـوڕ بـە واتـای ڕەگـەزی مرۆڤانـە یـان بـەدوای یەكداهاتنـی جەسـتەیی نایـەت، بـەڵام واتا كـە عیسـای مەسـیح لـە كرۆكـدا خودایـە)»

كاتێـك قوتابییـەكان گوێیـان لێبـوو، بەدەمـدا كەوتـن، زۆر ترسـان. بـەڵام عیسـا هـات، دەسـتی لێـدان و فەرمـووی: «هەسـتن، مەترسـن! ئینجا چاویـان هەڵبـڕی و لـە عیسـا زیاتـر كەسـیان نەبینـی.

كاتێـك لـە چیاكـە دەهاتنـە خـوارەوە، عیسـا فەرمانـی پێـدان: «ئەمـەی بینیتـان بـە كەسـی مەڵێـن، هەتـا كـوڕی مـرۆڤ لەنـاو مـردووان هەڵدەسـتێنرێتەوە.»

قوتابییەكانـی لێیـان پرسـی: «باشـە بۆچـی مامۆسـتایانی تـەورات دەڵێـن دەبێـت یەكـەم جـار ئەلیـاس بێـت؟» عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «ڕاسـتە، ئەلیاس دێـت و هەموو شـتێك ڕێـك دەخاتـەوە. بـەڵام پێتـان دەڵێـم: ئەلیـاس هـات و نەیانناسـی، چییـان ویسـت پێیـان كـرد. هەروەهـا كـوڕی مرۆڤیـش بـە دەسـتیانەوە ئـازار دەچێژێـت.» ئەوسـا قوتابییـەكان تێگەیشـتن كـە باسـی یەحیـای لەئاوهەڵكێشـی بـۆ كـردن.

---

(٨٦) مەتا ١٧: ٢

(٨٧) لۆقا ٩: ٣٠- ٣٣

## عیسا کوڕێك چاکدەکاتەوە کە ڕۆحی پیسی تێدایە

ڕۆحـی بەدیهێـنراوان ملکەچـی خـودان. ڕۆحـی پـاك و چـاك هەیـە خزمەتـی خەڵـك دەکات، ڕۆحـی پیـس و خراپیش هەیـە کـە لـە لایەنـی ڕۆحی و جەسـتەییەوە کار لەسـەر ئەزیەتدانـی خەڵـك دەکات!

کاتێـك (عیسـا و قوتابییەکانـی) گەیشـتنە لای خەڵکەکـە، کابرایـەك هـات و لـە بەردەمـی چۆکـی دادا و گوتـی: «گـەورەم، بەزەییـت بـە کوڕەکەمـدا بێتـەوە، فێـدارە و ئازارێکـی زۆر دەچێژێـت. زۆر جـار دەکەوێتـە نـاو ئاگـر و زۆر جاریـش نـاو ئـاوەوە. هێنامـە لای قوتابییەکانـت، بـەڵام نەیانتوانـی چاکـی بکەنـەوە.»

جا عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «ئـەی نـەوەی بێبـاوەڕ و خـوار، هەتـا کـەی لەگەڵتـان بـم؟ هەتـا کـەی بەرگەتـان بگـرم؟ بیهێننـە ئێـرە بـۆ لام.»[٨٨]

ئەوانیـش هێنایانـە لای. کـە ڕۆحـە پیسـەکە عیسـای بینـی، دەسـتبەجێ منداڵەکـە فێـی لێهـات و کەوتـە سـەر زەوی، دەگـەوزی و کـەف لـە دەمیـەوە دەهـات.

عیسا لە باوکی منداڵەکەی پرسی: «لە کەیەوە وای لێهاتووە؟»

گوتـی: «لـە منداڵییـەوە. زۆر جاریـش خسـتوویەتییە نـاو ئاگـر و نـاو ئـاوەوە تاکـو لەنـاوی ببـات. ئەگـەر دەتوانیـت شـتێك بکەیـت، بەزەییـت پێمان بێتـەوە و یارمەتیـمان بـدە.»

عیسـا پێـی فەرمـوو: « ”ئەگـەر دەتوانیـت؟“ ئـەوەی بـاوەڕ بهێنێـت هەمـوو شـتێکی بـۆ دەبێـت.»

یەکسـەر باوکـی منداڵەکـە هـاواری کـرد: «بـاوەڕم هەیـە، یارمەتـی بێباوەڕیـم بـدە! (واتـا وا بکـە کـە بـاوەڕم بەهێزتـر بێـت.)

عیسـا کـە بینـی خەڵکەکـە ڕاکەڕاکەیانـە، لـە ڕۆحـە پیسـەکەی ڕاخـوڕی: «ئـەی ڕۆحـی کـەڕولاڵ، فەرمانـت پـێ دەکـەم، لێـی وەرە دەرەوە و نەچیتـەوە نـاوی!»

---

(٨٨) مەتا ١٧: ٧- ١٧

ئینجا ڕۆحە پیسەکە هاواری کرد و بەتوندی فێی لێهێنا و لێی هاتە دەرەوە. کوڕەکە وەك مردووی لێهات، تەنانەت زۆر کەس گوتیان: مرد. بەڵام عیسا دەستی گرت و هەڵیستاندەوە، ئەویش ڕاوەستا.

عیسا چووەوە ماڵ، قوتابییەکانی بە تەنها لێیان پرسی: «بۆچی ئێمە نەمانتوانی دەریبکەین؟»

پێی فەرموون: «ئەم جۆرە بە نوێژ نەبێت دەرناکرێت.»

## دووەم باسی مردنی عیسا

(عیسا و قوتابییەکانی) لەوێ ڕۆیشتن و بە جەلیلدا تێپەڕین، عیساش نەیویست کەس بزانێت، چونکە قوتابییەکانی فێردەکرد و پێی دەفەرموون: کوڕی مرۆڤ (عیسای مەسیح) دەدرێتە دەست خەڵك و دەیکوژن، دوای کوشتنی بە سێ ڕۆژ هەڵدەستێتەوە. بەڵام ئەوان لە قسەکە تێنەگەیشتن و ترسان لێی بپرسن.[٨٩]

## باجی پەرستگا

کاتێك عیسا و قوتابییەکانی گەیشتنە کەفەرناحوم، باجگرانی دوو درهەمەکە (کە باجێکی ساڵانەی تایبەت بوو بە پەرستگا) هاتنە لای پەترۆس و گوتیان: «ئەرێ مامۆستاتان دوو درهەمەکە نادات؟»

گوتی: «بەڵێ.»

کاتێك پەترۆس هاتە ماڵەوە، عیسا پێشی کەوت و فەرمووی: «ڕات چییە شیمۆن؟ پاشایانی زەوی سەرانە و باج لە کێ وەردەگرن؟ لە هاوڵاتییانی خۆیان یان لە خەڵکی بیانی؟»

پەترۆس گوتی: «لە بیانی»

---

(٨٩) مەرقۆس ٩: ٢٠- ٣٢

عیساش پێی فەرموو: کەواتە ڕۆڵەکان ئازادن. بەڵام تاکو بۆیان نەبینە کۆسپ، بڕۆ دەریاچەکە و قولاپ هەڵبدە، یەکەم ماسی کە دەیگریت، دەمی بکەرەوە، دراوێکی ستاتیر (چوار درهەم) دەبینیتەوە، بیبە و لەجیاتی خۆم و خۆت بیاندەرێ.»

## کێ لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە؟

لەو کاتەدا قوتابییەکان هاتنە لای عیسا و گوتیان: «کێ لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە؟»

ئەویش منداڵێکی بانگکرد و لە ناوەڕاستیاندا ڕایگرت، فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر نەگۆڕێن و وەك منداڵتان لێنەیەت (چونکە منداڵ بێفیزە و تەنها پشت بە دایك و باوك یان خودا دەبەستێ)، هەرگیز ناچنە شانشینی ئاسمان. بۆیە ئەوەی وەك ئەم منداڵە خۆی نزم بکاتەوە، لە شانشینی ئاسماندا پایەبەرزترە.

«ئەوەی بەناوی من پێشوازی لە منداڵێکی وەك ئەمە بکات، پێشوازی لە من دەکات.[٩٠]

## ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە

یۆحەنا پێی گوت: «مامۆستا، یەکێکمان بینی بە ناوی تۆوە ڕۆحی پیسی دەردەکرد، ئێمەش ڕێمان لێ گرت، چونکە دوامان ناکەوێت.

عیسا فەرمووی: «ڕێی لێ مەگرن، کەس نییە بە ناوی منەوە پەرجوو بکات و بتوانێت لە دوای ماوەیەکی کورت بە خراپە باسم بکات، چونکە ئەوەی دژمان نییە لەگەڵمانە. ئەوەی بە ناوی منەوە جامێك ئاوی پێدان، لەبەر ئەوەی هی مەسیحن، ڕاستیتان پێ دەڵێم پاداشتی ون نابێت.»[٩١]

---

(٩٠) مەتا ١٧: ٢٤- ١٨: ٥

(٩١) مەتا ٩: ٣٨- ٤١

## بایەخی مەسیح بۆ ڕزگاربوونی هەمووان

«ئەوەی ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە، باشترە بۆی بەرداشێکی گەورە بە ملیەوە هەڵبواسرێت و نوقومی بنی دەریا بکرێت (بەرداش بەردێکی گەورەیە لە ئاش بەکاردێت بۆ هاڕینی دانەوێڵە).

«قوڕ بەسەر جیهان لەبەر ئەو کۆسپانەی کە مرۆڤ تووشی گوناه دەکەن! (لێرەدا مەبەست لە کۆسپ، قسە یان کردارێکە کەسێك دەیکات دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی دیکە توشی گوناه بێت) چونکە کۆسپەکان هەر دەبێ هەبن، بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی دەبێتە هۆی کۆسپەکان! ئەگەر دەستت یان پێت بۆت بووە کۆسپ (بە ئەنجامدانی گوناه)، بیبڕەوە و فڕێیبدە. باشترە بۆ ئەو کەسە بێ دەست یان بێ قاچ بچێتە ناو ژیانەوە لەوەی بە دوو دەست یان دوو پێیەوە فڕێبدرێتە ناو ئاگری هەتاهەتایی. ئەگەر چاوت بۆت بووە کۆسپ، دەریبهێنە و فڕێیبدە. باشترە بە یەك چاو بچیتە ناو ژیانەوە لەوەی بە دوو چاوەوە بخرێیتە ئاگری دۆزەخەوە (عیسا مەبەستی لە واتای وشەیی نییە لە بڕینی ئەندامی جەستە، بەڵکو مەبەستی لە خۆگرتن و بڕینەوەی ئارەزووی قەدەغەکراوە، هەرچەندە قورسیش بێت).

«ئاگاداربن! بە سووکی مەڕواننە یەکێك لەم بچووکانەی کە باوەڕیان بە من هەیە (خەڵکی ئاسایی کە شوێنکەوتەی مەسیحە)، چونکە پێتان دەڵێم فریشتەکانیان لە ئاسماندا بەردەوام ڕووی باوکم دەبینن کە لە ئاسماندایە. چونکە کوڕی مرۆڤ هاتووە ونبووان ڕزگار بکات.

«ڕاتان چییە؟ ئەگەر یەکێك سەد سەر مەڕی هەبێت و دانەیەکی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و نۆیەکە لە چیادا بەجێناهێڵێت تاکو بچێت بە دوای ونبووەکەدا بگەڕێت؟ ڕاستیتان پێ بڵێم: ئەگەر دۆزییەوە، لە نەوەد و نۆیەکەی تر کە بزر نەبوون زیاتر پێی دڵخۆش دەبێت! بە هەمان شێوە باوکتان لە ئاسمان نایەوێت یەکێك لەم بچووکانە لەناوبچێت. (خودا دەیەوێت هەموو مرۆڤێك لە تاریکی و سزای گوناه دەربازیان ببێت، هیچ کات حەز ناکات مرۆڤەکان بخاتە ناو دۆزەخ. خودا حەز بە سزادانی مرۆڤەکان ناکات، بەڵام دەستبەرداری دادپەروەری و یاسای خوداییانەی خۆی نابێت کە ئەگەر مرۆڤێك گوناه بکات دەبێت سزا بدرێت.)

## گلەیی برایانە

«ئەگەر خوشك یان براكەت خراپەی لەگەڵ كردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بكە. ئەگەر گوێی لێگرتی، ئەوا براكەت بەدەست دەهێنیتەوە. خۆ ئەگەر گوێی نەگرت، یەك یان دوو كەس لەگەڵ خۆت ببە، تاكو ﴿هەر بابەتێك لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەكەی بسەلمێنرێت. ئەگەر بەگوێی نەكردن، بە كڵێسا بڵێ، ئەگەر بەگوێی كڵێساشی نەكرد، ئەوا بە بتپەرست و باجگری دابنێ (لەو سەردەمە باجگر بە ستەمكار و زەوتكەری مافی خەڵك ناسراو بووە و هاموشۆی ئەو كەسانەش بە باش دانەندراوە).

«ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی لەسەر زەوی گرێی بدەن، لە ئاسمانیش گرێدراو دەبێت، ئەوەی لەسەر زەوی بیكەنەوە، لە ئاسمانیش كراوە دەبێت.

«دیسان ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر دووان لە ئێوە لەسەر زەوی لەسەر هەر شتێك ڕێك بكەون، هەرچی داوا بكەن، لەلایەن باوكم كە لە ئاسمانە، بۆیان دەبێت، چونكە لە هەر كوێیەك دوو یان سێ كەس بە ناوی منەوە كۆببنەوە، من لەوێ لەنێوانیاندا دەبم.» (عیسا بە باوەڕداران دەفەرموێ داوای هەرچییەك بكەن و لەگەڵ خواستی خودا یەكبگرێتەوە بۆتان دەبێت.)

## گرنگی گەردن ئازادكردن

ئینجا پەترۆس هات و پێی گوت: «گەورەم، دەبێ چەند جار گەردنی براكەم ئازاد بكەم كە خراپەم لەگەڵ دەكات؟ تاكو حەوت جار؟» (لەناو هەندێك لە جولەكەكان وا باوبوو كە سێ جار لە هەڵە خۆشدەبوون، بەڵام پەترۆس وەك ژمارەیەكی تەواو و بەهۆی دڵفراوانی عیسا پێی وابوو هەتا حەوت جار دەكرێ لە خەڵك خۆشبیت.)

عیساش پێی فەرموو: «من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵكو حەفتا كەڕەت حەوت جار! (عیسا مەبەستی ئەوە بوو كە لێخۆشبوون بێ سنوورە! فەرمایشتەكەی بەم نموونەیە ڕوونكردەوە:) لەبەر ئەوە پاشایەتی ئاسمان لە پاشایەك دەچێت ویستی حیساب لەگەڵ خزمەتكارەكانی بكات. كاتێك دەستی

پێکـرد، یەکێکیـان بـۆ هێنـا دە هـەزار کیسـە زێڕ قـەرزار بـوو. کـە هیچـی نەبـوو بیداتــەوە، گەورەکــەی فەرمانــی دا، خــۆی و ژن و منــداڵ و هەرچــی هەیەتــی بفرۆشرێـت و قەرزەکـە بداتــەوە.

«لەبــەر ئــەوە خزمەتکارەکــە لەبەردەمــی چۆکــی دادا و گوتــی: "لەســەرم ڕابوەســتە، هەمــووت دەدەمــەوە." گــەورەی ئــەو خزمەتــکارە دڵــی پێــی ســووتا، ئــازادی کــرد و لــە قەرزەکــە خۆشــبوو.

«ئـەم خزمەتـکارە ڕۆیشــت، خزمەتکارێکـی هــاوکاری خــۆی بینــی کــە ســەد دینار قــەرزاری بــوو، ملــی گــرت و گوتــی: "ئــەوەی بــە ســەرتەوەیە بمــدەرەوە!"

«خزمەتــکارە هاوکارەکــەی لەبەرپێــی کــەوت، لێــی پاڕایــەوە: "لەســەرم ڕابوەســتە، دەتدەمــەوە."

«بــەڵام ڕازی نەبــوو، چــوو فڕێیدایــە زیندانــەوە، هەتــا قەرزەکــەی بداتــەوە. کاتێـك خزمەتـکارە هاوکارەکانیـان ڕووداوەکەیـان بینـی، زۆریـان پـێ ناخـۆش بـوو، هاتـن و هەمـوو ئـەوەی ڕوویدابـوو بـۆ گەورەکەیـان گێڕایـەوە.

«ئەوسا گەورەکـەی بانگـی کـرد و پێـی گـوت: "خزمەتـکاری بـەدکار، لـە هەموو ئـەو قـەرزە خۆشـبووم، چونکـە لێـم پاڕایتـەوە. ئایـا نەدەبـوو تـۆش بەزەییـت بـە خزمەتـکارە هاوکارەکەتـدا بێتـەوە، وەك بەزەییـم پێتـدا هاتـەوە؟" جـا گەورەکـەی تووڕەبـوو و دایـە دەسـت جەلادەکانـەوە، هەتـا هەمـوو قەرزەکـەی بداتـەوە.

«باوکـی ئاسمانیشـم واتـان لێـدەکات، ئەگـەر هەریەکەتـان لـە دڵـەوە گەردنـی خوشـکی یـان براکـەی ئـازاد نـەکات.» (ئـەم نموونەیـە واتـا ئەگـەر تـۆ ئامـادە نەبیت لـە کەسـێك خۆشـبیت کـە خراپـەت بەرامبـەر دەکات چـۆن داوا لـە خـودا دەکەیـت لـە گوناهەکانـت خۆشـبێت. هەروەهـا عیسـای مەسـیح ناسـناوی باوکـی ئاسـمانی بەکارهێنـا وەك ئاماژەیـەك بـۆ خـودا)[٩٢]

---

(٩٢) مەتا ١٨: ٦- ٣٥

## نرخی شوێنکەوتنی عیسا

(عیسا و قوتابییەکانی) بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، یەکێك پێی گوت: «بۆ کوێ بڕۆیت دوات دەکەوم.»

عیساش پێی فەرموو: «ڕێوی کونی هەیە و باڵندەی ئاسمانیش هێلانە، بەڵام کوڕی مرۆڤ جێیەکی نییە سەری لێ دابنێت.»

بە یەکێکی دیکەی فەرموو: «دوام بکەوە.» ئەمەیان گوتی: «گەورەم، ڕێگام بدە یەکەم جار بچم باوکم بنێژم (چاوەڕێ دەکەم هەتا باوکم دەمرێت).»

عیساش پێی فەرموو: «واز لە مردووان بهێنە با مردووەکانی خۆیان بنێژن (ئەوانەی لەلایەنی ڕۆحییەوە مردوون)، بەڵام تۆ بڕۆ مزگێنی پاشایەتی خودا بدە.»

یەکێکی دیکە گوتی: «گەورەم، دوات دەکەوم، بەڵام جارێ لێمگەڕێ با ماڵئاوایی لە خانەوادەکەم بکەم.»

عیساش پێی فەرموو: «هەرکەسێك دەست لەسەر گاسن دابنێت و ئاوڕ لە دواوە بداتەوە، بە کەڵکی شانشینی خودا نایەت.[٩٣]»

## عیسا دەچێتە جەژنی کەپرەشینە

جەژنی کەپرەشینە سێیەم جەژنی جولەکەکان بوو، هەروەها پێشی دەگوترا جەژنی بەروبووم. لە ناوەڕاستی مانگی حەوت دەستپێدەکات و حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لەم جەژنەدا جولەکەکان ماڵەکانیان بەجێدەهێشت و لەژێر کەپر دەژیان، وەك یادەوەرییەك بۆ ژیانیان لەناو خێوەت لە بیابان لە دوای دەرچوونیان لە میسر و بەر لە نیشتەجێبوونیان لە شارەکان.

جەژنی کەپرەشینەی جولەکەش نزیك بوو، براکانی (کوڕەکانی یوسف و مریەم کە لەگەڵ عیسا لەناو یەك خێزان گەورە ببوون، بەگوێرەی یاسا برای یەکتر بوون) پێیان گوت: «ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ ناوچەی یەهودیا،

(٩٣) لۆقا ٩: ٥٧- ٦٢

تاکـو قوتابییەکانـی خۆشـت کارەکانـت ببینـن کـە تـۆ دەیکەیـت، هیـچ کەسـێك بـە نهێنـی شـتێك نـاکات ئەگـەر بیەوێـت ئاشـکرابێت. ئەگـەر ئـەم شـتانە دەکەیـت، خـۆت پیشـانی جیهـان بـدە. براکانـی وایـان پـێ گـوت، چونکـە تەنانـەت ئەوانیـش باوەڕیـان پێـی نەدەکـرد.»

عیسـاش پێـی فەرمـوون: «جـارێ کاتـم نەهاتـووە، بـەڵام هـەردەم کاتـی ئێـوە گونجـاوە. جیهـان ناتوانێـت ڕقـی لێتـان بێتـەوە، بـەڵام ڕقـی لـە مـن دەبێتـەوە، چونکـە شـایەتی لەسـەر دەدەم کـە کـردەوەی خراپـە. ئێـوە بڕۆنـە جەژنەکـە، مـن نایەمـە ئـەم جەژنـە، چونکـە هێشـتا کاتـم تـەواو نەبـووە.» ئەمانـەی فەرمـوو و لـە جەلیـل مایـەوە.

بـەڵام کـە براکانـی بـۆ جەژنەکـە چـوون، ئەویـش ڕۆیشـت، بـەڵام بـە ئاشـکرا نـا، ڕابەرانـی جولەکـە لـە جەژنەکـەدا بەدوایـدا دەگـەڕان و دەیانگـوت: ئـەو لـە کوێیـە؟

لەنێـو خەڵکەکـەدا چرپەچرپێکـی زۆری لەسـەر بـوو، هەندێکیـان دەیانگـوت: «چاکـە.»

خەڵکـی دیکـەش دەیانگـوت: «نەخێـر، بەڵکـو خەڵـك گومـڕا دەکات.» بـەڵام کـەس لـە ترسـی جولەکـەکان بـە ئاشـکرا باسـی نەدەکـرد.

## بیروڕای جیاواز دەربارەی عیسا

کاتێـك نیـوەی جـەژن بـوو، عیسـا چـووە حەوشـەکانی پەرسـتگا و خەڵکـی فێـر دەکـرد. جولەکـەکان سەرسـام بـوون و پرسـییان: «ئەمـە کـە فێرنەکراوە چـۆن ئـەم هەمـوو زانیارییـەی (تـەورات و زەبـوور و پێغەبـەران) هەیـە؟»

عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «فێرکردنـم هـی خـۆم نییـە، بەڵکـو هـی ئەوەیـە کـە ناردوومـی. ئەگـەر کەسـێك بیەوێـت بـە خواسـتی ئەو بـکات، لـە فێرکـردن دەزانێت ئاخـۆ هـی خودایـە یـان لـە خۆمـەوە دەدوێـم. ئـەوەی لـە خۆیـەوە بدوێـت، داوای شـکۆی خـۆی دەکات، بـەڵام ئـەوەی داوای شـکۆی ئـەوە بـکات کـە ناردوویەتـی، ئەمـە ڕاسـتگۆیە و فڕوفێڵـی تێـدا نییـە. ئایـا موسـا تەوراتـی نەداونەتـێ؟ بـەڵام کـەس لـە ئێـوە بـە قسـەی تـەورات نـاکات. بـۆ چـی هەوڵـی کوشـتنم دەدەن؟

(عیسا دەیزانـی کـە ئـەوان دواتـر لەخاچـی دەدەن.)»

خەڵکەکـە وەڵامیـان دایـەوە: «ڕۆحـی پیسـت هەیـە! کـێ هەوڵـی کوشـتنت دەدات؟»

عیسا پێـی فەرمـوون: «کارێکـم کـرد و هەمـوو سەرسـام بـوون. لـە ڕۆژی شـەممەدا کـوڕ خەتەنـە دەکـەن، چونکـە دەڵێـن کـە موسـا خەتەنەکردنـی پـێ سـپاردوون، هەرچەنـدە خەتەنەکـردن لـە موسـاوە نەبـووە، بەڵکـو لـە باپیرانتانەوەیـە (مەبەسـتی لـە ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقوبـە کـە بـەر لـە موسا بـوون). ئەگـەر کـوڕ لـە ڕۆژی شـەممە خەتەنـە بکرێـت تاکـو تەوراتـی موسا نەشـکێت، باشـە لـە مـن تـووڕە دەبـن کـە لـە ڕۆژی شـەممە سـەراپای مرۆڤێکـم چاککـردەوە؟ بـە ڕواڵـەت حوکـم مـەدەن، بەڵکـو حوکمێکـی دادپەروەرانـە بـدەن.»

## عیسای مەسیح ئەو ڕزگارکەرە بوو کە پێغەمبەرەکان پێشبینییان کرد

بـەر لـە لەدایکبوونـی مەسـیح بـە سـەدان سـاڵ، نـووسراوە پیـرۆزەکان دەیـان پێشـبینییان تێـدا هـات کـە خـودا بـە سروش بـۆ پێغەمبەرانـی جولەکـەی نـارد، کـە وردەکاری وردی تێدابـوو لەسـەر ژیانـی عیسـا. پێشـبینییەکان ڕایاندەگەیانـد کـە مەسـیح لـە بێتلەحـم لـە کچێکـی پاکیـزە لەدایـك دەبێـت و پاشـان لـە خـاچ دەدرێـت و دەمرێـت، ئینجـا هەڵدەسـتێتەوە و بەرزدەبێتـەوە بـۆ ئاسـمان. هەروەهـا زانیـاری زۆر ورد لەسـەر لەخاچـدان. هەمـوو ئـەو پێشـبینییانە لـە ژیانـی عیسـا هاتنـەدی. هەندێـك لـە پیرانـی جولەکـە درکیـان پێکـرد کـە عیسـا مەسـیحی چاوەڕوانکـراوە، بـەڵام لـە ترسـی لەدەسـتدانی پێگـە ئایینییەکانیـان نەیانوێـرا باوەڕیـان ڕابگەیەنـن.

لەبـەر ئـەوە هەندێـك لـە خەڵکـی ئۆرشـەلیم دەیانگـوت: «ئەمـە نییـە ئـەوەی دەیانەوێـت بیکـوژن؟ ئەوەتـا بـە ئاشـکرا قسـە دەکات و هیچـی پـێ ناڵێـن. ئایـا سـەرۆکەکان بـە ڕاسـتی بۆیـان دەرکەوتـووە کـە ئەمـە مەسـیحەکەیە؟ بـەڵام ئێمـە دەزانیـن ئەمـە خەڵکـی کوێیـە (وایاندەزانـی کـە بـە ڕاسـتی کـوڕی یوسـفی دارتاشـە و خەڵکـی ناسـیرەیە). کاتێـك مەسـیحیش دێـت کـەس نازانێـت خەڵکـی کوێیـە.»

عیساش لـه حەوشـەکانی پەرسـتگا خەڵکـی فێردەکـرد، هـاواری کـرد: «بەڵـێ، دەمناسـن و دەزانـن خەڵکـی کوێـم. لـە خۆمـەوە نەهاتـووم، بـەڵام ئـەوەی منـی نـاردووە ڕاسـتە. ئێـوە نایناسـن (ئێـوە خـودا ناناسـن)، بـەڵام مـن دەیناسـم چونکـە لـەوم و ئەویـش منـی نـاردووە.»

لەبـەر ئـەوە هەوڵیـان دەدا بیگـرن، بـەڵام کـەس دەسـتی بـۆ درێـژ نەکـرد، چونکـە هێشـتا کاتـی (لەخاچدانـی) نەهاتبـوو. زۆر لـە خەڵکەکـەش باوەڕیـان پێـی هێنـا و گوتیـان: «ئایـا کاتێـك مەسـیح دێـت، پەرجـووی زیاتـر دەکات لـەوەی ئەمـە کردوویەتـی؟»

فەریسـییەکان گوێیـان لێبـوو کـە خەڵکەکـە لەسـەر ئـەو چرپەچرپـی ئەمانەیانـە، جـا کاهینانـی بـاڵا و فەریسـییەکان خزمەتکاریـان نـارد تاکـو بیگـرن.

عیسـا فەرمـووی: «ماوەیەکـی کەمـم لەگەڵتـان مـاوە، ئینجـا دەچمـە لای ئـەوەی ناردوومـی. داوام دەکـەن و نامدۆزنـەوە، ناتوانـن بێـن بـۆ ئـەو شـوێنەی مـن لێـی دەبم.»

ئیـتر جولەکـەکان لەنێـو خۆیانـدا گوتیـان: «ئەمـە بـە نیـازە بـۆ کـوێ بـڕوات کـە نایدۆزینـەوە؟ ئایـا بـۆ لای پەراگەندەکانـی نێـو یۆنانییـەکان دەڕوات، تاکـو یۆنانییـەکان فێـر بـکات؟ ئـەم قسـەیە چییـە دەیـکات: "داوام دەکـەن بـەڵام نامدۆزنـەوە " و "ناتوانـن بێـن بـۆ ئـەو شـوێنەی مـن لێـی دەبـم "؟»

لـە دواییـن ڕۆژی گـەورەی جەژنـدا، عیسـا ڕاوەسـتا و هـاواری کرد: «ئەگـەر یەکێك تینـووی بـوو بـا بێتـە لام و بخواتـەوە. ئـەوەی بـاوەڕم پـێ بهێنێـت، وەك نـووسراوە پیرۆزەکـە فەرموویەتـی، لـە ناخییەوە ڕووبارەکانـی ئـاوی زینـدوو دەڕوات.» لێـرەدا مەبەسـتی لـە ڕۆحـی پیـرۆز بـوو، کـە ئەوانـەی بـاوەڕی پێدەهێنـن دواتـر وەریدەگـرن، بـەڵام هێشـتا ڕۆحـی پیـرۆز نەدرابـوو، چونکـە عیسـا شـکۆدار نەببـوو.

هەندێـك لـە خەڵکەکـە کـە گوێیـان لـەم قسـانە بـوو، گوتیـان: «ئەمـە بەڕاسـتی پێغەمبەرەکەیـە.»

هەندێکـی دیکـە، گوتیـان: «ئەمـە مەسـیحەکەیە.» بـەڵام هەندێـك گوتیـان: «باشـە مەسـیح لـە جەلیلـەوە دێـت؟ ئایـا نـووسراوە پیرۆزەکـە نافەرموێـت، مەسـیح لـە ڕەچەڵەکـی داود و لـە بێتلەحمـەوە دێـت، گوندەکـەی داودی لێبـوو؟» بۆیـە

بـه هـۆی ئـەوەوە دووبەرەکـی کەوتـە نێـوان خەڵکەکـە. هەندێـك لـەوان ویسـتیان بیگـرن، بـەڵام کـەس دەسـتگیری نەکـرد.

## بێباوەڕی هەندێك لە ڕابەرانی جولەکە

ئەوسـا خزمەتـکارەکان گەڕانـەوە لای کاهینانـی بـاڵا و فەریسـییەکان، ئەوانیـش لێیـان پرسـین: «بۆچـی نەتانهێنـا؟»

خزمەتـکارەکان وەڵامیـان دایـەوە: «هەرگیـز کـەس وەك ئەمـە قسـەی نەکـردووە!»

فەریسـییەکان گوتیـان: «ئایا ئێـوەش گومـڕا بـوون؟ باشـە کـەس لـە سـەرۆکەکان یـان فەریسـییەکان بـاوەڕی پـێ هێنـاوە؟ بێجگـە لـەم خەڵکـە نەفـرەت لێکـراوە کـە لـە تـەورات نازانێـت.»

نیقۆدیمـۆس کـە پێشـتر هاتبـووە لای عیسـا و یەکێـك بـوو لـەوان، لێـی پرسـین: «ئایـا تەوراتمـان حوکمـی یەکێـك دەدات پێـش ئـەوەی گوێـی لـێ بگرێـت و بزانێـت چـی کـردووە؟»

وەڵامیـان دایـەوە: «تـۆش جەلیلیـت؟ بگـەڕێ و ببینـە، لـە جەلیلـدا پێغەمبـەر هەڵناکەوێـت.»

ئیتر هەریەکە چووەوە ماڵی خۆی، بەڵام عیسا چوو بۆ کێوی زەیتوون.

## عیسا و ژنێکی داوێنپیس

عیسـا لـە بەرەبەیانـدا (لـە ئۆرشـەلیم) گەڕایـەوە حەوشـەکانی پەرسـتگا، هەمـوو خەڵـك هاتنـە لای و ئەویـش دانیشـت و فێـری دەکـردن. مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکان ژنێکیـان هێنـا کـە لـە کاتـی داوێنپیسـیدا گیرابـوو، لـە ناوەڕاسـتی خەڵکەکـە ڕایانگـرت، پێیـان گـوت: «مامۆسـتا، ئـەم ژنـە لـە کاتـی ئەنجامدانـی داوێنپیسـیدا گیـراوە. موسـاش لـە تەوراتـدا فەرمانـی پـێ کردوویـن ژنـی ئـاوا بەردبـاران بکرێـت. تـۆ چـی دەڵێـی؟» ئەمەیـان بـۆ تاقیکردنـەوەی عیسـا گـوت،

تاکو شتێکیان هەبێت سکاڵای لێ بکەن.

بەڵام عیسا خۆی چەماندەوە و بە پەنجە لەسەر زەوی دەینووسی. کاتێك ئەوان بەردەوام بوون لە پرسیارکردن، عیسا هەستایەوە و پێی فەرموون: «کامەتان بێ گوناهە با یەکەم (کەس) بێت بەردێکی تێبگرێ.» دیسان خۆی چەماندەوە و لەسەر زەوی دەینووسی.»

ئەوانەی گوێیان لێبوو، یەك لەدوای یەك ڕۆیشتن، دەستپێك لە پیرانەوە (بەتەمەنترینیان). ئەوسا عیسا بە تەنها مایەوە، ژنەکەش لەوێ ڕاوەستابوو. عیسا ڕاستبووەوە و پێی فەرموو: «خانم، ئەوانە چییان لێهات؟ کەس تاوانباری نەکردیت؟

گوتی: «نەخێر گەورەم.»

عیسا فەرمووی: «منیش تاوانبارت ناکەم. بڕۆ ئیتر گوناه مەکە.»

## عیسای مەسیح و ڕووناکی جیهان

دیسان عیسا قسەی بۆ کردن و فەرمووی: «منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.»

ئینجا فەریسییەکان پێیان گوت: «تۆ شایەتی بۆ خۆت دەدەیت. شایەتییەکەت ڕاست نییە.»

عیساش پێی فەرموون: «تەنانەت ئەگەر من شایەتی بۆ خۆم بدەم، شایەتییەکەم ڕاستە، چونکە دەزانم لەکوێوە هاتووم و بۆ کوێ دەڕۆم. بەڵام ئێوە نازانن من لەکوێوە هاتووم یان بۆ کوێ دەڕۆم. ئێوە بەگوێرەی پێوانەکانی مرۆڤ حوکم دەدەن، بەڵام من کەس حوکم نادەم. ئەگەر حوکمیش بدەم حوکمدانەکەم ڕاستە، چونکە بە تەنها نیم، بەڵکو من و باوکین، ئەوەی ناردوومی. لە تەوراتی ئێوەشدا نووسراوە کە شایەتی دوو کەس ڕاستە. منم شایەتی بۆ خۆم دەدەم، ئەو باوکەش کە منی ناردووە شایەتیم بۆ دەدات.»

ئەوسا لێیان پرسی: «باوکت لەکوێیە؟»

عیسا (بـۆی دەرخسـتن کـە خوانەناسـییان بـەرەو ئـەو گومڕاییـەی بـردوون) وەڵامـی دایـەوە: «نـە مـن دەناسـن و نـە باوکیشـم. ئەگـەر منتـان بناسـیایە باوکـی منیشـتان دەناسـی. ئـەو قسـانەی لـە کاتێکـدا فەرمـوو کـە لەنـاو حەوشـەکانی پەرسـتگا لـە نزیـك گەنجینەکە خەڵکـی فێـر دەکـرد، بـەڵام کـەس نەیگـرت، چونکـە هێشـتا کاتـی نەهاتبـوو.»

دیسـان عیسـا پێـی فەرمـوون: «مـن دەڕۆم و ئێـوە بەدوامـدا دەگەڕێـن، بـەڵام لەنـاو گوناهەکانتـان دەمـرن. ئێـوە ناتوانـن بێنـە ئـەو شـوێنەی مـن بـۆی دەچـم.»

لەبـەر ئـەوە جولەکـەکان دەیانگـوت: «ئایـا خـۆی دەکوژێـت؟ چونکـە دەڵـێ: "ئێـوە ناتوانـن بێنـە ئـەو شـوێنەی مـن بـۆی دەچـم"».

ئیـتر عیسـا پێـی فەرمـوون: «ئێـوە هـی خـوارەوەن، مـن هـی سـەرەوەم. ئێـوە هـی ئـەم جیهانـەن، بـەڵام مـن هـی ئـەم جیهانـە نیـم. لەبـەر ئـەوە پێـم گوتـن: لەنـاو گوناهەکانتـان دەمـرن، چونکـە ئەگـەر بـاوەڕ نەهێنـن کـە مـن ئـەوم، ئـەوا لەنـاو گوناهەکانتـان دەمـرن.»

لێیان پرسی: «تۆ کێیت؟»

عیسـا پێـی فەرمـوون: «مـن هـەر ئـەوەم کـە لـە سـەرەتاوە پێـم گوتن. زۆر شـتم هەیـە لەسـەرتان کـە بیڵێـم و ئێـوەی پـێ حوکـم بـدەم. بـەڵام ئـەوەی ناردوومـی جێـی متمانەیـە، هەرچیـم لـەو بیسـتووە بـە جیهانـی دەڵێـم.»

ئـەوان تێنەگەیشـتن کـە باسـی باوکـی دەکات. لەبـەر ئـەوە عیسـا پێـی فەرمـوون: «کاتێـك کـوڕی مرۆڤتـان بەرزکردەوە، ئەوسـا دەزانـن کـە مـن ئـەوم و لـە خۆمـەوە هیـچ ناکـەم، بەڵکـو وەك بـاوك فێـری کـردووم قسـە دەکـەم. ئـەوەی ناردوومـی لەگەڵمدایـە و بـە تەنهـا بەجێـی نەهێشـتووم، چونکـە هەمیشـە ئـەوە دەکـەم کـە جێـی ڕەزامەنـدی ئـەوە.» کاتێـك ئـەم قسـانەی دەکـرد، زۆر کـەس باوەڕیـان پێـی هێنـا.

## کوڕانی ئیبراهیم

عیسـا بـەو جولەکانـەی فەرمـوو کـە باوەڕیـان پێـی هێنابـوو: «ئەگـەر لەسـەر

فێرکردنەکانم بمێننەوە (دەست بە فەرمایشتەکانمەوە بگرن)، ئەوا بە ڕاستی قوتابی منن و ڕاستی دەناسن، ڕاستیش ئازادتان دەکات.»

وەڵامیان دایەوە: «ئێمە نەوەی ئیبراهیمین، هەرگیز کۆیلەی کەس نەبووین. ئیتر چۆن دەفەرمووی: «ئێوە ئازاد دەبن»؟»

عیسا وەڵامی دانەوە: «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەرکەسێك گوناه بکات کۆیلەی گوناهە. کۆیلە هەتاهەتایە لە ماڵ نامێنێتەوە، بەڵام کوڕ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. ئەگەر کوڕەکە ئازادی کردن، ئەوا بەڕاستی ئازاد دەبن. دەزانم لە نەوەی ئیبراهیمن. بەڵام هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە پەیامەکەم لە دڵی ئێوەدا جێگای نییە. چیم لەلای باوکم بینیوە دەیڵێم، ئێوەش چیتان لە باوکتانەوە بیستووە دەیکەن.»

وەڵامیان دایەوە: «باوکمان ئیبراهیمە.»

عیساش پێی فەرموون: «ئەگەر ڕۆڵەی ئیبراهیم بوونایە، کردارەکانی ئیبراهیمتان دەکرد. بەڵام ئێستا هەوڵی کوشتنم دەدەن، چونکە من ئەو کەسەم ئەو ڕاستییەی لە خوداوە بیستم پێم گوتن. ئەمەش ئیبراهیم نەیکردووە. ئێوە کردارەکانی باوکتان دەکەن.»

جا پێیان گوت: «بە زۆڵی لەدایك نەبووین. یەك باوکمان هەیە کە خودایە.»

## باوکی درۆ

عیسا پێی فەرموون: «ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست، چونکە لە خوداوە دەرچووم و هاتووم. لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو ئەو ناردوومی. بۆچی لە قسەکانم تێناگەن؟ چونکە ئێوە ناتوانن گوێ لە وشەکانم بگرن. ئێوە لە ئیبلیسی باوکتانن، دەتانەوێت بە ئارەزووەکانی باوکتان بکەن. ئەو لە سەرەتاوە بکوژ بووە، لە ڕاستیدا نەچەسپاوە، چونکە ڕاستی لە ئەودا نییە. کاتێك درۆ دەکات، بە زمانی خۆی قسە دەکات، چونکە درۆزنە و باوکی درۆیە. هەر بۆیە، کاتێك من ڕاستی دەڵێم ئێوە باوەڕم پێ ناکەن، کامەتان دەتوانێت گوناهێکم لەسەر بسەلمێنێ؟ جا ئەگەر ڕاستی دەڵێم، بۆچی باوەڕم

پـێ ناكـەن؟ ئـەوەی لـە خوداوەیـە، گـوێ لـە پەیامـی خـودا دەگرێـت. بۆیـە ئێـوە گـوێ ناگـرن، چونكـە لـە خـوداوە نیـن.»

## ڕاگەیاندنەكانی عیسا سەبارەت بە خۆی

جولەكـەكان وەڵامیـان دایـەوە: «ئایا ئێمـە ڕاسـت ناڵێیـن كـە تـۆ سـامیرەییت و ڕۆحـی پیسـت تێدایـە؟» (عیسـا سـامیرەیی نەبـوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ڕقیـان لێـی دەبـووەوە وایـان پێگـوت.)

عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «مـن ڕۆحـی پیسـم تێـدا نییـە، بـەڵام ڕێـزی باوكـم دەگـرم و ئێـوەش سـووكایەتیم پـێ دەكـەن. داوای شـكۆ بـۆ خـۆم ناكـەم، بـەڵام یەكێـك هەیـە كـە بـۆم داوا دەكات و حوكـم دەدات. ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئەگـەر یەكێـك گوێڕایەڵـی وشـەكانم بێـت هەرگیـز مـردن نابینێـت (مەبەسـتی لـە مردنـی جەسـتەیی نییـە، بەڵكـو مردنـی ڕۆحـی و هەتاهەتایـی).»

پاشـان جولەكـەكان پێیـان گـوت: «ئێسـتا زانیـمان ڕۆحـی پیسـت تێدایـە. ئیبراهیـم و پێغەمبـەران مـردن، كەچـی تـۆ دەڵێـی: "ئـەوەی گوێڕایەڵـی وشـەكانم بێـت هەرگیـز تامـی مـردن نـاكات." ئایا تـۆ لـە ئیبراهیمـی باوكـمان گەورەتـری كـە مـرد؟ پێغەمبەرانیـش مـردن. خـۆت بـە چـی دادەنێیـت؟»

عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «ئەگـەر مـن خـۆم شـكۆدار بكـەم، ئـەوا شـكۆمەندییەكەم هیـچ نییـە، ئـەوە باوكمـە كـە شـكۆدارم دەكات، ئـەوەی ئێـوە دەڵێـن خودامانـە. هەرچەنـدە ئێـوە نایناسـن، بـەڵام مـن دەیناسـم. ئەگـەر بڵێـم نایناسـم، وەك ئێـوە دەبمـە درۆزن. بـەڵام دەیناسـم و گوێڕایەڵـی وشـەكانی دەبـم. ئیبراهیمـی باوكتـان دڵشـاد بـوو كـە ڕۆژی هاتنـی مـن ببینێـت، جـا ئـەو ڕۆژەی بینـی و دڵخـۆش بـوو.»

جولەكـەكان پێیـان گـوت: «تـۆ جـارێ تەمەنـت نەبـووە بـە پەنجـا سـاڵ، ئیـتر چـۆن دەڵێیـت كـە ئیبراهیمـت بینیـوە؟»

عیسـا پێـی فەرمـوون: «ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، پێـش ئـەوەی ئیبراهیـم لەدایـك ببێـت، مـن هـەم.» (لێـرەدا عیسا بوونـی ئەزەلـی خـۆی پـێ ڕاگەیانـدن و یەكێـك لـە ناوەكانـی خـودای بـۆ خـۆی بەكارهێنـا كـە لـە تەوراتـدا هاتـووە (مـن

هـەم) دەرچـوون ٣: ١٤، بەمـەش خودایەتـی خـۆی پـێ ناسـاندن.) ئەوسـا بەردیـان هەڵگـرت تاکـو بەردبارانـی بکـەن، بـەڵام عیسـا خـۆی شـاردەوە و حەوشـەکانی پەرسـتگای بەجێهێشـت.

## چاککردنەوەی کەسێکی بە زگماك نابینا

کاتێـك کـە عیسـا بـە ڕێـگادا تێدەپـەڕی، پیاوێکـی بینـی کـە بـە زگـماك نابینـا بـوو، قوتابییەکانـی لێیـان پرسـی، گوتیـان: «ڕابـی، کـێ گوناهـی کـردووە، ئـەم پیـاوە یـان دایـك و باوکـی، وا بـە زگـماك نابینایـە؟» (باوەڕیـان وابـوو کـە نەخۆشـی لـە ئەنجامـی گوناهـەوە دێـت.)

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «نـە ئەمـە گوناهـی کـردووە نـە دایـك و باوکیشـی، بەڵکـو تاکـو کارەکانـی خـودای تێـدا دەربکەوێـت. هەتـا ڕۆژە لەسـەرمانە کاری ئـەوە بکەیـن کـە ناردوومـی، چونکـە شـەو دادێـت و کـەس ناتوانێـت کاری تێـدا بـکات. ئەوەنـدەی لـە جیهانـدام، مـن ڕووناکـی جیهانـم.»

ئەمـەی فەرمـوو و تفـی لەسـەر زەوی کـرد، بـە تفەکـە قـوڕی گرتـەوە، بـە قوڕەکـەش چـاوی پیاوەکـەی سـواخ دا. پێـی فەرمـوو: «بـڕۆ لـە گۆمـی سـیلوام خـۆت بشـۆ.» (سـیلوام واتـە نێـردراو). جـا ڕۆیشـت، خـۆی شوشـت و بـە چـاوی سـاغەوە گەڕایـەوە ماڵـەوە.

ئینجـا دراوسـێ و ئەوانـەی پێشـتر بینیبوویـان سـواڵ دەکات گوتیـان: «ئەمـە ئـەوە نییـە دادەنیشـت و سـواڵی دەکـرد؟» هەندێـك گوتیـان: خۆیەتـی.

هەندێکی دیکە گوتیان: «نەخێر، بەڵام لەو دەچێت.»

ئەویش دەیگوت: «من ئەوم.»

ئینجا لێیان پرسی: «ئەی چۆن چاوت کرایەوە؟»

وەڵامـی دایـەوە: «پیاوێـك پێـی دەگوتـرێ عیسـا، قـوڕی گرتـەوە و چاومـی سـواخ دا، پێـی فەرمـووم: ”بـڕۆ لـە گۆمـی سـیلوام خـۆت بشـۆ.“ منیـش ڕۆیشـتم، خۆمـم شوشـت و پاشـان چاوەکانـم بینییـان.»

لێیان پرسی: «ئەو لەکوێیە؟»

گوتی: «نازانم.»

## ڕابەرانی جولەکە ئەو پیاوە دەپشکنن کە چاوی چاکبووەوە

جا ئـەوەی پێشـتر نابینـا بـوو بردییانـە لای فەریسـییەکان. ئـەو ڕۆژەی عیسـا قوڕەکـەی گرتـەوە و چـاوی کـردەوە شـەممە بـوو. لەبـەر ئـەوە فەریسـییەکان لێیـان پرسـی کـە چـۆن چـاوی چـاك بووەتـەوە. پیاوەکـە وەڵامـی دانـەوە: «قـوڕی خستەسـەر چـاوم، منیـش شوشـتم و ئێسـتا دەبینـم.»

هەندێـك لـە فەریسـییەکان گوتیـان: «ئـەم پیـاوە لـە خـوداوە نییـە، چونکـە شـەممە ناپارێزێـت.»

بـەڵام هەندێکـی دیکـە گوتیـان: «چـۆن پیاوێکـی گوناهبـار دەتوانێـت پەرجـووی بـەم جـۆرە بـکات؟» ئیـتر دووبەرەکـی کەوتـە نێوانیـان.

دیسـان بـە نابیناکەیـان گـوت: «تـۆ دەربـارەی ئـەو چـی دەڵێـی، چونکـە چـاوی تـۆی چـاك کـردەوە؟»

گوتی: پێغەمبەرە.

ڕابەرانـی جولەکـەکان باوەڕیـان نەکـرد کـە ئەمـە نابینـا بـووە و ئێسـتا دەبینێـت، ئیـتر دایـك و باوکـی ئەوەیـان بانگکـرد کـە دەبینێـت. لێیـان پرسـین: «ئایـا ئەمـە کوڕتانـە کـە دەڵێـن بـە زگـماك نابینـا بـووە؟ ئـەی ئێسـتا چـۆن دەبینێـت؟»

دایـك و باوکـی وەڵامیـان دایـەوە: «دەزانیـن ئەمـە کوڕمانـە و بـە زگـماك نابینـا بـوو. بـەڵام نازانیـن ئێسـتا چـۆن دەبینێـت، یـان نازانیـن کـێ چـاوی چـاك کردووەتـەوە. لـە خـۆی بپرسـن، ئـەو گەورەیـە و باسـی خـۆی دەکات.» دایـك و باوکـی لـە ترسـی ڕابەرانـی جولەکـە ئەمەیـان گـوت، چونکـە تەگبیریـان کردبـوو هەرکەسـێك دانبنێـت کـە عیسـا مەسـیحەکەیە، لـە کەنیشـت دەریدەکـەن (یەکێـك لـە سـزا قورسـەکانی جولەکـە بـۆ پەیڕەوانـی، دەرکردنییەتـی لـە کەنیشـت بـە

واتـای دەرکردنییەتـی لـە کۆمەڵـگا و وەك جولەکـە مامەڵـەی لەگـەڵ ناکرێـت). لەبـەر ئـەوە دایـك و باوکـی گوتیـان: «ئـەو گەورەیـە، لـە خـۆی بپرسـن.»

دیسـان فەریسـییەکان ئـەو پیـاوەی پێشـتر نابینا بـوو بانگیـان کـرد و پێیـان گوت: «سـوێند بـە خـودا بخـۆ کـە ڕاسـتییەکە بڵێیـت! دەزانیـن ئـەم پیاوە گوناهبارە.

کابـرا وەڵامـی دایـەوە: «ئەگـەر ئـەو گوناهبـارە، نازانـم، بـەڵام یـەك شـت دەزانـم، نابینـا بـووم و ئێسـتا دەبینـم.»

لەبەر ئەوە لێیان پرسی: «چی لێکردیت؟ چۆن چاوی تۆی کردەوە؟»

وەڵامـی دانـەوە: «پێـم گوتـن گوێتـان لـێ نەگرتـم. بۆچـی دیسـان دەتانـەوێ ببیسـتن؟ ئێـوەش دەتانـەوێ ببنـە قوتابـی ئـەو؟»

جنێویـان پێیـدا و گوتیـان: «تـۆ قوتابـی ئەویـت! بـەڵام ئێمـە قوتابـی موسـاین. دەزانیـن خـودا قسـەی لەگـەڵ موسا کـرد، بـەڵام نازانیـن ئەمـە لەکوێـوە هاتـووە.»

کابـرا وەڵامـی دانـەوە: «ئەمـە شـتێکی سـەیرە! ئـەو چـاوی کردوومەتـەوە، ئێوەش نازانـن ئـەو لـە کوێـوە هاتـووە. ئێمـە دەزانیـن خـودا گـوێ لـە گوناهبـاران ناگرێـت، بـەڵام ئەگـەر یەکێـك لەخواتـرس بێـت و خواسـتی خـودا پەیـڕەو بـکات، ئـەوا گوێـی لـێ دەگرێـت. هەرگیـز نەبیسـتراوە یەکێـك چـاوی مرۆڤێکـی بـە زگماك نابینـای چاك کردبێتـەوە. ئەگـەر ئـەم کەسـە لـە خـوداوە نەبێـت، نەیدەتوانـی هیـچ بـکات.

پێیـان گـوت: «تـۆ بـە تـەواوی لـە گونـاه لـە دایـك بوویـت. تـۆ فێرمـان دەکەیـت؟» جـا دەریانکـردە دەرەوە.

## کوێریی ڕۆحی

عیسـا بیسـتی دەریانکـردووە، (کوێـرە چاکبووەوەکـەی) دۆزییـەوە و پێـی فەرمـوو: «بـاوەڕ بـە کـوڕی مـرۆڤ دەکەیـت؟»

کابرا وەڵامی دایەوە: «گەورەم، ئەو کێیە تاکو باوەڕی پێ بکەم؟»

عیسا پێـی فەرمـوو: «تـۆ ئـەوت بینیـوە، ئـەو هەمـان ئـەو کەسـەیە کـە ئێسـتا قسـەت لەگـەڵ دەکات.»

ئەویش گوتی: «گەورەم، باوەڕ دەکەم.» ئینجا کڕنۆشی بۆ برد.

عیسـا فەرمـووی: «بـۆ حوکمـدان هاتوومەتـە ئـەم جیهانـە، تاکـو ئەوانـەی نابینـان ببینـن و ئەوانـەی دەبینـن کوێـر بـن.» (ئەوانـەی گونـاه چـاوی کوێرکـردوون و ناتوانـن بـاوەڕ ببینـن.).

هەندێـك فەریسـی کـە لەگەڵـی بـوون گوێیـان لەمـە بـوو، لێیـان پرسـی: «ئایا ئێمـەش کوێریـن؟»

عیسا پێـی فەرمـوون: «ئەگـەر ئێـوە کوێـر بوونایـە گوناهتـان نەدەبـوو. بـەڵام ئێسـتا ئێـوە دەڵێـن: ”دەبینیـن،“ لەبـەر ئـەوە گوناهەکەتـان دەمێنێتـەوە.»

## شوان و مێگەلەکەی

«ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، ئـەوەی لـە دەرگاوە نەچێتـە نـاو پشـتیری مەڕەکان، بەڵکـو بـە ڕێگایەکـی دیکـەدا بـۆی سـەربکەوێت، ئـەوە دز و جەردەیـە. بـەڵام ئـەوەی لـە دەرگاوە بچێتـە ژوورەوە، ئـەوە شـوانی مەڕەکانـە. دەرگاوانیـش دەرگاکـەی لێـی دەکاتـەوە، مەڕەکانیـش گـوێ لـە دەنگـی دەگـرن، بـە نـاو بانگـی مەڕەکانـی خـۆی دەکات و دەیانباتـە دەرەوە. کاتێـك هەمـوو ئەوانـەی خـۆی هێنایـە دەرەوە، لـە پێشـیانەوە دەڕوات و مەڕەکانیـش دوای دەکـەون، چونکـە دەنگـی دەناسـن. هەرگیـز دوای کەسـی بێگانـە ناکـەون، بەڵکـو لێـی ڕادەکـەن، چونکـە دەنگـی بێگانـە ناناسـن.» عیسا ئـەم نموونەیـەی بـۆ گێڕانـەوە، بـەڵام ئـەوان تێنەگەیشـتن باسـی چییان بـۆ دەکات.

لەبـەر ئـەوە دیسـان عیسـا فەرمـووی: «ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێم، منـم دەرگای مـەڕەکان. هەمـوو ئەوانـەی پێـش مـن هاتـوون (کـەوا بـە درۆ بانگەشـەی ئەوەیـان کـردووە کـە پێغەمبـەرن یـان مەسـیحی خـودان و لەلایـان خـوداوە دەستنیشـان کـراون.) دز و جـەردە بـوون، بـەڵام مـەڕەکان گوێیـان لـێ نەگرتـن. منـم دەرگاکـە. ئـەوەی لـە منـەوە بچێتـە ژوورەوە ڕزگاری دەبێـت، ئازادانـە دێتـە ژوورەوە و دەچێتـە دەرەوە و لـەوەڕگا دەدۆزێتـەوە. دز نایـەت بـۆ دزیـن و کوشـتن و لەناوبـردن

نەبێــت. بــەڵام مــن هاتــووم تاکــو ئــەوان ژیانیــان هەبێــت، ژیانێکــی پــڕ و تــەواو. (عیسا مەبەستی لەوەیە کە دەفەرموێ پێویستە باوەڕ بە من بهێنن بۆ ئەوەی لێخۆشبوون لە گوناهەکانتان و ژیانی هەتاهەتایی بەدەستبهێنن.)

«منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی لەپێناوی مەڕەکاندا دادەنێت. بە کرێگیراویش شوانی مەڕەکان نییە و مەڕەکانیش هی ئەو نین. کاتێك دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات، گورگیش مەڕەکان دەبات و پەرتەوازەیان دەکات. کابرا هەڵدێت چونکە بە کرێ گیراوە و خەمی مەڕەکانی نییە.

«منم شوانە دڵسۆزەکە. مەڕی خۆم دەناسم و ئەوانیش من دەناسن، هەروەك چۆن باوك (باوکی ئاسمانی) دەمناسێت، منیش باوك دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم. هەروەها مەڕی دیکەم هەیە سەر بەم پشتیرەیە نین (ناجولەکەکان)، دەبێ ئەوانیش بهێنم، ئەوانیش گوێیان لە دەنگم دەبێت، جا دەبنە یەك مێگەل و یەك شوان. لەبەر ئەوە باوك منی خۆشدەوێت، چونکە ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەریبگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێ، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.»

بەهۆی ئەم قسانەوە دیسان دووبەرەکی لەنێو جولەکەکان پەیدابوو. زۆربەیان گوتیان: «ڕۆحی پیسی هەیە و وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی لێ دەگرن؟»

هەندێکی دیکەیان گوتیان: «ئەمە قسەی یەکێك نییە ڕۆحی پیسی تێدابێت. ئایا ڕۆحی پیس دەتوانێت چاوی نابینا چاك بکاتەوە؟»[٩٤]

## عیسا حەفتا و دوو قوتابی دەنێرێت

پاش ئەمە مەسیحی خاوەن شکۆ حەفتا و دوو کەسی دیکەی دەستنیشان کرد، لەپێش خۆی دوو دوو ناردنی بۆ هەر شار و جێگایەك کە بەتەمابوو بۆی بچێت. جا پێی دەفەرموون: «دروێنە زۆرە، بەڵام سەپان کەمە. لەبەر ئەوە

---

(٩٤) یۆحەنا ٧: ٢- ١٠: ٢١

داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت. بڕۆن! ئەوا من وەك بەرخ بۆ ناو گورگ دەتاننێرم. نە کیسەی پارە و نەتوورەکە و نە پێڵاو هەڵمەگرن، لە ڕێگاش سڵاو لە کەس مەکەن.

چوونە هەر ماڵێکیش، یەکەم جار بڵێن: "ئاشتی بۆ ئەم ماڵە بێت،" ئەگەر پیاوی ئاشتی لەوێ بێت (ئەگەر خاوەن ماڵ شایەنی پێشوازی بێت لە ئەوە)، ئەوا ئاشتیتان دەچێتە سەری، ئەگینا بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە. لەو ماڵە بمێننەوە و لەوەی هەیانە بخۆن و بخۆنەوە، چونکە کرێکار شایانی کرێی خۆیەتی. ماڵە و ماڵیش مەکەن.

چوونە هەر شارێك و پێشوازییان لێکردن، ئەوەی لەبەردەمتانی دادەنێن بیخۆن، ئەو نەخۆشانەی تێیدایە چاکیان بکەنەوە و پێیان بڵێن: "پاشایەتی خودا لێتان نزیك بووەتەوە." بەڵام چوونە هەر شارۆچکەیەك و پێشوازییان لێ نەکردن، بڕۆنە سەر شەقامەکانی و بڵێن: "تەنانەت تۆزی شارۆچکەکەتان کە بە پێمانەوە نووساوە بۆتانی دەتەکێنین، بەڵام ئەمە بزانن: پاشایەتی خودا لێتان نزیك بووەتەوە." پێتان دەڵێم: لەو ڕۆژەدا سەدۆم سزای سووکتری دەبێت لەوەی ئەو شارۆچکەیە (سەدۆم ئەو شارە بوو کە خودا لە سەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیم سوتاندی. عیسا بە نموونەی سزای خودا بۆ خراپە باسی دەکات).

قوڕبەسەرت، ئەی شاری خورازین! قوڕبەسەرت، ئەی بێتسەیدا! چونکە ئەو پەرجووانەی لەنێو ئێوەدا کران، ئەگەر لە سور و سەیدا بکرایە (دوو شاری ناجولەکەکان بوون)، هەر زوو بە جلوبەرگی گوش و لەناو خۆڵەمێش دادەنیشتن و تۆبەیان دەکرد. بەڵام لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، سور و سەیدا سزای سووکتریان دەبێت لەوەی بۆ ئێوەیە. تۆش ئەی کەفەرناحوم (ئەو شارە بوو کە مەسیح زۆربەی پەیامەکەی لێی ڕاگەیاندبوو)، ئایا بۆ ئاسمان بەرز دەکرێیتەوە؟ نەخێر، تۆ بۆ جیهانی مردووان دەچیتە خوارەوە.

ئەوەی گوێتان لێ بگرێت، گوێ لە من دەگرێت، ئەوەی ڕەتتان دەکاتەوە من ڕەت دەکاتەوە. ئەوەش من ڕەت دەکاتەوە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە منی ناردووە.

حەفتا و دوو نێردراوەکە بە شادییەوە گەڕانەوە و گوتیان: «گەورەم، تەنانەت ڕۆحی پیسیش بە ناوی تۆوە ملکەچمانن.» (مەبەستیان ئەوە بوو کە بە دەسەڵاتی مەسیح ڕۆحی پیسیان لەوانە دەرکردووە کە شەیتان بەسەریاندا زاڵ بووە.)

ئەویش پێی فەرموون: «شەیتانم بینی وەك بروسکە لە ئاسمانەوە دەکەوت (لە خۆبەزلزانی و پایەی خۆی دەکەوێت بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی عیسا بە هەموو ئەوانەی بەخشیوە کە باوەڕیان پێی هێناوە).

ئەوەتا دەسەڵاتم پێتان داوە پێ بە مار و دووپشك و هەموو هێزی دوژمندا بنێن، هیچ شتێکیش زیانتان پێناگەیەنێت. بەڵام بەمە دڵخۆش مەبن کە ڕۆحە پیسەکان ملکەچتانن، بەڵکو دڵخۆش بن کە ناوتان لە ئاسماندا نووسراوە.»

## باوك و کوڕ و هزری ڕۆحی

وشەکانی باوك و کوڕ لە ئینجیل دوو دەربڕینن هەر یەکەیان ئاماژەیە بۆ خودا. سروشتی پیرۆز وشەی باوکی بۆ ئاماژەدان بە خودا بەکارهێناوە کە نەبینراوە، هەروەها وشەی کوڕی بۆ ئاماژەدان بە خودای دەرکەوتوو لە شێوەی مرۆڤ بەکارهێناوە (عیسای مەسیحی پەروەردگار).

لەو کاتەدا عیسا بە ڕۆحی پیرۆز شادمان بوو و فەرمووی: «ستایشت دەکەم باوکە، پەروەردگاری ئاسمان و زەوی، چونکە ئەمانەت لە دانا و تێگەیشتووان شاردووەتەوە (بەهۆی لووتبەرزییان) و بۆ منداڵان (ئەوانەی بە بێفیزییەوە قسە وەردەگرن) ئاشکرات کردووە. بەڵێ باوکە، چونکە تۆ ئەمەت پێ باش بوو (عیسا دەیزانی کە ئەقڵی مرۆڤ ئەگەر بۆ ڕۆحی خودا نەکرابێتەوە تێناگات کە چۆن دەکرێ خودا لە جەستەیەکی مرۆڤ دەربکەوێت، هەروەها بیرۆکەی باوك و کوڕی لێ تێکەڵ دەبێ، بە شێوەیەکی ماددی ڕاڤەی دەکات و تووشی سەرسوڕمانی دەکات، لەبری ئەوەی واتا ڕۆحییەکەی تێبگات کە پەیوەندی نییە بە ڕەگەزی مرۆڤانە یان بەدوای یەکداهاتنی زەمەنی. لەبەر ئەوە فەرمووی:)!

باوکم هەموو شتێکی پێ سپاردووم، کەس نازانێت کوڕەکە کێیە باوك

نەبێــت، یــان بــاوك كێیــە كوڕەكــە و ئــەوە نەبێــت كــە كوڕەكــە دەیــەوێ بــۆی ئاشــكرا بــكات.

ئینجـا ئـاوڕی لـە قوتابییەكانـی دایـەوە و بـە تەنهـا بەوانـی فەرمـوو: «خۆزگـە دەخوازرێــت بــەو چاوانــەی ئــەوە دەبینێــت كــە ئێــوە دەیبینــن، چونكــە پێتــان دەڵێـم، زۆر پێغەمبـەر و پاشـا ویسـتیان ئـەوە ببینـن كـە ئێـوە دەیبینـن (ڕاسـتی دەركەوتنـی خـودا لەنێـو مرۆڤایەتـی لـە شـێوەی كـوڕ)، بـەڵام نەیانبینـی، ئـەوەش ببیسـتن كـە ئێـوە دەیبیسـتن، بـەڵام نەیانبیسـت.»

## نموونەی سامیرەییە چاكەكە

تەوراتناسـێك هەسـتا بـۆ ئـەوەی عیسـا تاقـی بكاتـەوە، گوتـی: «مامۆسـتا چـی بكـەم تاكـو ژیانـی هەتاهەتایـی بـە میـرات وەربگـرم؟»

ئەویش پێی فەرموو: «لە تەوراتدا چی نووسراوە؟ چۆن دەیخوێنیتەوە؟»

وەڵامـی دایـەوە: «﴿بـە هەمـوو دڵ و بـە هەمـوو گیـان و بە هەمـوو توانا و هەموو بیرتانـەوە یەزدانـی پـەروەردگاری خۆتـان خۆشـبوێت،﴾ هەروەهـا ﴿نزیكەكـەت وەك خۆت خۆشـبوێت﴾.»

عیسـا پێـی فەرمـوو: «وەڵامەكـەت ڕاسـتە، ئەمـە بكـە، ژیانـی هەتاهەتایـی بەدەسـتدەهێنیت.»

بـەڵام (تەوراتناسـەكە) ویسـتی پاكانـە بـۆ خـۆی بـكات، بـە عیسـای گـوت: «نزیكەكـەم كێیـە؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «پیاوێـك (جولەكەیـەك) لـە ئۆرشـەلیمەوە بـۆ ئەریحا دەچـوو، كەوتـە دەسـت جـەردە، برینداریـان كـرد، ئینجـا بـە نیوەمردوویـی بەجێیـان هێشـت و ڕۆیشـتن. وا ڕێككـەوت كاهینێـك بـەو ڕێگایـەدا دەڕۆیشـت، كاتێك ئـەوی بینـی لـەو بـەرەوە تێپـەڕی. هەروەهـا كابرایەكـی لێڤیش (یەكێـك لـە خزمەتكارانـی پەرسـتگا) بـە هەمـان شـێوە گەیشـتە شـوێنەكە، هـات و سـەیری كـرد و لـەو بـەرەوە تێپـەڕی. بـەڵام سـامیرەییەكی ڕێبـوار هاتـە سـەری، بینـی و دڵـی

پێـی سـووتا (لەگـەڵ ئـەوەی جولەکـەکان ڕقیـان لـە سـامیرەییەکان دەبـووەوە و سـامیرەییەکانیش ڕقیـان لـە جولەکـەکان دەبووە)، لێـی چووە پێش و ڕۆن و شـەرابی بەسـەر برینەکانـدا کـرد و پێچایـەوە (پێشـینان زەیتیـان بـۆ تیمارکـردن و شـەرابیان بـۆ پاککردنـەوە بەکاردەهێنـا)، سـواری وڵاخەکـەی خـۆی کـرد و بردییـە خانێـك و چاودێـری کـرد. ڕۆژی پاشـتر دوو دینـاری دەرهێنـا و دایـە خانچییەکـە و گوتـی: ”چاودێـری بکـە و هەرچـی زیاتـرت خەرجکـرد، کـە گەڕامـەوە دەتدەمـەوە.“»

(ئینجـا عیسـا لـە تەوراتناسـەکەی پرسـی:) «کام لـەم سـێ کەسـە بـە نزیـك دەزانیـت بـۆ ئـەو پیـاوەی کـە کەوتـە دەسـت جـەردەکان؟»

تەوراتناسەکە گوتی: «ئەوەی بەزەیی پێیدا هاتەوە.»

عیساش پێی فەرموو: «تۆش بڕۆ و بەو شێوەیە بکە.»

## لەماڵی مریەم و مەرسا

کاتێـك عیسـا و قوتابییەکانـی دەڕۆیشـتن چـووە گوندێـك، ژنێـك لـە ماڵەکـەی خـۆی پێشـوازی لێکـرد نـاوی مەرسـا بـوو. خوشـکێکی هەبـوو نـاوی مریـەم بـوو، لەبـەر پێـی مەسـیح دانیشـت و گوێـی لـە فەرمایشـتەکانی دەگـرت. بـەڵام مەرسا لەبـەر زۆری خزمەتکـردن شـڵەژا بـوو، ڕاوەسـتا و گوتـی: «گـەورەم، باکـت نییـە خوشـکم بـە تەنهـا بەجێـی هێشـتووم و خزمـەت دەکـەم؟ پێـی بفەرمـوو بـا یارمەتیـم بـدات.

مەسـیح وەڵامـی دایـەوە: «مەرسـا، مەرسـا، تـۆ خـەم لـە زۆر شـت دەخۆیـت و نارەحەتیـت. بـەڵام یـەك شـت پێویسـتە، مریـەم شـتە باشـەکەی هەڵبـژاردووە کـە لێـی ناسـەنرێتەوە.»[٩٥]

## فێرکردن دەربارەی نوێژ

جارێـك عیسـا لـە شـوێنێکدا نوێـژی دەکـرد، کاتێـك لـە نوێژەکـەی بـووەوە، یەکێـك لـە قوتابییەکانـی پێـی گـوت: «گـەورەم، فێـری نوێژمـان بکـە، هـەروەك

(٩٥) لۆقا ١٠: ١- ٤٢

چـۆن یەحیـا (یەحیـای لەئاوهەڵکێـش) قوتابییەکانـی خـۆی فێرکـرد.»
پێی فەرموون: «کاتێك نوێژ دەکەن، بڵێن:

"باوکە،
با ناوت پیرۆز بێت،
با پاشایەتییەکەت بێ، (هاتنی پاشایەتی خودا بۆ سەر زەوی)
نانی ڕۆژانەمان هەموو ڕۆژێك بدەرێ.
لە گوناهەکانمان خۆشبە،
چونکە ئێمەش لەوانە خۆشدەبین کە خراپەمان بەرامبەر دەکەن.
مەمانخەرە تاقیکردنەوە."»

ئینجـا پێـی فەرمـوون: «کـێ لـە ئێـوە ئەگـەر هاوڕێیەکـی هەبێـت و لـە نیوەشـەودا بچێتـە لای و پێـی بڵێـت: "هاوڕێـم، سـێ کولێـرەم بـە قـەرز بـدەرێ، چونکـە هاوڕێیەکـم لـە دوورەوە بـۆ لام هاتـووە، هیچـم نییـە لەبەردەمـی دابنێـم."

ئەمـەی ژوورەوە وەڵام دەداتـەوە: "هەراسـانم مەکـە، دەرگا داخـراوە، خـۆم و منداڵـم لەنـاو جێگادایـن، ناتوانـم هەسـتم و بتدەمـێ." پێتـان دەڵێـم: ئەگـەر لەبـەر هاوڕێیەتـی هەڵنەسـتێت و بیداتـێ، ئـەوا لەبـەر ئـەوەی ناوبانگـی خـۆی بپارێزێـت هەڵدەسـتێت و دەیداتـێ.

لەبـەر ئـەوە پێتـان دەڵێـم، داوا بکـەن، پێتـان دەدرێـت، بگەڕێـن دەدۆزنـەوە، لـە دەرگا بـدەن، لێتـان دەکرێتـەوە، چونکـە هەرکەسـێك داوا بـکات، وەردەگرێـت، ئـەوەی بگەڕێـت، دەدۆزێتـەوە. ئـەوەش لـە دەرگا دەدات لێـی دەکرێتـەوە.

چ باوکێـك لـە ئێـوە ئەگـەر کوڕەکـەی داوای ماسـی بـکات لـە جیاتـی ماسـی مـاری دەداتـێ؟ یـان داوای هێلکـە بـکات دووپشـکی دەداتـێ؟ جا ئێـوە کـە خراپـن، بزانـن شـتی بـاش بدەنـە منداڵەکانتـان، بـاوك (خـودا) کـە لـە ئاسـمانە، چەنـد زیاتـر ڕۆحـی پیـرۆز (ڕۆحـی خـودا) دەداتـە ئەوانـەی داوای لـێ دەکـەن.»[٩٦]

---

(٩٦) لۆقا ١١: ١- ١٣

## سەرزەنشتكردنی فەریسییەکان

کاتێك عیسا قسەی دەکرد، فەریسییەك بۆ نانخواردن داوەتی کرد. ئەویش چووە ژوورەوە و دانیشت. فەریسییەکە کە بینی عیسا پێش نانخواردن دەستی نەشوشت، سەری سوڕما. (بەگوێرەی نەریتی ڕووکەش کە فەریسییەکان گرنگییان پێ دەدا، ئاویان بە دەستیاندا دەکرد بۆ ئەوەی لەو پیسییێتییە پاکی بکەنەوە کە لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەوانەی فەریسی نین تووشیان بووە، ئیتر عیسا ئەوەی زانی کە لە ناو بیری فەریسییەکەدایە.)

ئینجا مەسیحی خاوەن شکۆ پێی فەرموو: «ئێوەی فەریسی دەرەوەی جام و قاپ پاك دەکەنەوە، بەڵام ناختان پڕە لە چڵێسی و بەدکاری. گێلینە، ئایا ئەوەی دەرەوەی دروستکردووە ناوەوەشی دروست نەکردووە؟ بەڵام ئێوە ئەوەی هەتانە بیدەنە هەژاران، ئیتر هەموو شتێك بۆتان پاك دەبێت.

بەڵام قوڕ بەسەرتان فەریسییەکان، ئێوە دەیەکی پونگ و ڕازیانە (ڕووەکێکە لە بواری پزیشکی بەکاردێت) و هەموو سەوزەوات دەدەن، بەڵام دادپەروەری و خۆشەویستی خودا پشتگوێ دەخەن. پێویستە ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن.

«قوڕ بەسەرتان فەریسییەکان، چونکە حەزتان لە ڕیزی پێشەوەی کەنیشت و سڵاو لێکردنتانە لە بازاڕدا.

«قوڕبەسەرتان، ئێوە لەو گۆڕە نادیارانە دەچن کە خەڵکی بێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن.»

یەکێکی تەوراتناس وەڵامی دایەوە: «مامۆستا، بە گوتنی ئەمانە، ئێمەش سووك دەکەیت.»

عیسا فەرمووی: «قوڕ بەسەر ئێوەی تەوراتناسیش، بارێك دەخەنە سەر شانی خەڵکی کە هەڵگرتنی زەحمەتە، بەڵام خۆتان پەنجەیەکیش لە بارەکە نادەن.

«قوڕبەسـەرتان، چونکـە ئێـوە گـۆڕی پێغەمبـەران هەڵدەبەسـتن، کـە باوباپیرانتـان کوشـتوویانن. کەواتـە ئێـوە شـایەتن و بـە کـردەوەی باوباپیرانتـان ڕازیـن، ئـەوان پێغەمبەرانیـان کوشـت و ئێـوەش گۆڕەکانیـان بـۆ هەڵدەبەسـتن. لەبـەر ئـەوە دانایـی خـودا فەرمـووی: "مـن پێغەمبـەر و نێردراویـان بـۆ دەنێـرم، بـەڵام لێیـان دەکـوژن و دەیانچەوسـێننەوە،" تاکـو خوێنـی هەمـوو پێغەمبـەران کـە لـە دامەزراندنـی جیهانەوە ڕژاوە لـەم نەوەیـە داوا بکرێـت، لـە خوێنـی هابیلـەوە تاکـو خوێنـی زەکەریـا کـە لـە نێـوان قوربانـگا و پیـرۆزگادا لەناوبـردرا. بەڵـێ پێتـان دەڵێـم، لـەم نەوەیـە داوا دەکرێـت.

«قوڕبەسـەرتان تەوراتناسـان، چونکـە کلیلـی زانیاریتـان بـرد، خۆتـان نەچوونـە ژوورەوە و ڕێتـان لەوانـەش گـرت کـە دەچوونـە ژوورە.»

کاتێـك عیسـا ئەوێـی بەجێهێشـت، مامۆسـتایانی تـەورات و فەریسـییەکان دەسـتیان پێکـرد تەنگـی پـێ هەڵچنـن و لـە زۆر بابـەت پرسـیاری لـێ بکـەن، چاوەڕێیـان دەکـرد بـە وشـەیەکی دەمـی خـۆی تووشـی بکـەن.

## ئاگادارکردنەوە و هاندانەکان

لـەو کاتـەدا کـە هـەزاران کـەس کۆببوونـەوە، بەجۆرێـك یەکتریـان پێشـێل دەکرد، لـە سـەرەتادا عیسـا ڕووی کـردە قوتابییەکانـی و فەرمـووی: «ئـاگاداری هەویرترشـی فەریسـییەکان بـن، کـە دووڕوویـیـە. شـاردراوە نییـە ئاشـکرا نەبێـت و نهێنـی نییـە دەرنەکەوێـت. لەبـەر ئـەوە هەرچـی لـە تاریکـی گوتووتانـە، لـە ڕووناکـی دەبیسـترێت، ئـەوەش کـە لـە مـاڵ بـە چرپـە گوتووتانـە، لـە سـەربانان جـاڕ دەدرێـت.

(عیسـا سـەبارەت بـە چەوسـاندنەوەی قوتابییەکانـی لـە داهاتـوودا لەلایـەن جولەکەکانـەوە قسـەی کـرد و فەرمـووی:)

«دۆسـتانم پێتـان دەڵێـم، لەوانـە مەترسـن کـە جەسـتە دەکـوژن و پـاش ئـەوە هیچـی دیکەیـان پـێ ناکرێـت. بـەڵام ئەوەتـان پیشـان دەدەم کـە دەبـێ لێـی بترسـن، لـەوە بترسـن کـە دەسـەڵاتی هەیـە پـاش کوشـتن فڕێتانبداتـە نـاو دۆزەخ. بەڵـێ پێتـان دەڵێـم، لەمـە بترسـن. ئایـا پێنـج چۆلەکـە بـە دوو فلـس نافرۆشرێـت (دوو دراوی

پارەی کەم بەها)؟ خودا هیچ یەکێك لەوانی لەبیر ناچێت. تەنانەت هەموو مووی سەریشتان ژمێردراوە. کەواتە مەترسن ئێوە زۆر لە چۆلەکە بەنرخترن.

«پێشتان دەڵێم: ئەوەی لەبەردەم خەڵك دانم پێدا بنێت، کوڕی مرۆڤیش لەبەردەم فریشتەکانی خودا دانی پێدا دەنێت. بەڵام ئەوەی لەلای خەڵك نکۆڵی لە ناسینی من بکات (هەتا مردنی لە نکۆڵیکردنەکە بەردەوام بێت)، لەبەردەم فریشتەکانی خودا نکۆڵی لێ دەکرێت (لە ڕۆژی دوایی). ئەوەی قسە بە کوڕی مرۆڤ بڵێت، دەبەخشرێت. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆز کفر بکات، نابەخشرێت. (کفرکردن و جوێندان بە ڕۆحی پیرۆز هەر تەنها واتای ئەوە نییە لە دژی ئەو قسە بکەیت، بەڵکو واتا ڕەتکردنەوەی سەرزەنشتکردن لەلایەن ڕۆحی پیرۆزی خوداوە لەسەر گوناهەکان. ڕۆحی پیرۆز مرۆڤ سەرزەنشت دەکات بۆ ئەوەی دەرفەتی تۆبەی پێ ببەخشێ. ئەگەر مرۆڤ ئەو سەرزەنشتکردنە ڕەتبکاتەوە چۆن لە گوناهەکانی تۆبە بکات، ئیتر چارەنووسی وێرانیی دەبێت.)

«کاتێك دەتانهێننە بەردەم کەنیشت و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران، نیگەران مەبن دەبێ بۆ بەرگری چۆن و بەچی بدوێن یان چی بڵێن، چونکە ڕۆحی پیرۆز هەر لەو کاتەدا فێرتان دەکات پێویستە چی بڵێن.»

## نموونەی دەوڵەمەندی بێ مێشك

یەکێکی ناو خەڵکەکە پێی گوت: «مامۆستا، بە براکەم بفەرموو میراتم لەگەڵ بەش بکات.»

بەڵام ئەو پێی فەرموو: «کابرا، کێ منی کردووە بە دادوەر یان بەشکەر بەسەرتانەوە؟» بە خەڵکەکەی فەرموو: «ئاگاداربن و خۆتان لە هەموو جۆرە چاوچنۆکییەك بپارێزن، چونکە ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە.»

ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «مرۆڤێکی دەوڵەمەند، زەوییەکەی بەرهەمێکی زۆری دا. لە دڵی خۆیدا گوتی: ”چی بکەم کە شوێنم نەبێ بەرهەمەکەمی لێ کۆبکەمەوە؟“

«جـا گوتـی: ”وا دەکـەم، ئەمبارەکانـم تێکـدەدەم و گەورەتـری دەکـەم، لەوێـدا هەمـوو دانەوێڵـە و ماڵەکـەم کۆدەکەمـەوە. بـە خۆشـم دەڵێـم: ‘ئـەی گیانـم، ئەوەتـا ماڵێکـی زۆرت هەڵگرتـووە، بـۆ چەندیـن سـاڵ. بحەسـێوە و بخـۆ و بخـۆوە و دڵشـاد بـە.’“

«بـەڵام خـودا پێـی فەرمـوو: ”ئـەی گێلـە، هـەر ئەمشـەو گیانـت دەردەچێـت. باشـە ئـەوەی کـۆت کردووەتـەوە، بـۆ کـێ دەبێـت؟“

«بـە هەمـان شـێوە دەبـێ ئـەو کەسـەی گەنجینـە بـۆ خـۆی کۆدەکاتـەوە بـەڵام لـەلای خـودا دەوڵەمەنـد نییـە.»(٩٧)

## نەك ئاشتی بەڵکو دووبەرەکی

خەڵکـی پەیامەکـەی مەسـیحیان بـە ناتـەواوی وەرگـرت و دۆخـی ڕۆحیـی خۆیـان نەبینـی، بـە هەڵـە وا تێگەیشـتن کـە عیسـا ئاشـتی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی فەراهـەم دەکات و لـە داگیـرکاری ڕۆمانـی ئازادیـان دەکات، دەیانبوژێنێتـەوە، بەبـێ ئـەوەی پێویسـت بـە گۆڕانـی ژیانیـان بـکات. وا تێنەگەیشـتن کـە پەیامـی مەسـیح پەیامێکـی ڕۆحییـە، ئاشتییەکەشـی دەروونییـە لەنـاو دڵ و پێویسـتی بـە پاکبوونـەوەی دڵ هەیـە بـە ئاگری ڕۆحـی پیـرۆز. وەرگرتنـی هەڵوێسـتی دیارمـان هەبێـت و دژایەتـی خراپـە بکەیـن؛ نـەك هـەر تەنهـا لـەو کۆمەڵگایـەی تێـدا دەژیـن، بەڵکـو لەنـاو سـنووری یـەك خێزانیـش، کـە لەوانەیـە ئەندامەکانـی دابـەش بـکات لەنێـوان بـاوەڕدار و بـێ بـاوەڕ. ئینجـا پێـی فەرمـوون:

«هاتـووم تاکـو ئاگـر هەڵدەمـە سـەر زەوی، چەنـدە خوازیـارم پێشـوەخت گـڕی گرتبێـت! بـەڵام ئازارێکم لەڕێگایـە و دەبێـت پێیـدا تێبپـەڕم (عیسـا ئامـاژەی بـۆ ئازارکێشـانی دەکـرد لەسـەر خـاچ) ، چەنـد نارەحەتـم هەتـا تـەواو دەبێـت. (تێیگەیانـدن کـە ئاشـتی ڕۆحیـی بـە دابـڕان لـە گونـاە و نزیکبوونـەوە لـە خـودا و دابڕانـی بـاوەڕدار لـە بـێ بـاوەڕ بەرپـا دەبێـت. ئینجـا فەرمـووی:) وا دەزانـن مـن هاتـووم ئاشـتی بهێنمـە سـەر زەوی؟ پێتـان دەڵێـم: نەخێـر، بەڵکـو دووبەرەکـی. لەمـەودوا لـە ماڵێکـدا پێنجـی تێـدا دەبێـت جیـا دەبنـەوە، سـێ لـە دوو و دوو لـە

---

(٩٧) لۆقا ١١: ٣٧- ١٢: ٢١

سێ. باوك لە كوڕ و كوڕ لە باوك، دایك لە كچ و كچ لە دایك، خەسوو لە بووك و بووك لە خەسوو جیا دەبنەوە.»(٩٨)

## گەڕانەوە بۆ لای خودا

هەر لەو كاتەدا هەندێك لەوێ بوون، باسی ئەو جەلیلییانەیان بۆ عیسا كرد (لە دژی دەسەڵاتی ڕۆمانی ڕاپەڕیبوون) كە پیلاتۆس خوێنی لەگەڵ قوربانییەكانیان تێكەڵاو كرد (باوەڕیان وابوو كە كارەسات بە هۆی سزای گوناهەوە دێت). عیسا وەڵامی دایەوە: «وا دەزانن ئەو جەلیلییانە لە هەموو جەلیلییەكانی دیكە گوناهبارتر بوون، چونكە بەم شێوەیە ئازاریان چێژت؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبە نەكەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن. یان ئەو هەژدە كەسەی لە سیلوام قوللەكەیان بەسەردا كەوت و كوشتنی، لە هەموو دانیشتووانی ئۆرشەلیم گوناهبارتر بوون؟ من پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵام ئەگەر تۆبەنەكەن هەمووتان بەو شێوەیە لەناودەچن.»

ئینجا ئەم نموونەیەی باسكرد (بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت پێویستە پێش لەدەستچوونی دەرفەت لە گوناه تۆبە بكەن): «كابرایەك دار هەنجیرێكی لە ڕەزەكەیدا چاندبوو، بۆ بەرهەم هات و پێوەی نەبینی. بە ڕەزەوانەكەی گوت: "تەماشا بكە، سێ ساڵە بۆ بەری ئەم دار هەنجیرە دێم و پێوەی نابینم! بیبڕەوە، بۆچی زەویش داگیر بكات؟"

«ڕەزەوانەكە وەڵامی دایەوە: "گەورەم، ئەم ساڵیش وازی لێبهێنە، تاكو دەوروبەری هەڵدەگێڕمەوە و پەیینی پێدا دەكەم. بەڵكو دواتر بەر بگرێت، ئەگینا بیبڕەوە."»

## چاككردنەوەی ژنێك لە ڕۆژی شەممەدا

عیسا لە ڕۆژی شەممەدا لە یەكێك لە كەنیشتەكان خەریكی فێركردن بوو، ژنێك بەهۆی ڕۆحێكی پیسەوە هەژدە ساڵ نەخۆش بوو، قەمبوور بوو و

(٩٨) لۆقا ١٢: ٤٩- ٥٣

هەرگیـز نەیدەتوانـی بـە تـەواوی ڕاسـتبێتەوە. عیسـا ژنەکـەی بینـی، بانگـی کـرد: «خانـم، لـە نەخۆشـییەکەت ئـازاد کرایـت.» ئینجـا هـەردوو دەسـتی خستەسـەری و دەسـتبەجێ ڕاسـتبووەوە و ستایشـی خـودای کـرد.

پێشـەوای کەنیشـتیش تـووڕە بـوو کـە عیسـا لـە شـەممەدا خەڵکـی چاککـردەوە، بـە خەڵکەکـەی گـوت: «شـەش ڕۆژ هەیـە کـە پێویسـتە کاریـان تێـدا بکرێـت، لەواندا وەرن و چاکبنـەوە، نـەك لـە ڕۆژی شـەممەدا.»

مەسـیحیش وەڵامـی دایـەوە: «ئـەی دووڕووان! ئایـا هـەر یـەك لـە ئێوە لـە ڕۆژی شـەممەدا گا یـان گوێدرێژەکـەی لـە ئاخـوڕ ناکاتـەوە و ببیـات ئـاوی بـدات؟ ئـەوەش کـە کچـی ئیبراهیمـە و هـەژدە سـاڵە شـەیتان بەسـتویەتییەوە، نەدەبـوو لـە ڕۆژی شـەممەدا لـەم بەنـدە ئـازاد بێـت؟»

کـە ئەمـەی فەرمـوو، هەمـوو بەرهەڵسـتکارانی شـەرمەزار بـوون، هەمـوو خەڵکەکـەش بـە گشـت ئـەو کارە شـکۆدارانەی بـەو ئەنجام دەدران دڵشـاد بـوون.(٩٩)

## بێباوەڕی خەڵکێکی زۆری جولەکە

زسـتان بـوو و لـە ئۆرشـەلیم جەژنـی هەنوکە بـوو، عیسـاش لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا لـە ڕێـڕەوە سـەر داپۆشراوەکـەی سـلێمان پیاسـەی دەکـرد، کـە هـەردوو لای بـە کۆڵەکـە گیرابـوو. جولەکـەکان لێـی کۆبوونـەوە و پێیـان گـوت: «هەتـا کـەی لـە گومـان دەمانهێڵیتـەوە؟ ئەگـەر تـۆ مەسـیحەکەیت، بـە ئاشـکرا پێـمان بڵـێ.»

عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «پێـم گوتـن بـەڵام بـاوەڕ ناکـەن. ئـەو کارانـەی بـە نـاوی باوکمـەوە دەیکـەم، شـایەتیم بـۆ دەدەن. بـەڵام ئێـوە بـاوەڕ ناکـەن، چونکـە لـە مەڕەکانـم نیـن. مەڕەکانـم گـوێ لـە دەنگـم دەگـرن، منیـش دەیانناسـم و ئەوانیـش بـە دوام دەکـەون، ژیانـی هەتاهەتاییـان دەدەمـێ و هەرگیـز لەنـاو ناچـن، کەسـیش لەدەسـتم نایانڕفێنێـت. باوکـم کـە بـە منـی داون لـە هەمـووان گەورەتـرە، کەسـیش ناتوانێـت لـە دەسـتی بـاوك بیانڕفێنێـت. مـن و بـاوك یەکیـن.»

---

(٩٩) لۆقا ١٣: ١- ١٧

دیسان ئەو جولەکانەی بەرهەڵستی عیسایان دەکرد بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن. بەڵام عیسا پێی فەرموون: «زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟»

جولەکەکان وەڵامیان دایەوە: «لەبەر کردارێکی چاك بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بە هۆی کفرکردنتەوە، چونکە تۆ مرۆڤیت و خۆت دەکەیت بە خودا.»

عیساش وەڵامی دانەوە: «ئایا لە تەوراتەکەتان نەنووسراوە: ﴿من پێم گوتن: "ئێوە خوداوەندەکانن؟"﴾ (تەورات وشەی خوداوەندی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە دادوەران) نووسراوە پیرۆزەکە هەمیشە ڕاستی دەفەرموێت. ئەگەر خودا ئەوانە بە "خوداوەندەکان" ناو بنێت کە وشەی خودایان بۆ هاتووەتە خوارەوە، ئیتر چۆن ئێوە بەوە دەڵێن کە باوك بۆ خۆی تەرخانی کردووە و ناردوویەتی بۆ جیهان: "تۆ کفر دەکەیت"، چونکە گوتم: "من کوڕی خودام"؟ ئەگەر کارەکانی باوکم نەکەم، باوەڕم پێ مەکەن. بەڵام ئەگەر ئەو کارانە بکەم، هەرچەندە باوەڕیشم پێ ناکەن، باوەڕ بەو کارانە بکەن، تاکو بزانن و تێبگەن کە باوك لە مندایە و منیش لە باوکدام.» دیسان ویستیان بیگرن، بەڵام لە دەستیان دەربازی بوو.

ئینجا عیسا چووەوە ئەوبەری ڕووباری ئوردون و لەوێ مایەوە، لەو شوێنەی کە یەحیا یەکەم جار خەڵکی لەئاو هەڵدەکێشا. زۆر خەڵك هاتنە لای و دەیانگوت: «یەحیا (لەئاوهەڵکێش) هیچ پەرجوویەکی نەکرد، بەڵام هەرچی یەحیا دەربارەی ئەم پیاوە گوتی ڕاست بوو.» لەوێ خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بە عیسا هێنا.[١٠٠]

## دەرگای تەنگ

کاتێك عیسا دەچووە ئۆرشەلیم، بە شار و گوندەکاندا تێدەپەڕی و خەڵکی فێر دەکرد. یەکێك پێی گوت: «گەورەم، ئایا کەمن ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت؟»

ئەویش پێی فەرموون. «کۆشش بکەن تاکو لە دەرگای تەسك بچنە ژوورەوە (ئەو ڕێگایەی بەرەو ژیانی جاویدانی دەچێت)، چونکە، پێتان دەڵێم، زۆر

---

(١٠٠) یۆحەنا ١٠: ٢٢- ٤٢

کـەس هەوڵـدەدەن بچنـە ژوورەوە و ناتوانـن. (عیسـا وەك نەریتـی خـۆی دیسـان لێکچواندنـی بـە ژیانـی ئاسـایی بەکارهێنـاوە لەنێـوان شانشـینی خـودا و مـاڵ. فەرمـووی:) لـەو دەمـەی خـاوەن مـاڵ هەڵدەسـتێت و دەرگا دادەخـات، ئێـوە لـە دەرەوە دەوەسـتن، لـە دەرگا دەدەن و تـکا دەکـەن: " گـەورەم، لێـمان بکـەوە!" وەڵام دەداتـەوە: "مـن ناتانناسـم و نازانـم ئێـوە خەڵکـی کوێـن."

«ئەوسـا دەڵێـن: "لەگەڵـت خواردمـان و خواردمانـەوە و لـە شـەقامەکامنان فێـرت کردیـن."

«ئینجـا دەڵێـت: "مـن ناتانناسـم و نازانـم ئێـوە خەڵکـی کوێـن. ئـەی هەمـوو بـەدکاران، لێـم دوور بکەونـەوە!"

«کاتێـك دەبینـن ئیبراهیـم و ئیسـحاق و یاقـوب و هەمـوو پێغەمبـەران لـە شانشـینی خـودان، بـەڵام ئێـوە دەرکـراون، جـا لـەوێ دەگرییـن و جیـڕەی ددانتـان دێـت. لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا، لـە باکـوور و باشـوورەوە (خەڵکـی) دێـن و لـە شانشـینی خـودا لەسـەر خـوان دادەنیشـن. ئەوەتـا دواهەمیـن هـەن دەبنـە یەکەمین و یەکەمینیـش هـەن دەبنـە دواهەمیـن.»

## دڵتەنگی عیسا بۆ ئۆرشەلیم

لـەو کاتـەدا هەندێـك فەریسـی هاتـن و پێیـان گـوت: «ئێـرە بەجێبهێڵـە و بـڕۆ، چونکـە هێـرۆدس دەیەوێـت بتکوژێـت.»

ئەویـش پێـی فەرمـوون: «بـڕۆن بـەو ڕێویـە بڵێـن، "ئەوەتـا ئەمـڕۆ و بەیانـی ڕۆحـە پیسـەکان دەردەکـەم و خەڵکـی چـاك دەکەمـەوە، لـە ڕۆژی سـێیەمیش (لـە دوای ماوەیەکـی کـورت) تـەواو دەبـم." بـەڵام بـۆ مـن پێویسـتە ئەمـڕۆ و سـبەی و دووسـبەی بـڕۆم، چونکـە نابێـت پێغەمبەرێـك لـە دەرەوەی ئۆرشـەلیم مبرێـت. (هەمـوو کاتێـك دادگاییکردنـی پێغەمبـەران لـەوێ بەڕێوەچـووە.)

«ئـەی ئۆرشـەلیم، ئـەی ئۆرشـەلیم، بکـوژی پێغەمبـەران و بەردبارانـکاری ئەوانـەی بـۆت نێـردران، چەنـد جـار ویسـتم منداڵەکانـت کۆبکەمـەوە، هـەروەك چـۆن مریشـك جوجەڵەکانـی لەژێـر باڵیـدا کۆدەکاتـەوە، بـەڵام نەتانویسـت. ئەوەتـا

ماڵەکەتـان بـە وێرانـی بـۆ بەجێدەهێڵـدرێ. پێتـان دەڵێـم، ئیـتر نامبیننـەوە، هەتـا ئـەو کاتـە دێـت کـە دەڵێـن، پیـرۆزە ئـەوەی بـە نـاوی یەزدانـەوە دێـت.»

## چاککردنەوەی نەخۆش لە ڕۆژی شەممەدا

ئەوەبـوو لـە ڕۆژی شـەممەدا کاتێـك عیسـا بـۆ نانخـواردن چـووە ماڵـی یەکێـك لـە سـەرکردە فەریسـییەکان، ئەوانـەی لـەوێ بـوون چاودێرییـان دەکـرد. پیاوێکیـش کـە نەخۆشـی ئاوبەنـدی هەبـوو لـە بەرامبـەری بـوو. عیسـا لـە تەوراتنـاس و فەریسـییەکانی پرسـی: «ئایـا لـە ڕۆژی شـەممەدا چاککردنـەوە دروسـتە یـان نـا؟» ئـەوان بێدەنـگ بـوون. ئەویـش کابـرای گـرت و چاکیکـردەوە و بەڕێـی کـرد.

پێـی فەرمـوون: «کامەتـان کوڕەکـەی یـان گایەکـەی لـە ڕۆژی شـەممەدا بکەوێتە بیـرەوە دەسـتبەجێ دەریناهێنێـت؟» نەیانتوانـی وەڵامـی ئـەم شـتانە بدەنەوە.

## بانگهێشتکردنی هەژاران

کاتێـك تێبینـی کـرد چـۆن بانگهێشـتکراوان ڕیـزی پێشـەوە دەگـرن، نموونەیەکـی هێنایـەوە و فەرمـووی: «کاتێـك یەکێـك بـۆ شـایی بانگهێشـتت دەکات، لـە ڕیـزی پێشـەوە دامەنیشـە، نـەوەك لـە تـۆ ڕێزدارتریشـی بانگهێشـت کردبێـت. ئینجـا ئـەوەی تـۆ و ئـەوی بانگهێشـت کـردووە، دێـت و پێـت دەڵـێ: "شـوێنەکەت بـۆ ئەمـە چـۆڵ بکـە،" تـۆش تەریـق دەبیتـەوە و ڕیـزی دواوە دەگریـت. بـەڵام کاتێـك بانگهێشـت دەکرێیـت بـڕۆ لـە دواوە دانیشـە، تاوەکـو کاتێـك ئـەوەی بانگهێشـتی کردوویـت، بێـت و پێـت بڵێـت: "هاوڕێـم، هەسـتەوە وەرە پێشـەوە." ئەوسـا لەبەرچـاوی هەمـوو ئەوانـەی لەگەڵـت دانیشـتوون قەدرگـران دەبیـت. بەم شـێوەیە ئـەوەی خـۆی بـەرز بکاتـەوە نـزم دەکرێتـەوە، ئـەوەش خـۆی نـزم بکاتـەوە بـەرز دەکرێتـەوە.»

ئینجـا بـەوەی گـوت کـە بانگهێشـتی کـردووە: «کاتێـك نانـی نیـوەڕۆ یـان ئێـوارە ئامـادە دەکەیـت، هـاوڕێ و بـرا و خـزم و دراوسـێ دەوڵەمەندەکانـت بانـگ مەکـە، نـەوەك ئەوانیـش بانگـت بکەنـەوە، چاکەت بدەنـەوە. بەڵکـو ئەگـەر میوانداریيەکـت کـرد، هـەژار و پەککەوتـە و شـەل و کوێر بانگهێشـت بکـە. خۆزگەت پـێ دەخوازرێ،

چونکە نیيانە پاداشتت بدەنەوە، تۆش لە هەستانەوەی ڕاستودروستان پاداشت دەدرێیتەوە.»

## نموونەی میوانداریيەك

یەكێك لە میوانەكان ئەمەی بیست (فەرمایشتی عیسای بیست سەبارەت بە هەستانەوەی ڕاستودروستان)، گوتی: «خۆزگە دەخوازرێت بەوەی لە شانشینی خودا نان دەخوات.» (ژیان لەگەڵ خودا لەدوای مردن. عیسای پەروەرگار ویستی فێری بكات كە ژیان لەگەڵ خودا لێرە لەسەر زەوی دەستپێدەكات و بۆ دوای مردن درێژدەبێتەوە. عیسا وەك نەریتی خۆی دیسان نموونە و لێكچوواني ژیانی ئاسایی هێنایەوە.)

عیسا وەڵامی دایەوە: «كابرایەك شێوێكی گەورەی ئامادەكرد و خەڵكێكی زۆری بانگهێشت كرد. لە كاتی نانخواردن كۆیلەیەكی خۆی نارد تاكو بەبانگهێشتكراوان بڵێت: ”فەرموون، ئێستا هەموو شتێك ئامادەیە.“

«بەڵام هەموو وەك یەك داوای لێبوردنیان كرد. یەكەمیان پێی گوت: ”كێڵگەیەكم كڕیوە و پێویستە بڕۆم ببینم، تكایە لێم ببورە.“

«یەكێكی دیكە گوتی: ”پێنج جووت گام كڕیوە و دەچم بزانم چۆنن، تكایە لێم ببورە.“

«یەكێكی دیكەشیان گوتی: ”ژنم هێناوە، لەبەر ئەوە ناتوانم بێم.“

«كۆیلەكەش هاتەوە و ئەمانەی بە گەورەكەی ڕاگەیاند. خاوەن ماڵ تووڕە بوو و بە كۆیلەكەی گوت: ”خێرا بڕۆ بۆ شەقام و كۆڵانەكانی شار، هەژار و پەككەوتە و كوێر و شەلەكان بهێنە ئێرە.“

«كۆیلەكە (گەڕایەوە) گوتی: ”گەورەم ئەوەی فەرمانت دا كرا، هێشتا شوێن ماوە.“

«گەورەكە بە كۆیلەكەی گوت: ”بڕۆ دەرەوە بۆ ڕێگا و ڕێچكەكان بە زۆر

خەڵك بهێنە ژوورەوە، تاكو ماڵەكەم پڕبێت. پێتان دەڵێم، لەوانەی بانگهێشت کرابوون (ئەوانەی بە هۆکاری نابەجێ پۆزشیان هێنابووەوە) کەس تامی شێوەکەم ناکات.“»

## نرخی شوێنکەوتنی عیسا (دووەم)

خەڵکێکی زۆر لەگەڵ عیسا دەڕۆیشتن بە ڕێگادا، ئاوڕی دایەوە و پێی گوتن: «ئەگەر یەکێك بێتە لام و ڕقی لە دایك و باوکی، ژن و منداڵی، برا و خوشکەکانی نەبێتەوە، بگرە لە خۆشی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من. (بێگومان عیسا کە داوای لە شوێنکەوتوانی خۆی کردووە هەموو کەسێکیان خۆشبووێ تەنانەت دوژمنەکانیش، داوایان لێ ناکات ڕقیان لە نزیکترین کەسەکانیان ببێتەوە، بەڵکو مەبەستییەتی کە پێشینەی گوێڕایەڵی سەرەتا بۆ خودایە بەر لە هەموو کەسێك، تەنانەت بەر لە خودی خۆشت. بۆ ئەوەی هەرکەسێك بزانێت چ نرخێك دەدات کاتێك دەبێتە شوێنکەوتوی عیسا. لەبەر ئەوە درێژەی بە فەرمایشتەکەی دا و فەرمووی:) ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

«کێ لە ئێوە ئەگەر بیەوێت قوللەیەك دروستبکات، یەکەم جار دانانیشێت و خەرجییەکەی ناخەمڵێنێت، ئاخۆ ئەوەندەی هەیە بۆ تەواوکردنی؟ نەوەك بناغەکەی دابنێت و نەتوانێت تەواوی بکات، ئەوسا هەموو ئەوانەی دەیبینن گاڵتەی پێ دەکەن، دەڵێن: ”ئەم پیاوە دەستی پێکرد بینا بکات و نەیتوانی تەواوی بکات.“

«یان چ پاشایەك دەچێتە شەڕی پاشایەکی دیکە و یەکەم جار دانانیشێت و ڕاوێژ ناکات، ئایا بە دە هەزار کەسەوە دەتوانێت بەرەنگاری ئەوە ببێتەوە کە بە بیست هەزارەوە دێتە سەری؟ ئەگینا خۆ تاکو دوورە، شاندێکی بۆ دەنێرێت و داوای ئاشتی دەکات. بەم شێوەیە، هەر یەکێکتان ئەگەر واز لە هەموو شتێك نەهێنێت کە هەیەتی، ناتوانێت ببێتە قوتابی من.

(هەروەها عیسا فەرمووی کە ئەو قوتابییەی دەبێتە شوێنکەوتوی، پێویستە سوودبەخش بێت و پارێزگاری لە چاکەی بکات. فەرمووی:) «خوێ باشە، بەڵام

ئەگەر سوێرییەکەی نەما، بە چی سوێر دەکرێتەوە؟ ئەوسا نە بە کەڵکی زەوی دێت و نە بە کەڵکی پەیین دێت، بەڵکو فڕێدەدرێتە دەرەوە. ئەوەی گوێی بۆ بیستن هەیە، با ببیستێت.»

## نموونەی مەڕە ونبووەکە

هەموو باجگر و گوناهباران لێی نزیك دەبوونەوە تاکو گوێ لە عیسا بگرن. جا فەریسی و مامۆستایانی تەورات بۆڵەبۆڵیان دەکرد: «ئەمە پێشوازی لە گوناهباران دەکات و نانیان لەگەڵ دەخوات.» (پێچەوانەی کرداری فەریسییەکان)

عیساش ئەم نموونەیەی بۆ هێنانەوە: «کامەتان ئەگەر سەد سەر مەڕی هەبێت و دانەیەکی لێ ون بێت، ئایا نەوەد و نۆیەکە لە دەشت بەجێناهێڵێت و بەدوای ونبووەکەدا ناچێت هەتا دەیدۆزێتەوە؟ کاتێك دۆزییەوە بە خۆشییەوە دەیخاتە سەر شانی و دێتەوە ماڵ، هاوڕێ و دراوسێکان بانگ دەکات و پێیان دەڵێت: "لەگەڵم دڵشاد بن! مەڕە ونبووەکەم دۆزییەوە." پێتان دەڵێم، لە ئاسمانیش شادی زیاتر دەبێت سەبارەت بە گوناهبارێك تۆبە بکات لە نەوەد و نۆ ڕاستودروست کە پێویستیان بە تۆبەکردن نییە. (عیسا ئەم نموونەیەی فەرموو بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی مامۆستا توندڕەوەکان بداتەوە ئەوانەی لەبەر پێشوازیکردنی لە گوناهباران لۆمەیان دەکرد، فەرمووی لەبەر بە کەم تەماشاکردنی خراپە نییە کە وا دەکات، بەڵکو چونکە ئەو شوانێکی دڵسۆزە کە بەدوای مەڕە ونبووەکانیدا دەگەڕێت.)

## نموونەی درهەمە ونبووەکە

(عیسا بۆ دووپاتکردنەوەی هەمان واتا فەرمووی:) «یان چ ئافرەتێك دە درهەمی هەبێت و یەك درهەمی ون بکات، چرا هەڵناکات و ماڵەکە گسك نادات و بە وردی ناگەڕێت، هەتا دەیدۆزێتەوە؟ کە دۆزییەوە، هاوڕێ و دراوسێکانی بانگ دەکات و دەڵێت: "لەگەڵم دڵشاد بن، ئەو درهەمەی ونم کردبوو، دۆزیمەوە." پێتان دەڵێم: بە هەمان شێوە، فریشتەکانی خودا دڵشاد دەبن کاتێك گوناهبارێك تۆبە دەکات.»

## نموونەی کوڕە ونبووەکە

ئینجـا فەرمـووی: «کابرایـەك دوو کـوڕی هەبـوو. بچووکەکەیـان بـە باوکـی گـوت: ”باوکـە، چیـم بەردەکـەوێ لـە بەشـە میراتـی خـۆم، بمـدەرێ.“ ئەویـش ماڵەکـەی بـۆ دابەشـکردن.

«دوای چەنـد ڕۆژێـك، کـوڕە بچووکەکـە هەمـوو شـتەکانی کۆکـردەوە و بـەرەو وڵاتێکـی دوور ڕۆیشـت، لـەوێ ماڵەکـەی لەسـەر ڕابـواردن دانـا. لـەدوای ئـەوەی هەمـووی خەرجکـرد، قاتوقـڕی گـەورە کەوتـە ناوچەکـە، لەبـەر ئـەوە تووشـی نەبوونـی هـات. ئیـتر هانـای بـۆ هاوڵاتییەکـی ناوچەکـە بـرد، ئەویـش ناردییـە کێڵگەکانـی بـۆ لەوەڕاندنـی بـەراز. حـەزی دەکـرد بـەو خڕنووکـە سـکی خـۆی تێـر بـکات کـە بـەرازەکان دەیانخـوارد، بـەڵام کـەس هیچـی پێنـەدەدا.

«ئینجـا بـە هـۆش خـۆی هاتـەوە و گوتـی: ”ئاخـۆ چەنـد کرێـکاری باوکـم نانیـان لەبـەر دەمێنێتـەوە، منیـش لێـرە وا لـە برسـان دەمـرم. هەڵدەسـتم دەچمـەوە لای باوکـم، پێـی دەڵێـم: باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهـم کـرد. ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تـۆ بانـگ بکرێـم، بمکـە بـە کرێکارێکـی خـۆت.“ جـا هەسـتا و گەڕایـەوە لای باوکـی.

«هێشـتا دوور بـوو باوکـی ئـەوی بینـی و دڵـی بـۆی سـووتا، ڕایکـرد و باوەشـی پێداکـرد و ماچـی کـرد.»

«کـوڕەش پێـی گـوت: ”باوکـە، لـە دژی ئاسـمان و بەرامبـەری تـۆ گوناهـم کـرد، ئیـتر شـایانی ئـەوە نیـم بـە کـوڕی تـۆ بانـگ بکرێـم.“

«بـەڵام باوکەکـە بـە خزمەتکارانـی خـۆی گـوت: ”خێـرا باشـترین جلوبـەرگ بهێنـن و لەبـەری بکـەن، ئەنگوسـتیلەیەك بکەنـە پەنجـەی و پێڵاویـش بـۆ پێـی. گوێرەکـە قەڵەوەکـەش بهێنـن و سـەری ببـڕن، بـا بخۆیـن و دڵخـۆش بیـن، چونکـە ئـەم کـوڕەم مـردوو بـوو و زینـدوو بووەتـەوە، ون ببـوو و دۆزراوەتـەوە.“ جـا دەسـتیان بـە ئاهەنـگ گێـڕان کـرد.

«کـوڕە گەورەکـە لـە کێڵگـە بـوو، کـە هاتـەوە و لـە مـاڵ نزیـك بـووەوە، گوێـی لـە مۆسـیقا و هەڵپەڕکـێ بـوو. یەکێـك لـە خزمەتکارانـی بانگکـرد و پرسـیاری کـرد،

"ئەمە چییە؟" پێی گوت: "براکەت گەڕاوەتەوە، باوکیشت گوێرەکە قەڵەوەکەی سەربڕی، چونکە بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە."

«کوڕە گەورەکە تووڕە بوو و نەیویست بچێتە ژوورەوە. ئیتر باوکی هاتە دەرەوە و تکای لێکرد. بەڵام ئەو وەڵامی باوکی دایەوە: "ئەوەتا ئەو هەموو ساڵە کۆیلایەتیت بۆ دەکەم و هەرگیز لە فەرمانت دەرنەچووم، تەنانەت کاریلەیەکت نەدامێ تاکو لەگەڵ هاوڕێیەکانم پێی دڵخۆش بم. بەڵام کاتێک ئەم کوڕەت هاتەوە، ئەوەی ماڵەکەتی لەگەڵ لەشفرۆشان لووش دا، گوێرەکە قەڵەوەکەت بۆی سەربڕی."

«ئەویش پێی گوت: "کوڕم، تۆ هەمیشە لەگەڵ منی، هەرچیم هەیە هی تۆیە. بەڵام پێویستە دڵخۆش و شاد بین، چونکە ئەم برایەت مردوو بوو و زیندوو بووەتەوە، ون ببوو و دۆزراوەتەوە."» (عیسا بەمە ئاماژەی کرد بۆ مکوڕبوونی خودا لەسەر تۆبەکردنی گوناهبار، ئەگەر گوناهەکانی هەرچەند بوو بێت بەڵام بە پەشیمانییەوە بگەڕێتەوە لای خودا، ئەوا خودا لێی خۆشدەبێت.)

## نموونەی سەرکاری ناپاک

هەروەها عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «کابرایەکی دەوڵەمەند سەرکارێکی هەبوو، سکاڵای بەفیڕۆدانی ماڵەکەی لەسەری پێگەیشت. کابرای دەوڵەمەند بانگی کرد و لێی پرسی: "ئەمە چییە لەسەر تۆ دەیبیستمەوە؟ بڕۆ حیسابی سەرکارییەکەت بکە و بیخە بەردەستم، چونکە ئیتر ناتوانیت سەرکار بیت."

«سەرکارەکە بە خۆی گوت: "چی بکەم، چونکە گەورەکەم سەرکارییەکەم لێ دەسەنێتەوە؟ ناتوانم زەوی بکێڵم و شەرمیش دەکەم سواڵ بکەم. بەڵام دەزانم چی دەکەم، بۆ ئەوەی کاتێک لە سەرکارییەکە دەرکرام، خەڵکی لە ماڵەکانیان پێشوازیم لێ بکەن."

«جا هەریەکە لە قەرزارەکانی گەورەکەی بانگکرد. بە یەکەمیانی گوت: "چەند قەرزاری گەورەکەمیت؟"

«گوتی: ”سەد هیزە زەیتی زەیتوون.“ (نزیکەی چوار هەزار لیتر)

«ئەویش پێی گوت: ”پسوولەکەت وەربگرە و دانیشە، خێرا بنووسە پەنجا.“

«بەوی دیکەی گوت: ”تۆ چەندت لەسەرە؟“

«گوتی: ”سەد ڕبە گەنم.“ (نزیکەی سی و پێنج تەن)

«پێی گوت: ”پسوولەکەت وەربگرە و بنووسە هەشتا.“

«جا گەورەکە دەستخۆشی لە سەرکارە ناپاکەکەی کرد (نەك لەبەر ئەوەی ناپاکە، بەڵکو) کە ژیرانە جوڵایەوە، (عیسا تێبینی خۆی سەبارەت بەمە گوت و فەرمووی:) چونکە خەڵکانی دنیایی لەگەڵ خەڵکانی وەك خۆیان لە هەڵسوکەوتەکانیاندا لە گەلی پیرۆز ژیرترن (مەبەستی ئەوەیە کە هەندێك جار لە کاروباری دونیایی خەڵکی بێباوەڕ لە باوەڕدار داناترن). منیش پێتان دەڵێم: بە سامانی ئەم دنیایە دۆستی خۆتان دروستبکەن (سامانی ئەم جیهانە کە لە کاری چاکە دەیبەخشن لەبری ئەوەی بۆ ستەم هانتان بدات)، تاکو ئەگەر نەما، خودا لە ماڵی هەتاهەتایی پێشوازیتان لێ بکات.»

«ئەوەی لە کەم دەستپاکە لە زۆریش دەستپاکە، ئەوەی لە کەم ناپاکە لە زۆریش ناپاکە. ئەگەر لە سامانی ئەم دنیایە دەستپاك نەبن، کێ سامانی ڕاستەقینەی بە ئێوە دەسپێرێت؟ ئەگەر لە شتی خەڵکی دەستپاك نەبن، کێ شتی خۆیتان دەداتێ؟

«خزمەتکار نییە بتوانێت کۆیلایەتی دوو گەورە بکات، چونکە ڕقی لە یەکێکیان دەبێتەوە و ئەوەی دیکەی خۆشدەوێت، یان دەست بە یەکێکیانەوە دەگرێت و ئەوەی دیکە پشتگوێ دەخات. ئێوەش ناتوانن کۆیلەی خودا و پارە بن.»

فەریسییەکانیش کە پارەیان خۆشدەویست، گوێیان لە هەموو ئەمانە بوو، گاڵتەیان پێکرد. (عیسا) پێی فەرموون: «لەنێو خەڵکدا خۆتان بە بێتاوان دەردەخەن، بەڵام خودا دڵتان دەناسێت. ئەوەی لای خەڵکی پایەدارە، لای خودا قێزەونە.»[١٠١]

---

(١٠١) لۆقا ١٣: ٢٢- ١٦: ١٥

## نموونەی هەژارێك و دەوڵەمەندێك

«پیاوێکی دەوڵەمەند هەبوو، جلی ئەرخەوانی (ئەو کەوا سوورەی کە پاشاکان لەبەری دەکەن) و کەتانی ناسکی لەبەر دەکرد و هەموو ڕۆژێکی بە خۆشی ڕادەبوارد. هەژارێکیش ناوی لەعازر بوو، لە بەردەرگاکەی کەوتبوو، هەموو جەستەی برین بوو، پەرۆش بوو لەو بەرماوەیە تێربێت کە لە خوانی دەوڵەمەندەکە دەکەوتە خوارەوە. تەنانەت سەگیش دەهاتن برینەکانیان دەلێستەوە.

«ئیتر هەژارەکە مرد و فریشتە بۆ باوەشی ئیبراهیم هەڵیانگرت. دەوڵەمەندەکەش مرد و نێژرا. لە جیهانی مردووان سەری هەڵبڕی و ئازاری دەچێژت، لە دوورەوە ئیبراهیمی بینی و لەعازری لە باوەش بوو. هاواری کرد: ”باوکە ئیبراهیم، بەزەییت پێمدا بێتەوە، لەعازر بنێرە تاکو سەری پەنجەی بە ئاو تەڕ بکات و زمانم فێنك بکاتەوە، وا لەناو ئەم گڕەدا ئازار دەچێژم.“

«ئیبراهیم گوتی: ”کوڕم، لەبیرتە لە ژیانتدا شتە باشەکانی خۆتت وەرگرت و لەعازریش شتە خراپەکان. بەڵام ئێستا وا لێرە دڵنەوایی دەکرێت و تۆش ئازار دەچێژیت. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان ئێمە و ئێوەدا دانراوە، تاوەکو ئەوانەی بیانەوێ لێرەوە بۆ لاتان بێن نەتوانن و کەسیش لەوێوە بۆ لای ئێمە نەپەڕێتەوە.“

«ئەویش گوتی: ”کەواتە باوکە، لێت دەپاڕێمەوە لەعازر بنێرە بۆ ماڵی باوکم، چونکە پێنج برام هەیە، تاکو ئاگاداریان بکاتەوە، نەوەك ئەوانیش بۆ ئەم شوێنی ئازاردانە بێن.“

بەڵام ئیبراهیم پێی گوت: ”موسا و پێغەمبەرانیان هەیە (کتێبی تەورات کە خودا بە سروش بۆ موسای ناردووە و ئەو نووسراوانەش کە بۆ پێغەمبەرانی دیکەی ناردووە)، با گوێ لەوان بگرن.“

«ویش گوتی: ”نەخێر باوکە ئیبراهیم، بەڵام ئەگەر یەکێك لەناو مردووانەوە بچێتە لایان، ئەوا تۆبە دەکەن.“»

«پێی گوت: ”ئەگەر گوێ لە موسا و پێغەمبەران نەگرن، تەنانەت یەکێك

لەناو مردووانیش هەستێتەوە، قەناعەتیان پێ نایێت.“»

## گوناه و باوەڕ و خزمەت

عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو: «مەحاڵە کۆسپەکان نەیەن (قسە و کردارێك کە کەسێك بیکات، ببێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی کەسێکی دیکە لە باوەڕ)، بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی دەبێتە هۆی هاتنیان. باشترە بۆی ئەگەر بەرداشێك بە ملیەوە هەڵبواسرێت و فڕێبدرێتە دەریاوە، لەوەی ببێتە کۆسپ بۆ یەکێك لە قوتابییەکانم (یان یەکێك لەوانەی کە تازە باوەڕیان هێناوە). ئاگاداری خۆتان بن.

«ئەگەر براکەت هەڵەی کرد، سەرزەنشتی بکە، ئەگەر تۆبەی کرد گەردنی ئازاد بکە. ئەگەر لە ڕۆژێکدا حەوت جار هەڵەی بەرامبەرت کرد و حەوت جار گەڕایەوە لات و گوتی: ”تۆبە دەکەم،“ تۆ گەردنی ئازاد بکە.»

ئینجا نێردراوەکان بە مەسیحی خاوەن شکۆیان گوت: «باوەڕمان زیاد بکە!»

مەسیحیش فەرمووی: «ئەگەر ئەوەندەی دەنکە خەردەلێکیش (یەکێکە لە بچووکترین تۆوەکان) باوەڕتان هەبێت، بەم دار تووە دەڵێن: ”هەڵبکەنرێ و لەناو دەریا بڕوێ،“ بە قسەتان دەکات.»

(هەندێك لە دینداران هەستی خۆبەگەورەزانین و لووتبەرزییان هەیە، بە بیانووی ئەوەی کە گوایا ئەوان خزمەتی خودا دەکەن. عیسا پێی فەرموون:) کامەتان، ئەگەر کۆیلەیەکی هەبێت و خەریکی کاری کێڵگە و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بێت، دوای ئەوەی کە لە کێڵگە هاتەوە، پێی دەڵێت: ”یەکسەر وەرە و دانیشە“؟ ئایا پێی نالێت: ”شتێکم بۆ ئامادە بکە بیخۆم، ناوقەدت ببەستە و خزمەتم بکە تاکو دەخۆم و دەخۆمەوە، پاشان تۆ بخۆ و بخۆوە“؟ ئایا سوپاسی ئەو کۆیلەیە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کرد کە فەرمانی پێ کرابوو؟ ئێوەش بەم شێوەیە، کاتێك هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت دەیکەن، بڵێن: ”کۆیلەی شایستە نین، ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە.“»[١٠٢]

---

(١٠٢) لۆقا ١٦: ١٩- ١٧: ١٠

## مردنی لەعازر

پیاوێك بە ناوی لەعازر نەخۆش بوو كە خەڵكی بێتعەنیا بوو، هەمان گوندەكەی مریەم و مەرسای خوشكی. ئەم مریەمە ئەوە بوو كە مەسیحی خاوەن شكۆی بە بۆن چەوركرد، بە پرچی پێیەكانی سڕییەوە، لەعازری نەخۆشیش برای بوو. خوشكەكان هەواڵیان بۆ عیسا نارد و گوتیان: «گەورەم، ئەوەتا ئەوەی خۆشتدەوێ نەخۆشە.»

كاتێك عیسا ئەمەی بیست فەرمووی: «ئەم نەخۆشییە بۆ مردن نییە، بەڵكو بۆ شكۆداری خودایە، تاكو بە هۆیەوە كوڕی خودا شكۆدار بێت.» لەگەڵ ئەوەی عیسا مەرسا و خوشكەكەی و لەعازری خۆشدەویست، بەڵام كاتێك بیستی نەخۆشە، لەو شوێنەی لێی بوو دوو ڕۆژی دیكە مایەوە.

دوای ئەمە عیسا بە قوتابییەكانی فەرموو: «با بچینەوە (ناوچەی) یەهودیا.»

قوتابییەكان پێیان گوت: «ڕابی (واتا مامۆستا)، تۆزێك لەمەوبەر جولەكەكانی ئەوێ دەیانویست بەردبارانت بكەن، دیسان دەچیتەوە ئەوێ؟»

عیساش وەڵامی دایەوە: «ئایا ڕۆژ دوازدە كاتژمێر نییە؟ ئەوەی بە ڕۆژ بڕوات پێی هەڵناكەوێت، چونكە ڕووناكی ئەم جیهانە دەبینێت. بەڵام ئەوەی بە شەو بڕوات پێی هەڵدەكەوێت، چونكە ڕووناكی تێدا نییە.»

ئەمانەی فەرموو، پاشان پێی فەرموون: «لەعازری دۆستمان نوستووە، بەڵام دەڕۆم تاكو بەخەبەری بهێنمەوە.»

ئینجا قوتابییەكان پێیان گوت: «گەورەم، ئەگەر ئەو نوستووە، چاكدەبێتەوە.» عیسا باسی مردنی ئەوی كرد، بەڵام ئەوان وایانزانی باس لە نوستنی ئاسایی دەكات.

عیساش بە ئاشكرا پێی فەرموون: «لەعازر مردووە. لەبەر ئێوە دڵشادم كە لەوێ نەبووم، تاكو باوەڕ بهێنن. وەرن، با بڕۆین بۆ لای.»

تۆماسیش كە بە دووانە بانگ دەكرا، بە قوتابییە هاوەڵەكانی گوت: «با ئێمەش لەگەڵ ئەودا بڕۆین تاكو لەگەڵ ئەودا بمرین.» (لەگەڵ عیسا)

## منم هەستانەوە و ژیان

کاتێـك عیسـا گەیشـت، زانـی لەعـازر وا چـوار ڕۆژە لـە گۆڕدایـە. بێتعەنیـاش نزیکـەی پـازدە تیرهاوێژ لـە ئۆرشـەلیمەوە دوور بـوو. ژمارەیەکـی زۆر لـە جولەکـەکان هاتبوونـە لای مەرسا و مریـەم تاکـو سەرەخۆشـی براکەیـان لـێ بکـەن. کاتێـك مەرسا بیسـتی عیسـا هاتـووە، بـەرەو پیـری چـوو، بـەڵام مریـەم لـە مـاڵ مایـەوە.

ئینجـا مەرسـا بـە عیسـای گـوت: «گـەورەم، ئەگـەر لێـرە بوویتایـە، براکـەم نەدەمـرد. ئێسـتاش دەزانـم هەرچـی لـە خـودا داوا بکەیـت، خـودا دەتداتـێ.»

عیسا پێی فەرمووی: «براکەت زیندوو دەبێتەوە.»

مەرسـاش پێـی گـوت: «دەزانـم لـە زیندووبوونـەوەی ڕۆژی دوایـی هەڵدەسـتێتەوە.»

عیسا پێـی فەرمـوو: «منـم زیندووبوونـەوە و ژیـان. ئـەوەی بـاوەڕم پـێ بهێنێت، ئەگـەر بشـمرێت زینـدوو دەبێتـەوە (ئەگـەر بـە جەسـتەش بمرێـت بـەڵام بـە ڕۆح دەژییـت). هەروەهـا هەرکەسـێك کـە زینـدووە (لـە ژیانـی ڕۆحـی) و بـاوەڕم پـێ بهێنێـت، هەرگیـز نامرێـت. بـاوەڕ بەمـە دەکەیـت؟»

پێـی گـوت: «بەڵـێ گـەورەم. بـاوەڕم هێنـاوە کـە تـۆ مەسـیحەکەیت، کـوڕی خـودای، ئـەوەی بـۆ جیهـان دێـت.»

پاشـان کـە ئەمـەی گـوت، چـوو مریەمـی خوشـکی بانگکـرد و بـە نهێنـی گوتـی: «مامۆسـتا لێرەیـە، بانگـت دەکات.» ئەویـش کـە ئەمـەی بیسـت خێـرا هەسـتا و هاتـە لای. عیسـا هێشـتا نەهاتبـووە نـاو گوندەکـە، بەڵکـو لـەو شـوێنە بـوو کـە مەرسـای لـێ بینـی. ئـەو جولەکانـەی لـە ماڵـەوە لەگەڵـی بـوون و دڵنەواییـان دەکـرد، بینییـان مریـەم خێـرا هەسـتا و چـووە دەرەوە، دوای کەوتـن، وایانزانـی دەچێتـە سـەر گۆڕەکـە تاکـو لـەوێ بگریێـت.

کاتێـك مریـەم گەیشـتە ئـەو شـوێنەی عیسـای لێبـوو و ئـەوی بینـی، بەسـەر پێیـدا

کەوت و پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد.»

عیساش کە بینی دەگرییێت و ئەو جولەکانەش کە لەگەڵی هاتبوون دەگرییێن، کاری لە ڕۆحی کرد و خەمبار بوو، لێی پرسین: «لەکوێتان داناوە؟ (لەو سەردەمە لە کەلتووری جولەکە مردوو نەخراوەتە ژێر خۆڵ، بەڵکو لە ئەشکەوتێك دانراوە و دەرگاکەی داخراوە.)» ئەوانیش وەڵامیان دایەوە: «گەورەم، وەرە و ببینە.»

جا عیسا گریا.

لەبەر ئەوە جولەکەکان گوتیان: «سەیر بکەن، چەندی خۆشدەویست!»

بەڵام هەندێکیان گوتیان: «ئەمە کە چاوی نابیناکەی چاك کردەوە، ئایا نەیدەتوانی وای بکردایە ئەمیش نەمردایە؟»

## زیندووکردنەوەی لەعازر

دیسان عیسا لە ناخەوە خەم دایگرت و هاتە لای گۆڕەکە کە ئەشکەوتێك بوو دەمەکەی بەردێکی پێوەنرابوو. عیسا فەرمووی: «بەردەکە لادەن.»

مەرسای خوشکی مردووەکە پێی گوت: «گەورەم، بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە.»

عیساش پێی فەرموو: «ئەی پێم نەگوتی ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟»

ئەوسا بەردەکەیان لابرد، عیساش چاوی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و فەرمووی: «باوکە، سوپاست دەکەم کە گوێت لێ گرتم. دەمزانی کە تۆ هەمیشە گوێم لێ دەگریت. بەڵام لەبەر ئەو خەڵکەی لەم ناوە ڕاوەستاون ئەمەم گوت، تاکو باوەڕ بکەن کە تۆ منت ناردووە.»

کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «لەعازر وەرە دەرەوە!»

ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێك پێچرابوو.

عیساش پێی فەرموون: «بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا.»

## ڕابەرانی ئایینی پیلانی کوشتنی عیسا دادەڕێژن

لەبەر ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە جولەکەکان کە بۆ لای مریەم هاتبوون و ئەمەیان بینی کە عیسا کردی، باوەڕیان پێی هێنا. بەڵام هەندێکیان چوونە لای فەریسییەکان و ئەوەی عیسا کردبووی پێیان ڕاگەیاندن. لەبەر ئەوە کاهینانی باڵا و فەریسییەکان سەنهەدرینیان کۆکردەوە.

گوتیان: «چی بکەین؟ چونکە ئەم پیاوە پەرجووی زۆر دەکات. ئەگەر بەم شێوەیە لێیگەڕێین هەموو خەڵکەکە باوەڕی پێ دەهێنن، ڕۆمانییەکانیش دێن، پەرستگاکەمان دەڕووخێنن و نەتەوەکەمان ڕاپێچ دەکەن.»

یەکێك لەوان، بە ناوی قەیافا، ئەو ساڵە سەرۆك کاهین بوو، پێی گوتن: «ئێوە هیچ نازانن، تێناگەن، باشترە بۆتان کە پیاوێك لە جیاتی گەل بمرێت، لەوەی کە گەل هەمووی لەناوبچێت.»

ئەو لە خۆیەوە ئەمەی نەگوت، بەڵکو لەو ساڵەدا سەرۆك کاهین بوو، (بە ڕێنمایی خودا) پێشبینی کرد کە عیسا خەریکە لە جیاتی گەل دەمرێت، نەك تەنها لە جیاتی ئەو گەلە، بەڵکو تاکو ڕۆڵەکانی خودا کە پەرتەوازە بوون کۆبکاتەوە و یەکیانبخاتەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە پیلانی کوشتنیان دارشت.

لەبەر ئەوە چیتر عیسا بە ئاشکرا بەناو خەڵکی یەهودیادا نەدەگەڕا، بەڵکو لەوێوە چووە ناوچەکانی نزیك چۆڵەوانی، بۆ شارێك ناوی ئەفرایم بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی لەوێ مایەوە.[١٠٣]

## چاککردنەوەی دە نەخۆشی گول

---

(١٠٣) یۆحەنا ١١: ١- ٥٤

کاتێـك عیسـا دەچـوو بـۆ ئۆرشـەلیم، بـە نێوانـی سـامیرە و جەلیلـدا ڕۆیشـت، ڕێگـەی کەوتـە گوندێـك، لـەوێ تووشـی دە پیـاو بـوو کـە نەخۆشـی گولییـان هەبوو، کـە لـە دوورەوە ڕاوەسـتابوون. پیـاوەکان دەنگیـان بـەرز کـردەوە و گوتیـان: «ئـەی عیسـا، ئـەی مامۆسـتا، بەزەییـت پێمانـدا بێتـەوە!»

جـا ئەوانـی بینـی و پێـی فەرمـوون: «بـڕۆن خۆتـان نیشـانی کاهینـان بـدەن.» کاتێـك دەڕۆیشـتن پاکبوونـەوە.

یەکێکیـان سـەیری کـرد پـاك بووەتـەوە، گەڕایـەوە و بـە دەنگێکـی بـەرز ستایشـی خـودای کـرد، لەبەرپێـی عیسـا بەسـەر ڕوودا کـەوت و سوپاسـی کـرد. کابـرا سـامیرەییش بـوو.

عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ئـەرێ دە کـەس پـاك نەبوونـەوە؟ کـوا نۆیەکـەی دیکـە؟ هیـچ کەسـێکیان نەبیـنران بگەڕێنـەوە و ستایشـی خـودا بکـەن، ئـەم بێگانەیـە نەبێـت؟ »ئینجـا پێـی فەرمـوو: «هەسـتە و بـڕۆ، بـاوەڕت ڕزگاری کردیـت.»

## هاتنی پاشایەتی خودا

کـە فەریسـییەکان پرسـیاریان لێکـرد، کـەی پاشـایەتی خـودا دێـت، وەڵامـی دانـەوە: «پاشـایەتی خـودا بـە جۆرێـك نایـەت کـە ببینرێـت، خەڵکیـش ناڵێـن: "ئەمەتـا،" یـان "ئەوەتـا،" چونکـە پاشـایەتی خـودا لـە نێوتاندایـە.»

جـا بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو: «ڕۆژانێـك دێـت کـە تامـەزرۆن ڕۆژێك لـە ڕۆژانی کـوڕی مـرۆڤ ببینـن، بـەڵام نایبینـن. ئینجـا پێتـان دەڵێـن: "ئەوەتـا لەوێیـە،" یـان "ئەمەتـا لێرەیـە،" مـەڕۆن و بەدوایـدا مەچـن، چونکـە وەك ئـەو بروسـکەیەی لـە لایەکـەوە لەژێـر ئاسـماندا بروسـکە دەدات لایەکـی دیکـە لەژێـر ئاسـماندا ڕوونـاك دەکاتـەوە، کـوڕی مرۆڤیـش لـە ڕۆژی خۆیـدا بـەو شـێوەیە دەبێـت. بـەڵام دەبێـت یەکـەم جـار زۆر ئـازار بچێژێـت و ئـەم نەوەیـەش ڕەتـی بکەنـەوە.

«وەك ئـەوەی لـە سـەردەمی نوحـدا بـوو، لـە سـەردەمی کـوڕی مرۆڤیشـدا ئـاوا دەبێـت. دەیانخـوارد و دەیانخـواردەوە، ژنیـان دەهێنـا و مێردیـان دەکـرد، تاکـو ئـەو ڕۆژەی نـوح چـووە نـاو کەشـتییەکە، لافاوەکـە هـات و هەموویانـی لەناوبـرد.

دیسـان وەك ئـەوەی لـە سـەردەمی لـوت بـوو، دەیانخـوارد و دەیانخـواردەوە، دەیانکـڕی و دەیانفرۆشـت، دەیانچانـد و بنیادیـان دەنـا. بـەڵام لـەو ڕۆژەی لـوت لـە سـەدۆم هاتـە دەرەوە، خـودا لـە ئاسـمانەوە ئاگـر و گۆگـردی بارانـد و هەموویانـی لەناوبـرد.

«لـەو ڕۆژەدا کـوڕی مـرۆڤ ئاشـکرا دەکرێـت، ئـاوا دەبێـت. ئـەوەی لـەو ڕۆژەدا لـە سـەربانە و شـتەکانی لـە نـاو ماڵـە، بـا نەیەتـە خـوارەوە بـۆ بردنـی. ئـەوەی لـە کێڵگەشـە بـا نەگەڕێتـەوە. ژنەکـەی لوتتـان بەبیـر بێتـەوە! ئـەوەی بیـەوێ ژیانـی خـۆی بپاتـەوە دەیدۆڕێنێـت، ئـەوەش کـە دەیدۆڕێنێـت دەیپاتـەوە. پێتـان دەڵێـم: لــەو شــەوەدا دووان لەنــاو یــەك جێــگان، یەکیــان دەبردرێــت و ئــەوی دیکــە بەجێدەهێڵدرێـت. دوو ژن دەسـتاڕ دەگێـڕن، یەکیـان دەبردرێـت و ئـەوی دیکـە بەجێدەهێڵدرێــت. دووان لــە کێڵگــە دەبــن، یەکیــان دەبردرێــت و ئــەوی دیکــە بەجێدەهێڵدرێــت.»

لێیان پرسی: «لەکوێ گەورەم؟»

پێی فەرموون: «کەلاك لەکوێ بێت، داڵ لەوێ کۆدەبێتەوە.»

## نموونەی بێوەژن و دادوەرێك

عیســا نموونەیەکــی بــۆ هێنانــەوە کــە پێویســتە هەمیشــە نوێــژ بکــەن و ورە بەرنـەدەن. فەرمـووی: «لـە شـارێك دادوەرێـك هەبـوو لـە خـودا نەدەترسـا و ڕێـزی مرۆڤیشــی نەدەگــرت. لــەو شــارەدا بێوەژنێــك هەبــوو، دەهاتــە لای و دەیگــوت: ”مافـم لـە نەیارەکـەم بسـتێنەوە.“

ئەویـش ماوەیـەك نەیدەویسـت، بـەڵام دواتـر لە دڵی خۆیـدا گوتـی: ”هەرچەندە لـە خـودا ناترسـم و ڕێزیـش لـە مـرۆڤ ناگـرم، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەم بێوەژنـە بێــزارم نــەکات، مافەکــەی بــۆ وەردەگرمــەوە، ئەگینــا وازناهێنێــت و وەڕســم دەکات.“»

مەسـیحی خـاوەن شـکۆ فەرمـووی: «گـوێ بگـرن لـەوەی دادوەرە زۆردارەکـە دەیڵێــت. باشــە خــودا مافــی هەڵبژێردراوەکانــی خــۆی کــە شــەو و ڕۆژ لێــی دەپاڕێنـەوە وەرناگرێـت؟ ئایـا درەنـگ وەڵامیـان دەداتـەوە؟ پێتـان دەڵێـم: خێـرا

مافیـان بـۆ وەردەگرێـت. بـەڵام کاتێـك کـوڕی مـرۆڤ دێتـەوە، ئایـا بـاوەڕ لەسـەر زەوی دەدۆزێتــەوە؟»

## نموونەی فەریسی و باجگر

بـۆ ئەوانـەی دڵنیـا بـوون کـە خۆیـان بـە بێتـاوان دادەنـا و خەڵکیـان بـە سـووك سـەیر دەکـرد، ئـەم نموونەیـەی هێنایـەوە: دوو کـەس بـۆ نوێژکـردن چوونـە پەرستگا، یەکێکیـان فەریسـی و ئـەوەی دیکـە باجگـر. فەریسـییەکە وەسـتا، لـە دڵـی خۆیـدا ئـەم نوێـژەی دەکـرد: ”خودایـە سوپاسـت دەکـەم وەك خەڵکـی دیکـە نیـم، کـە قۆڵبـڕ و خراپـەکار و داوێنپیسـن، وەك ئـەم باجگـرەش نیـم. هەفتـەی دوو جـار بـەڕۆژوو دەبـم، ئـەوەی دەسـتم دەکـەوێـت دەیەکـی دەبەخشـم.“

بـەڵام باجگرەکـە لـە دوورەوە ڕاوەسـتا، نەیدەویسـت چـاوی بـۆ ئاسـمان بـەرز بکاتـەوە، سـنگی خـۆی دەکوتـا و دەیگـوت: ”ئـەی خودایـە بەزەییت بـە منـی گوناهبـاردا بێتـەوە.“

پێتـان دەڵێـم، ئەمـە گەڕایـەوەماڵـی خـۆی بێتـاوان کرابـوو، پێچەوانـەی ئـەوی دیکـە، چونکـە ئـەوەی خـۆی بـەرز بکاتـەوە نـزم دەکرێتـەوە، ئـەوەش خـۆی نـزم بکاتـەوە بـەرز دەکرێتـەوە.[١٠٤]

## عیسا لەسەر تەڵاق دەدوێت

هەندێـك فەریسـی هاتنـە لای بـۆ ئـەوەی تاقیـی بکەنـەوە، گوتیـان: «ئایـا دروسـتە مێـرد لەبـەر هـەر هۆیـەك بێـت ژنەکـەی تـەڵاق بـدات؟»

عیسـا وەڵامـی دانـەوە: «ئایـا نەتانخوێندووەتـەوە، ئـەوەی لـە سـەرەتاوە بەدیهێنـاوە ﴿بـە نێـر و مـێ بەدیهێنان﴾؟ هەروەهـا فەرمـووی: ﴿لەبـەر ئـەوە پیـاو دایـك و باوکـی خـۆی بەجێدەهێڵێـت و بـە ژنەکەیـەوە دەنووسـێت، ئیـتر هەردووکیـان دەبنـە یـەك جەسـتە.﴾ کەواتـە چیـتر دوو نیـن بەڵکـو یـەك جەسـتەن. لەبـەر ئـەوە ئـەوەی خـودا بـە یەکـتری گەیانـدووە، بـا مـرۆڤ جیـای نەکاتـەوە.»

---

(١٠٤) لۆقا ١٧: ١١- ١٨: ١٤

لێیان پرسی: «ئەی بۆچی موسا فەرمانی داوە تەڵاقنامە بدرێت و تەڵاق بکەوێت؟»

پێی فەرموون: «لەبەر دڵڕەقیتان موسا ڕێی دان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو.»[١٠٥]

لە ماڵەوەش، قوتابییەکان دیسان لەم بارەیەوە لێیان پرسی. پێی فەرموون: «ئەوەی ژنەکەی تەڵاق بدات و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی بەرامبەری دەکات. ئەگەر ژن مێردەکەی تەڵاق بدات و مێرد بە یەکێکی دیکە بکات، ئەوا داوێنپیسی دەکات.»[١٠٦]

قوتابییەکانی پێیان گوت: «ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێت، باشترە ژن نەهێنێت!»

بەڵام عیسا پێی فەرموون: «هەموو خەڵکی ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، تەنها ئەوانەی پێیان دراوە. خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن مرۆڤ خەساندویانن، خەڵکیش هەیە بڕیاریان داوە لە پێناوی شانشینی ئاسمان وەك خەساو بژین (بە ویستی خۆیان ژیانی زگورتی و تەنهایی هەڵدەبژێرن). کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات.»[١٠٧]

## شانشینی ئاسمان بۆ منداڵانە

خەڵکی منداڵیان هێنایە لای عیسا تاوەکو دەستیان لەسەر دابنێت (بۆ ئەوەی بەرەکەتداریان بکات). بەڵام قوتابییەکان سەرزەنشتیان کردن. کە عیسا ئەمەی بینی، تووڕە بوو، پێی فەرموون: «لێگەڕێن منداڵان بێنە لام، ڕێیان لێ مەگرن، چونکە شانشینی خودا هی وەك ئەمانەیە. ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی وەك منداڵێك شانشینی خودا قبوڵ نەکات، هەرگیز ناچێتە ناویەوە.» (شانشینی خودا دەربڕینێکە بە واتای خودا پاشایەکی ڕۆحییە کە پاشایەتی باوەڕداران دەکات)

---

(١٠٥) مەتا ١٩: ٣- ٨

(١٠٦) مەرقۆس ١٠: ١٠- ١٢

(١٠٧) مەتا ١٩: ١٠- ١٢

منداڵەكانیشـی لـە بـاوەش كـرد، دەسـتی لەسـەر دانـان و بەرەكەتـی پێـدان.[١٠٨]

## گەنجە دەوڵەمەندەكە

ئینجـا یەكێـك هاتـە لای و گوتـی: «مامۆسـتا، چ چاكەیـەك بكـەم تاكـو ژیانـی هەتاهەتاییـم هەبێـت؟»

عیسا وەڵامـی دایـەوە: «بۆچـی لەبـارەی چاكـەوە پرسـیارم لـێ دەكەیـت؟ تەنها یەكێـك چاكـە. بـەڵام ئەگـەر دەتەوێـت بچیتـە نـاو ژیانـەوە (ژیانـی هەتاهەتایـی)، ڕاسـپاردەكان بەجێبگەیەنـە.»

پێی گوت: «كامیان؟»

عیسـاش فەرمـووی: «﴿مەكـوژە، داوێنپیسـی مەكـە، مـەدزە، شـایەتی درۆ مەدە، ڕێـزی دایـك و باوكـت بگـرە،﴾ هەروەهـا ﴿نزیكەكـەت وەك خـۆت خۆشـبوێت.﴾»[١٠٩]

ئەویش پێی گوت: «مامۆستا، لە مێردمنداڵییەوە هەموو ئەمانەم پاراستووە.»

عیسا سـەیری كـرد و خۆشـی ویسـت، پێـی فەرمـوو:[١١٠] «ئەگـەر دەتەوێـت تـەواو بیـت، بـڕۆ سـامانەكانت بفرۆشـە و بیـدە هـەژاران، ئیـتر گەنجینەیەكـت لـە ئاسـماندا دەبێـت و وەرە دوام بكـەوە.»

بـەڵام گەنجەكـە كـە ئـەم وشـەیەی بیسـت، بـە دڵتەنگییـەوە ڕۆیشـت، چونكـە سـامانێكی زۆری هەبـوو.

عیسـاش بـە قوتابییەكانـی فەرمـوو: «ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: دەوڵەمەنـد بـە سـەختی دەچێتـە نـاو شانشـینی ئاسمانەوە. دیسـان پێتـان دەڵێـم: ئاسـانترە وشـترێك بـە كونـی دەرزییەكـەوە بچێـت لـەوەی دەوڵەمەندێـك (ئـەوەی مـاڵ و سـامانەكەی لـە خـودا و كەسـانی دیكـە خۆشـتر دەوێ) بچێتـە نـاو شانشـینی خـوداوە.»

---

(١٠٨) مەرقۆس ١٠: ١٣- ١٦

(١٠٩) مەتا ١٩: ١٦- ١٩

(١١٠) مەرقۆس ١٠: ٢٠- ٢١

قوتابییەکان کە گوێیان لەمە بوو زۆر سەرسام بوون، گوتیان: «کەواتە کێ دەتوانێت ڕزگاری بێت؟»

عیساش (بۆ سەرنجڕاکێشانیان بۆ داهاتوو لە کاتی هاتنی دووەمی بۆ حوکمدانی مرۆڤ و پاداشتدانەوەی سەرڕاستان) سەیری کردن و فەرمووی: «ئەمە بۆ مرۆڤ مەحاڵە، بەڵام لەلای خودا هەموو شتێك دەبێت.»

ئینجا پەترۆس وەڵامی دایەوە و پێی گوت: «ئەوەتا ئێمە وازمان لە هەموو شتێك هێناوە و دوات کەوتووین، ئێمە چیمان بۆ دەبێت؟»

عیساش پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، لە نوێبوونەوەدا (کاتێك مەسیح بۆ دووەم جار دێتە سەر زەوی)، کاتێك کوڕی مرۆڤ لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادەنیشێت، ئێوەش کە دوام کەوتوون لەسەر دوازدە تەخت دادەنیشن و دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل حوکم دەدەن. هەرکەسێکیش لەبەر ناوی من، ماڵ یان برا یان خوشك یان دایك یان باوك یان منداڵ یان کێڵگەی بەجێهێشتووە، سەد ئەوەندە وەردەگرێتەوە و ژیانی هەتاهەتاییش بە میرات وەردەگرێت. بەڵام زۆر لە یەکەمینەکان دەبنە دواهەمین و دواهەمینەکانیش دەبنە یەکەمین.»

## نموونەی کرێکارانی ناو ڕەز

پیران و ڕابەرانی جولەکە خۆیان پێ لە خەڵکی دیکە لەپێشتر بوو بۆ ئەوەی خودا ڕێزیان لێ بگرێ بەهۆی مێژووی ئایینییان. عیسا فێری کردن کە مرۆڤ بەوەی بە کات چەند لەپێشتر بووە شایستەی بەخششی خودا نابێت، بەڵکو دەوەستێتە سەر چاکی خودا. لەبەر ئەوە فەرمووی:

«چونکە شانشینی ئاسمان لە گەورەی ماڵێك دەچێت، بەیانی زوو دێتە دەرەوە تاکو بچێت کرێکار بۆ ڕەزەکەی بگرێت. لەگەڵ کرێکارەکان ڕۆژی بە دینارێك ڕێککەوت، ئینجا ئەوانی بۆ ڕەزەکەی نارد.

«نزیکی کاتژمێر نۆ دووبارە چووە دەرەوە، لە مەیداندا هەندێکی دیکەی بینی بێکار ڕاوەستابوون، پێی گوتن: ”ئێوەش بڕۆنە ڕەزەکە، چەندتان بکەوێ دەتاندەمێ.“ ئەوانیش ڕۆیشتن.

«ئینجا کاتژمێر دوازده و کاتژمێری سێ ڕۆیشتەوە و هەمان شتی کردەوە. نزیکی کاتژمێر پێنجی ئێوارە دیسان ڕۆیشت، کرێکاری دیکەی بینی ڕاوەستاون، لێی پرسین: ”بۆچی بە درێژایی ڕۆژ لێرە بێکار ڕاوەستاون؟“

«وەڵامیان دایەوە: ”چونکە کەس بە کرێی نەگرتووین.“ ئەویش پێی گوتن: ”ئێوەش بڕۆنە ڕەزەکە!“

«کاتێك ئێوارە داهات خاوەن ڕەزەکە بە سەرکارەکەی خۆی گوت: ”کرێکارەکان بانگ بکە و کرێیەکانیان بدەرێ، لەوانەی کۆتاییەوە دەستپێبکە تاکو یەکەم.“

«جا ئەوانەی کاتژمێر پێنج هاتن، هەریەکە دینارێکیان وەرگرت. یەکەمینەکانیش هاتن و وایانزانی زیاتر وەردەگرن، بەڵام هەریەکە دینارێکیان وەرگرت. کە وەریاندەگرت بۆڵەبۆڵیان بەسەر خاوەنماڵ دەکرد و دەیانگوت: ”دواهەمینەکان کاتژمێرێك ئیشیان کرد. تۆش لەگەڵ ئێمە یەکسانت کردن کە گرانی و گەرمای ڕۆژمان کێشاوە.“

«وەڵامی یەکێکیانی دایەوە: ”برادەر، من غەدرم لێ نەکردوویت. ئایا لەگەڵ من بە دینارێك ڕێك نەکەوتوویت؟ هی خۆت ببە و بڕۆ. من دەمەوێت بەوەی دواهەمینیش وەك تۆی بدەمێ. ئایا بۆم نییە ئەوەی دەمەوێت بە ماڵی خۆمی بکەم؟ یان چاوت هەڵنایەت چونکە من چاکم؟“

«بەم شێوەیە دواهەمین دەبنە یەکەمین و یەکەمینیش دەبنە دواهەمین.»(١١١)

## سێیەم باسی مردنی عیسا

عیسا دوازدە قوتابییەکەی برد و پێی فەرموون: «ئەوا بەرەو ئۆرشەلیم سەردەکەوین، هەرچی پێغەمبەران لەبارەی کوڕی مرۆڤەوە نووسیویانە دێتە دی. دەدرێتە دەستی نەتەوەکان (دەسەڵاتدارە ڕۆمانییەکان)، گاڵتەی پێ دەکرێت و جنێوی پێدەدرێت و تفی لێ دەکرێت، بە قامچی لێی دەدەن و دەیکوژن. لە ڕۆژی سێیەمیش هەڵدەستێتەوە.» (پێغەمبەرانی جولەکە زۆر بە وردی پێشبینی هەموو ئەو وردەکارییانەیان کردووە)

---

(١١١) مەتا ١٩: ٢١ - ٢٠: ١٦

بەڵام (دوازدە قوتابییەکە) هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسە لێیان شاراوە بوو، ئەوەی گوترا دركیان پێی نەكرد.[112]

## خزمەتکار پایەبەرزترینە

ئینجا دایکی کوڕەکانی زەبدی (یاقوب و یۆحەنا کە قوتابی عیسای مەسیح بوون) لەگەڵ کوڕەکانی هاتە لای (عیسا) و کڕنۆشی برد و داوای لێکرد شتێکی بۆ بکات.

ئەویش پێی فەرموو: «چیت دەوێت؟» گوتی: «بفەرموو با هەردوو کوڕەکەم لە شانشینییەکەتدا یەکێکیان لەلای ڕاستت و ئەوی دیکەیان لەلای چەپت دانیشن.»

عیسا وەڵامی دایەوە: «ئێوە نازانن داوای چی دەکەن. ئایا دەتوانن ئەو جامە بخۆنەوە کە من دەیخۆمەوە؟ (جامی ئازار و قوربانیدان)» وەڵامیان دایەوە: «دەتوانین.»

ئەویش پێی فەرموون: «لە ڕاستیدا لە جامی من دەخۆنەوە، بەڵام دانیشتن لەلای ڕاست و چەپمەوە، بۆ من نییە بیدەم، بەوانە نەبێت کە باوکم بۆی ئامادە کردوون.»

کاتێك دە قوتابییەکە بیستیان، لە دوو براکە تووڕە بوون. بەڵام عیسا بانگی کردن و فەرمووی: «دەزانن سەرۆك نەتەوەکان وەك میر فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکەن و گەورەکانیان دەسەڵاتیان بەسەریاندا جێبەجێ دەکەن. جا لەنێو ئێوەدا ئاوا نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان و ئەوەش کە دەیەوێ لەنێوتاندا ببێتە یەکەم، با ببێتە بەندەتان، هەروەك کوڕی مرۆڤ (ئامازەیە بۆ خۆی) کە نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات بۆ کڕینەوەی خەڵكێکی زۆر.»[113]

---

(١١٢) لۆقا ١٨: ٣١- ٣٤

(١١٣) مەتا ٢٠: ٢٠- ٢٨

## چاکبوونەوەی بارتیماوسی کوێر

ئینجا (عیسا و قوتابییەکانی) گەیشتنە شاری ئەریحا. لەو کاتەی خۆی و قوتابییەکانی و خەڵکێکی زۆر لە شارەکە هاتنە دەرەوە، سواڵکەرێکی نابینا بە ناوی بارتیماوس کە بە واتای کوڕی تیماوس دێت، لەسەر ڕێگا دانیشتبوو. کە بیستی ئەوە عیسای ناسیرەییە، هاواری کرد: «عیسای کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!»

زۆر کەس ئەویان سەرزەنشت کرد تاکو بێدەنگ بێت. بەڵام زۆر بەرزتر هاواری دەکرد: «کوڕی داود، بەزەییت پێمدا بێتەوە!»

عیسا ڕاوەستا، فەرمووی: «بانگی بکەن.» ئەوانیش نابیناکەیان بانگکرد و پێیان گوت: «ورەت بەرز بێت! هەستە، بانگت دەکات.» ئیتر کەواکەی فڕێدا و هەستایەوە، هاتە لای عیسا.

عیسا لێی پرسی: «چیت دەوێ بۆت بکەم؟» نابیناکە پێی گوت: «ڕابی، با ببینم.»

عیساش پێی فەرموو: «بڕۆ! باوەڕەکەت تۆی چاککردەوە.» دەستبەجێ بینایی بۆ گەڕایەوە و بە ڕێگادا دوای عیسا کەوت.[١١٤]

## عیسا دەبێتە میوانی زەکای باجگر

ئینجا (عیسا) چووە ناو ئەریحا (شارێکە نزیکەی هەشت کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای ڕوباری ئوردون دوورە) و پێیدا تێدەپەڕی. لەوێ کابرایەکی لێبوو بە ناوی زەکا، دەوڵەمەند و گەورەی باجگران بوو. دەیویست ببینێت عیسا کێیە، بەڵام لەبەر خەڵکەکە نەیدەتوانی، چونکە کورتەباڵا بوو. ڕایکرد و سەرکەوتە سەر دار هەنجیرێك تاکو ببینێت، چونکە عیسا بەوێدا تێدەپەڕی.

کە عیسا گەیشتە شوێنەکە، چاوی هەڵبڕی و پێی فەرموو: «زەکا، خێرا وەرە خوارەوە، چونکە دەبێت ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ بمێنمەوە.» جا خێرا هاتە خوارەوە و بە خۆشییەوە پێشوازی لێکرد.

---

(١١٤) مەرقۆس ١٠: ٤٦- ٥٢

هەمـوو بینییـان و دەسـتیان کـرد بـە بۆڵەبۆڵکـردن و گوتیـان: «چـووە بووەتـە میوانـی گوناهبارێـك.»

بـەڵام زەکا ڕاوەسـتا و بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆی گـوت: «گـەورەم، ئەوەتـا نیـوەی سـامانەکەم دەدەمـە هـەژاران و ئەگـەر بـە هـەر شـێوەیەك فێڵـم لـە کەسـێك کردبێـت، چوارقاتـی دەدەمـەوە.»

عیسـاش پێـی فەرمـوو: «ئەمـڕۆ ڕزگاری بـۆ ئـەم ماڵـە هـات، لەبـەر ئـەوەی ئەویـش (بـە ڕەچەڵـەك) کـوڕی ئیبراهیمـە (لەڕێگـەی بـاوەڕەوە بـووە کـوڕی ڕۆحیـی ئیبراهیمـی باوکـی باوەڕداران)، چونکـە کـوڕی مـرۆڤ هاتـووە بـەدوای لەناوچوانـدا بگەڕێـت و ڕزگاریـان بـکات.»

## چیرۆکی دە کۆیلەکە

کاتێـك (خەڵکەکـە) گوێیـان لەمانـە دەگـرت، (عیسـا) درێـژەی پێـدا و نموونەیەکـی هێنایـەوە، چونکـە لـە ئۆرشـەلیم نزیـك بـوو، وایـان دەزانـی کـە پاشـایەتی خـودا خەریکـە ئێسـتا دەردەکەوێـت (وایـان دەزانـی کـە عیسـاش دەبێتـە پاشـایەکی سیاسـی و لەسـەر زەوی پاشـایەتی خـودا دادەمەزرێنێـت و لـە حوکمـی ڕۆمانییـەکان ڕزگاریـان دەکات. ئیـتر نموونەیەکـی بـۆ باسـکردن کـە ڕوونـی دەکاتـەوە ئـەو بـەو شـێوەیە فەرمانڕەوایەتـی نـاکات، ئینجـا تێیگەیانـدن کـە هـەر دەبـێ بـۆ ماوەیەکـی کاتـی زەوی بەجێبهێڵـێ. پێویسـتە ئەوانیـش سەرڕاسـت بـن، بـۆ ئـەوەی کاتێـك بـۆ جـاری دووەم دێـت پاداشـتیان بداتەوە). ئینجـا فەرمـووی: «پیاوماقوڵێـك بـۆ وڵاتێکـی دوور ڕۆیشـت، تاوەکـو شانشـینێك بـۆ خـۆی وەربگرێـت و بێتـەوە. دە لـە کۆیلەکانـی خـۆی بانگکـرد و دە کیسـە زیـوی پێـدان و پێـی گوتـن، هەتـا دێمـەوە بازرگانـی بکـەن.

«بـەڵام دانیشـتووانی ناوچەکـە ڕقیـان لێـی بـوو، شـاندێکیان بەدوایـدا نـارد و گوتیـان: ”نامانەوێـت ئەمـە پاشـایەتیمان بـکات.“

«ئـەوە بـوو کـە گەڕایـەوە پاشـایەتییەکەی وەرگرتبـوو، فەرمانـی دا ئـەو کۆیلانـەی زیوەکـەی پێدابـوون بانـگ بکرێنـە لای، تاکـو بزانێـت چییـان لـە بازرگانـی قازانـج کـردووە.

«یەکەمیان هات و گوتی: ”گەورەم، کیسە زیوەکەت دە کیسە زیوی قازانج کردووە.“

«ئەویش پێی گوت: ”ئافەرین کۆیلەی چاك، چونکە لە کەمترین شت دەستپاك بوویت، ببە بە فەرمانڕەوای دە شار.“

«دووەمیان هات و گوتی: ”گەورەم، کیسە زیوەکەت پێنج کیسە زیوی قازانج کردووە.“

«بەمەشیانی گوت: ”تۆش ببە بە فەرمانڕەوای پێنج شار.“

«ئەوی دیکە هات و گوتی: ”گەورەم ئەوەتا کیسە زیوەکەت، لە دەستەسڕێك پێچابوومەوە و هەڵمگرتبوو. لە ڕاستیدا لێت ترسام، لەبەر ئەوەی پیاوێکی سەختیت، ئەوەی داتنەناوە دەیبەیت و ئەوەی نەتچاندووە دروێنەی دەکەیت.“

«ئەویش پێی گوت: ”ئەی کۆیلەی بەدکار، بە زارت تاوانبارت دەکەم، کە دەتزانی کابرایەکی توندم، ئەوەی دامنەناوە دەیبەم و ئەوەی نەمچاندووە دروێنەی دەکەم. ئیتر بۆچی زیوەکەمت لە بانك دانەنا، کاتێك دەهاتمەوە لەگەڵ قازانجەکەی وەرمدەگرتەوە؟“

«بەوانەی گوت کە لەوێ ڕاوەستابوون: ”کیسە زیوەکەی لێ بسەننەوە و بیدەنە ئەوەی دە کیسە زیوەکەی پێیە.“

«ئەوانیش پێیان گوت: ”گەورەم، دە کیسە زیوی هەیە!“

«وەڵامی دایەوە: ”پێتان دەڵێم: ئەوەی هەیەتی (ئەوەی سەرڕاستە و تێدەکۆشێت) پێی دەدرێت، بەڵام ئەوەی نییەتی، تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە. دوژمنانیشم، ئەوانەی نەیاندەویست پاشایەتییان بکەم، بیانهێننە ئێرە و لەبەردەمم بیانکوژن.“»

## کەژاوەی پاشایانە

دوای ئەوەی عیسا ئەمەی فەرموو، لە پێشەوە ڕۆیشت و بەرەو ئۆرشەلیم سەرکەوت.[١١٥]

---

(١١٥) لۆقا ١٩: ١- ٢٨

لـەو کاتـەدا جەژنـی پەسـخەی جولەکـەکان نزیـك بـوو، زۆر کـەس لـە گوندەکانـەوە پێش جـەژن بـۆ ئۆرشـەلیم هاتبـوون تاکـو خۆیـان (لـە گونـاه) پـاك بکەنەوە. جـا داوای عیسـایان دەکـرد، لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا ڕاوەسـتابوون بـە یەکتریـان دەگـوت: «ڕاتـان چییـە؟ ئایـا بـۆ جـەژن نایەت؟» کاهینانـی بـاڵا و فەریسـییەکانیش فەرمانیـان دەرکردبـوو ئەگـەر یەکێـك بزانێـت ئـەو لەکوێیـە، دەبێـت ئاشـکرای بـکات، تاکـو بیگـرن.

## بۆنخۆشکردنی عیسا بۆ مردن

شـەش ڕۆژ پێـش جەژنـی پەسـخە عیسـا هاتـە بێتعەنیـا کـە لەعـازری لێبـوو، ئـەوەی عیسـا لەنێـو مـردووان هەڵیسـتاندەوە. لەوێ شـێوێکیان بـۆ ئامـادە کـرد، مەرسـا خزمەتـی دەکـرد، لەعازریـش یەکێك بـوو لەوانەی لەگەڵـی پاڵیدابـووەوە.(١١٦) (عیسـا) لـە ماڵـی شـیمۆنە گـول بـوو،(١١٧) مریەمیـش نیـو لیـتر بۆنـی ناردینـی بێگـەردی گرانبەهـای هێنـا و پێـی عیسـای چەورکـرد، ئینجـا بـە قـژی پێیەکانـی عیسـای سـڕییەوە و ماڵەکـەش پڕبـوو لـە بۆنـی خـۆش.

یەهـوزای ئەسـخەریوتی کـە یەکێـك بـوو لـە قوتابییەکانـی و بەتەمابـوو بـە گرتنـی بـدات، گوتی: «بۆچـی ئـەم بۆنـە بـە سـێ سـەد دینار نەفـرۆشرا و نـەدرا بـە هـەژاران؟» ئەمـەی گـوت نـەك لەبـەر ئـەوەی خەمـی هـەژاران دەخـوات، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی دز بـوو و سـندوقی پارەشـی لـەلا بـوو، هەرچـی تێـدا دابنرابووایـە دەیـبرد.(١١٨)

بـەڵام عیسـا فەرمـووی: «وازی لـێ بهێنـن. بـۆ بێـزاری دەکـەن؟ کارێکـی چاکـی بـۆ مـن کرد. هـەژاران هەمیشـە لەگەڵتانـن، کـەی ویسـتتان دەتوانـن چاکەیـان لەگـەڵ بکـەن، بـەڵام مـن هەمیشـە لەلاتـان نیم. ئـەوەی لـە دەسـتی هـات کـردی، زوو جەسـتەی منـی بـۆ ناشـتن چەورکـرد (عیسـا ئامـاژەی کـرد بـۆ نزیکبوونـەی مردنـی لەسـەر خـاچ و ناشـتنی. لـەو سـەردەم بـەر لـە ناشـتن مردوویان بـە زەیـت چەورکـردووە و بۆنخۆشـیان کردووە). ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: لـە هـەر شـوێنێکی

(١١٦) یۆحەنا ١١: ٥٥ - ١٢: ٢

(١١٧) مەتا ٢٦: ٦

(١١٨) یۆحەنا ١٢: ٣- ٦

لـه جیهانـدا ئـەم مزگێنییـە ڕابگەیەنرێـت، وەك یادكردنەوەیـەك باسـی ئـەوەش دەكرێـت كـە ئـەم ژنـە كردوویەتـی.»[(١١٩)]

كاتێـك ژمارەیەكـی زۆر لـە جولەكـەكان زانییـان عیسـا لەوێیـە، هاتـن، نـەك تەنهـا لەبـەر عیسـا، بەڵكـو بـۆ بینینـی لەعازریـش كـە لەنێـو مـردووان هەڵیستاندەوە. ئەوسـا كاهینانـی بـاڵا تەگبیریـان كـرد لەعازریـش بكوژن، چونكـە ژمارەیەكـی زۆر لـە جولەكـەكان بەهـۆی ئـەوەوە دەڕۆیشـتن و باوەڕیـان بـە عیسـا دەهێنـا.[(١٢٠)]

---

(١١٩) مەرقۆس ١٤: ٦- ٩

(١٢٠) یۆحەنا ١٢: ٩- ١١

**کوڕی مرۆڤ نەهاتووە**
**تاکو خزمەت بکرێت،**
**بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی**
**خۆی بەخت بکات**
**بۆ کڕینەوەی خەڵکێکی زۆر.**

مزگێنی بەپێی نووسینی مەرقۆس ١٠: ٤٥

# بەشی پێنجەم

## ئەو هەفتەیەی تیایدا عیسا مرد

### عیسای مەسیح دەچێتە ناو ئۆرشەلیم

بۆ بەیانی ئەو ئاپۆرەیە لە خەڵك كە هاتبوون بۆ جەژن، بیستیان كە عیسا دێت بۆ ئۆرشەلیم.[١٢١]

كاتێك لە گوندی بێتفاجی (گوندێكی بچووكە بە واتای «ماڵی هەنجیر» دێت) و بێتعەنیا (گوندێكی بچووكە بە واتای «ماڵی ئەزیەت و ناخۆشی» دێت) نزیك بووەوە، كە لەلای ئەو كێوەی كە كێوی زەیتوونی پێ دەگوترێت، دووان لە قوتابییەكانی نارد و فەرمووی: «بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، كە دەچنە ناوی، دەبینن جاشكێك بەستراوەتەوە هەتا ئێستا كەس سواری نەبووە، بیكەنەوە و بیهێنن. ئەگەر یەكێك پرسیاری لێكردن: ”بۆچی دەیكەنەوە؟“ لە وەڵامدا بڵێن: ”گەورەمان پێویستی پێیەتی.“»

دوو قوتابییەكە چوون و چی پێ گوتبوون بینییان. كاتێك جاشكەكەیان دەكردەوە، خاوەنەكانی لێیان پرسین: «بۆچی جاشكەكە دەكەنەوە؟»

گوتیان: «گەورەمان پێویستی پێیەتی.»

ئینجا بۆ عیسایان هێنا و كەواكانیان خستە سەر جاشكەكە و عیسایان سواری كرد. كاتێك بەڕێوە بوو،[١٢٢] زۆریش كەواكانیان لەسەر ڕێگاكە ڕاخست، هەندێكیش لە باخەكان لقەداریان بڕیبووەوە. ئەوانەی لەپێشییەوە و ئەوانەش كە لەدوایەوە دەڕۆیشتن، هاواریان دەكرد: «﴿هۆسانا! پیرۆزە ئەوەی بە ناوی یەزدانەوە دێت!﴾» «پیرۆزە ئەو شانشینەی داودی باوكمان كە دێت!» «هۆسانا بۆ خودا!».[١٢٣]

---

(١٢١) یۆحەنا ١٢: ١٢

(١٢٢) لۆقا ١٩: ٢٩- ٣٦

(١٢٣) مەرقۆس ١١: ٨- ١٠

لـە لێژاییەکـەی کێـوی زەیتـوون نزیـك بـووەوە (لـە ئۆرشـەلیم)، هەمـوو کۆمەڵی قوتابییـەکان دەسـتیان پێکـرد بـە شـادی و بـە دەنگـی بـەرز ستایشـی خـودا بکـەن، بـۆ هەمـوو ئـەو پەرجووانـەی بینییـان، دەیانگـوت:

«﴿پیرۆزە ئەو پاشایەی بە ناوی یەزدانەوە دێت!﴾»

«ئاشتی لە ئاسمان و شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی!»

هەندێـك فەریسـی نێـو خەڵکەکـە، بـە عیسـایان گـوت: «مامۆسـتا، قوتابییەکانـت سەرزەنشـت بکـە.»

وەڵامـی دایـەوە: «پێتـان دەڵێـم: ئەگـەر ئەوانـە بێدەنـگ بـن، بـەردەکان هـاوار دەکـەن.»

کاتێـك لـە ئۆرشـەلیم نزیـك بـووەوە و شـارەکەی بینـی، بـۆی گریـا، فەرمـووی: «خۆزگـە بتزانیایـە، تەنانـەت تـۆش، لـەم ڕۆژەدا چ شـتێك بـۆت مایـەی ئاشـتییە! بـەڵام ئێسـتا لەبەرچـاوت شـاراوەیە. ڕۆژانێکـت بەسـەردێت، کـە دوژمنانـت سـەنگەرت لـێ دەگـرن، ئابڵوقـەت دەدەن و لـە هەمـوو لایەکـەوە دەورت دەگـرن. خـۆت و منداڵەکانـت لەنـاو شـووراکانت لەگـەڵ زەوی تەخـت دەکرێـن. بـەردت بەسـەر بـەردەوە ناهێڵـن، چونکـە کاتـی بەسـەرکردنەوەت نەزانـی.»(١٢٤)

کاتێـك عیسـا چـووە نـاو ئۆرشـەلیم، هەمـوو شـارەکە خرۆشـا و گوتیـان: «ئەمـە کێیـە؟»

خەڵکەکـەش دەیانگـوت: «ئەمـە پێغەمبـەر عیسـایە، خەڵکـی ناسـیرەی جەلیلـە.»(١٢٥)

نابینـا و شـەلەکان لـە پەرسـتگا هاتنـە لای و ئەویـش چاکیکردنـەوە. بـەڵام کاتێـك کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تـەورات ئـەم کارە سەرسـوڕهێنەرانەیان بینـی کـە ئـەو کـردی، هەروەهـا منداڵانیـش کـە لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا هاواریـان دەکـرد: «هۆسـانا بـۆ کـوڕی داود!» تـووڕە بـوون و لێیـان پرسـی: «گوێـت لێیـە ئـەو منداڵانە

---

(١٢٤) لۆقا ١٩: ٣٧- ٤٤

(١٢٥) مەتا ٢١: ١٠- ١١

چـی دەڵێـن؟»

عیساش پێی فەرموون: «بەڵێ، ئەی قەت (لە زەبووری ٨) نەتانخوێندووەتەوە:

«﴿لە زاری منداڵان و شیرەخۆرانەوە

ستایشت بۆ خۆت داڕشتووە﴾؟»

ئەوسـا بەجێـی هێشـتن و چـووە دەرەوەی شـار، بـەرەو گونـدی بێتعەنیـا بەڕێکـەوت و شـەو لـەوێ مایـەوە.[١٢٦]

## ژیانی بێ بەرهەم (وانەیەك لە دار هەنجیرەوە)

بـۆ بەیانـی کـە (عیسـا و قوتابییـەکان) بێتعەنیایـان بەجێهێشـت، عیسـا برسـی بـوو. لـە دوورەوە دار هەنجیرێکـی بینـی گـەڵای کردبـوو، ڕووی تێکـرد تاکو شـتێکی پێـوە ببینێـت. گەیشـتە لای و لـە گـەڵا زیاتـر هیچـی پێـوە نەبینـی، چونکـە وەرزی هەنجیـر نەبـوو. ئینجـا پێـی فەرمـوو: «ئیـتر هەرگیـز کـەس لـە بـەرت ناخـوات.» قوتابییەکانیشـی گوێیـان لێبـوو.[١٢٧] (پێدەچێـت عیسـا بـەم وشـانەی مەبەسـتی لـەوە بـووە کـە گەلـی جولەکـە بـەو دار هەنجیـرە دەچـن، وا دەردەکەوێـت کـە بـەردارە، بـەڵام لـە لایەنـی ڕۆحییـەوە نەزۆکـە.)

## جارێکی دیکە عیسا پێشبینی مردنی خۆی دەکات

هەندێـك یۆنانـی (بەجولەکەبـوو) لەنێـو ئەوانـە بـوون کـە هاتبـوون لـە جەژنـدا خواپەرسـتی بکـەن، ئەمـان هاتنـە لای فیلیپۆسـی خەڵکـی بێتسـەیدای جەلیـل، پێیـان گـوت: «گـەورەم، دەمانەوێـت عیسـا ببینیـن.» فیلیپۆسـیش هـات و بـە ئەندراوسـی گـوت، ئینجـا ئەنـدراوس و فیلیپـۆس هاتـن و بـە عیسـایان گـوت.

عیسـاش وەڵامـی دانـەوە و فەرمـووی: «کاتـی شـکۆدارکردنی کـوڕی مـرۆڤ هاتـووە (کـوڕی مـرۆڤ ئـەو ناسـناوەیە کـە عیسـای مەسـیح لـە مـاوەی ژیانـی لەسـەر زەوی بـۆ خـۆی بـەکاری هێنـاوە). ڕاسـتی ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، دەنکـە گەنم

---

(١٢٦) مەتا ٢١: ١٤- ١٧

(١٢٧) مەرقۆس ١١: ١٢- ١٤

ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت، بە تەنها دەمێنێتەوە. بەڵام کە مرد، ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات. ئەوەی ژیانی خۆی خۆشدەوێت دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لەم جیهانەدا ڕقی لە ژیانی خۆی دەبێتەوە، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ژیانی دەپارێزێت. ئەوەی خزمەتم دەکات با بەدوام بکەوێت. ئیتر من لە هەر شوێنێك بم، خزمەتکاریشم لەوێیە. ئەگەر یەکێك خزمەتم بکات (پەیامی مەسیح ڕابگەیەنێت و خزمەتی باوەڕداران بکات) باوکم ڕێزی لێ دەگرێت.»

«ئێستا خەمبارم، چی بڵێم؟ ”باوکە لەم کاتە ڕزگارم بکە“؟ نەخێر بەڵام من بۆ ئەم کاتە هاتووم. ئەی باوك، ناوت شکۆدار بکە!»

جا دەنگێك لە ئاسمانەوە هات: «شکۆدارم کردووە و شکۆداریشی دەکەمەوە.» ئەو خەڵکەی لەوێ ئامادەبوون گوێیان لێبوو، گوتیان: «هەورەتریشقە بوو!» هەندێکی دیکەیان گوتیان: «فریشتەیەك بوو قسەی لەگەڵ کرد.»

عیسا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: «ئەو دەنگەی هات بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ ئێوە بوو. ئێستا کاتی حوکمدانی ئەم جیهانەیە. ئێستا سەرۆکی ئەم جیهانە دەردەکرێت. کاتێك منیش لە زەوییەوە بەرز دەکرێمەوە، ئەوا هەمووان بۆ لای خۆم ڕادەکێشم.» ئەمەی گوت ئاماژەی کرد بەو شێوە مردنەی کە دەبێت بمرێت.

خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: «لە تەوراتدا بیستوومانە کە مەسیح هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، ئیتر چۆن دەڵێی ”کوڕی مرۆڤ دەبێت بەرز بکرێتەوە“؟ ئەم کوڕی مرۆڤە کێیە؟»

عیساش پێی فەرموون: «ڕووناکییەکەتان بۆ کاتێکی کورت لەسەر دەمێنێتەوە. بڕۆن هەتا ڕووناکیتان لەگەڵە، نەوەك تاریکیتان بەسەردا بێت، چونکە ئەوەی بە تاریکیدا دەڕوات نازانێ بۆ کوێ دەڕوات. باوەڕ بە ڕووناکییەکە بهێنن هەتا ڕووناکییەکەتان لەگەڵدایە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ڕووناکییەکە.»

## خەڵکێکی زۆری جولەکە بەردەوامن لە باوەڕنەبوونیان بە عیسای مەسیح

عیسا ئەمانەی فەرموو، ڕۆیشت و خۆی لێیان شاردەوە.

هەرچەندە زۆر پەرجووی لەبەردەمیان کرد، بەڵام باوەڕیان پێ نەهێنا، تاکو وتەی ئیشایا پێغەمبەر بێتە دی کە گوتی:

﴿ئەی یەزدان، کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟
هێزی یەزدان بۆ کێ دەرکەوت؟﴾
لەبەر ئەوە نەیانتوانی باوەڕ بهێنن، چونکە ئیشایا لە شوێنێکی دیکە گوتی:

﴿چاویانی کوێر و دڵیانی ڕەقکردووە،
بۆ ئەوەی بە چاویان نەبینن و بە دڵیان تێنەگەن،
نەوەك بگەڕێنەوە و منیش چاکیان بکەمەوە.﴾
ئیشایا ئەمانەی گوت، چونکە شکۆی ئەوی بینی و باسی کرد.

هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرەکانیش (ڕابەرانی جولەکە) باوەڕیان پێی هێنا، بەڵام لەبەر فەریسییەکان ڕایاننەدەگەیاند نەوەك لە کەنیشت دەربکرێن، چونکە شکۆی خەڵکیان لە شکۆی خودا زیاتر خۆشدەویست (حەزیان دەکرد لە بەرچاوی خەڵك پەسەند بن و خەڵك لێیان ڕازی بێت).

عیساش هاواری کرد و فەرمووی: «ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، باوەڕ بە من ناهێنێت، بەڵکو بەوەی ناردوومی، ئەوەش کە دەمبینێت، ئەوە دەبینێت کە ناردوومی. من وەك ڕووناکی هاتوومەتە جیهان، تاکو هەرکەسێك باوەڕم پێ بهێنێت لە تاریکیدا (تاریکیی ڕۆحی) نەمێنێتەوە.

«ئەگەر یەکێك گوێی لە وتەکانم بوو و کاری پێ نەکرد، من حوکمی نادەم، چونکە نەهاتووم تاکو جیهان حوکم بدەم، بەڵکو جیهان ڕزگار بکەم. ئەوەی ڕەتم بکاتەوە و وتەکانم وەرنەگرێت، یەکێك هەیە حوکمی بدات، ئەو قسەیەی کە من کردم لە ڕۆژی دواییدا حوکمی دەدات. من لە خۆمەوە قسەم نەکردووە، بەڵکو ئەو باوکە کە ناردوومی ڕایسپاردووم کە چی بڵێم و چ قسەیەك بکەم. دەزانم ڕاسپاردەی ئەو ژیانی هەتاهەتاییە، جا هەرچی دەیڵێم، چۆن باوك پێی فەرمووم ئاوا دەڵێم.»[١٢٨]

کاتێك ئێوارە داهات، عیسا و قوتابییەکانی چوونە دەرەوەی شار.

---

(١٢٨) یۆحەنا ١٢: ٢٠- ٥٠

## دار هەنجیرەکە وشك دەبێت

بەیانـی (عیسـا و قوتابییـەکان) بەوێـدا تێدەپەڕیـن، دار هەنجیرەکەیـان بینـی لـە ڕەگـەوە وشـك بـووە. پەتـرۆس بیـری کەوتـەوە و گوتـی: «ڕابـی، سـەیر بکـە! دار هەنجیرەکـەی نەفرەتـت لێکـرد، وشـك بـووە!»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «باوەڕتـان بـە خـودا هەبێـت. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئـەوەی بـەم کێـوە بڵێـت ”هەڵبکەنـرێ و بکـەوە نـاو دەریـاوە،“ لـە دڵـدا گومـان نـەکات، بەڵکـو بـاوەڕ بـکات ئـەوەی دەیڵێـت دەبێـت، ئـەوا بـۆی دەبێـت. لەبـەر ئـەوە پێتـان دەڵێـم: هەمـوو ئـەوەی داوای دەکـەن و نوێـژی بـۆ دەکـەن، بـاوەڕ بکـەن کـە وەرتانگرتـووە، بۆتـان دەبێـت. کاتێـك دەوەسـتن نوێـژ بکـەن، ئەگـەر شـتێکتان بەسـەر یەکێکـەوە هەبێـت لێـی خۆشـبن، تاکـو باوکیشـتان ئـەوەی کـە لـە ئاسـمانە لـە گوناهەکانتـان خۆشـبێت. بـەڵام ئەگـەر ئێـوە لـێ خـۆش نەبـن، باوکـی ئاسمانیشـتان لـە گوناهەکانتـان خـۆش نابێـت.»

## جولەکە سەبارەت بە دەسەڵاتی عیسا پرسیاری لێ دەکەن

دیسـان هاتنـەوە ئۆرشـەلیم، عیسـا لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا پیاسـەی دەکـرد، کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تـەورات و پیـران هاتنـە لای و لێیـان پرسـی: «ئەمانـە بـە چ دەسـەڵاتێك دەکەیـت؟ کـێ ئـەم دەسـەڵاتەی بە تـۆ داوە ئـەم شـتانە بکەیت؟»

عیسا پێـی فەرمـوون: «پرسـیارێکتان لـێ دەکـەم، وەڵامـم بدەنـەوە، منیـش پێتان دەڵێـم بـە چ دەسـەڵاتێك ئەمانـە دەکـەم: لەئاوهەڵکێشـانی یەحیـا لـە ئاسـمانەوە بـوو یـان لـە مرۆڤـەوە؟ وەڵامـم بدەنـەوە!»

لەنێـو خۆیانـدا کەوتنـە ڕاوێژکـردن، گوتیـان: «ئەگـەر بڵێیـن: ”لـە ئاسـمانەوە بـوو،“ دەڵێـت: ”بۆچـی باوەڕتـان پێـی نەکرد؟“ بـەڵام ئەگـەر بڵێیـن: ”لـە مرۆڤـەوە بـوو“...» لـە خەڵـك دەترسـان، چونکـە یەحیـا لـەلای هەمـووان بەڕاسـتی بـە پێغەمبـەر دادەنـرا.

ئینجـا وەڵامـی عیسـایان دایـەوە: «نازانیـن.» عیسـاش پێـی فەرمـوون: «منیـش پێتـان ناڵێـم بـە چ دەسـەڵاتێك ئەمانـە دەکـەم.»[١٢٩]

---

(١٢٩) مەرقۆس ١١: ١٩- ٣٣

## نموونەی دوو کوڕەکە

عیسا فەرمووی: «ڕاتان چییە؟ پیاوێك دوو کوڕی هەبوو. چووە لای یەکەمیان و گوتی: ”کوڕم ئەمڕۆ بڕۆ لە ڕەزەکەدا کار بکە.“

«ئەویش وەڵامی دایەوە: ”ناچم.“ بەڵام پاشان پەشیمان بووەوە و چوو.

«چووە لای دووەم و هەمان قسەی کرد. وەڵامی دایەوە: ”بەسەرچاو، گەورەم!“ بەڵام نەچوو.

«ئایا کام لەم دووانە بە خواستی باوکیان کرد؟» گوتیان: «یەکەمیان.» عیساش پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: باجگران و لەشفرۆشان (ئەگەر باوەڕبهێنن) لە چوونە ناو شانشینی خودا پێشتان دەکەون، چونکە یەحیا (لەئاوهەڵکێش) بە ڕێگای ڕاستودروستی بۆ لاتان هات و ئێوە باوەڕتان پێی نەکرد، بەڵام باجگران و لەشفرۆشان باوەڕیان پێی کرد. دواتر کە بینیشتان، هەر تۆبەتان نەکرد و باوەڕتان پێی نەکرد.»

## نموونەی ڕەزەوانە بکوژەکان

عیسا بە ڕابەران و سەرۆك کاهینانی فەرموو:

گوێ لە نموونەیەکی دیکە بگرن: «گەورەی ماڵێك هەبوو ڕەزێکی چاند، دەوروبەرەکەی پەرژین کرد، گوشەرێکی ترێی تێدا هەڵکۆڵی (بۆ دروستکردنی شەراب) و قوللەیەکی چاودێری بنیاد نا. بە ڕەزەوانانی سپارد و گەشتی کرد.(١٣٠)

لە وەرزی خۆیدا خزمەتکارێکی بۆ ڕەزەوانەکان نارد، تاکو بەرهەمی ڕەزەکە لە ڕەزەوانەکان وەربگرێت. بەڵام گرتییان و لێیاندا و بە دەستی بەتاڵ ناردییانەوە. دیسان خزمەتکارێکی دیکەی بۆ ناردن، سەری ئەمیشیان شکاند و سووکایەتییان پێ کرد. یەکێکی دیکەشی نارد، ئەویشیان کوشت. زۆر خزمەتکاری دیکەشی نارد، لە هەندێکیان دا و هەندێکیان کوشت.

---

(١٣٠) مەتا ٢١: ٢٨- ٣٣

«یەکێکی مابوو، کوڕە خۆشەویستەکەی، لە کۆتاییدا ئەویشی بۆ لایان نارد، گوتی: ”ڕێزی کوڕەکەم دەگرن.“

«بەڵام ئەو ڕەزەوانانە بە یەکتریان گوت: ”ئەوەتا میراتگر، با بیکوژین، تاکو ببینە میراتگر.“ ئینجا گرتیان و کوشتیان و فڕێیان دایە دەرەوەی ڕەزەکە.

«کاتێك خاوەن ڕەزەکە دێت، چی لەم ڕەزەوانانە دەکات؟»

وەڵامیان دایەوە: «ئەو خراپەکارانە بە خراپی لەناودەبات و ڕەزەکەش دەداتە دەست ڕەزەوانانی دیکە، ئەوانەی لە وەرزی خۆی بەرهەمی دەدەنێ.»

عیسا پێی فەرموون: «قەت لە نووسراوە پیرۆزەکان (زەبووری ١١٨) نەتانخوێندووەتەوە:

«﴿ئەو بەردەی وەستاکان ڕەتیان کردەوە (ئاماژەیە بۆ خۆی وەك مەسیح کە لەلایەن جولەکەکانەوە ڕەتکرایەوە)

بوو بە گرنگترین بەردی بناغە،

ئەمە لەلایەن یەزدانەوە بوو،

لەبەرچاومان سەیرە﴾؟

«لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: شانشینی خودا لێتان دەسەنرێتەوە و دەدرێتە نەتەوەیەك کە بەرهەم دەدات (گەلی جولەکە گەلی هەڵبژێردراوی خودا بوون و چوونە ناو شانشینی خودا بۆ ئەوان بوو. بەڵام لەگەڵ هاتنی عیسای مەسیح و دەستپێکی پەیمانی نوێ نەتەوەکانی دیکەش هەمان ئاستیان پێ درا). ئەوەی بەسەر ئەم بەردەدا بکەوێت (بەهۆی گرنگییێنەدانی) تێکدەشکێت، ئەوەش کە بەردەکە بەسەریدا بکەوێت وردوخاشی دەکات.»

کاتێك کاهینانی باڵا و فەریسییەکان نموونەکانیان بیست، زانییان باسی ئەوان دەکات.

لەبەر ئەوە دەیانویست بیگرن، بەڵام لە خەڵکەکە ترسان، چونکە بە پێغەمبەریان دادەنا.

## نموونەی داوەتی پاشا

عیسا دووبارە بە نموونە قسەی بۆ کردن، فەرمووی: «پاشایەتی ئاسمان لە پاشایەك دەچێت (ئاماژەیە بۆ خودا) کە زەماوەندی بۆ کوڕەکەی گێڕا. کۆیلەکانی نارد (ئاماژەیە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان) تاکو بانگهێشتکراوان بۆ زەماوەندەکە بانگ بکەن، بەڵام نەیانویست بێن (ئاماژەیە بۆ گەلی جولەکە کە بانگهێشتی خودایان ڕەتکردەوە).

«دیسان کۆیلەی دیکەی نارد و گوتی: "بە بانگهێشتکراوان بڵێن، ئەوەتا شێوم ئامادە کردووە، گا و دابەستەکانیشم سەربڕیوە و هەموو شتێك ئامادەیە. وەرنە زەماوەندەکە!"

«بەڵام گوێیان نەدایێ و ڕۆیشتن، یەکێك بۆ کێڵگەکەی و ئەوی دیکە بۆ بازرگانییەکەی (سەرقاڵ بوون بە کاروباری ماددی و ژیانی دنیا نەك بە خودا). ئەوانی دیکە کۆیلەکانی ئەویان گرت و سووکایەتییان پێ کردن و کوشتیانن (ئاماژەیە بۆ کوشتنی پێغەمبەران و نێردراوانی خودا). جا پاشا زۆر تووڕە بوو، سوپاکەی نارد و بکوژەکانی لەناوبرد و شارەکەیانی سووتاند.

«ئینجا بە کۆیلەکانی گوت: "زەماوەند ئامادەیە، بەڵام ئەوانەی کە بانگهێشتم کردن شایستە نەبوون، کەواتە بڕۆنە سەر ڕێگاکان و ئەوەی بینیتان بۆ زەماوەندەکە بانگهێشتی بکەن. (ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خودا هەموو مرۆڤایەتی بانگهێشت دەکات بۆ تۆبەکردن و ژیانی هەتاهەتایی!)" ئەو کۆیلانەش چوونە سەر ڕێگاوبانەکان و هەموو ئەوانەی لە باش و خراپ بینییان کۆیان کردنەوە، تاکو زەماوەندەکە پڕبوو لە میوان.

«کاتێك پاشا هاتە ژوورەوە بۆ ئەوەی میوانەکان ببینێت، لەوێ یەکێکی بینی جلی زەماوەندی لەبەر نەکردبوو. (نەریت وابووە میوانانی شایی بەرگێکیان پێ دراوە لە کاتی هاتنەژوورەوە پۆشیویانە، نەپۆشینی ئەو جلە سووکایەتی بووە بە میواندارییەکە.) پێی دەڵێت: "برادەر، چۆن بێ جلی زەماوەند هاتییە ژوورەوە؟" ئەو بێدەنگ بوو (عیسا بە مەجازی ئاماژە دەکات بۆ ژیانی نوێ کە خودا بە باوەڕداری دەبەخشێت).

«ئینجا پاشا بە خزمەتکارانی گوت: "پەلبەستی بکەن و فڕێبدەنە تاریکی

دەرەوە، جا لەوێ دەگریێت و جیڕەی ددانەکانی دێت.“ (ئاماژەیە بۆ سزای گوناهباران لە ڕۆژی دوایی.)

«چونکە بانگهێشتکراوان زۆرن، بەڵام هەڵبژێردراوان کەمن.»

## سەرانەدان بە قەیسەر

ئینجا فەریسییەکان ڕۆیشتن و تەگبیریان کرد چۆن عیسا بە قسەی خۆی تووش بکەن. قوتابییەکانی خۆیان و هێرۆدسییەکانیان (هێرۆدسییەکان کۆمەڵێکی سیاسی بوون کە پشتگیری دەسەڵاتی هێرۆدسی پاشا و داگیرکاری ڕۆمانییان دەکرد) ناردە لای و گوتیان: «مامۆستا، دەزانین تۆ ڕاستگۆیت و ڕێگای خودا بە ڕاستی فێردەکەیت و گوێ بە کەس نادەیت، چونکە تەماشای ڕواڵەتی خەڵك ناکەیت. کەواتە پێمان بفەرموو ڕات چییە: دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟»

عیسا کە بە نیازخراپی ئەوانی دەزانی، فەرمووی: «ئەی دووڕووان، بۆچی تاقیم دەکەنەوە؟ پارەی سەرانەم پیشان بدەن.» ئەوانیش دینارێکیان بۆ هێنا. پێی فەرموون: «ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟»

وەڵامیان دایەوە: «قەیسەر.»

پاشان (عیسا) پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.»

کە گوێیان لێبوو سەرسام بوون، ئینجا بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن.

## زیندووبوونەوەی مردووان

سەدوقییەکان یەکێك بوون لە سێ کۆمەڵە سەرەکییەکەی جولەکە، لەگەڵ فەریسی و ئەسینابیەکان. ژمارەیان کەمتر بوو لە فەریسییەکان، بەڵام ڕۆشنبیران و دەوڵەمەندان و خەڵکی کاهینیێتی ئەرستۆکراتییان لەخۆگرتبوو. ئەو کۆمەڵەیە ناوەکەی لە (سادۆق)ەوە هاتبوو، کە سەرۆکی کاهینانی سەردەمی هەردوو پاشایەتی داود و سلێمان بوو. سەدوقییەکان لەگەڵ فەریسییەکان دژیەك بوون

لـەوەی نەریتـی باوباپیـران ڕەتدەکەنـەوە. گرنگیـدان و فێرکردنەکانیان لـە دەقەکانی تەوراتــی موســا پوخــت دەکــردەوە. هەروەهــا ڕای جیاوازیــان هەبــوو لەگــەڵ فەریسـییەکان لـەوەی نکۆڵییـان لـە باوەڕبـوون دەکـرد بـە هەسـتانەوەی مـردووان، پاداشـت و سـزا. سـەدوقییەکان پێیـان وابـوو کـە دەروون لەگـەڵ جەسـتە دەمرێـت، هـەروەك نکۆڵییـان لـە بوونـی فریشـتە و جنۆکـە یـان ڕۆحـە پیسـەکان دەکـرد. سـەدوقییەکان گفتوگۆیـان لەگـەڵ عیسـا کـرد، توشـی لاوازی بنەمـای باوەڕەکەیـان بـوون کـە ئـەوە بـووە پاڵنـەر بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ فەریسـییەکانی ڕکابەریان هـاوکاری بکـەن لـە سـکاڵاکردن لـە دژی عیسـا و دەرچوواندنـی بڕیـاری لەخاچـدان.

لـە هەمـان ڕۆژدا سـەدوقییەکان هاتنـە لای، کـە بڕوایـان بـە زیندووبوونـەوەی دوای مـردن نییـە، پرسـیاریان لێکرد: «مامۆسـتا، موسـا (لـە تـەورات) فەرمـووی، ئەگـەر پیاوێکـی وەجاخکوێـر مـرد، ئـەوا براکـەی براژنەکـەی دەخوازێتـەوە و وەچـە بـۆ براکـەی دەخاتـەوە. جـا لـەلای ئێمـە حـەوت بـرا هەبـوون، یەکەمیـان ژنـی هێنـا و بـە وەجاخکوێـری مـرد و ژنەکـەی بـۆ براکـەی بەجێهێشـت، بە هەمـان شـێوە دووەم و سـێیەم تاکـو حەوتـەم. لـەدوای هەموویـان ژنەکـەش مـرد. ئایا لـە هەسـتانەوەدا دەبێتـە ژنـی کام لـە حەوتەکـە؟ چونکـە هـی هەموویـان بـووە.» (بـەو قسـەیە ویسـتیان پیشـانی بـدەن کـە باوەڕبـوون بـە ژیانـی دوای مـردن نەزانـی و گێلایەتییـە.)

عیسـا لـە وەڵامـدا پێـی فەرمـوون: «ئێـوە بـە هەڵـەدا چوونـە، چونکـە نـە لـە نـووسـراوە پیـرۆزەکان (تـەورات و زەبـوور و پەرتووکـی پێغەبـەران) دەزانن و نە لـە هێـزی خـودا. لـە هەسـتانەوەدا (لـە ڕۆژی دوایـی) خەڵکـی نـە ژن دەهێنـن و نـە مێـرد دەکـەن، بەڵکـو وەك فریشـتە لـە ئاسـمان دەبـن. بـەڵام دەربـارەی هەسـتانەوەی مـردووان، ئایـا ئەوەتـان نەخوێندووەتـەوە کـە لـە خـوداوە بـە ئێـوە گوتـراوە و دەفەرموێ: ﴿مـن خـودای ئیبراهیـم و خـودای ئیسـحاق و خـودای یاقوبـم﴾؟ خـودا خـودای مـردووان نییـە، بەڵکـو هـی زیندووانـە.» (ئـەوە بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە ئەوانـە لـەدوای مردنیـان لەسـەر زەوی بـە ڕۆح دەژییـن.)

خەڵکەکە کە گوێیان لێی بوو، لە فێرکردنەکەی سەرسام بوون.

## گەورەترین ڕاسپاردە

فەریسـییەکان گرووپێکـی ئایینـی تونـدڕەو و بیرتەسـك بـوون، زیاتـر گرنگییـان بـە ڕووکـەش دەدا، وشـە نـەك بـە ڕۆح و نـاوەڕۆك. ئـەو کۆمەڵەیـە لـە سـێ دەیـەی کۆتایـی سـەدەی دووەمـی بـەر لـە لەدایکبوونـی مەسـیح (سـەردەمی یۆحەنـا هیرکانـۆس ١٣٥ – ١٠٥ پ. ز.) سـەریان هەڵـدا. فەریسـییەکان لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی بـاش بـوون، زۆر دەسـتپاك و پـاك بـوون. بـەڵام ئـەوان بـە تێپەڕبوونـی کات بـۆ تونـدڕەوی لایانـدا بـە شـێوەیەك کـە تەنهـا بـە ڕووکـەش گوێڕایەڵـی تەوراتـی موسـا بـوون. بـە دووڕوویـی ناویـان دەرکردبـوو. وێـڕای تەوراتـی موسـا پەیوەسـت بـوون بـەو نەریتـەی لـە بـاوك و باپیرانیانـەوە هـەر بـە سـەرزارەکی بۆیـان هاتبـوو، ئـەو نەریتەیـان بـە هاوتـای تەوراتـی پێغەمبـەر موسـا دانابـوو. مامۆسـتایانی تەوراتیـش چینێـك بـوون لـە پیرانـی جولەکـە، ئەوانـەی نـووسراوە پیرۆزەکانیـان دەنووسـییەوە و لەبەریاندەگرتـەوە، تەرخانکرابـوون بـۆ وانـەی تـەورات و لێکدانـەوە و ڕاڤەکردنی بـۆ گـەل. ئـەو مامۆسـتایانە خـاوەن پایەیەکـی بـەرز بـوون لەنـاو خەڵـك. ئەوانیـش هاوشـێوەی زۆربـەی فەریسـییەکان گرنگییـان بـە ڕووکـەش دەدا زیاتـر لە نـاوەڕۆك. شـتە ماددییەکانیـان زیاتـر لەبەرچـاو دەگـرت نـەك کرۆکـی ژیانـی ڕۆحـی. لەبـەر ئـەوە عیسـا ڕووبەڕوویـان بـووەوە، دووڕووییەکەیانـی ئاشـکراکرد. ئیـتر ئەوانیـش دژایەتییـان کـرد و مکـوڕ بـوون لەسـەر ئـەوەی بیکـوژن، هەرچەنـدە هەندێکیـان پەیامەکەیـان پەسـەند کـرد و باوەڕیـان پێـی هێنـا.

بـەڵام فەریسـییەکان بیسـتیان کـە عیسـا سـەدوقییەکانی بێدەنـگ کـردووە، پێکـەوە کۆبوونـەوە. یەکێکیـان تەوراتنـاس بـوو، پرسـیاری لێکـرد تاکـو تاقـی بکاتـەوە:

«مامۆستا، گرنگترین ڕاسپاردەی تەورات چییە؟»[١٣١]

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «لـە هەموویـان گرنگـتر ئەمەیـە: ﴿ئـەی ئیسرائیـل گـوێ بگـرن (ئیسرائیـل ناوێکـی عیبرییـە بـۆ یاقوبـی کـوڕی ئیسـحاقی کـوڕی پێغەمبـەر ئیبراهیـم. ئیـتر بـە نەوەکەشـی گوتـرا نـەوەی ئیسرائیـل)، یەزدانـی پەروەردگارمـان یـەك یەزدانە، جـا بـە هەمـوو دڵ و بـە هەمـوو گیـان و بـە هەمـوو بیـر و بـە هەمـوو تواناتانـەوە یەزدانـی پەروەردگارتـان خۆشـبوێ.﴾ لەدوای ئەویـش ئەمەیـە،

---

(١٣١) مەتا ٢١: ٤٠- ٢٢: ٣٦

﴿نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوێت،﴾ هیچ ڕاسپاردەیەك لەم دوو ڕاسپاردەیە گرنگتر نییە.»(١٣٢)

جا هەموو تەورات و پێغەمبەران بەم دوو ڕاسپاردەیەوە بەندن.»(١٣٣)

مامۆستای تەوراتەکەش پێی گوت: «ڕاستە مامۆستا، ڕاستت فەرموو کە یەك خودا هەیە و بێجگە لە ئەو هیچ خودایەکی دیکە نییە. خۆشویستنی ئەویش بە هەموو دڵ و بە هەموو تێگەیشتن و بە هەموو تواناوە، هەروەها خۆشویستنی نزیك وەك خۆت، لە هەموو قوربانی سووتاندن و سەربڕدراوەکان باشترە.»

عیسا بینی بە داناییەوە وەڵامی دایەوە، پێی فەرموو: «لە پاشایەتی خوداوە دوور نیت.»(١٣٤)

## مەسیح کوڕی کێیە؟

کاتێك فەریسییەکان کۆببوونەوە، عیسا لێی پرسین: «دەربارەی مەسیح (مەبەستی لە خۆیەتی) چی دەڵێن، کوڕی کێیە؟»

وەڵامیان دایەوە: «کوڕی داودە.»

ئەویش پێی فەرموون: «کەواتە، چۆن داود بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە پێی دەڵێ "خاوەن شکۆ"؟ چونکە (لە زەبووری ١١٠) دەڵێ:

«﴿یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:

"لە دەستەڕاستم دابنیشە

هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت."﴾

بۆیە ئەگەر داود پێی بڵێ "خاوەن شکۆ"، ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟» (عیسا بەگوێرەی ڕەگەزی مرۆڤانە لە نەوەی داودە و بە ڕۆح خودایەتی.)

---

(١٣٢) مەرقۆس ١٢: ٢٩- ٣١

(١٣٣) مەتا ٢٢: ٤٠

(١٣٤) مەرقۆس ١٢: ٣٢- ٣٤

جا کەسیان نەیانتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بدەنەوە، لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن.

## هەمووتان برای یەکترن

پاشان عیسا بە خەڵکەکە و قوتابییەکانی خۆی فەرموو: «مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان لەسەر کورسی موسا دانیشتن. لەبەر ئەوە ڕێك هەموو ئەوانە جێبەجێ بکەن کە پێتان دەڵێن، بەڵام بە کرداری ئەوان مەکەن، چونکە ئەوان دەڵێن و نایکەن. باری قورس کە هەڵناگیرێت، دەیپێچنەوە و دەیخەنە سەر شانی خەڵکی (بە توندڕەویکردنیان لە ڕاڤەکردنی تەورات بە شێوەیەکی وشە بە وشە)، بەڵام خۆیان نایانەوێت بە پەنجەش بیجوڵێنن.

«هەموو کردارەکانیان بۆ ئەوەیە خەڵکی بیانبینن، بە پانکردنی نوشتەکانیان و گەورەکردنی گوڵینگەکانیان (بۆ سەرنجدان بە پێگەی ئایینییان). حەز دەکەن لە میوانداری لەلای سەرەوە و لە کەنیشتەکانیش ڕیزی پێشەوە، لە بازاڕیشدا سڵاویان لێ بکرێت و خەڵك بە ”ڕابی (مامۆستا)“ بانگیان بکەن.

«بەڵام با ئێوە بە ”ڕابی“ بانگ نەکرێن، چونکە تەنها یەك مامۆستاتان هەیە و ئێوەش هەموو بران. کەسیش لەسەر زەوی بە ”باوك“ بانگ مەکەن، چونکە یەك باوکتان هەیە، ئەوەی لە ئاسمانە. بە ”مامۆستا“ بانگ نەکرێن، چونکە یەك مامۆستاتان هەیە، ئەویش مەسیحە. ئەوەی لەنێوتان پایەبەرزترە، دەبێتە خزمەتکارتان. ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکاتەوە بەرز دەکرێتەوە.

«بەڵام قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە (ئێوە بە زیادەڕەویتان لە ڕاڤەکردنی ڕووکاری تەورات و نەزانینتان بە دادوەری و میهرەبانی خودا) شانشینی ئاسمان لەڕووی خەڵك دادەخەن، نە خۆتان دەچنە ژوورەوە و نە دەهێڵن ئەوانەی کە دەیانەوێ، بچنە ژوورەوە.

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان!ماڵی بێوەژن هەڵدەلووشن، بۆ دەرخستنیش نوێژ درێژ دەکەنەوە، لەبەر ئەوە سزاتان گەورەترە.

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! دەریا و وشکانی دەگەڕێن تاکو یەکێك بکەنە جولەکە، کە بوو، ئەوسا دوو ئەوەندەی خۆتان دەیکەنە کوڕی دۆزەخ (بەرەو دۆزەخ دەیبەن).

«قوڕبەسەرتان ئەی ڕابەرە کوێرەکان! دەڵێن: "ئەوەی سوێند بە پەرستگا بخوات، هیچ نییە. بەڵام ئەوەی سوێند بە زێڕی پەرستگا بخوات، ئەوا پابەندە." ئەی گێل و کوێرینە، کامیان گرنگترە، زێڕەکە یان پەرستگا کە زێڕەکە پیرۆز دەکات؟ هەروەها "ئەوەی سوێند بە قوربانگا بخوات، هیچ نییە، بەڵام ئەوەی سوێند بە قوربانییەکەی سەری بخوات، ئەوا پابەندە." ئەی کوێرینە کامیان گرنگترە، قوربانی یان قوربانگا کە قوربانییەکە پیرۆز دەکات؟ بۆیە ئەوەی سوێند بە قوربانگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە هەموو ئەوەش کە لەسەریەتی. ئەوەی سوێند بە پەرستگا دەخوات، ئەوا سوێند بەو دەخوات و بە ئەوەش کە تێیدا نیشتەجێیە. ئەوەی سوێند بە ئاسمان دەخوات، ئەوا سوێند بە تەختی خودا دەخوات و بەوەش کە لەسەری دانیشتووە.

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەیەکی پونگ و شویت و ڕازیانە دەدەن (بەگوێرەی تەورات دەیەکی داهات و بەروبوومی مرۆڤ هی خودایە و دەدرێتە پەرستگا) و گرنگترینی تەوراتتان پشتگوێ خستووە. دادپەروەری و بەزەیی و دڵسۆزی، پێویست بوو ئەمانە بکەن و ئەوانەش پشتگوێ نەخەن. ئەی ڕابەرە کوێرەکان! ئێوە لەبەر مێشوولە شلەمەنی دەپاڵێون، بەڵام وشتر قووتدەدەن!

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە دەرەوەی جام و قاپ پاك دەکەنەوە، بەڵام ناوەکەی پڕە لە چڵێسی و بەڕەڵایی. ئەی فەریسی کوێر، یەکەم جار ناو جام پاك بکەرەوە، تاکو دەرەوەشی پاك بێتەوە.

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! چونکە ئێوە لە گۆڕی سپیکراو دەچن (بە کلس ڕووکەشکراو)، کە بە ڕواڵەت جوان دیارە، بەڵام ناوەوەی پڕە لە ئێسقانی مردووان و هەموو پیسییەك. ئێوەش ئاوان، بە ڕواڵەت لەلای خەڵك ڕاستودروستن، بەڵام ناوەوەتان پڕە لە دووڕوویی و سەرپێچی.

«قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! ئێوە

گـۆڕی پێغەمبـەران هەڵدەبەسـتن و ئارامـگای پیاوچـاکان دەڕازێننـەوە و دەڵێـن: ”ئەگـەر لـە سـەردەمی باوباپیرانـدا بژیاینایـە، لـە خوێنـی پێغەمبـەران بەشـداریان نەدەبووین.“ کەواتـە شـایەتی لەسـەر خۆتـان دەدەن کـە کـوڕی پێغەمبەرکوژانـن. جـا ئێـوە پێوانـەی باوباپیرانتـان پـڕ بکـەن!

«ئـەی مارینـە! ئـەی بێچـووە مـاران! چـۆن لـە سـزای دۆزەخ هەڵدێن؟ لەبـەر ئەمەیـە ئەوەتـا پێغەمبـەر و دانـا و مامۆسـتایانی تەوراتتـان بـۆ دەنێـرم (لێـرەدا وێـڕای ئـەوەی عیسـا سەرزەنشـتی پیـاوە ئایینـەکان دەکات، دەسـەڵاتی خودایانـەی خۆشـی ڕادەگەیەنێـت کـە ئـەو پێغەمبەرانـی ناردووە). لێیـان دەکـوژن و لـە خاچیـان دەدەن، لـە کەنیشـتەکانتان بـەر قامچییـان دەدەن و لـە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی دیکـە ڕاوییـان دەنێـن.

لەبـەر ئـەوە هەمـوو خوێنێکـی پـاك کـە لەسـەر ئـەم زەوییـەدا ڕژاوە دەکەوێتـە ئەسـتۆتان، لـە خوێنـی هابیلـی ڕاستودروسـتەوە تاکـو خوێنـی زەکەریـای کـوڕی بەرەخیـا کـە لەنێـوان قوربانـگا و پەرسـتگادا کوشـتتان. ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: ئۆباڵـی هەمـوو ئەمانـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەم نەوەیـە.»

کاتێـك عیسـا لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا خەڵکـی فێردەکـرد فەرمـووی: «مامۆسـتایانی تـەورات چـۆن دەڵێـن: ”مەسـیح کـوڕی داوودە“؟ داود خـۆی بـە ڕۆحـی پیـرۆزەوە (لـە زەبـووری ١١٠) گوتـی:

«﴿یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو:
”لە دەستەڕاستم دابنیشە
هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێر پێت.“﴾
داود خۆی پێی دەڵێ ”خاوەن شکۆ“، ئیتر چۆن دەبێتە کوڕی؟»

خەڵکەکە زۆر بە خۆشییەوە گوێیان لێی دەگرت.

لـە فێرکردنەکەیـدا دەیفەرمـوو: «ئـاگاداری مامۆسـتایانی تـەورات بن، حـەز دەکەن بـە جلـی شـۆڕەوە بگەڕێـن و پێیـان خۆشـە لـە بـازاڕدا سـڵاویان لـێ بکرێت، لـە کەنیشـتەکان ڕێـزی پێشـەوە بگـرن و لـە ڕیـزی سـەرەوەی میوانـداری بـن.[١٣٥]

---

(١٣٥) مەتا ٢٢: ٤١- ٢٣: ٣٩

## بەخشینی بێوەژن

عیسا بەرامبەر گەنجینە (ی پەرستگا) دانیشت و سەیری کرد چۆن خەڵکی پارەیان دەخەنە ناو گەنجینەکەوە، زۆرێك لە دەوڵەمەندەکان پارەی زۆریان دادەنا. بێوەژنێکی هەژار هات و دوو فلسی دانا کە نیو عانەیە (پارەیەکی کەم بەها).

قوتابییەکانی بانگکرد و پێی فەرموون: «ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم بێوەژنە هەژارە، لە هەموو ئەوانەی دیکە پارەی زیاتر خستە ناو گەنجینەکە، چونکە هەموو لە زیادەی خۆیان بەخشییان، بەڵام ئەم بێوەژنە، سەرەڕای هەژارییەکەی هەموو بژێوییەکەی بەخشی.»

## نیشانەکانی کۆتایی سەردەم (ڕۆژی دوایی)

کاتێك عیسا لە پەرستگا دەهاتە دەرەوە، یەکێك لە قوتابییەکانی پێی گوت: «مامۆستا تەماشا بکە! چ جۆرە بەرد و چ جۆرە تەلارێکن!»

عیساش پێی فەرموو: «ئەم تەلارە مەزنانە دەبینیت؟ بەردی بەسەر بەردیەوە نامێنێت کە نەڕووخێت.»

کاتێك عیسا لەسەر کێوی زەیتوون بەرامبەر پەرستگاکە دانیشتبوو، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنا و ئەندراوس (ئەوانە لە دوازدە قوتابییەکەی عیسان) بە تەنها لێیان پرسی: «پێمان بڵێ کەی ئەمانە ڕوودەدەن؟ و نیشانە چییە کە خەریکە هەموو ئەمانە تەواو بن؟»

عیسا وەڵامی دانەوە: «ئاگاداربن، کەس چەواشەتان نەکات. زۆر کەس بە ناوی منەوە دێن و دەڵێن، ”من ئەوم.“ زۆر کەس چەواشە دەکەن. کاتێك جەنگ و هەواڵی جەنگیش دەبیستن مەتۆقن. دەبێت ئەمە ڕووبدات، بەڵام هێشتا کۆتایی نییە. نەتەوە لە نەتەوە ڕاست دەبێتەوە و شانشین لە شانشین، لە زۆر شوێن بوومەلەرزە ڕوودەدات، هەروەها قاتوقڕی، بەڵام ئەمە دەستپێکی ژانەکانە.

«ئاگاداری خۆتان بن، چونکە دەتاندەنە دادگا و کەنیشتەکان، جا لێتان دەدرێت و لەبەردەم فەرمانڕەوا و پاشاکان لە پێناوی من ڕادەوەستێنرێن، وەك

شـایەتی بۆیـان. هەروەهـا دەبـێ یەکـەم جـار مزگێنییەکـەم (مزگێنـی خۆشەویسـتیی خـودا و قوربانـی عیسـای مەسـیح لەسـەر خاچ لـە پێنـاوی لێخۆشـبوونی گوناهەکانی مـرۆڤ) بـە هەمـوو نەتـەوەکان ڕابگەیەنرێـت. کاتێکیـش دەتانبـەن بـۆ ئـەوەی بەدەسـتەوەتان بـدەن، پێشـوەخت نیگـەران مەبـن لـەوەی چـی بڵێـن، بەڵکـو لـەو کاتـەدا چیتـان دەدرێتـێ بـەوە بدوێـن، چونکـە ئێـوە نیـن دەدوێـن، بەڵکـو ڕۆحـی پیـرۆزە.

«بـرا بـرای خـۆی بـۆ مـردن بـە گرتـن دەدات، باوکیـش منداڵـی خـۆی، منـداڵان لـە دایـك و باوکیـان هەڵدەگەڕێنـەوە و دەیانکـوژن. لەبـەر نـاوی مـن هەمـووان ڕقیـان لێتـان دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەوەی تاکـو کۆتایـی دانبەخـۆدا بگرێـت، ڕزگاری دەبێـت.[١٣٦]

زۆر پێغەمبـەری درۆزن دەردەکـەون (ئەوانـەی بـە درۆ بانگەشـەی پێغەمبەرایەتـی دەکـەن)، زۆر کـەس چەواشـە دەکـەن. لەبـەر زۆربوونـی سـەرپێچی، خۆشەویسـتی زۆر کـەس سـارد دەبێتـەوە. بـەڵام ئـەوەی تاکـو کۆتایـی دانبەخۆیـدا بگرێـت، ڕزگاری دەبێـت. ئـەم مزگێنـی پاشـایەتییەش (پاشـایەتیی عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار) لـە هەمـوو جیهانـدا ڕادەگەیەنرێـت، وەك شـایەتییەك بـۆ هەمـوو نەتـەوەکان، ئینجـا کۆتاییەکـە دێـت.

(عیسـا پێشـبینی کـرد کـە ڕۆمانییـەکان بـە زوویـی شـاری ئۆرشـەلیم گەمـارۆ دەدەن) «لەبـەر ئـەوە کاتێـك دەبینـن ﴿قێزەونـی وێرانکـەر﴾ لـە شـوێنی پیـرۆزدا ڕاوەسـتاوە، ئـەوەی پێغەمبـەر دانیـال باسـی کـردووە (بـا خوێنـەر تێبـگات) (خوێنـەری پێشـبینییەکەی پێغەمبـەر دانیال)، ئینجـا بـا ئەوانـەی لـە یەهودیـان ڕابکەنـە چیـاکان، ئـەوەی لـە سـەربانە بـا نەیەتـە خـوارەوە تاکـو شـتەکانی لـە ماڵـەوە ببـات. هەروەهـا ئـەوەی لـە کێڵگەیـە بـا نەگەڕێتـەوە تاکـو جلەکـەی ببـات. لـەو ڕۆژانـەدا قوڕبەسـەر دووگیـان و شـیردەران! نوێـژ بکـەن بـا هەڵاتنتـان لـە زسـتان یـان لـە شـەممەدا نەبێـت (ڕۆژی شـەممە ڕۆژی پشـووی جولەکەیـە، تێیـدا دروسـت نییـە کاربکرێت)، چونکـە لـەو کاتـەدا تەنگانەیەکـی وا گـەورە ڕوودەدات، لـە سـەرەتای جیهانـەوە هەتـا ئێسـتا ئـاوا نەبـووە و نابێـت.

«ئەگـەر ئـەو ڕۆژانـە کـورت نەکرابوونایـەوە، کـەس ڕزگاری نەدەبـوو. بـەڵام

---

(١٣٦) مەرقۆس ١٢: ٤١- ١٣: ١٣

لـە پێنـاوی ئەوانـەی هەڵبژێـردراون، ئـەو ڕۆژانـە کـورت دەکرێنـەوە. (دیسـان عیسا قوتابییەکانـی ئـاگادار کـردەوە لـەو مەترسـییانەی لـە داهاتـوودا ڕووبـەڕووی بـاوەڕداران دەبێتـەوە، فەرمـووی:) ئەگـەر ئـەو کاتـە یەکێـك پێـی گوتـن: ”ئەوەتـا مەسـیح لێرەیـە!“ یـان: ”ئەوەتـا لەوێیـە!“ بـاوەڕ مەکەن، (عیسـا ئینجـا دووپاتیکـردەوە کـە هاتنـی دووەمـی بـۆ هەمـوو کەسـێك دیاردەبێـت، فەرمـووی:) چونکـە مەسـیحە درۆزنـەکان (ئەوانـەی بـە درۆ بانگەشـە دەکـەن کـە مەسـیحن و بـۆ جیهـان هاتـوون) و پێغەمبەرانـی درۆزن (ئەوانـەی بـە درۆ بانگەشـەی پێغەمبەرایەتـی دەکـەن) دەردەکـەون، نیشـانەی گـەورە و پەرجـوو دەکـەن، بـە شـێوەیەك ئەگـەر بکـرێ تەنانـەت ئەوانـەی هەڵبژێـردراون چەواشـە دەکـەن. ئەوەتـا پێشـوەخت پێـم گوتـن.

«لەبـەر ئـەوە ئەگـەر پێیـان گوتـن: ”ئەوەتـا لـە چۆڵەوانییـە!“ مـەڕۆن، ”ئەوەتا لـە ژوورەکانـی ناوەوەیـە!“ بـاوەڕ مەکەن، چونکـە وەك چـۆن هەورەتریشـقە دێـت و ڕووناکـی دەدات لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەتـا ڕۆژئـاوا، هاتنـەوەی کـوڕی مرۆڤیـش ئـاوا دەبێـت. کـەلاك لەکـوێ بێـت، داڵ لـەوێ کۆدەبێتـەوە.

«دەستبەجێ دوای تەنگانەی ئەو ڕۆژانە،

«﴿خۆر تاریك دەبێت، مانگ ڕووناکییەکەی نادات،

ئەستێرەکان لە ئاسمان دەکەون،

تەنی ئاسمانی دەهەژێن.﴾

«لـەو کاتـە نیشـانەی کـوڕی مـرۆڤ لـە ئاسـماندا دەردەکەوێـت، ئەوسـا هەمـوو نەتەوەکانـی زەوی شـیوەن دەگێـڕن، کـوڕی مـرۆڤ دەبینـن بەسـەر هـەوری ئاسـماندا بـە هێـز و شـکۆیەکی گـەورەوە دێت، فریشـتەکانی بـە کەڕەنایەکـی دەنـگ بـەرزەوە دەنێرێـت، لـە ئاراسـتەی هـەر چـوار بایەکـە ئەوانـە کۆدەکەنـەوە کـە هەڵبژێـردراون، لـەم سـەری ئاسـمانەوە تاکـو ئەوسـەری.(١٣٧)

کاتێـك ڕوودانـی ئـەم شـتانە دەسـتی پێکـرد، هەسـتن و سـەر بـەرز بکەنـەوە، چونکـە ڕزگاریتـان نزیـك دەبێتـەوە.»

---

(١٣٧) مەتا ٢٤: ١١- ٣١

نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: «سەیری دار هەنجیر و هەموو دارەکان بکەن. کاتێك دەبینن ئەوا گەڵای کردووە، خۆتان دەزانن کە هاوین نزیکە. ئێوەش کە دەبینن ئەمانە ڕوودەدات، بزانن پاشایەتی خودا نزیکە.

(عیسا گەڕایەوە سەر باسی وێرانبوونی ئۆرشەلیم و فەرمووی:) «ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەم نەوەیە بەسەرناچێت، هەتا هەموو ئەمانە نەیەنە دی. ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن.»[١٣٨]

## کەس ئەو کاتە نازانێت

«سەبارەت بەو ڕۆژ و کاتە کەس نایزانێت، نە فریشتەکانی ئاسمان و نە کوڕەکە، تەنها باوك نەبێت. ڕۆژانی نوح چۆن بوو، هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. وەك چۆن لە ڕۆژانی پێش لافاوەکە (لافاوەکەی سەردەمی پێغەمبەر نوح کە تەواوی زەوی گرتەوە) دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، ژنیان دەهێنا و مێردیان دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی نوح چووە ناو کەشتییەکە، کەس نەیدەزانی چی ڕوودەدات، هەتا لافاوەکە هات و هەمووی برد. هاتنەوەی کوڕی مرۆڤیش ئاوا دەبێت. لەو کاتەدا دوو پیاو لە کێڵگە دەبن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت. دوو ئافرەت دەستاڕ دەگێڕن، یەکیان دەبردرێت و ئەوی دیکە بەجێدەهێڵدرێت.[١٣٩]

(عیسا داوای کرد ئامادەبن بۆ هاتنی دووەمی و فەرمووی:) «ئاگاداری خۆتان بن، نەوەك دڵتان لەسەر ڕابواردن و سەرخۆشی و خەم و خەفەتی ژیان بێت و ئەو ڕۆژە لەناکاو وەك تەڵە بەسەرتاندا بدات، چونکە دێتە سەر هەموو ئەوانەی لەسەر تەواوی ڕووی زەوی دانیشتوون. کەواتە ئێشك بگرن و هەموو کاتێك نوێژ بکەن، تاکو بتوانن لە هەموو ئەو ڕووداوانە دەرباز بن کە تووشتان دەبن و لەبەردەم کوڕی مرۆڤ ڕاوەستن.»[١٤٠]

وەك پیاوێك گەشتی کردبێت، ماڵەکەی بەجێهێشتبێت و دەسەڵاتی دابێتە

---

(١٣٨) لۆقا ٢١: ٢٨- ٣٣

(١٣٩) مەتا ٢٤: ٣٦- ٤١

(١٤٠) لۆقا ٢١: ٣٤- ٣٦

کۆیلەکانی، هەریەکە و بە ئیشی خۆی، دەرگاوانیشی ڕاسپاردبێت ئێشك بگرێت.

«لەبەر ئەوە ئێشك بگرن، چونکە نازانن کەی گەورەی ماڵ دەگەڕێتەوە، ئێوارە یان نیوەی شەو، یان لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێر، یان بەیانی. نەوەك لەناکاو بگەڕێتەوە و بتانبینێت خەوتوون. جا ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم، بە هەمووانی دەڵێم: ئێشك بگرن!»[١٤١]

بەڵام ئەوەش بزانن: ئەگەر گەورەی ماڵ بزانێت لە چ کاتێکدا دز دێتە سەری، ئێشك دەگرێت و نایەڵێت ماڵەکەی ببردرێت. کەواتە ئێوەش ئامادە بن، چونکە کوڕی مرۆڤ لە کاتێکدا دێتەوە کە بیری لێ ناکەنەوە.

«کەواتە ئەو کۆیلە دڵسۆز و ژیرە کێیە کە گەورەکەی کردوویەتی بە لێپرسراوی خزمەتکارانی دیکە تاکو لە کاتی خۆیدا خواردنیان بداتێ؟ خۆزگە دەخوازرێت بەو کۆیلەیە کاتێك گەورەکەی دێتەوە دەبینێت ئاوا دەکات. ڕاستیتان پێ دەڵێم: بەسەر هەموو ماڵەکەیەوە دایدەنێت. بەڵام ئەگەر ئەو کۆیلەیە خراپ بێت و لە دڵی خۆیدا بڵێ: ”گەورەکەم دوادەکەوێت،“ ئینجا دەست بکات بە لێدانی کۆیلە هاوکارەکانی و لەگەڵ سەرخۆشان بخوات و بخواتەوە. ئەوسا گەورەی ئەو کۆیلەیە لە ڕۆژێکدا دێتەوە کە چاوەڕێی ناکات و لە کاتژمێرێك کە نایزانێت. ئینجا پارچەپارچەی دەکات و بەشی لەگەڵ دووڕوواندا دادەنێت، جا لەوێ دەگرییێت و جیڕەی ددانەکانی دێت (ئاماژەیە بۆ پەشیمانی و ئازارچێژتن).

## نموونەی کچە داناکان و کچە گێلەکان

(عیسا نموونەیەکی هێنایەوە بۆ گرنگی خۆئامادەکردن بۆ هاتنی دووەمی، باسی وێنەیەکی کرد لە نەریتی ئاهەنگگێڕان لە گوندێکی ئیسرائیل، کە کچەکان لە چاوەڕوانی زاوا چرا هەڵدەگرن:)

«لەم کاتەدا شانشینی ئاسمان وەکو دە پاکیزە دەبێ، کە چرایان هەڵگرتبێت و بەرەوپیری زاوا بچن. پێنج لەوان گێل بوون، پێنجیش دانا. گێلەکان چراکانیان برد و زەیتیان لەگەڵ خۆیان نەبرد. بەڵام داناکان لەگەڵ چراکانیان زەیتیان

(١٤١) مەرقۆس ١٣: ٣٤- ٣٧

لەناو گۆزەدا بـرد. کاتێـك زاوا دواکـەوت، هەمـوو خەویان هـات و نوسـتن.

«لە نیوەشەودا هاوار کرا: ”ئەوە زاوا دەرکەوت، بەرەو پیری بچن!“

«هەمـوو ئـەو پاکیزانـەش هەسـتان و چراکانیـان ئامادە کـرد. گێلەکان بـە داناکانیان گـوت: ”لـە زەیتەکـەی خۆتان بەشـمان بدەن، چونکـە چراکانمـان دەکوژێتەوە!“

«بــەڵام دانــاکان وەڵامیــان دانــەوە: ”لەوانەیــە بەشــی ئێمــە و ئێــوە نــەکات. چاکــترە بچنــە لای فرۆشــیاران و بــۆ خۆتــان بکــڕن.“

«کـە ئـەوان بـۆ کڕین چـوون، زاوا هـات، ئەوانـەی بـۆ زەماوەندەکـە ئامادەبوون، لەگەڵـی چوونـە ژوورەوە (بـۆ ئاهەنگگێڕانی هاوسـەرگیری) و دەرگا داخرا.

«پاشـان پاکیزەکانـی دیکـەش هاتـن و گوتیـان: ”گـەورەم، گـەورەم! دەرگامـان لـێ بکـەرەوە!“

«وەڵامـی دایـەوە: ”ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، مـن ناتانناسـم.“ (مەبەسـت لـەو نموونەیـە ئەوەیـە کـە قوتابـی مەسـیح پێویسـتە هەمـوو کات و بـەردەوام لـە ئامادەییـدا بێـت بـۆ هاتنـی دووەمـی عیسـا. لەبـەر ئـەوە عیسـا درێـژەی بـە فەرمایشـتەکەی دا و فەرمـووی:)

«کەواتە ئێشك بگرن، چونکە ڕۆژ و کاتەکە نازانن.

## نموونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ

(عیسـا ڕوونـی کـردەوە کـە پێویسـتە لەسـەر قوتابـی مەسـیح بەهـرە و تواناکانـی بەکاربهێنێـت بـۆ خـۆ ئامادەکـردن بـۆ هاتنـی دووەمـی. فەرمـووی:) «دیسـان، شانشـینی ئاسـمان وەك پیاوێکـە گەشـت بـکات، کۆیلەکانی بانـگ دەکات و موڵکەکـەی خـۆی دەداتـە دەسـتیان (بۆ ئـەوەی لە بەرژەوەنـدی خـۆی وەبەرهێنانی پـێ بکـەن کاتێـك کـە لـەوێ نابـێ). پێنـج کیسـە زێـڕی دایـە یەکێکیـان و ئـەوی دیکـە دوو کیسـە و سـێیەمیش یـەك کیسـە، هەریەکـە بەگوێـرەی توانـای خـۆی، یەکسـەریش چـووە گەشـت. ئـەوەی پێنـج کیسـە زێڕەکـەی وەرگـرت، ڕۆیشـت و ئیشـی پێـوە کـرد، پێنجـی دیکەشـی بەدەسـتهێنا. بـە هەمـان شـێوە ئـەوەی دوو کیسـە زێڕەکـەش، دووی دیکـەی بەدەسـتهێنا. بـەڵام ئـەوەی یـەك کیسـە زێڕەکـەی

وەرگـرت، ڕۆیشـت و چاڵێکـی لـە زەویـدا هەڵکەنـد و زێـڕی گەورەکـەی شـاردەوە.

«دوای ماوەیەکـی زۆر گـەورەی ئـەو کۆیلانـە دێـت و حیسـابیان لەگـەڵ دەکات. ئـەوەی پێنـج کیسـە زێڕەکـەی وەرگـرت، دێـت و پێنـج کیسـەی دیکـەش دەهێنێـت و دەڵێـت: "گـەورەم تـۆ پێنـج کیسـە زێـڕت دامـێ، ئەوەتـا پێنـج کیسـە زێـڕی دیکـەم بەدەسـتهێناوە."

«گەورەکـەی پێـی گـوت: "ئافەریـن، ئـەی کۆیلـەی چـاك و دەسـتپاك! لـە کـەم دەسـتپاك بوویـت، زۆرت پـێ دەسـپێرم. وەرە ژوورەوە بـۆ خۆشـی گەورەکـەت."

«هەروەهـا ئـەوەی دوو کیسـە زێڕەکـە هـات و گوتـی: "گـەورەم تـۆ دوو کیسـە زێـڕت دامـێ، ئەوەتـا دوو کیسـە زێـڕی دیکـەم بەدەستهێناوە."

«گەورەکـەی پێـی گـوت: "ئافەریـن، ئـەی کۆیلـەی چـاك و دەسـتپاك! لـە کـەم دەسـتپاك بوویـت، زۆرت پـێ دەسـپێرم. وەرە ژوورەوە بـۆ خۆشـی گەورەکـەت."

«ئینجـا ئـەوەی یـەك کیسـە زێڕەکـەی وەرگرتبـوو هـات و گوتـی: "گـەورەم، زانیـم تـۆ پیاوێکـی سـەختیت، شـوێنێك دەدرویتـەوە کـە تـۆوت نەکـردووە، لـە شـوێنێك کۆدەکەیتـەوە کـە شـەنەبات نەکردووە، جـا ترسـام و چـووم کیسـە زێڕەکەتـم لەنـاو زەویـدا شـاردەوە. هـا ئـەوە ماڵەکەتـە."

«گەورەکـەی وەڵامـی دایـەوە: "ئـەی کۆیلـەی خـراپ و تـەوەزەل! کـە زانیـت مـن دروێنـە لـەو شـوێنە دەکـەم کـە تـۆوم نەکـردووە، لـەوە کۆدەکەمـەوە کـە نەموەشـاندووە، دەبووایە زێڕەکەمـت لـە بانـك دابنابووایـە، لـە گەڕانەوەمـدا ئـەوەی هـی منـە لەگـەڵ سـووەکەی وەرمدەگرتـەوە.

«"لەبـەر ئـەوە ئـەو کیسـە زێـڕەی لـێ بسـەننەوە و بیدەنـە ئـەوەی دە کیسـە زێڕەکـەی پێیە، چونکـە ئـەوەی هەیەتـی (ئـەوەی سەرڕاسـتە و تێدەکۆشـێت)، پێـی دەدرێـت و لێـی دەڕژێ، بـەڵام ئـەوەی نییەتـی تەنانـەت ئـەوەی هەشـیەتی لێـی دەسـەنرێتەوە. کۆیلـە بـێ سـوودەکەش فڕێبدەنـە تاریکـی دەرەوە، جـا لـەوێ دەگریێـت و جیـڕەی ددانەکانـی دێـت."

## عیسا حوکم بەسەر جیهان دەدات

عیسای مەسیحی پەروەردگار باسی هاتنەوەی خۆی کرد وەك دادوەر لە ڕۆژی دوایی، هەروەها داوای لە باوەڕداران کرد کە میهرەبان بن، فەرمووی:

«کاتێك کوڕی مرۆڤ بە شکۆی خۆی دێتەوە و هەموو فریشتەکانیش لەگەڵیدان، ئەوسا لەسەر تەختی شکۆی خۆی دادەنیشێت. هەموو نەتەوەکان لەبەردەمی کۆدەبنەوە و ئەویش لە یەکتریان جیا دەکاتەوە، وەك شوان مەڕ لە بزن جیا دەکاتەوە. جا مەڕەکان لەلای ڕاستی خۆی ڕادەگرێت، بەڵام بزنەکان لەلای چەپ.

«ئینجا پاشا بەوانەی لای ڕاستیەوەن دەفەرموێ: "وەرن ئەی ئەوانەی باوکم بەرەکەتی پێدان، ببنە میراتگری ئەو شانشینە کە لە دامەزراندنی جیهانەوە بۆتان ئامادە کراوە، چونکە برسی بووم و نانتان دام، تینوو بووم ئاوتان دامێ، نامۆ بووم شوێنتان کردمەوە. ڕووت بووم جلتان لەبەرکردم، نەخۆش بووم سەرتان لێدام، زیندانی بووم هاتنە لام."

«ئەوسا ڕاستودروستان وەڵام دەدەنەوە: "گەورەم، کەی تۆمان بە برسییێتی بینیوە و نانمان داویتێ، یان تینوو و ئاومان داویتێ؟ کەی تۆمان بە نامۆیی بینیوە و شوێنمان کردوویتەوە، یان بە ڕووتی و جلمان لەبەرکردوویت؟ کەی تۆمان بە نەخۆشی یان زیندانی بینیوە و هاتووین بۆ لات؟"

«ئینجا پاشا وەڵامیان دەداتەوە: "ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەرچییەکتان بۆ یەکێك لەم برا بچووکانەم کردووە، بۆ منتان کردووە."

«دواتر بەوانەی لەلای چەپیەوەن دەفەرموێ: "لێم دوور بکەونەوە! ئەی ئەوانەی کە نەفرەتتان لێکراوە بەرەو ئاگری هەتاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی (ئەو فریشتانەی کە لە خودا یاخی بوون و بوونە شوێنکەوتەی شەیتان) ئامادە کراوە، چونکە برسی بووم نانتان نەدامێ، تینوو بووم ئاوتان نەدامێ، نامۆ بووم شوێنتان نەکردمەوە، ڕووت بووم جلتان لەبەر نەکردم، نەخۆش و زیندانی بووم سەرتان لێ نەدام."

«ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە: "گەورەم، کەی تۆمان بە برسییێتی یان تینوو یان نامۆ یان ڕووت یان نەخۆش یان زیندانی بینیوە و خزمەتمان نەکردوویت؟"

«ئەویش وەڵامیان دەداتەوە: "ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەرچییەکتان بۆ یەکێك لەم بچووکانە نەکردووە، بۆ منتان نەکردووە." (لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت

کە نەك تەنها ئەنجامدانی کاری خراپ گوناهە، بەڵکو ئەنجامنەدانی کارێکی چاکیش دەبێتە گوناه.)

«ئەوانە بۆ سزای هەتاهەتایی دەچن، بەڵام ڕاستودروستان بۆ ژیانی هەتاهەتایی.»

## پیلانگێڕی بۆ کوشتنی عیسا

کاتێك عیسا ئەم وتانەی هەمووی تەواو کرد، بە قوتابییەکانی خۆی فەرموو: «دەزانن جەژنی پەسخە (یەکێکە لە جەژنەکانی جولەکە کە یادی ڕزگاربوونی گەلی ئیسرائیل بوو لە کۆیلایەتی میسر) دوو ڕۆژی ماوە. کوڕی مرۆڤیش بە گرتن دەدرێت تاکو لە خاچ بدرێت.»

ئینجا کاهینانی باڵا و پیرانی گەل لە کۆشکی سەرۆکی کاهینان کە ناوی قەیافا بوو کۆببوونەوە، پێکەوە تەگبیریان دەکرد، بە فێڵێك عیسا بگرن و بیکوژن. گوتیان: «بەڵام نەك لە جەژندا، نەوەك ئاژاوە بکەوێتە ناو خەڵك.»[١٤٢]

## یەهوزا بە خیانەتکردن لە عیسای مەسیح ڕازی دەبێت

شەیتان چووە ناو یەهوزاوە، کە پێی دەگوترا ئەسخەریوتی، یەکێك بوو لە دوازدە قوتابییەکە. چوو و قسەی لەگەڵ کاهینانی باڵا و فەرماندەکانی پەرستگا کرد، چۆن عیسایان ڕادەست بکات.[١٤٣]

گوتی: «چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟» ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا. ئیتر بۆ هەلێك دەگەڕا تاکو بە گرتنی بدات.[١٤٤]

## ئامادەکاری بۆ دوایین ئێوارەخوان

ڕۆژی فەتیرە هات، ئەوەی پێویست بوو بەرخی پەسخەی تێدا بکرێتە

---

(١٤٢) مەتا ٢٤: ٤٣- ٢٦: ٥

(١٤٣) لۆقا ٢٢: ٣- ٤

(١٤٤) مەتا ٢٦: ١٥- ١٦

قوربانی (لەم ڕۆژەی جەژندا بەرخێك دەكرایە قوربانی وەك یادكردنەوەی ئەو ڕۆژانەی كە گەلی جولەكە لە میسر دەرچوون و بە تایبەت ئەو ڕووداوەی كە خودا نۆبەرەی میسرییەكانی كوشت بەهۆی ئەوەی فیرعەون ڕێگری كرد لەوەی گەلی جولەكە لە میسر دەربچن). عیسا پەترۆس و یۆحەنای نارد و فەرمووی: «بڕۆن نانی پەسخەمان بۆ ئامادە بكەن تاكو بیخۆین.»

لێیان پرسی: «دەتەوێ لە كوێ ئامادەی بكەین؟»

پێی فەرموون: «كاتێك دەچنە ناو شار، تووشی پیاوێك دەبن گۆزەیەك ئاوی هەڵگرتووە، دوای بكەون بۆ ئەو ماڵەی كە بۆی دەچێت. ئینجا بە خاوەن ماڵەكە بڵێن: "مامۆستا دەفەرموێت: كوا دیوەخانەكە تاكو لەگەڵ قوتابییەكانم نانی پەسخەی تێدا بخۆم؟" ئەویش لە نهۆمی سەرەوە ژوورێكتان پیشان دەدات، گەورەیە و ڕاخراوە، لەوێ ئامادەی بكەن.»

جا ڕۆیشتن، هەروەك عیسا پێی فەرمووبوون دۆزییانەوە و نانی پەسخەیان ئامادە كرد. كە كاتەكە هات عیسا لەسەر خوان دانیشت، نێردراوانیش لەگەڵی بوون.(١٤٥)

## كێ پایەبەرزترە؟

هەروەها (كاتێك قوتابییان لەسەر خوانەكە بوون) دەمەقاڵەیەك كەوتە نێوانیان، كامیان بە پایەبەرز دابنرێت (چونكە ئەوان پێیان وابوو كە عیسای مەسیح لەسەر زەوی پاشایەتی دادەمەزرێنێت). عیسا پێی فەرموون: «پاشایانی نەتەوەكان دەبنە فەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانیش بەسەریانەوە بە "چاكەكار" ناودەبردرێن. بەڵام ئێوە ئاوا مەبن. بەڵكو با پایەبەرز لەنێوتاندا ببێتە بچووك و ئەوەی ڕابەری دەكات وەكو خزمەتكارەكەتان بێت. كێ پایەبەرزترە، ئەوەی لەسەر خوان دانیشتووە یان ئەوەی خزمەت دەكات؟ بێگومان ئەوەی كە لەسەر خوان دانیشتووە. بەڵام من لەنێوتان وەك ئەوەم كە خزمەت دەكات.

«ئێوە ئەوانەن كە لە تاقیكردنەوەكانمدا لەگەڵم مانەوە. منیش شانشینێكتان بۆ دادەنێم، هەروەك باوكم بۆی داناوم («باوكم» ئەو دەربڕینە بوو كە عیسای مەسیح كاتێك باسی خودای دەكرد بەكاری دەهێنا)، تاكو لە

---

(١٤٥) لۆقا ٢٢: ٧- ١٤

شانشینەکەمدا لەسەر خوانەکەم بخۆن و بخۆنەوە، لەسەر تەخت دادەنیشن و دوازدە هۆزەکەی ئیسرائیل حوکم دەدەن.[١٤٦]

## عیسای مەسیح پێی قوتابییەکانی دەشوات

عیسای مەسیح شوێن و پایەی خۆی دەزانی لە جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا وانەیەکی کردەیی فێری قوتابییەکانی کرد بۆ خۆنزمکردنەوەی بێ سنوور و لەسەر خۆشەویستی خەڵکانی دیکە ئەگەر هەڵوێستیان هەرچییەك بێت. عیسا پێی قوتابییەکانی شوشت، لەکاتێکدا ئەوە کاری یەکێك لە کۆیلەکانیماڵەوە بوو، کاتێك میوان دەگەیشتە ماڵ و لە ڕێگا پێی پیس بوو. عیسای مەسیح بە هەموو خۆشەویستییەوە ئەوەی کرد، هەرچەندە دەیزانی یەکێك لەوانەی کە پێیان دەشوات لەدوای کەمێك نکۆڵی لێ دەکات، هەروەها ئەو قوتابییەی کە ناپاکی لێ دەکات و دەیفرۆشێت و بۆ مردن بەدەستەوەی دەدات لەوێیە!

عیساش دەیزانی باوك هەموو شتێکی خستووەتە ژێر دەستی، لە خوداوە هاتووە و بۆ خوداش دەگەڕێتەوە. لەسەر خوان هەستا، کەواکەی داکەند و خاولییەکی هەڵگرت و لە ناوقەدی بەست. پاشان عیسا ئاوی کردە ناو لەگەنێك و دەستی بە شوشتنی پێی قوتابییەکان کرد و بەو خاولییەی کە بە ناوقەدیەوە بەستبووی پێیانی دەسڕییەوە.

کاتێك گەیشتە سەر شیمۆن پەترۆس، شیمۆن پێی گوت: «گەورەم تۆ پێی من دەشۆیت؟»

عیسا لە وەڵامدا پێی فەرموو: «ئێستا ئەمەی دەیکەم تێیناگەیت، بەڵام دواتر تێیدەگەیت.»

پەترۆس پێی گوت: «هەرگیز پێم ناشۆیت.»

عیساش وەڵامی دایەوە: «ئەگەر پێت نەشۆم، لەگەڵ من بەشت نابێت.»

جا شیمۆن پەترۆس پێی گوت: «گەورەم، تەنها پێم نا، بەڵکو دەست و سەریشم!»

---

(١٤٦) لۆقا ٢٢: ٢٤- ٣٠

عیساش پێی فەرموو: «ئەوەی خۆی شوشتبێت تەنها پێویستی بە پێ شوشتن هەیە، تەواوی جەستەی پاکە. ئێوەش پاکن بەڵام هەمووتان نا.» عیسا فەرمووی: «هەمووتان پاك نین،» چونکە دەیزانی کێ بە گرتنی دەدات.

پاش شوشتنی پێیان کەواکەی هەڵگرت و دانیشتەوە، لێی پرسین: «ئایا لەوە تێگەیشتن کە بۆم کردن؟ ئێوە بە "مامۆستا" و "گەورە" بانگم دەکەن و ڕاست دەکەن، چونکە من وام. جا کە من گەورە و مامۆستاتانم و پێم شوشتن، ئێوەش لەسەرتانە پێی یەکتری بشۆن (بە خۆشەویستییەوە خۆتان نزم بگرن لە ئاستی یەکتر). من نموونەیەکم پێدان تاکو ئەوەی بۆم کردن ئێوەش بیکەن. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کۆیلە لە گەورەکەی گەورەتر نییە، نێردراویش لەوەی ناردوویەتی گەورەتر نییە. ئەگەر ئەمانەتان زانی، خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە ئەگەر پەیڕەوتان کرد.

«باسی هەمووتان ناکەم. ئەوانەی هەڵمبژاردوون دەیانناسم، بەڵام تاکو ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکە هاتووە بێتە دی: ﴿ئەوەی نمەکی کردووم، ناپاکی لەگەڵم کرد.﴾

«لە ئێستاوە پێتان دەڵێم پێش ئەوەی ڕووبدات، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ بکەن کە من ئەوم. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی پێشوازی لەوە بکات کە دەینێرم، ئەوا پێشوازی لە من دەکات، ئەوەی پێشوازی لە من بکات، پێشوازی لەوە دەکات کە ناردوومی.»[١٤٧]

## عیسا پێشبینی خیانەتی یەهوزا دەکات

(عیسا) پێی فەرموون: «زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم نانەی پەسخەتان لەگەڵ بخۆم، چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر نانی پەسخە ناخۆم هەتا لە شانشینی خودا بە تەواویی دێتە دی.»[١٤٨]

کە ئێوارە داهات، عیسا لەگەڵ دوازدە قوتابییەکە پاڵی دایەوە. کاتێك نانیان دەخوارد، فەرمووی: «ڕاستیتان پێ دەڵێم: یەکێکتان بە گرتنم دەدات

(١٤٧) یۆحەنا ١٣: ٣- ٢٠

(١٤٨) لۆقا ٢٢: ١٥- ١٦

(بۆ دەست پیرانی جولەکە).»[149] قوتابییەکان سەیری یەکتریان دەکرد و دڵنیا نەبوون مەبەستی لە کێیە.[150] ئەوانیش زۆر خەمبار بوون، هەریەکە پێیان گوت: «گەورەم، ئەو کەسە منم؟»[151] یەکێك لە قوتابییەکان کە عیسا خۆشی دەویست لە تەنیشتی پاڵیدابووەوە، شیمۆن پەترۆس ئاماژەی بۆ کرد تاکو پرسیار لە عیسا بکات کە مەبەستی لە کێیە.

ئەویش شانی دا بەسەر سنگی عیسادا و پێی گوت: «گەورەم، کێیە؟»

عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەو کەسەیە کە ئەم پاروو نانە لە قاپەکە هەڵدەکێشم و دەیدەمێ.»[152]

کوڕی مرۆڤ دەبێت وەکو (لە پەرتووکی پێغەمبەران) لەسەری نووسراوە بڕوات، بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی کوڕی مرۆڤ بە گرتن دەدات! باشتر بوو بۆ ئەو کەسە هەر لەدایك نەبووایە.»

ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دەدات، وەڵامی دایەوە: «ڕابی، ئەو کەسە منم؟» پێی فەرموو: «خۆت گوتت.»[153] ئینجا پاروووەکەی لە قاپەکە هەڵکێشا و دای بە یەهوزای کوڕی شیمۆنی ئەسخەریوتی. هەر کە پاروووەکەی وەرگرت، شەیتان چووە ناویەوە.

عیساش پێی فەرموو: «ئەوەی بەتەمای بیکەیت، خێرا بیکە.» هیچ کەسێك لەوانەی لەسەر خوانەکە لەگەڵی دانیشتبوون تێنەگەیشتن بۆچی عیسا ئەمەی پێ فەرموو. هەندێکیان وایانزانی عیسا پێی دەفەرموێ کە چییان پێویستە بۆ جەژن بیکڕێت، یان شتێك بداتە هەژاران، چونکە سندوقی پارەش لەلای یەهوزا بوو. ئەویش کە پاروووەکەی وەرگرت یەکسەر چووە دەرەوە. ئەو کاتە شەو بوو.[154]

---

(١٤٩) مەتا ٢٦: ٢٠- ٢١

(١٥٠) یۆحەنا ١٣: ٢٢

(١٥١) مەتا ٢٦: ٢٢

(١٥٢) یۆحەنا ١٣: ٢٣- ٢٦

(١٥٣) مەتا ٢٦: ٢٤- ٢٥

(١٥٤) یۆحەنا ١٣: ٢٦ - ٣٠

## پەیمانی نوێ

(عیسا) جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، فەرمووی: «ئەمە بگرن و لەنێوان خۆتان بەشی بکەن. پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە هەتا شانشینی خودا دێت!»[155]

کە نانیان دەخوارد، عیسا نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە قوتابییەکان و فەرمووی: «وەرگرن، بخۆن[156]، ئەمە جەستەی منە، کە لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێ. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.»

بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی:[157] هەموو لێی بخۆنەوە[158]

چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناه بەخشین دەڕژێت (عیسا بەوە ئاماژەی کرد بۆ لەخاچدانی). پێتان دەڵێم: لەمەودوا ئیتر لەم بەرهەمەی مێو ناخۆمەوە، هەتا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە شانشینی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە.» (باوکم ئەو دەربڕینەیە کە عیسای مەسیح کاتێك باسی خودای دەکرد بەکاری دەهێنا.)[159]

## ڕاسپاردەی نوێ

کاتێك چووە دەرەوە، عیسا فەرمووی: «ئێستا کوڕی مرۆڤ شکۆدار کرا و خوداش تێیدا شکۆدار کرا. جا ئەگەر خودا تێیدا شکۆدار کرا، خوداش کوڕەکە لە خۆیدا شکۆدار دەکات، دەستبەجێ شکۆداری دەکات.

«ڕۆڵەکانم، ماوەیەکی کورت لەگەڵتاندا دەبم. جا بەدوامدا دەگەڕێن، بەڵام وەك چۆن بە جولەکەکانم گوت، ئێستا بە ئێوەشی دەڵێم: ئێوە ناتوانن بێنە

---

(١٥٥) لۆقا ٢٢: ١٧- ١٨

(١٥٦) مەتا ٢٦: ٢٦

(١٥٧) لۆقا ٢٢: ١٩ - ٢٠

(١٥٨) لۆقا ٢٢: ٢٠

(١٥٩) مەتا ٢٦: ٢٨ - ٢٩

ئـەو شـوێنەی کـە مـن بـۆی دەچـم.

«مـن ڕاسـپاردەیەکی نوێتـان دەدەمـێ: یەکتریتـان خۆشـبوێ. وەك خۆشمویسـتن، ئێـوەش بـەو جـۆرە یەکتریتان خۆشـبوێ. بەمـە هەمـوو خەڵـك دەزانـن کـە قوتابـی منـن، ئەگـەر خۆشەویسـتیتان بـۆ یەکـتری هەبێـت.»

## پێشبینیکردنی نکۆڵی پەترۆس

شیمۆن پەترۆسیش لێی پرسی: «گەورەم، بۆ کوێ دەچیت؟»

عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـم، ئێسـتا ناتوانیـت دوامبکەویـت، بـەڵام دواتـر دوام دەکەویـت.»

دیسـان پەتـرۆس لێـی پرسـی: «گـەورەم، بۆچـی ئێسـتا ناتوانـم دواتبکـەوم؟ ژیانـم بـۆ تـۆ دادەنێـم.»(١٦٠)

ئینجـا عیسـا پێـی فەرمـوون: «ئەمشـەو بەهـۆی ئـەوەی بەسـەرم دێـت هەمووتـان پشـتم تـێ دەکـەن، چونکـە نـووسراوە:

«﴿لە شوانەکە دەدەم،

مـەڕی مێگەلەکـە پـەرت دەبـن.﴾ (پێغەمبـەر زەکەریا بـەر لـە زیاتـر لـە پێنـج سـەد ساڵ پێشـبینی گرتـن و ئازارچێژتنـی عیسـای کـردووە.)

بەڵام دوای هەستانەوەم، پێشتان دەکەوم بۆ جەلیل.»

پەتـرۆس وەڵامـی دایـەوە: «ئەگـەر لـەوەی بەسـەرت بێـت هەمـوو پشـتت لـێ بکـەن، مـن قـەت پشـتت لـێ ناکـەم.»(١٦١)

(عیسا پێـی فەرمـوو:) «شـیمۆن، شـیمۆن، شـەیتان داوای کـردوون تاکـو تاقیتان بکاتـەوە، وەك گەنـم لـە بێژنگتـان بـدات. بـەڵام مـن نوێـژم بـۆ کردیـت تاکـو بـاوەڕت لەدەسـت نەدەیـت. تـۆش کـە دەگەڕێیتـەوە برایانـت بەهێـز بکـە.»

---

(١٦٠) یۆحەنا ١٣: ٣١- ٣٧

(١٦١) مەتا ٢٦: ٣١- ٣٣

ئەویش پێی گوت: «گەورەم، من ئامادەم لەگەڵ تۆدا بۆ زیندان و بۆ مردنیش بچم.»(١٦٢)

عیسا وەڵامی دایەوە: «ژیانت بۆ من دادەنێیت؟ ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم: پێش خوێندنی کەڵەشێر، تۆ سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت!(١٦٣)

بەڵام پەترۆس زیاتر پێداگری کرد و گوتی: «ئەگەر لەگەڵیشت بمرم، نکۆڵیت لێ ناکەم.» هەموو وایان گوت.(١٦٤)

ئینجا پێی فەرموون: «کاتێك ئێوەم بەبێ جزدان و توورەکە و پێڵاو نارد، ئایا پێویستتان بە هیچ بوو؟» گوتیان: «نەخێر.»

پێی فەرموون: «بەڵام ئێستا (کاتە گرنگەکە دەستیپێکرد، خۆتان ئامادە بکەن) ئەوەی جزدان و توورەکەی هەیە با بیبات لەگەڵ خۆی. ئەوەش کە شمشێری نییە، با جلەکانی بفرۆشێت و شمشێر بکڕێت (بۆ خۆپاراستن). من پێتان دەڵێم: ئەمەی نووسراوە: ﴿لەگەڵ یاخیبووان ژمێردرا.﴾ پێویستە لە مندا بێتە دی (کاتێك سبەی لەنێوان دوو دزدا لەخاچ دەدرێت)، چونکە ئەو شتانەی لەبارەی منەوە نووسراون دێنە دی.»

گوتیان: «گەورەم، ئەوەتا دوو شمشێر لێرەیە.»

پێی فەرموون: «بەسە.»(١٦٥) (ئەم وشەیە مامۆستاکان بەکاریاندەهێنا بۆ ئەوەی ڕاییگەیەنن بە وەڵامەکە ڕازی نین، واتا بێدەنگ بن.)

## عیسا دڵنەوایی قوتابییەکانی دەداتەوە

«نیگەران مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن. ماڵی باوکم (باوکی ئاسمانی) ژووری زۆری لێیە، ئەگەر ئاوا نەبووایە پێم دەگوتن. من دەچم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. جا کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن،

(١٦٢) لۆقا ٢٢: ٣١- ٣٣

(١٦٣) یۆحەنا ١٣: ٣٨

(١٦٤) مەرقۆس ١٤: ٣٠ - ٣١

(١٦٥) لۆقا ٢٢: ٣٥- ٣٨

دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم. ئێوەش ڕێگای ئەو شوێنە دەزانن کە بۆی دەچم.»

## منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان

تۆماس پێی گوت: «گەورەم، نازانین بۆ کوێ دەچیت، چۆن ڕێگاکە بزانین؟»

عیساش پێی فەرموو: «منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوك لە ڕێگەی منەوە نەبێت. ئەگەر ئێوە منتان بناسیایە، باوکیشمتان دەناسی. لە ئێستاوە دەیناسن و بینیوتانە.» (لە ڕێگای ئەوەی کە منتان بینیوە.)

فیلیپۆس پێی گوت: «گەورەم، باوکمان پیشان بدە و بەسمانە.»

عیساش پێی فەرموو: «فیلیپۆس، ئایا ماوەیەکی درێژە لەگەڵتانم و نەتناسیوم؟ ئەوەی منی بینیوە باوکی بینیوە. ئیتر چۆن دەڵێی: "باوکمان نیشان بدە"؟ ئایا باوەڕ ناکەی من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە؟ ئەو قسانەی پێتانی دەڵێم لە خۆمەوە نایڵێم، بەڵکو باوك کە لە مندا نیشتەجێیە، ئەو کارەکانی خۆی دەکات. باوەڕم پێ بکەن کە من لە باوکدام و باوکیش لە مندایە، ئەگەر نا بە هۆی کارەکان خۆیانەوە باوەڕ بکەن. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەو کارانە دەکات کە من دەیکەم، لەمانەش گەورەتر دەکات، چونکە بۆ لای باوك دەچم. هەرچییەك بە ناوی منەوە داوا بکەن دەیکەم، تاکو باوك لە کوڕەکەدا شکۆدار بێت. ئەگەر شتێکتان بە ناوی منەوە داوا کرد، دەیکەم. (لێرەدا عیسای مەسیحی پەروەردگار ڕایدەگەیەنێت کە ئەو و خودا یەکن.)

## بەڵێنی هاتنی ڕۆحی پیرۆز

عیسا ماڵئاوایی لە قوتابییەکانی دەکرد، ئاگاداری دەکردنەوە کە کۆچکردنی نزیکە، بەڵام لە هەمان کاتدا هانیدەدان، مژدەی هاتنی یارمەتیدەری پێدان، ئەوەی کە هەتاهەتایە لەگەڵیان دەمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کە تیاندا نیشتەجێ دەبێت، پیرۆزیان دەکات، هانیاندەدات، ڕێنماییان دەکات. ئەو یارمەتیدەرە ئاماژە

بوو بۆ «ڕۆحی پیرۆز» کە ڕۆحی خودایە، ئەوەی کە لەدوای بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان هاتە سەر قوتابییەکان.

«ئەگەر منتان خۆشبوێ کار بە ڕاسپاردەکانم دەکەن. منیش داوا لە باوك دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ (ڕۆحی خودا) کە هەتاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت، چونکە نایبینێت و نایناسێت. بەڵام ئێوە دەیناسن، چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەناو ئێوەدا دەبێت. بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵیم، دێمەوە لاتان. پاش ماوەیەکی کەم ئیتر جیهان نامبینێت، بەڵام ئێوە دەمبینن. لەبەر ئەوەی من زیندووم، ئێوەش دەژین. لەو ڕۆژەدا دەزانن من لە باوکمدام، ئێوەش لە مندان، منیش لە ئێوەدام. ئەوەی ڕاسپاردەکانی منی لەلایە و کاریان پێ دەکات، ئەوا منی خۆشدەوێت. ئەوەی منی خۆشبوێ، باوکیشمی خۆشدەوێت، منیش خۆشمدەوێت و خۆمی بۆ دەردەخەم.»

ئینجا یەهوزایەکی دیکە کە یەهوزای ئەسخەریوتی نەبوو لێی پرسی: «گەورەم، بۆچی دەتەوێ خۆت بۆ ئێمە دەربخەیت، بەڵام بۆ جیهان نا؟»

عیسا وەڵامی دایەوە: «ئەوەی منی خۆشبوێ کار بە وتەکانم دەکات، باوکیشم خۆشی دەوێت و من و باوك دێینە لای و لەلای ئەویش نیشتەجێ دەبین. ئەوەش کە منی خۆشناوێت کار بە وتەکانم ناکات. ئەم وتانەی گوێتان لێی دەبێت هی من نییە، بەڵکو هی ئەو باوکەیە کە ناردوومی.

«ئەمانەم پێ گوتن کە هێشتا لەلاتانم. بەڵام یارمەتیدەرەکە، ڕۆحی پیرۆز، ئەوەی باوك بە ناوی منەوە دەینێرێت، ئەو هەموو شتێکتان فێردەکات و هەموو ئەو شتانەی پێم گوتوون بیرتان دەخاتەوە.

«ئاشتیتان بۆ بەجێدەهێڵم، ئاشتی خۆمتان دەدەمێ. ئەوەی من دەتاندەمێ وەك ئەوە نییە کە جیهان دەتانداتێ. نیگەران مەبن و مەترسن. گوێتان لێبوو پێم گوتن: ”دەڕۆم و دێمەوە لاتان.“ ئەگەر منتان خۆشبوێ، دڵشاد دەبن کە دەچمە لای باوك، چونکە باوك لە من مەزنترە. ئەوەتا ئێستا پێش ڕوودانی پێم گوتن، تاکو کاتێك ڕوویدا باوەڕ بهێنن. لەمەولا زۆر قسەتان لەگەڵ ناکەم، چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە (شەیتان) وا دێت. هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مندا نییە، بەڵام ئەو دێت تاکو جیهان بزانێت باوکم خۆشدەوێت و بەو شێوەیە کار دەکەم کە باوك ڕایسپاردووم.

«هەستن با لێرە بڕۆین.

## منم مێوی ڕاستەقینە

مێـو یەکێـك بـوو لـە بەرهەمەکانـی خاکـی ئیسرائیـل، لەبـەر ئـەوە عیسا مێـوی وەك نموونەیــەك بەکارهێنــا بــۆ ئــەوەی بــە مەجــازی ئامــاژە بــکات بــۆ یەکێتــی بــاوەڕداران لەگــەڵ خــودا لەڕێــگای ئــەوەی ئــەو لەناویانــدا بچەســپێت.

(عیسـای مەسـیح فەرمـووی:) «منـم مێـوی ڕاسـتەقینە، باوکیشـم ڕەزەوانەکەیـە. هـەر لقێـك لـە منـدا بـەر نەگرێـت لێـی دەکاتـەوە. هـەر لقێکیـش بـەر بگرێـت پاکی دەکاتـەوە تاکـو بەرهەمـی زیاتـر بـدات. ئێـوە ئێسـتا بـە هـۆی ئـەو قسـەیەی بـۆم کـردن پاکـن. بـە منـەوە پەیوەسـت بـن و منیـش بـە ئێـوەوە. چـۆن لـق بـە تەنها ناتوانێـت بەرهـەم بـدات ئەگـەر بـە دار مێوەکـەوە پەیوەسـت نەبێـت، ئێـوەش ئـاوان، ئەگـەر بـە منـەوە پەیوەسـت نەبـن.

«منـم مێوەکـە و ئێـوەش لقەکانـن. ئـەوەی بـە منـەوە پەیوەسـت بێـت و منیـش بـەوەوە، ئـەوا بەرهەمـی زۆر دەگرێـت، چونکـە بەبـێ مـن ناتوانـن هیـچ شـتێك بکـەن. ئـەوەی بـە منـەوە پەیوەسـت نەبێـت وەك لـق فڕێدەدرێتـە دەرەوە، وشـك دەبێـت و کۆدەکرێتـەوە، فڕێدەدرێتـە نـاو ئاگـر و دەسـووتێت. ئەگـەر بـە منـەوە پەیوەسـت بـن و وتەکانـم لـە ناختـان بچەسـپێت، هەرچییەکتـان دەوێ داوای بکـەن بۆتـان دەبێـت. باوکـم بەمـە شـکۆدار دەبێـت، کـە بەرهەمـی زۆر بهێنـن، بـەم شـێوەیە دەبنـە قوتابـی مـن.

«هـەروەك چـۆن بـاوك منـی خۆشویسـتووە، ئـاوا ئێـوەم خۆشویسـتووە، جا بـە خۆشەویسـتییەکەمەوە پەیوەسـت بـن. ئەگـەر ئێـوە کار بـە ڕاسـپاردەکانم دەکـەن، بـە خۆشەویسـتییەکەمەوە پەیوەسـت دەبـن، هـەروەك مـن کارم بـە ڕاسـپاردەکانی باوکـم کـردووە و بـە خۆشەویسـتییەکەیەوە پەیوەسـت دەبـم. ئـەم شـتانەم پـێ گوتـن تاکـو خۆشـی منتـان تێدابێـت و خۆشـیتان پـڕ و تـەواو بێـت. ڕاسـپاردەی مـن ئەمەیـە: یەکتریتـان خۆشـبوێ وەك خۆشمویسـتن. کـەس خۆشەویسـتی لەمـە گەورەتـری نییـە کـە یەکێـك ژیانـی خـۆی بـۆ دۆسـتەکانی دابنێـت. ئێـوە دۆسـتی منـن، ئەگـەر کار بـەوە بکـەن کـە ڕاتاندەسـپێرم. ئیتـر بـە کۆیلـە ناوتـان نابـەم، چونکـە کۆیلـە نازانێـت گەورەکـەی چـی دەکات. بـەڵام نـاوی دۆسـتم لێنـان چونکـە هەرچییەکـم لـە باوکمـەوە بیسـتبوو پێـم ڕاگەیانـدن. ئێوە منتـان هەڵنەبـژارد، بەڵکو مـن ئێـوەم هەڵبـژارد، نیشـانم کـردن تاکـو بـڕۆن بەرهـەم بهێنـن و بەرهەمەکەتـان

بمێنێت، تاکو هەرچییەك بە ناوی منەوە داوا بکەن باوك بتانداتێ. بەمانە ڕاتاندەسپێرم تاکو یەکتریتان خۆشبوێ.

## ئاگادارکردنەوەی عیسا بۆ قوتابییەکان

«ئەگەر جیهان ڕقی لێتان دەبێتەوە، ئەوە بزانن پێش ئێوە ڕقی لە من بووەتەوە. ئەگەر ئێوە هی جیهان بوونایە، ئەوا جیهان وەکو هی خۆی خۆشی دەویستن. ئێستا ئێوە هی جیهان نین بەڵام من لە جیهان هەڵمبژاردوون، لەبەر ئەوە جیهان ڕقی لێتانە. بیهێننەوە بیرتان چیم پێ گوتن: "کۆیلە لە گەورەکەی گەورەتر نییە." ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە. ئەگەر وشەی منیان پاراستووە، هی ئێوەش دەپارێزن. بەڵام هەموو ئەمانەتان لەبەر ناوی من پێ دەکەن، چونکە ئەوەی ناردوومی ئەوان نایناسن. ئەگەر نەهاتمایە و قسەم بۆ نەکردنایە، گوناهیان نەدەبوو، بەڵام ئێستا بیانوویان نییە بۆ گوناهەکەیان. ئەوەی ڕقی لە من بێتەوە، ڕقی لە باوکیشمە. ئەگەر لەنێوانیاندا ئەو کارانەم نەکردبووایە کە کەسی دیکە نەیکردووە، گوناهیان نەدەبوو. بەڵام ئێستا بینییان و ڕقیان لە من و لە باوکم بووەتەوە. بەڵام ئەمە ڕوویدا تاکو ئەو وتەیە بێتە دی کە لە تەوراتەکەیاندا نووسراوە: ﴿بەبێ هۆ ڕقیان لێم بووەوە.﴾

«جا کاتێك یارمەتیدەرەکە (ڕۆحی خودا) دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات. ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن.

«ئەم شتانەم پێ گوتن، تاکو بێ ئومێد نەبن. لە کەنیشتەکان (شوێنی خواپەرستیی جولەکەکان) دەردەکرێن، لەڕاستیدا کاتێك دێت ئەوەی دەتانکوژێت وادەزانێت خزمەتی خودا دەکات.

## کاری ڕۆحی پیرۆز

عیسا ئەو بەرەنگارییە سەختانەی بە قوتابییەکانی ڕاگەیاند کە بەرەوڕوویان دەبێتەوە، هەروەها پێی ڕاگەیاندن کە چۆن هەموو هێزی خراپە لە جیهان لە دژیان دەوەستێتەوە. ئەو هێزە خوداییەی بەبیر هێنانەوە کە پشتیوانیان

دەبێـت. ڕۆحـی پیـرۆزی خـودا دێتـە سـەریان و دەبێتـە سەرپەرشـتیاریان و لەنێـو ئەوانـدا قسـە دەکات. خەڵکـی سەرزەنشـت دەکات لەسـەر گوناهەکانیـان. شـەیتان لـە کاتێکـدا کـە سـەرکەوتوو دیـارە، ڕۆحـی پیـرۆز ئاشـکری دەکات کـە شـەیتان سـزا دراوە.

ئەمانـەش دەکـەن چونکـە نـە باوکیـان (باوکـی ئاسـمانی کـە مەبەسـتی خودایـە) ناسـیوە و نـە مـن. بـەڵام ئەمانـەم پـێ گوتـن، تاکـو ئەگـەر کاتیـان هـات بیرتـان بکەوێتـەوە کـە مـن پێـم گوتـوون. لـە سـەرەتادا ئەمانـەم پـێ نەگوتـن، چونکـە لەگەڵتـان بـووم.

«ئێسـتا دەچمـە لای ئـەوەی ناردوومـی و کەسـتان لێـم ناپرسـێت: "بـۆ کـوێ دەچیت؟" کەچـی دڵگرانـن بـەوەی کـە ئەمـەم پـێ گوتـن. بـەڵام ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم: باشـترە بۆتـان کـە بـڕۆم، چونکـە ئەگـەر نـەڕۆم، یارمەتیدەرەکەتـان (ڕۆحـی خـودا) بـۆ نایـەت. بـەڵام ئەگـەر بـڕۆم بۆتانـی دەنێـرم. کاتێـك ئـەو دێـت، دەیسـەلمێنێت کـە جیهـان بـە هەڵـە تێگەیشـتوون لـە گونـاه و دادپـەروەری و حوکمـدان: لەسـەر گونـاه (ویژدانـی مـرۆڤ هەسـت بـە تـاوان دەکات)، چونکـە بـاوەڕم پـێ ناهێنن؛ لەسـەر ڕاستودروسـتی (هانـی ڕاستودروسـتیی دەدات)، چونکـە دەچمـە لای بـاوك و ئیـتر نامبینن؛ لەسـەر حوکمدانیـش، چونکـە گـەورەی ئـەم جیهانـە (شـەیتان) حوکـم دراوە.

«هێشـتا شـتی زۆرم هەیـە پێتانـی بڵێـم، بـەڵام ئێسـتا ناتوانـن بەرگـەی بگـرن. بـەڵام کاتێـك ئـەو دێـت، کـە ڕۆحـی ڕاسـتییە (ڕۆحـی خـودا)، ئـەو بـۆ ڕاسـتی تـەواو ڕێنماییتـان دەکات، چونکـە لـە خۆیـەوە هیـچ ناڵێـت، بەڵکـو ئـەوەی گوێـی لـێ دەبێـت دەیڵێـت و ڕایدەگەیەنێـت چـی ڕوودەدات. ئـەو شـکۆدارم دەکات، چونکـە ئەوەتـان پـێ ڕادەگەیەنێـت کـە لـە منـەوە وەریدەگرێـت. هەمـوو ئـەوەی کـە هـی باوکـە، هـی منیشـە. لەبـەر ئـەوە گوتـم، ڕۆحـی پیـرۆز لـە هـی مـن وەردەگرێـت و پێتانـی ڕادەگەیەنێـت.

## هاتنی خۆشی دوای ناخۆشی

هەروەها عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو:

«پاش کەمێك نامبینن، ئینجا پاش کەمێك دیسان دەمبینن.»

هەندێك لە قوتابییەکانی بە یەکتریان گوت: «ئەمە چییە کە پێمان دەفەرموێ: ”پاش کەمێك ئیتر نامبینن (بەهۆی مردن)، پاش کەمێکیش دەمبینن“ (لە دوای هەستانەوە) و ”چونکە دەچمە لای باوك“؟» (بە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان) گوتیان: «ئەم ”کەم“ەیە چییە کە باسی دەکات؟ نازانین چی دەفەرموێ!»

عیسا زانی کە دەیانویست پرسیاری لێ بکەن، ئینجا پێی فەرموون: «ئایا لەبەر ئەمە پرسیار لە یەکتری دەکەن کە گوتم: ”پاش کەمێك ئیتر نامبینن، پاش کەمێکیش دەمبینن“؟ ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە دەگریێن و شیوەن دەکەن، بەڵام جیهان دڵشاد دەبێ. خەمبار دەبن، بەڵام خەمباریەکەتان دەبێتە شادی. کاتێك ژن منداڵی دەبێت خەم دایدەگرێت، چونکە کاتی هاتووە. بەڵام کە منداڵەکەی بوو، لە خۆشی ئەوەی مرۆڤێك لە جیهان لەدایك بووە، ژانەکانی لەبیر دەکات. ئێوەش ئێستا خەمتان هەیە، بەڵام دەتانبینمەوە (لەدوای هەستانەوە لە مردن) و دڵشاد دەبن، کەسیش ئەو خۆشییەتان لێ ناستێنێ. لەو ڕۆژەدا پرسیاری هیچم لێ ناکەن. ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: بە ناوی منەوە هەرچییەك لە باوك داوا بکەن دەتانداتێ. هەتا ئێستا بە ناوی منەوە هیچتان داوا نەکردووە. داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو خۆشییەکەتان تەواو بێت.

«ئەم شتانەم بە پەند بۆ باسکردن، بەڵام کاتێك دێت ئیتر بە پەند بۆتان نادوێم، بەڵکو بە ئاشکرا باسی باوکتان بۆ دەکەم. لەو ڕۆژەدا بە ناوی منەوە داوا دەکەن. ئیتر پێتان ناڵێم لەلای باوك بۆتان داوا دەکەم، چونکە باوك خۆی ئێوەی خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی منتان خۆشویستووە و باوەڕتان کرد کە لە لای خوداوە هاتووم. لە لای باوکەوە هاتووم بۆ جیهان، ئێستاش جیهان بەجێدەهێڵم و دەگەڕێمەوە لای باوك.»

قوتابییەکانی گوتیان: «وا ئێستا بە ڕوونی و بەبێ پەند قسە دەکەیت. ئێستا دڵنیاین کە تۆ هەموو شتێك دەزانیت و پێویست ناکات کەس پرسیارت لێ

بـكات. بەمـەش بـاوەڕ دەكەیـن كـە لـە خـوداوە هاتوویـت.»

عیسـاش وەڵامـی دانـەوە: «ئایـا ئێسـتا بـاوەڕ دەكـەن؟ وا كاتێـك دێـت و ئێسـتاش هاتـووە، كـە پەرتـەوازە دەبـن، هەریەكـە بـۆ ماڵـی خـۆی و بـە تەنهـا بەجێـم دەهێڵـن. بـەڵام مـن بـە تەنهـا نیـم، چونكـە بـاوك (باوكـی ئاسـمانی) لەگەڵمدایـە (عیسـا ئامـاژەی دەكـرد بـۆ ئـەو كاتژمێـرەی كـە تێیـدا دەسـتگیر دەكرێـت).

«ئەمانـەم پـێ گوتـن تاكـو ئاشـتیتان لـە منـدا هەبێـت. لـە جیهانـدا تووشـی تەنگانـە دەبـن. بـەڵام ورەتـان بـەرز بێـت، مـن جیهانـم بەزانـدووە.»

## عیسا لەپێناو قوتابییەكانی نوێژ دەكات

كە عیسا ئەمانەی فەرموو، چاوی بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و فەرمووی:

«باوكـە، كاتەكـە هاتـووە (لەخاچـدان). كوڕەكـەت شـكۆدار بكـە (بـە لەخاچـدان و ڕزگاركردنـی مـرۆڤ)، تاكـو كوڕەكەشـت شـكۆدارت بـكات. هـەروەك دەسـەڵاتت پێـداوە بەسـەر هەمـوو خەڵكـدا، تاكـو ژیانـی هەتاهەتایـی بـە هەمـوو ئەوانـە بـدات كـە پێـت داون. ژیانـی هەتاهەتاییـش ئەوەیـە كـە تـۆ بناسـن، تەنهـا خـودای ڕاسـتەقینە و عیسـای مەسـیح، ئـەوەی كـە ناردووتـە. مـن لەسـەر زەوی شـكۆدارم كردیـت بـە تەواوكردنـی ئـەو كارەی پێـت دابـووم. ئێسـتاش باوكـە لـەلای خـۆت شـكۆدارم بكـە، بـەو شـكۆیەی پێـش بوونـی جیهـان لـەلای تـۆ هەمبـوو.

«نـاوی تـۆم بەوانـە ناسـاند كـە لـە جیهانـدا بـە منـت دان، هـی تـۆ بـوون، خـۆت بـە منـت دان و كاریـان بـۆ وتەكانـت كـرد. ئێسـتاش ئـەوان دەزانـن هەرچییەكـت پێـم داوە لـە خۆتەوەیـە. ئـەو وشـانەم پێـدان كـە تـۆ پێـت دابـووم، ئەوانیـش وەریانگـرت و بـە ڕاسـتی زانییـان لـە تـۆوە هاتـووم، باوەڕیـان هێنـا كـە تـۆ منـت نـاردووە. بـۆ ئـەوان داوا دەكـەم. بـۆ جیهـان داوا ناكـەم، بەڵكـو بـۆ ئەوانـەی بـە منـت داون، چونكـە هـی تـۆن. هەرچییـەك هـی منـە، هـی تۆیـە، هەرچییەكیـش هـی تۆیـە، هـی منـە، مـن لـە ئەوانـدا شـكۆدار بـووم. ئەمـان لـە جیهـان دەمێننـەوە، بـەڵام مـن تێیـدا نامێنمـەوە، چونكـە مـن دەگەڕێمـەوە لای تـۆ. ئـەی باوكـی پیـرۆز، بـە نـاوی خـۆت بیانپارێـزە كـە بـە منـت داوە، تاكـو ببنـە یـەك وەك ئێمـە یەكیـن. كاتێـك لەگەڵیـان بـووم بـەو نـاوەی كـە تـۆ بـە منـت دابـوو دەمپاراسـتن و پاسـەوانیم دەكـردن. كەسـیان لەناونەچـوو كـوڕی لەناوچـوو نەبێـت (مەبەسـتی لـە یەهـوزای

ئەسخەریوتی بوو)، بۆ ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی.

«ئێستاش دێمە لای تۆ، بەڵام لە جیهاندا باسی ئەمە دەکەم، تاکو شادی منیان بە تەواوی لە خۆیاندا هەبێت. من وشەی تۆم دایە ئەوان و جیهان ڕقی لێیان بووەوە، چونکە هی جیهان نین، وەك منیش هی جیهان نیم. داوا ناکەم لە جیهاندا بیانبەیتەوە، بەڵکو لە شەیتان بیانپارێزی. ئەوان هی جیهان نین، وەك منیش هی جیهان نیم. بە ڕاستی خۆت پیرۆزیان بکە، وشەی تۆ ڕاستییە. وەك بۆ جیهانت ناردم، منیش بۆ جیهانم ناردن. بۆ ئەوان خۆم پیرۆز دەکەم (بە تەواوی ژیانی خۆم بۆ تۆ تەرخان دەکەم)، تاکو ئەوانیش لە ڕاستیدا پیرۆزکراو بن.

## عیسا لە پێناو هەموو باوەڕداراندا نوێژ دەکات

«تەنها بۆ ئەمان داوا ناکەم، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە بە قسەی ئەمانەوە باوەڕم پێ دەهێنن، تاکو هەموو یەك بن، وەك تۆ لە مندای و منیش لە تۆدام، ئەوانیش لە ئێمەدا بن، باوکە، تاکو جیهان باوەڕ بهێنێت کە تۆ منت ناردووە. منیش ئەو شکۆیەم داونەتێ کە تۆ بە منت داوە، تاکو ببنە یەك وەك ئێمە یەکین. من لەواندام و تۆ لە مندای، تاکو بە تەواوی یەك بن، بۆ ئەوەی جیهان بزانێت تۆ منت ناردووە و ئەوانت خۆشویستووە هەروەك چۆن منت خۆشویستووە.

«باوکە، دەمەوێت ئەوانەی کە بە منت داون (ئەوانەی کە باوەڕیان بە من هێناوە) لەکوێ بم لەگەڵم بن، تاکو شکۆمەندییەکەم ببینن کە بە منت داوە، چونکە پێش دامەزراندنی جیهان منت خۆشویست.

«ئەی باوکی ڕاستودروست، جیهان تۆ ناناسێت، بەڵام من تۆ دەناسم، ئەوانیش دەزانن تۆ منت ناردووە. ناوی تۆم پێ ناساندن و پێیان دەناسێنم، تاکو ئەو خۆشەویستییەی کە بۆ منت هەیە لەوانیشدا بێت و منیش لەواندا بم.»(١٦٦)

## عیسا لە باخی گەتسیمانی بە تەنها نوێژ دەکات

ئینجا (عیسا و قوتابییەکان) گۆرانی ڕۆحییان گوت و چوون بۆ دەرەوەی شار بۆ کێوی زەیتوون.(١٦٧)

---

(١٦٦) یۆحەنا ١٤: ١- ١٧: ٢٦

(١٦٧) مەتا ٢٦: ٣٠

دوای ئـەوە عیسـا لەگەڵیـان بـۆ شـوێنێك چـوو پێـی دەگوتـرا، گەتسـیمانی، بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو: «لێـرە دانیشـن، هەتـا دەچمـە ئـەوێ نوێـژ دەکەم.» پەتـرۆس و دوو کوڕەکـەی زەبـدی بـرد و پـەژارە و دڵتەنگـی دایدەگـرت. پێـی فەرمـوون: «زۆر دڵتەنگـم خەریکـە بمـرم، لێـرە بمێننـەوە و شـەوارەم لەگـەڵ بگـرن.»

کەمێـك چـووە پێـش و بە ڕوودا چـووە سـەر زەوی، نوێژی دەکـرد و دەیفەرموو: «باوکـە، ئەگـەر دەکرێـت ئـەم جامـەم لەسـەر تێبپەڕێـت. بـەڵام نـەك وەك مـن دەمەوێـت، بەڵکـو تـۆ.»[١٦٨]

فریشـتەیەکیش لـە ئاسـمانەوە بـۆی دەرکـەوت بەهێـزی دەکـرد. کـە لـە ململانێـدا بـوو، زۆر بـە گوڕتـر نوێـژی دەکـرد و ئارەقەکـەی وەك دڵۆپـی خوێنـی لێهـات دەکەوتـە سـەر زەوی.[١٦٩]

(عیسـا) هاتـەوە لای قوتابییـەکان، بینـی نوسـتوون، بـە پەترۆسـی فەرمـوو: «ئـەرێ نەتانتوانـی کاتژمێرێـك شـەوارەم لەگـەڵ بگرن؟ شـەوارە بگـرن و نوێـژ بکـەن، نـەوەك تاقـی بکرێنـەوە. ڕۆح چالاکـە، بـەڵام جەسـتە لاوازە.»

دیسـان چـووەوە نوێـژی کـرد: «باوکـە! ئەگـەر ناکرێـت ئەمـە لەسـەرم تێبپەڕێـت و هـەر دەبێـت بیخۆمـەوە، بـا خواستی تـۆ بێـت.»

دیسـان هاتـەوە و بینـی نوسـتوون، چونکـە چاویـان قـورس ببـوو. ئیـتر وازی لـێ هێنـان و چـوو بـۆ جـاری سـێیەم نوێـژی دەکـرد و هەمـان شـتی دەگوتـەوە.

دوایـی هاتـە لای قوتابییـەکان و پێـی فەرمـوون: «هێشـتا نوسـتوون و پشـوو دەدەن؟ ئەوەتـا کات نزیـك بووەتـەوە و کـوڕی مـرۆڤ دەدرێتـە دەسـت گوناهباران. هەسـتن بـا بڕۆیـن! ئەوەتـا ئـەوەی بـە گرتنـم دەدات نزیـك بـووەوە.»[١٧٠]

## گرتنی عیسای مەسیح

یەهـوزاش (یەکێـك بـوو لـە قوتابییـەکان) ئـەوەی بـە گرتنـی دا، شـوێنەکەی دەزانـی، چونکـە عیسـا زۆر جـار لەگـەڵ قوتابییەکانـی لـەوێ کۆدەبـووەوە. ئینجـا

---

(١٦٨) مەتا ٢٦: ٣٦- ٣٩

(١٦٩) لۆقا ٢٢: ٤٣- ٤٤

(١٧٠) مەتا ٢٦: ٤٠- ٤٦

یەهـوزا تیپێـك سـەرباز (پاسـەوانەکانی پەرسـتگا) و خزمەتکارانـی کاهینانـی بـاڵا و فەریسـییەکانی بـرد، بـە مەشـخەڵ و چـرا و چەکـەوە هاتـە ئـەوێ.

عیسـاش هەمـوو ئـەو شـتانەی دەزانـی کـە بەسـەری دەهـات، چـوو و پێـی فەرمـوون: «کێتـان دەوێـت؟»

وەڵامیان دایەوە: «عیسای ناسیرەیی».

عیسا پێـی فەرمـوون: «مـن ئـەوم». یەهـوزاش ئـەوەی بـە گرتنـی دا لەگەڵیان ڕاوەسـتابوو. کاتێـك عیسـا پێـی فەرمـوون: «مـن ئـەوم،» گەڕانـەوە دواوە و کەوتنـە سـەر زەوی.

لێی پرسینەوە: «کێتان دەوێت؟»

گوتیان: «عیسای ناسیرەیی.»

عیسا وەڵامـی دایـەوە: «پێـم گوتـن مـن ئـەوم. ئەگـەر بـەدوای منـدا دەگەڕێـن، بـا ئەمانـە (قوتابییـەکان) بڕۆن.» بـۆ هاتنـەدی ئـەو قسـەیەی کـە فەرمـووی: «ئەوانـەی پێـت دابـووم کەسـیانم ون نەکـرد.»(١٧١)

(یەهـوزای ئەسـخەریوتی) ئـەوەی بـە گرتنـی دەدا نیشـانەیەکی پێدابـوون، گوتبـووی: «ئـەوەی ماچـی دەکـەم ئـەوە خۆیەتـی، بیگرن.» دەسـتبەجێ هاتـە لای عیسـا و گوتـی: «سـڵاو ڕابـی.» ئینجـا ماچـی کـرد.(١٧٢)

عیسـاش پێـی فەرمـوو: «ئـەی یەهـوزا، بـە ماچێـك کـوڕی مـرۆڤ بـە گرتـن دەدەیـت؟»(١٧٣)

ئیتر قۆڵبەستیان کرد و گرتییان.(١٧٤)

شـیمۆن پەتـرۆس شمشـێرێکی پێبـوو دەریهێنـا، لـە کۆیلـەی سـەرۆك کاهینـی دا و

---

(١٧١) یۆحەنا ١٨: ٢- ٩

(١٧٢) مەتا ٢٦: ٤٨- ٤٩

(١٧٣) لۆقا ٢٢: ٤٨

(١٧٤) مەرقۆس ١٤: ٤٦

گوێـی ڕاسـتی بـڕی. ئـەو کۆیلەیـەش نـاوی مەلخـۆس بـوو.[(١٧٥)]

بـەڵام عیسـا فەرمـووی: «ڕاوەسـتن، ئەمـە بەسـە!» ئینجـا دەسـتی لـە گوێـی دا و چاکیکردەوە.[(١٧٦)]

عیسـا بـە پەترۆسـی فەرمـوو:[(١٧٧)] «شمشـێرەکەت بگەڕێنـەوە شـوێنی خـۆی، چونکـە هەمـوو ئەوانـەی شمشـێر هەڵدەگـرن، بـە شمشـێر دەمـرن.[(١٧٨)] ئایـا ئـەو جامـەی کـە بـاوك پێیـداوم (جامـی مـەرگ) نەیخۆمەوە؟»[(١٧٩)] ئایـا وا دەزانیـت ناتوانـم بانگـی باوکـم بکـەم و زیاتـر لـە دوازدە لەشـکر فریشـتەم بـۆ بنێرێت؟ بـەڵام ئیـتر چـۆن نـووسراوە پیـرۆزەکان دێنـە دی، کـە دەڵێـن بـەو شـێوەیە پێویسـتە ڕووبـدات؟» (عیسـا ئامـاژەی دەکـرد بـۆ ئـەو پێشـبینییانەی کـە سـەبارەت بـە بێدەنگـی و ڕازیبوونـی بەبـێ بەرگـری دەدوێـت.)

لـەو کاتـەدا عیسـا بـە خەڵکەکـەی فەرمـوو: «وەك بـۆ گرتنـی یاخیبووێـك بـە کوتەك و شمشـێرەوە هاتـوون بمگـرن؟ ڕۆژانـە لـە حەوشـەکانی پەرسـتگا دانیشـتبووم خەریکی فێرکـردن بـووم، نەتانگرتـم. بـەڵام ئەمانـە هەمـووی ڕوویـدا بـۆ هاتنـەدی نـووسراوە پیرۆزەکانـی پێغەمبـەران.» ئینجـا هەمـوو قوتابییـەکان بەجێیـان هێشـت و ڕایانکـرد.[(١٨٠)]

گەنجێـك دوای عیسـا کـەوت پارچـە کەتانێکـی لەبـەر بـوو ڕووتییەکـەی داپۆشـیبوو. کاتێـك ئەویـان گـرت، کەتانەکـەی بەجێهێشـت و بـە ڕووتـی ڕایکـرد.[(١٨١)]

## دادگاییکردنی عیسای مەسیح لەبەردەم سەرۆك کاهین

ئیـتر تیپـە سـەربازەکە و فەرمانـدەکەیـان و خزمەتکارانـی جولەکـەکان عیسـایان

---

(١٧٥) یۆحەنا ١٨: ١٠

(١٧٦) لۆقا ٢٢: ٥١

(١٧٧) یۆحەنا ١٨: ١١ا

(١٧٨) مەتا ٢٦: ٥٢

(١٧٩) یۆحەنا ١٨: ١١

(١٨٠) مەتا ٢٦: ٥٣- ٥٦

(١٨١) مەرقۆس ١٤: ٥١- ٥٢

گـرت و بەسـتیانەوە. یەکـەم جـار بردییانـە لای حەنـا، چونکـە خـەزووری قەیافـا بـوو کـە ئـەو سـاڵە سـەرۆك کاهیـن بـوو. قەیافـاش ئـەو پیـاوە بـوو ڕاوێـژی بـۆ ڕابەرانـی جولەکـە کردبـوو کـە باشـتر وایـە پیاوێـك بـۆ هەمـوو گـەل بمرێـت.[١٨٢]

ئەوانـەی عیسـایان گـرت، بردییانـە لای قەیافـای سـەرۆك کاهیـن، لـەوێ مامۆسـتایانی تـەورات (مامۆسـتایانی شـارەزای تـەورات) و پیـران کۆببوونـەوە.[١٨٣]

## پرسیارەکانی کاهینان لە عیسای مەسیح لەبەردەم سەرۆکی کاهینان

سەرۆکی کاهینان دەربارەی قوتابییەکانی و فێرکردنەکەی پرسیاری لە عیسا کرد.

عیسـاش وەڵامـی دایـەوە: «بـە ئاشـکرا بـۆ جیهـان دوام، بـەردەوام لـە کەنیشـت و پەرسـتگادا خەڵکـم فێردەکـرد، کـە هەمـوو جولەکـەکان لێـی کۆدەبنـەوە. هیچـم بـە نهێنـی نەگوتـووە. بـۆ پرسـیارم لـێ دەکەیـت؟ لەوانـە بپرسـە کـە گوێیـان لێبـووە چیـم پێیـان گوتـووە. ئەمانـە دەزانـن چیـم گوتـووە.»

کاتێـك ئەمـەی فەرمـوو یەکێـك لـە خزمەتـکاران کـە لەلایـەوە ڕاوەسـتابوو زللەیەکـی لـە عیسـا دا و گوتـی: «ئـاوا وەڵامـی سـەرۆك کاهینـان دەدەیتەوە؟»عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «ئەگـەر قسـەی خراپـم کـردووە، شـایەتی لەسـەر خراپەکـە بـدە. ئەگـەر ڕاستیشـە، بۆچـی لێـم دەدەیـت؟»[١٨٤]

## پەترۆس نکۆڵی لە ناسینی عیسا دەکات

(لـەو کاتـەی عیسـا بردرابـووە لای سـەرۆکی کاهینـان بـۆ دادگایـی) شـیمۆن پەترۆسـیش (لـە حەوشـەکە) ڕاوەسـتابوو، خـۆی گـەرم دەکـردەوە، لێیـان پرسـی: «تـۆش لـە قوتابییەکانـی ئـەو نیـت؟» نکۆڵیـی کـرد و گوتـی: «نەخێـر.»[١٨٥]

کارەکەرەکـە بینییـەوە، بەوانـەی گوتـەوە کـە لەوێـدا ڕاوەسـتابوون: «ئەمـەش

---

(١٨٢) یۆحەنا ١٨: ١٢- ١٤

(١٨٣) مەتا ٢٦: ٥٧

(١٨٤) یۆحەنا ١٨: ١٩- ٢٣

(١٨٥) یۆحەنا ١٨: ٢٥

لەوانە.» دیسـان نکۆڵیـی کـرد. پـاش کەمێـك ئەوانـەی لەوێـدا ڕاوەسـتابوون، بـە پەترۆسـیان دەگـوت: «بـە ڕاسـتی تـۆ لەوانیـت، چونکـە تـۆش جەلیلیـت.»(١٨٦)

یەکێـك لـە کۆیلەکانـی سـەرۆکی کاهینـان خزمـی ئـەوە بـوو کـە پەتـرۆس گوێـی لێکـردەوە، گوتـی: «ئـەی لـە باخچەکـەدا تـۆم لەگـەڵ ئـەو نەبینی؟»(١٨٧) دەسـتی کـرد بـە نەفرەتلێکـردن و سـوێندخواردن و گوتـی: «ئـەم کابرایـەی باسـی دەکـەن نایناسـم.»(١٨٨) هـەر لـەو کاتـەدا کـە قسـەی دەکـرد، کەڵەشـێر خوێنـدی. مەسـیحی خـاوەن شـکۆش ئـاوڕی دایـەوە و سـەیری پەترۆسـی کـرد، ئینجـا پەتـرۆس قسـەکەی مەسـیحی بیرکەوتـەوە کـە پێـی فەرمـوو: «ئەمـڕۆ پێـش ئـەوەی کەڵەشـێر بخوێنێت، تـۆ سـێ جـار نکۆڵیـم لـێ دەکەیت.» ئیـتر چـووە دەرەوە و بەکـوڵ گریـا.(١٨٩)

## عیسای مەسیح لەبەردەم دادگای باڵا حوکم دەدرێت

کاهینانـی بـاڵا و هەمـوو سـەنهەدرین بـەدوای شـایەتییەك دەگـەڕان لەسـەر عیسـا تاکـو بیکـوژن، بـەڵام دەسـتیان نەکـەوت. کەسـانێکی زۆر بـە درۆ شـایەتییان لەسـەری دا، بـەڵام شـایەتییەکانیان کـۆك نەبـوو.(١٩٠) هیچیـان نەدۆزییـەوە، هەرچەنـدە زۆر شـایەتی درۆزن هاتـن. لـە کۆتاییـدا دووان هاتـن، گوتیـان: «ئـا ئەمـە گوتـی: ”دەتوانـم پەرسـتگای خـودا بڕووخێنـم و بـە سـێ ڕۆژ بنیـادی بنێمـەوە.“» (ئەوانـە قسـەی عیسـایان گـۆڕی (بڕوانـە یۆحەنـا ٢: ١٩). ئـەو مەبەسـتی لـە پەرسـتگای ئۆرشـەلیم نەبـوو، بەڵکـو پێشـبینی مردنـی خـۆی و هەسـتانەوەی لـە ڕۆژی سـێیەم کـرد.)(١٩١)

«گوێمـان لێـی بـوو دەیگـوت: ”ئـەم پەرسـتگایەی دەسـتکردە دەیڕووخێنـم،

---

(١٨٦) مەرقۆس ١٤: ٦٩- ٧٠

(١٨٧) یۆحەنا ١٨: ٢٦

(١٨٨) مەرقۆس ١٤: ٧١

(١٨٩) لۆقا ٢٢: ٦٠- ٦٢

(١٩٠) مەرقۆس ١٤: ٥٥- ٥٦

(١٩١) مەتا ٢٦: ٦٠- ٦١

بـە سـێ ڕۆژ یەکێکـی دیکـە بنیـاد دەنێـم کـە دەسـتکرد نەبێت."» لەمەشـدا شـایەتییەکەیان کـۆك نەبـوو.

سـەرۆك کاهینیـش لـە ناوەڕاسـت ڕاوەسـتا و لـە عیسـای پرسـی: «هیـچ وەڵام نادەیتـەوە؟ ئەوانـە شـایەتی چـی لـە دژت دەدەن؟»

بـەڵام عیسـا بێدەنـگ مایـەوە و هیـچ وەڵامـی نەدایـەوە. دیسـان سـەرۆك کاهیـن لێـی پرسـی و پێـی گـوت: «ئایا تـۆ مەسـیحەکەی، کـوڕی خـودای پیـرۆز؟»

عیسا فەرمـووی: «مـن ئـەوم. لـە داهاتـووش دەبینـن کـوڕی مـرۆڤ لـە دەسـتە ڕاسـتی توانـادار دادەنیشـێت و لەگـەڵ هـەوری ئاسـماندا دێتـەوە. (ئامـاژەی کـرد بـۆ ئـەو پێشـبینییەی[١٩٢] کـە کاهینـەکان سـەبارەت بـە عیسـای مەسـیح دەیانزانـی دێـت بـۆ حوکمدانـی خراپـەکاران.)»

سـەرۆك کاهیـن جلەکانـی خـۆی دادڕی و گوتـی: «ئیـتر چ پێویسـتیمان بـە شـایەت هەیە؟ خـۆ گوێتـان لـە کفرەکـە بـوو، ڕاتـان چییـە؟»

هەمـوو بڕیاریـان دا کـە شـایانی مردنـە. هەندێـك کەوتنـە تـف لێکردنـی، دەم و چاویـان داپۆشـی و لێیـان دەدا، پێیـان دەگـوت: «ئەگـەر پێغەمبەریـت، بزانـە کـێ بـوو لێیدایـت؟» پاسـەوانەکانیش گرتیـان و دایانـە بـەر زللـە.[١٩٣]

کـە ڕۆژ بـووەوە، ئەنجومەنـی پیرانـی گـەل کۆبوونـەوە، کاهینانـی بـاڵا و مامۆسـتایانی تـەورات عیسـایان بـردە سـەنهەدرینەکەیان. گوتیـان: «ئەگـەر تـۆ مەسـیحەکەیت (ئـەو پاشـا چاوەڕوانکـراوەی کـە دێـت و حوکمـی جیهـان دەکات) پێـمان بڵـێ.»

ئەویـش پێـی فەرمـوون: «ئەگـەر پێتانـی بڵێـم بـاوەڕ ناکـەن (چونکـە ئێـوە چاوەڕوانـی پاشـایەکی زەمینـی دەکـەن لـە کاتێـدا شانشـینەکەی مـن شانشـینێکی ڕۆحییـە). ئەگـەر لێشـتان بپرسـم وەڵام نادەنـەوە. بـەڵام لـە ئێسـتاوە کـوڕی مـرۆڤ ﴿لـە دەسـتە ڕاسـتی خـودای بـە توانـا دادەنیشـێت.﴾»

هەموو لێیان پرسی: «کەواتە تۆی کوڕی خودا؟»

---

(١٩٢) زەبوورەکان ١١٠: ١

(١٩٣) مەرقۆس ١٤: ٥٨- ٦٥

ئەویش پێی فەرموون: «ئێوە خۆتان دەڵێن کە من ئەوم.»

ئینجا گوتیان: «ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟ ئەوەتا لە دەمی خۆیەوە گوێمان لێبوو.»(١٩٤)

## یەهوزا خۆی دەکوژێت

کاتێك ڕۆژبووەوە، هەموو کاهینانی باڵا و پیرانی گەل تەگبیریان لە عیسا کرد تاکو بیکوژن. جا بەستیانەوە و بردییان و دایانە دەست پیلاتۆسی فەرمانڕەوا (لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی حوکمدان بە مردن تەنها لە دەسەڵاتی حاکمی ڕۆمانییەکاندا بوو).

ئینجا یەهوزا، ئەوەی بە گرتنی دا کە بینی عیسا بڕیاری بەسەردا درا، پەشیمان بووەوە، سی دراوە زیوەکەی بۆ کاهینانی باڵا و پیران گەڕاندەوە و گوتی: «گوناهم کرد کە خوێنێکی بێتاوانم بە گرتن دا.» گوتیان: «بە ئێمە چی؟ خۆت دەزانیت.»

ئەویش زیوەکانی لە پەرستگادا فڕێدا و ڕۆیی، چوو خۆی هەڵواسی.

بەڵام کاهینانی باڵا دراوە زیوەکانیان هەڵگرتەوە و گوتیان: «دروست نییە بیخەینە گەنجینەی پەرستگاوە، چونکە نرخی خوێنە.» ئینجا تەگبیریان کرد و کێڵگەی گۆزەکەرەکەیان بۆ گۆڕستانی بێگانان پێی کڕی. لەبەر ئەوە ئەو کێڵگەیە تاکو ئەمڕۆش پێی دەگوترێ کێڵگەی خوێن. ئەوسا ئەوەی بەهۆی پێغەمبەر یەرمیا گوترابوو، هاتە دی: ﴿سی پارچە زیوەکەیان برد، ئەم نرخە لەلایەن کوڕەکانی ئیسرائیل لەسەری خەملێنرا، ئینجا بە کێڵگەی گۆزەکەرەکەیان دا، وەك یەزدان فەرمانی پێدام.﴾(١٩٥)

## عیسا لەبەردەم حاکمی ڕۆمانی

بەیانی زوو ڕابەرانی جولەکە عیسایان لەلای قەیافاوە بۆ کۆشکی

(١٩٤) لۆقا ٢٢: ٦٦- ٧١

(١٩٥) مەتا ٢٧: ١- ١٠

فەرمانڕەوایەتـی بـرد. ئـەوان نەچوونـە ژوورەوەی کۆشـك، نـەوەك گڵاو بـبن (بـە چوونـە ژوورەوەیـان بـۆماڵـی کەسـێکی ڕۆمانـی)، بەڵکـو بتوانـن نانـی پەسـخە بخـۆن. پیلاتۆسـیش هاتـە دەرەوە و گوتـی: «چ سـکاڵایەکتان لەسـەر ئـەم پیـاوە هەیـە؟»

وەڵامیان دایەوە: «ئەگەر خراپەکار نەبووایە، نەماندەدا بە دەستتەوە.»

پیلاتۆسیش پێی گوتن: «بیبەن، بەگوێرەی شەریعەتی خۆتان حوکمی بدەن.»

جولەکـەکان وەڵامیـان دایـەوە: «دروسـت نییـە ئێمـە کـەس بکوژیـن. (چونکـە لـە ژێـر داگیـرکاری ڕۆمانـی دەسـەڵاتی دەرکردنـی حوکمـی مردنیـان لێسـەندرابووەوە.)» ئەمەش ڕوویـدا تاکـو قسـەی عیسـا بێتـە دی کـە ئاماژەیـە بـۆ ئـەو مردنـەی کـە دەمرێـت.

لەبـەر ئـەوە پیلاتـۆس چـووە نـاو کۆشـکەکە، بانگـی عیسـای کـرد و پێـی گـوت: «تـۆ پاشـای جولەکـەی؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «تـۆ لـە خۆتـەوە ئەمـە دەڵێـی، یاخـود خەڵکـی دیکـە باسـی منیـان بـۆ کـردووی؟»

پیلاتـۆس وەڵامـی دایـەوە: «ئایـا مـن جولەکـەم؟ گەلەکـەت و کاهینانـی بـاڵا تۆیـان داوەتـە دەسـتی مـن. چیـت کـردووە؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە نییـە. ئەگـەر پاشـایەتی مـن لـەم جیهانـە بووایـە، خزمەتکارانـم دەجەنـگان تاکـو نەدرێمـە دەسـت ڕابەرانـی جولەکـە. بـەڵام پاشـایەتی مـن لێـرە نییـە.»

ئینجا پیلاتۆس پێی گوت: «کەواتە تۆ پاشای؟»

عیسـا وەڵامـی دایـەوە: «تـۆ دەڵێـی کـە مـن پاشـام. بـۆ ئەمـە لەدایـك بـووم و بـۆ ئەمـەش هاتوومەتـە جیهـان، تاکـو شـایەتی بـۆ ڕاسـتی بـدەم. هەرکەسـێك لـە ڕاسـتییەوە بێـت گـوێ لـە دەنگـم دەگرێـت.»

پیلاتـۆس پێـی گـوت: «ڕاسـتی چییـە؟» کـە ئەمـەی گـوت دیسـان چـووە دەرەوە

بـۆ لای جولەکـەکان و پێـی گوتـن: «هیـچ خراپەیەکـی تێـدا نابینـم.[196]

(جولەکـەکان) دەسـتیان بـە سـکاڵا لێکردنـی کـرد (لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو تۆمەتەی کـە لـە ڕاسـتیدا هەیانبـوو پەیوەسـت بـوو بـە بیروبـاوەڕەوە، بـەڵام دەیانزانـی کـە ئـەو جـۆرە تۆمەتانـە بـۆ ڕۆمانییـەکان گرنـگ نیـن. لەبـەر ئـەوە هەندێك تۆمەتـی سیاسـی ترسـناکیان داهێنـا کـە سـزاکەی مـردن بێـت)، دەیانگـوت: «بینیـمان ئەمـە گەلەکەمـان چەواشـە دەکات (بانگەشـەی یاخیبـوون دەکات لـە دژی ڕۆمانییـەکان)، هەروەهـا هانـی خەڵکەکـە دەدات کـە سـەرانە بـە قەیسـەر نـەدەن و خـۆی بـە مەسـیحی پاشـا ناودەبـات. (بـەو تۆمەتانـە هەوڵیـان دەدا پیلاتـۆس بوروژێنن و عیسـا وا نیشـان بـدەن کـە ڕابەرێکـی سیاسـییە و لـە دژی بەرژەوەنـدی ڕۆمانییـەکان کار دەکات. بەپێـی یاسـای ڕۆمانـی، تاوانـی لەو شـێوەیە شـایانی لـە خاچدان بـووە.)»[197]

پیلاتـۆس لێـی پرسـییەوە: «ئایـا هیـچ وەڵام نادەیتـەوە؟ بزانـە چەنـد سـکاڵات لێدەکـەن.»

بەڵام عیسا هیچ وەڵامی نەدایەوە، تاکو ئەوەی پیلاتۆس سەرسام بوو.[198]

## عیسا لەبەردەم هێرۆدسی پاشا

بـەڵام (ڕابـەرە ئایینیەکانـی جولەکـە) پێیـان داگـرت و گوتیـان: «گـەل دەوروژێنێـت (هەوڵـی یاخیبـوون دەدات)، لـە هەمـوو یەهودیا خەڵـك فێـردەکات، دەسـتپێك لـە جەلیلـەوە هەتـا ئێـرە.»

کاتێـك پیلاتـۆس ئەمـەی بیسـت، پرسـیاری کـرد ئاخـۆ پیاوەکـە جەلیلییـە. کـە زانـی عیسـا سـەر بـەو ناوچەیـە کـە هێـرۆدس حوکمڕانـی دەکـرد، نـاردی بـۆ لای هێـرۆدس (هێـرۆدس ئەنتیپـاس کـە فەرمانڕەوای ناوچـەی جەلیـل بـوو)، کـە لـەو ڕۆژانـەدا ئەویـش لـە ئۆرشـەلیم بـوو.

کاتێـك هێـرۆدس عیسـای بینـی، زۆر دڵخـۆش بـوو، چونکـە دەمێـك بـوو

---

(١٩٦) یۆحەنا ١٨: ٢٨- ٣٨

(١٩٧) لۆقا ٢٣: ٢

(١٩٨) مەرقۆس ١٥: ٤- ٥

دەیویست ببینێت لەبەر ئەوەی زۆر شتی لەبارەیەوە بیستبوو و بەو هیوایە بوو کە یەکێك لە پەرجووەکانی ببینێت. جۆرەها پرسیاری لێکرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتیش ڕاوەستان و بە توندی سکاڵایان لێی دەکرد. هێرۆدس و سەربازەکانی سووکایەتی و گاڵتەیان پێی دەکرد. کەوایەکی بریسکەداریان لەبەری کرد و ناردیانەوە بۆ لای پیلاتۆس. پیلاتۆس و هێرۆدس پێشتر دوژمنی یەکتری بوون، بەڵام لەو ڕۆژەدا لەگەڵ یەکتری بوونە دۆست.(١٩٩)

## بڕیاری لەخاچدانی عیسا

لە هەر جەژنێکدا فەرمانڕەوا (پیلاتۆس) بەگوێرەی داواکاری خەڵکەکە بەندکراوێکی ئازاد دەکرد. پیاوێك بە ناوی باراباس لەگەڵ یاخیبووان گیرابوو، لە ڕاپەڕینەکە کوشتاریان کردبوو (چەند جولەکەیەك لە دژی دەسەڵاتی ڕۆمانی ڕاپەڕیبوون). ئینجا خەڵکەکە هاتن و داوایان کرد ئەوەی هەمیشە دەیکرد بۆیان بکات.(٢٠٠)

پیلاتۆس کاهینانی باڵا و پێشەوایان و گەلی بانگکرد و پێی گوتن: «ئەم پیاوەتان هێنایە لام وەك یەکێك خەڵك بۆ یاخیبوون هانبدات. ئەوەتا منیش لەبەردەمتان لێم کۆڵییەوە و هیچ تاوانێکم لەم پیاوەدا نەبینی لەوەی سکاڵای لێدەکەن. نە هێرۆدسیش، چونکە بۆ لای ئێمەی ناردووەتەوە. هەروەك دەبینن، هیچ شتێکی وای نەکردووە کە شایانی سزای مردن بێت.(٢٠١)

لەبەر ئەوە کاتێك کۆبوونەوە، پیلاتۆس لێی پرسین: «کێتان دەوێ بۆتانی بەربدەم، باراباس یان عیسا، ئەوەی پێی دەگوترێ مەسیح؟» چونکە زانی لەبەر ئیرەیی عیسایان بە گرتن دابوو.

کاتێك لەسەر تەختی دادگایی دانیشتبوو، ژنەکەی هەواڵی بۆ نارد: «هیچ لەو بێتاوانە مەکە، چونکە ئەمڕۆ لە خەوندا لەبەر ئەو زۆر ئازارم چێژتووە.»

---

(١٩٩) لۆقا ٢٣: ٥- ١٢

(٢٠٠) مەرقۆس ١٥: ٦- ٨

(٢٠١) لۆقا ٢٣: ١٣- ١٥

بەڵام کاهینانی باڵا و پیران خەڵکەکەیان جۆشدا کە داوای باراباس بکەن و عیسا لەناوببەن.

فەرمانڕەوا وەڵامی دانەوە: «لەم دووانە کامەتان دەوێ بۆتان ئازاد بکەم؟» گوتیان: «باراباس.»[٢٠٢]

## عیسای مەسیح بۆ لەخاچدان پێشکەش دەکرێت

دیسان پیلاتۆس هاتە دەرەوە و پێی گوتن: «بۆتانی دەهێنمە دەرەوە تاکو بزانن هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم!» عیسا بە تاجی دڕکاوی و جلی ئەرخەوانییەوە هاتە دەرەوە، پیلاتۆس پێی گوتن: «ئەوە پیاوەکەیە!»

کاتێک کاهینانی باڵا و پاسەوانان بینییان، هاواریان کرد: «لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!» پیلاتۆس وەڵامی دانەوە: «ئێوە بیبەن و لە خاچی بدەن، چونکە خراپەی تێدا نابینم. (لەخاچدان ئامرازیکی بەربڵاو بوو بۆ کوشتنی تاوانباران لەو نەتەوانەی کە ڕۆمانی نەبوون و لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بوون.)»

ڕابەرانی جولەکە وەڵامیان دایەوە: «تەوراتمان هەیە. بەگوێرەی تەورات دەبێت بمرێت، چونکە خۆی کردووەتە کوڕی خودا.»

کاتێک پیلاتۆس گوێی لەم قسەیە بوو زیاتر ترسا (لە بەرپرسیارییەتی دەرکردنی حوکمی مردن بەسەر عیسا). گەڕایەوە ناو کۆشکەکە و بە عیسای گوت: «خەڵکی کوێی؟» بەڵام عیسا هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. پیلاتۆس پێی گوت: «قسەم بۆ ناکەیت؟ ئایا نازانیت دەسەڵاتم هەیە کە ئازادت بکەم یان لە خاچت بدەم؟»

عیسا وەڵامی دایەوە: «هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر منەوە نییە، مەگەر لە سەرەوە پێت نەدرابێت. لەبەر ئەوە ئەوەی منی داوەتە دەست تۆ گوناهەکەی گەورەترە.»

ئیتر پیلاتۆس هەوڵی دەدا ئازادی بکات، بەڵام ڕابەرانی جولەکە هاواریان دەکرد: «ئەگەر ئەمە ئازاد بکەیت، دۆستی قەیسەر نیت. هەرکەسێك خۆی بکاتە پاشا، لە دژی قەیسەر دەدوێت.»

---

(٢٠٢) مەتا ٢٧: ١٧- ٢١

کاتێـك پیلاتـۆس گوێـی لـەم قسـانە بـوو، عیسـای بـردە دەرەوە و لەسـەر کورسـی دادوەری دانیشـت، لـە شـوێنێك پێـی دەگوتـرێ بەردڕێژکـراو، بـە عیبریـش گەباسـا. ڕۆژی ئامـادەکاری جەژنـی پەسـخە بـوو، نزیکـەی کاتژمێـر دوازدە بـوو، بـە جولەکەکانـی گـوت: «ئەوەتـا پاشـاکەتان.» ئەوانیش هاواریـان کـرد: «ببـە! ببـە! لـە خاچـی بـدە!» پیلاتـۆس لێـی پرسـین: «پاشـاکەتان لـە خـاچ بـدەم؟» کاهینانـی بـاڵا وەڵامیـان دایـەوە: «جگـە لـە قەیسـەر پاشـامان نییـە.»[٢٠٣]

پیلاتـۆس بینـی سـوودی نییـە و خەریکـە ئـاژاوە ڕوودەدات، ئـاوی هێنـا و لەبـەردەم خەڵکەکـە دەسـتی شوشـت (ئەمـە نەریتێکـی جولەکەکانـە بـۆ پیشـاندانی خۆبێبەریکـردن لـە کارێـك)[٢٠٤] و گوتـی: «لـە خوێنـی ئەمـە بێتاوانـم! لـە ئەسـتۆی ئێوەیـە!»

گەل هەموو وەڵامیان دایەوە: «با خوێنی لە ئەستۆی ئێمە و منداڵمان بێت!»[٢٠٥]

پیلاتۆسـیش بڕیـاری دا داواکارییەکەیـان جێبەجـێ بکرێـت. ئـەوەی لەبـەر ڕاپەڕیـن و کوشـتن فڕێدرابـووە زیندانـەوە ئـازادی کـرد، ئـەوەی داوایـان کـرد، عیساشـی دایـە دەسـت خواسـتی ئـەوان.[٢٠٦]

## سەربازەکان گاڵتە بە عیسا دەکەن

سـەربازەکانی فەرمانـڕەوا عیسـایان بـۆ کۆشـکی فەرمانـڕەوا بـرد و تـەواوی سـەربازەکان لـە دەوری کۆبوونـەوە. ڕووتیـان کـردەوە و کەوایەکـی سـووریان دایـێ (وەك کـەوای پاشـاکان). هەروەهـا تاجێکـی دڕکیـان هۆنییـەوە و لـە سـەریان کـرد، قامیشـێکیان دایـە دەسـتی ڕاسـتی، لەبەردەمـی چۆکیـان دادا و گاڵتەیـان پـێ کـرد و دەیانگـوت: «سـڵاو ئـەی پاشـای جولەکە!» تفیـان لێکـرد، قامیشـەکەیان بـرد و بـە سـەریاندا کێشـا. دوای ئـەوەی گاڵتەیـان پێکـرد، کەواکەیـان لەبـەر داکەنـد و کراسـەکەی خۆیـان لەبەرکـردەوە، بردیـان تاوەکـو لـە خاچـی بـدەن.[٢٠٧]

---

(٢٠٣) یۆحەنا ١٩: ٤- ١٥

(٢٠٤) دواوتار ٢١: ٦، ٧

(٢٠٥) مەتا ٢٧: ٢٤- ٢٥

(٢٠٦) لۆقا ٢٣: ٢٤- ٢٥

(٢٠٧) مەتا ٢٧: ٢٧- ٣١

## لەخاچدان

کاتێـك بردییـان (عیسـایان بـۆ لەخاچـدان بـرد)، شـیمۆنی کورێنییـان گـرت کـە لـە کێڵگـە دەهاتـەوە، خاچەکەیـان خسـتە سـەر شـانی تاکـو بـەدوای عیسـاوە هەڵیبگرێـت. خەڵکێکـی لـە ڕادەبـەدەر زۆر دوای کەوتبـوون، هەروەهـا چەنـد ژنێـك شـینیان دەکـرد و دەگریـان. عیسـا ئـاوڕی لـێ دانـەوە، فەرمـووی: «کچانـی ئۆرشـەلیم بـۆ مـن مەگرییـن، بـۆ خۆتـان و منداڵەکانتـان بگرییـن. ئەوەتـا ڕۆژانێـك دێـت، تێیـدا دەڵێـن، خۆزگـە دەخوازرێـت بـە نـەزۆك و بـەو سـکانەی منداڵیـان نەبـووە و بـەو مەمکانـەی شـیریان نـەداوە. ئـەو کاتـە «﴿بـە چیـاکان دەڵێـن، "بەسـەرماندا بڕووخێـن!" بـە گردەکانیـش دەڵێـن، "دامانپۆشـن!"﴾ چونکە ئەگـەر (ڕۆمانییـەکان) ئـەم شـتانە بـە داری سـەوز بکـەن (عیسـای مەسـیح)، ئـەی کـە وشـك بێـت، چـی دەبێـت (ئـەی چـی بـە گەلـی ئیسرائیـل دەکـەن)؟» دوو تاوانبـاری دیکەشـیان هێنـا تاکـو لەگـەڵ ئـەودا بکوژرێـن.(٢٠٨)

ئینجـا عیسـایان بـردە شـوێنی گولگۆسـا، واتـە «شـوێنی کاسەسـەر». شـەرابی تێکەڵکـراو بـە موڕیـان بـۆی ڕاگـرت، (بـۆ کەمکردنـەوەی ئازارەکـەی)، بـەڵام نەیخـواردەوە.(٢٠٩)

کاتێـك گەیشـتنە ئـەو شـوێنەی بـە کاسەسـەر ناودەبـردرا، لـەوێ لەگـەڵ تاوانبـارەکان لـە خاچیـان دا، یەکێـك لـەلای ڕاسـتی و ئـەوەی دیکـەش لـەلای چەپـی. عیسـاش فەرمـووی: «باوکـە، لێیـان خۆشـبە، چونکـە نازانـن چـی دەکـەن.» ئینجـا بـە تیروپشـك کراسـەکەیان دابـەش کـرد.(٢١٠)

کاتێـك سـەربازەکان عیسـایان لـە خـاچ دا، جلەکانیـان بـرد و (بـۆ چـوار سـەرباز) کردیـان بـە چـوار بـەش، هـەر سـەربازێك بەشـێك. کراسەکەشـیان بـرد، کراسـەکە بـێ دروومـان بـوو، لەسـەرڕا یـەك پارچـە چنرابـوو.

لەبـەر ئـەوە بـە یەکتریـان گـوت: «بـا نەیدڕێنیـن. بـا تیروپشـکی لەسـەر بکەیـن بزانیـن بـۆ کـێ دەبێـت.»

---

(٢٠٨) لۆقا ٢٣: ٢٦- ٣٢

(٢٠٩) مەرقۆس ١٥: ٢٢- ٢٣

(٢١٠) لۆقا ٢٣: ٣٣- ٣٤

ئەمەش ڕوویدا تاكو نووسراوە پیرۆزەكە (زەبووری ٢٢) بێتە دی كە فەرموویەتی:

﴿جلوبەرگەكەی منیان لەنێو خۆیان بەشكرد و
تیروپشكیان لەسەر كراسەكەم كرد.﴾ (٢١١)

پیلاتۆسیش لەسەر تەختەیەك نووسی: «عیسای ناسیرەیی، پاشای جولەكە.» لەسەر خاچەكە دایكوتا. جولەكەیەكی زۆر نووسراوەكەیان خوێندەوە كە بە عیبری و لاتینی و یۆنانی نووسرابوو، چونكە ئەو شوێنەی عیسای تێدا لە خاچ درابوو لە شارەوە نزیك بوو. كاهینانی باڵای جولەكە بە پیلاتۆسیان گوت: «مەنووسە: پاشای جولەكە، بەڵام بنووسە: "خۆی گوتی من پاشای جولەكەم."»

پیلاتۆس وەڵامی دایەوە: «ئەوەی نووسیومە، نووسیومە.» (٢١٢)

ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕین، جنێویان پێی دەدا و سەریان بادەدا، دەیانگوت: «ئەی ڕووخێنەری پەرستگا و بنیادنەرەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار بكە! ئەگەر تۆ كوڕی خودای، لە خاچەكە دابەزە!»

بە هەمان شێوە كاهینانی باڵا لەگەڵ مامۆستایانی تەورات و پیران گاڵتەیان پێدەكرد: «خەڵكی دیكەی ڕزگار كرد، بەڵام ناتوانێ خۆی ڕزگار بكات! پاشای ئیسرائیلە! با ئێستا لە خاچەكە دابەزێت، باوەڕی پێدەهێنین. پشتی بە خودا بەست، با ئێستا ڕزگاری بكات، ئەگەر ئەمی دەوێت، چونكە گوتی: "من كوڕی خودام."» دزەكانیش كە لەگەڵی لە خاچ درابوون گاڵتەیان پێدەكرد. (٢١٣)

یەكێك لە تاوانبارە هەڵواسراوەكان، كفری لە دژی دەكرد و دەیگوت: «ئایا تۆ مەسیح نیت؟ دەی خۆت و ئێمەش ڕزگار بكە.»

بەڵام ئەوی دیكە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی كرد: «لە خودا ناترسی، كە تۆش هەمان سزات بەسەردا دراوە؟ سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە جیاتی كردارەكانمان وەریدەگرین، بەڵام ئەمە هیچ هەڵەی نەكردووە.»

---

(٢١١) یۆحەنا ١٩: ٢٣- ٢٤ ؛ زەبووری ٢٢: ١٨

(٢١٢) یۆحەنا ١٩: ١٩- ٢٢

(٢١٣) مەتا ٢٧: ٣٩- ٤٣

ئینجـا گوتـی: «عیسـا منــت لەیـاد بێــت کاتێـك وەك پاشـا دێیتـە نـاو شانشـینەکەتەوە. (ئـەم قسـانە ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی کـە بـاوەڕی هەیـە بـەوەی کـە مردنەکـەی کۆتایـی نییـە، ژیانێکـی دیکـە هەیـە لـە دوای مـردن. هەروەهـا بـاوەڕی هەیـە بـەوەی کـە عیسـا سـزادەر و حوکمـدەرە لـە ژیانـی دوای مـردن.)»

پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.»[٢١٤]

لـەلای خاچەکـەی عیسـا، دایکـی و پـووری و مریەمـی ژنـی کلۆپـا و مریەمـی مەجدەلـی ڕاوەسـتابوون. کاتێـك عیسـا دایکـی بینـی و ئـەو قوتابییـەش کـە خۆشـی دەویسـت لـەلای ڕاوەسـتاوە (یۆحەنـای زەبـدی)، بـە دایکـی فەرمـوو: «ژنەکـە، ئەوەتـا کـوڕی تـۆ.» بـە قوتابییەکەشـی فەرمـوو: «ئەوەتـا دایکـی تـۆ.» ئیـتر لـەو کاتـەوە قوتابییەکـە بردییـەوە ماڵـی خـۆی.[٢١٥]

## مردنی عیسای مەسیح

لـە کاتژمێـر دوازدەوە هەتـا سـێ، تاریکایـی بەسـەر هەمـوو زەوییـەوە بـوو. نزیکـەی کاتژمێـر سـێ عیسـا بـە دەنگێکـی بـەرز هـاواری کـرد: «﴿ئێلـی، ئێلـی، لەمـا شـەبەقتانی؟﴾» واتـە: ﴿خـودای مـن، خـودای مـن، بـۆ وازت لـێ هێنـام؟﴾ هەندێـك لەوانـەی لـەوێ ڕاوەسـتابوون و گوێیـان لێـی بـوو، گوتیـان: «ئـەوە بانگـی ئەلیـاس دەکات!»[٢١٦]

پاشـان، لەبـەر ئـەوەی عیسـا زانـی کـە هەمـوو شـتێك تـەواو بـووە، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی نـووسراوە پیرۆزەکـە بێتـە دی، فەرمـووی: «تینوومە.» گۆزەیەکـی پـڕ لـە سرکـە دانرابـوو، ئیسـفەنجێکی پـڕ لـە سرکەیـان خسـتە سـەر لقـە زوفایـەك و بەرزیـان کـردەوە بـۆ دەمـی. کاتێـك عیسـا تامـی سرکەکـەی کـرد، فەرمـووی: «تـەواو بـوو.» لـەدوای ئـەوە سـەری دانەوانـد و گیانـی سـپارد.[٢١٧]

لـەو کاتـەدا پـەردەی پەرسـتگاش لـە سـەرەوە هەتـا خـوارەوە شـەقبوو و بـوو

---

(٢١٤) لۆقا ٢٣: ٣٩- ٤٣

(٢١٥) یۆحەنا ١٩: ٢٥- ٢٧

(٢١٦) مەتا ٢٧: ٤٥- ٤٧

(٢١٧) یۆحەنا ١٩: ٢٨- ٣٠

بە دوو پارچە (ئەو نێوانبڕە بوو کە ڕێگری دەکرد لە چوونەژوورەوەی خەڵك بۆ شوێنی هەرەپیرۆز، جگە لە کاهین کە ساڵانە یەك جار بۆی هەبوو بچێتە ئەوێ. شەقبوونی لەم کاتەدا ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە عیسای مەسیح دەرگای بە ڕووی خەڵکدا کردەوە بۆ پەیوەندیبەستن لەگەڵ خودا بەبێ نێوانگیری کاهین). زەوی لەرزی و بەرد درزیان برد و گۆڕەکان کرانەوە، زۆرێك لە لاشەی گەلی پیرۆزی خودا کە مردبوون هەستانەوە. دوای هەستانەوەی عیسا لە گۆڕەکان هاتنە دەرەوە و چوونە ناو شاری پیرۆز (ئۆرشەلیم)، بۆ زۆر کەسیش دەرکەوتن.

سەرپەلەکە و ئەوانەی لەگەڵ ئەو چاودێری عیسایان دەکرد، بوومەلەرزەکە و ئەو شتانەیان بینی کە ڕوویدا، زۆر ترسان و گوتیان: «بەڕاستی ئەمە کوڕی خودا بوو!»[٢١٨]

## ناشتنی عیسای مەسیح

پاشان ڕابەرانی جولەکە داوایان لە پیلاتۆس کرد قاچی لەخاچدراوان بشکێنرێن (بۆ ئەوەی بە خێرایی بمرن) و تەرمەکانیان هەڵبگیردرێن، چونکە ڕۆژی ئامادەکاری بوو (بۆ جەژنی پەسخە)، ئەو شەممەیە ڕۆژێکی گەورە بوو، تاکو تەرمەکان لە شەممەدا لەسەر خاچ نەمێنن. ئینجا سەربازەکان هاتن و هەردوو قاچی ئەوەی یەکەم و ئەوی دیکەیان شکاند کە لەگەڵ عیسادا لە خاچ درابوون. بەڵام کاتێك هاتنە لای عیسا بینییان وا مردووە، قاچییان نەشکاند. بەڵام یەکێك لە سەربازەکان ڕمێکی لە کەلەکەی دا، دەستبەجێ خوێن و ئاو دەرچوو. ئەو پیاوەی ئەمەی بینی (یۆحەنا) شایەتی دا، شایەتییەکەشی ڕاستە. خۆی دەزانێت کە ڕاست دەڵێت، تاکو ئێوە باوەڕ بهێنن. ئەمە ڕوویدا تاکو نووسراوە پیرۆزەکە بێتە دی: ﴿هیچ ئێسکێکی ئەو ناشکێنرێت!﴾ هەروەها نووسراوێکی پیرۆزی دیکەش دەفەرموێ: ﴿تەماشای ئەوە دەکەن کە ڕمیان لێداوە.﴾

پاش ئەوە یوسفی خەڵکی ڕامە کە لە ترسی ڕابەرانی جولەکە بە نهێنی قوتابی عیسا بوو، داوای لە پیلاتۆس کرد تاکو تەرمی عیسا ببات، پیلاتۆسیش ڕێی دا. ئەویش هات و تەرمەکەی برد. نیقۆدیمۆسیش هات، ئەوەی یەکەم

---

(٢١٨) مەتا ٢٧: ٥١- ٥٤

جار بە شەو هاتە لای عیسا. لەگەڵ خۆی نزیکەی سی لیتر مورِی تێکەڵاو بە ئەلوای هێنا (بۆ بۆنخۆشکردنی تەرمەکە و پاراستنی). جا تەرمەکەی عیسایان برد و بە کەتان لەگەڵ بۆن پێچایانەوە، وەك نەریتی جولەکەیە لە کفن کردن.[٢١٩]

لەو گۆڕە نوێیەی خۆی ناشتی کە لە بەرد هەڵکەنرا بوو، ئینجا بەردێکی گەورەی گلۆر کردەوە سەر دەرگای گۆڕەکە و ڕۆیشت. (نەریتی جولەکەکان وابوو کە گۆڕیان لە شێوەی ئەشکەوتێك هەڵدەکەند، یان ئەشکەوتێکیان دەکردە گۆڕ و بە بەردێکی گەورە دەرگاکەیان دەگرت.)[٢٢٠]

مریەمی مەجدەلی و مریەمی دایکی یاقوب، بینییان لەکوێ نێژرا.[٢٢١]

ئینجا گەڕانەوە و بۆنوبەرامیان ئامادە کرد، بەڵام لە ڕۆژی شەممە بەگوێرەی ڕاسپاردەکە پشوویان دا.[٢٢٢]

## ئێشکگرتن لە گۆڕی عیسا

بۆ بەیانی کە دوای ڕۆژی خۆ ئامادەکردنە (بۆ جەژنی پەسخە)، کاهینانی باڵا و فەریسییەکان لەلای پیلاتۆس کۆبوونەوە، گوتیان: «گەورەم، هاتەوە بیرمان ئەو چەواشەکارە کاتێك زیندوو بوو گوتی: ”دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستمەوە.“ جا فەرمان بدە هەتا ڕۆژی سێیەم گۆڕەکەی پاس بکرێت، نەوەك قوتابییەکانی بێن و بیدزن، ئەوسا بە گەل بڵێن لەنێوان مردووان هەستاوەتەوە. جا چەواشەی دوایی لەوەی یەکەم خراپتر دەبێت.»

پیلاتۆسیش گوتی: «پاسەوانتان هەیە، بڕۆن چۆنتان پێ باشە وا پاسی بکەن.» ئەوانیش چوون گۆڕەکەیان پاس کرد، مۆریان لە بەردەکە دا و پاسەوانیان دانا.[٢٢٣]

---

(٢١٩) یۆحەنا ١٩: ٣١- ٤٠

(٢٢٠) مەتا ٢٧: ٦٠

(٢٢١) مەرقۆس ١٥: ٤٧

(٢٢٢) لۆقا ٢٣: ٥٦

(٢٢٣) مەتا ٢٧: ٦٢- ٦٦

**ئەوەی جنێوی پێدەدرا و جنێوی نەدەدایەوە،**
**ئازار دەدرا و هەڕەشەی نەدەکرد،**
**بەڵکو خۆی دەدایە دەست ئەوەی**
**حوکمی دادپەروەرانەیە.**
**ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار**
**گوناهەکانمانی هەڵگرت،**
**تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و**
**بۆ ڕاستودروستی بژین.**
**بە برینەکانی ئەو چاکبوونەوە.**

یەکەم نامەی پەترۆس ٢: ٢٣، ٢٤

# بەشی شەشەم

## چل ڕۆژی کۆتایی

### هەستانەوەی عیسای مەسیح

کە شەممە بەسەرچوو،[٢٢٤] لەناکاو بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، چونکە فریشتەیەکی یەزدان لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە، چوو بەردەکەی گلۆر کردەوە (کە گۆڕەکەی داخستبوو) و لەسەری دانیشت. ڕوخساری وەك بروسکە وابوو، جلەکانی وەك بەفر سپی بوون. پاسەوانەکان لە ترسی ئەو لەرزین و وەك مردوویان لێ هات.[٢٢٥]

مریەمی مەجدەلی و سالومە و مریەمی دایکی یاقوب، بۆنوبەرامیان کڕی تاکو بچن و تەرمی عیسا چەور بکەن. لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا (ڕۆژی یەکشەممە)، بەیانی زوو لەگەڵ خۆر هەڵاتن، هاتنە سەر گۆڕەکە. بە یەکتریان دەگوت: «باشە کێ بەردی سەر دەرگای گۆڕەکەمان بۆ گلۆر دەکاتەوە؟»

بەڵام کە سەیریان کرد، بینییان بەردەکە گلۆر کراوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەورە بوو.[٢٢٦]

چوونە ژوورەوە، بەڵام تەرمەکەی عیسای خاوەن شکۆیان نەدۆزییەوە. هێشتا لەمە سەرسام بوون، لەپڕ دوو پیاو (دوو فریشتە) بە جلی بریسکەدارەوە لەتەنیشتیان ڕاوەستان. ترسان و کڕنۆشیان برد و سەریان خستە سەر زەوی، پیاوەکان پێیان گوتن:[٢٢٧] «مەتاسێن، بە شوێن عیسای ناسیرەیی لەخاچدراو

---

(٢٢٤) مەرقۆس ١٦: ١

(٢٢٥) مەتا ٢٨: ٢- ٤

(٢٢٦) مەرقۆس ١٦: ١ - ٤

(٢٢٧) لۆقا ٢٤: ٣- ٥

دەگەڕێـن. ئـەو هەسـتایەوە![228] «بۆچـی لەنێـو مـردووان بـەدوای زیندووەکـەدا دەگەڕێـن؟[229] لێـرە نییـە. ئەوەتـا ئـەو شـوێنەی لێیـان دانـا.[230]

لێـرە نییـە، بەڵکـو هەسـتایەوە! بیهێننـەوە بیرتـان کـە هێشـتا لـە جەلیـل بـوو چـۆن قسـەی بـۆ کردن، فەرمووی: "کـوڕی مـرۆڤ دەبێـت بدرێتـە دەسـت خەڵکـی گوناهبـار، لـە خـاچ بدرێـت و لـە ڕۆژی سـێیەم هەسـتێتەوە."»[231]

بـەڵام بـڕۆن و بـە قوتابییەکانـی و بـە پەتـرۆس بڵێـن، "ئـەو پێشـتان دەکەوێـت بـۆ جەلیـل، وەك پێـی فەرمـوون لـەوێ دەیبینـن."»[232]

ئینجا قسەکانیان هاتەوە یاد.[233]

کاتێـك لـە گۆڕەکـە هاتنـەوە، هەواڵـی هەمـوو ئـەم شـتانەیان بـە یـازدە قوتابییەکـە و هەمـوو ئەوانـی دیکـە دا. مریەمـی مەجدەلـی و یوەنـا و مریەمـی دایکـی یاقـوب و ئەوانـی دیکـەی لەگەڵیـان بـوون، ئـەم شـتانەیان بـە نێـردراوان گـوت. قسـەکەیان لـەلای ئـەوان وەك وڕێنـە بـوو، باوەڕیـان پـێ نەکـردن.[234]

ئینجـا پەتـرۆس و قوتابییەکـەی دیکـە بـەرەو گۆڕەکـە بەڕێکەوتن. هەردووکیـان بەیەکـەوە ڕایاندەکـرد، بـەڵام قوتابییەکـەی دیکـە پێـش پەتـرۆس کـەوت و زووتـر گەیشـتە سـەر گۆڕەکە. دانەوییـەوە و بینـی کەتانەکـە (کفنەکـە) دانـراوە، بـەڵام نەچـووە ژوورەوە. ئینجـا شـیمۆن پەتـرۆس کـە دوایکەوتبـوو هـات و چـووە نـاو گۆڕەکـە، بینـی کەتانەکـە دانراوە. دەستەسـڕەکەش کـە بـە سـەری عیساوە بـوو لەگـەڵ کەتانەکـە دانەنرابـوو، بەڵکـو بـە جیـا لـە جێیـەك پێچرابـووەوە. ئەوسـا قوتابییەکـەی

---

(٢٢٨) مەرقۆس ١٦: ٦

(٢٢٩) لۆقا ٢٤: ٥

(٢٣٠) مەرقۆس ١٦: ٦

(٢٣١) لۆقا ٢٤: ٦- ٧

(٢٣٢) مەرقۆس ١٦: ٧

(٢٣٣) لۆقا ٢٤: ٨

(٢٣٤) لۆقا ٢٤: ٩- ١١

دیکەش کە یەکەم جار هاتبووە سەر گۆڕەکە چووە ژوورەوە. بینی و باوەڕی هێنا (کە عیسا لەدوای مردن هەستاوەتەوە). ئەو کاتە هێشتا لە نووسراوە پیرۆزەکان تێنەگەیشتبوون کە دەبێ لەنێوان مردوواندا هەستێتەوە. دواتر قوتابییەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان.[٢٣٥]

## عیسا بۆ مریەمی مەجدەلی دەردەکەوێت

دوای ئەوەی بەیانی زوو لە یەکەمی هەفتە عیسا هەستایەوە، یەکەم جار بۆ مریەمی مەجدەلی دەرکەوت، ئەوەی حەوت ڕۆحی پیسی لێی دەرکردبوو.[٢٣٦]

بەڵام مریەم (مەجدەلی) لەلای گۆڕەکە لە دەرەوە ڕاوەستابوو دەگریا. کاتێك دەگریا، دانەوییەوە و سەیری ناو گۆڕەکەی کرد، بینی دوو فریشتە بە جلی سپییەوە لەو شوێنەی تەرمەکەی عیسای لێ دانرابوو دانیشتوون، یەکێك لەلای سەرییەوە ئەوی دیکە لەلای پێیەوە.

لێیان پرسی: «خانم، بۆچی دەگریت؟»

وەڵامی دانەوە: «گەورەمیان بردووە، نازانم لەکوێ دایانناوە.» کە ئەمەی گوت ئاوڕی دایەوە، بینی عیسا ڕاوەستاوە، بەڵام نەیزانی عیسایە.

عیسا (بە مریەمی مەجدەلی) پێی فەرموو: «خانم! بۆچی دەگریت؟ بەدوای کێدا دەگەڕێیت؟» وایزانی باخەوانەکەیە، پێی گوت: «گەورەم، ئەگەر تۆ بردووتە پێم بڵێ لەکوێ داتناوە تاکو بیبەمەوە.»

عیساش پێی فەرموو: «مریەم!»

ئەویش ئاوڕی دایەوە و بە عیبری پێی گوت: «ڕابۆنی!» (واتە مامۆستا.)

عیسا پێی فەرموو: «دەستم لێ مەدە، چونکە هێشتا بۆ لای باوك بەرز نەبوومەتەوە. بەڵام بڕۆ لای برایانم و پێیان بڵێ: "من بەرز دەبمەوە بۆ لای باوکم و باوکتان، خودام و خوداتان."»

---

(٢٣٥) یۆحەنا ٢٠: ٣- ١٠

(٢٣٦) مەرقۆس ١٦: ٩

مریەمـی مەجدەلـی هـات و بـە قوتابییەكانـی ڕاگەیانـد: «گـەورەم بینـی!» ئەوەشـی پـێ گوتـن كـە پێـی فەرمووبـوو.[٢٣٧]

كاتێك بیستیان عیسا زیندووە و ئەم بینیویەتی، باوەڕیان نەكرد.[٢٣٨]

## عیسا بۆ کەسانی دیکە دەردەکەوێت

لـە كاتێكـدا مریەمـی مەجدەلـی و مریەمـی دایكـی یاقـوب بـە هەسـتانەوەی عیسـایان زانیبـوو، بـە پەلـە دەچـوون بـۆ لای قوتابییـەكان.

كاتێـك ئـەوان دەچـوون مزگێنـی بدەنـە قوتابییـەكان، ئـەوە بـوو عیسـا تووشـیان هـات: «سـڵاو!» ئەمانیـش چوونـە پێشـەوە، پێـی عیسـایان گـرت و كڕنۆشـیان بـۆ برد. عیسـا پێـی فەرمـوون: «مەترسـن، بـڕۆن بـە بـاوەڕداران بڵێـن بـا بچنـە جەلیل، لـەوێ دەمبینـن.»

## قسەی پاسەوانەکان

كـە دەڕۆیشـتن، هەندێـك لـە پاسـەوانەكان هاتنـە نـاو شـار و ئـەوەی ڕوویدابـوو بـۆ كاهینانـی باڵایـان گێڕایەوە. ئەوانیـش لەگـەڵ پیـران كۆبوونـەوە و ڕاوێژیـان كرد، زیوێكـی زۆریـان دایـە سـەربازەكان و گوتیـان: «بڵێـن، "كاتێـك ئێمـە خەوتبوویـن، قوتابییەكانـی لـە شـەودا هاتـن و دزییان." ئەگـەر ئەمـەش لـەلای فەرمانـڕەوا بیسـترا، ئـەوا ڕازی دەكەیـن و لـە گرفتەكـە دەتانپارێزین.» ئەوانیـش زیوەكەیـان وەرگـرت و چـۆن فێركـران، وایانكـرد، ئیـتر ئـەم قسـەیە هەتـا ئەمـڕۆش لەنـاو جولەكـەدا بـڵاو بووەتـەوە.[٢٣٩]

## عیسا لە ڕێگای بەرەو ئەمواس دەردەکەوێت

هـەر لـەو ڕۆژەدا دووان لـەوان (لـە شـوێنکەوتووانی مەسـیح) دەچوونـە گوندێك شەسـت تیرهاوێـژ (نزیكـەی دە كیلۆمەتـر) لـە ئۆرشـەلیم دوور بـوو، نـاوی

---

(٢٣٧) یۆحەنا ٢٠: ١١- ١٨

(٢٣٨) مەرقۆس ١٦: ١١

(٢٣٩) مەتا ٢٨: ٩- ١٥

ئەمـواس بـوو. لەگـەڵ یەکـتری باسـی هەمـوو ئـەو شـتانەیان دەکـرد کـە ڕوویدابـوو (دەربـارەی ڕووداوی لەخاچـدان و هەسـتانەوەی مەسـیح). کاتێك قسـە و گفتوگۆیان دەکـرد، عیسـا خـۆی لێیـان نزیـك بـووەوە و لەگەڵیـان دەڕۆیشـت، بەڵام چاویـان لـە ناسـینی بەسـترا.

پێی فەرموون: «ئەوە بەڕێوە باسی چی دەکەن؟»

بـە ڕوویەکـی خەمناکـەوە ڕاوەسـتان. یەکێکیان نـاوی کلیۆپـاس بـوو وەڵامـی دایـەوە: «ئایا تەنها تـۆ لـە ئۆرشـەلیم نامۆیـت و ئـاگات لـەو شـتانە نییـە کـە لـەم ڕۆژانـەدا تێیـدا ڕوویـداوە؟»

پێی فەرموون: «چییە؟»

وەڵامیـان دایـەوە: «باسـی عیسـای ناسـیرەیی، کـە پێغەمبەرێکـی توانـادار بـوو لە قسـە و کـرداردا، لـەلای خـودا و هەموو گەل، چـۆن کاهینانی بـاڵا و فەرمانڕەواکانمان دایانـە دەسـت سـزای مـردن و لـە خاچیـان دا. بـەڵام ئێمـە هیـوادار بوویـن کـە ئەمە ئـەو کەسـە بێـت کـە ئیسرائیـل دەکڕێتـەوە (یـان ڕزگارکـەری چاوەڕوانکـراو ئـەوەی کـە گەلـی ئیسرائیـل ڕزگار دەکات). لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا ئەمـڕۆ سـێیەم ڕۆژە ئەمـە ڕوویداوە. کەچـی هەندێـك لـە ژنانمـان سەرسـامیان کردیـن، بەیانـی زوو لەسـەر گۆڕەکـە بـوون و تەرمەکەیـان نەبینیبـوو، هاتنـەوە گوتیـان، فریشـتەمان بینیـوە دەڵێـن ئـەو زیندووە. هەندێـك لـە ئێمـە چوونـە سـەر گۆڕەکـە و بینییـان وایـە، وەك ژنـەکان گوتیـان، بـەڵام ئەویان نەبینیبـوو.»

ئەویـش پێـی فەرمـوون: «ئـەی گێـل و دڵخـاوەکان لـە باوەڕکـردن بـە هەمـوو ئـەوەی پێغەمبـەران باسـیان کـردووە! (ئـەوەی کـە لـە پێشـبینییە کۆنەکانـدا هاتـووە) نەدەبوایـە مەسـیح ئـەم شـتانە بچێژێـت و بچێتـە نـاو شـکۆمەندییەکەی خۆی؟» ئەوسـا دەسـتی کـرد بـە ڕوونکردنـەوەی ئـەو شـتانەی دەربـارەی خـۆی بـوو لـە هەمـوو نـووسراوە پیرۆزەکانـدا، هـەر لـە تەوراتـی موسـاوە هەتـا هەمـوو پەڕتووکەکانـی پێغەمبـەران.

کاتێـك نزیکـی ئـەو گونـدە بـوون کـە بـۆی دەچـوون، عیسـا وای نیشـان دا کـە

بـۆ شـوێنێکی دوورتـر دەچێت. ئەوانیـش زۆر لێـی پاڕانـەوە، گوتیـان: «لەلامـان بمێنـەرەوە، چونکـە وا ئێوارەیـە و ڕۆژ لـە ئاوابوونـە.» جـا چـووە ژوورەوە تاکـو لەگەڵیـان بمێنێتـەوە.

کاتێـك لەگەڵیـان دانیشـتبوو (لەسـەر خـوان)، نانێکـی هەڵگـرت، سوپاسـی خـودای کـرد، پاشـان لەتـی کـرد و پێیدان. ئینجـا چاویـان کرایـەوە و ناسـیانەوە، ئیـتر لەبەرچاویـان نەما. بـە یەکتریـان گـوت: «ئـەرێ کاتێـك لـە ڕێـگا قسـەی بـۆ دەکردیـن و نـووسراوە پیرۆزەکانـی بۆمـان ڕوون دەکـردەوە، دڵـمان لـە ناخمانـدا گـڕی نەگرتبـوو؟»

ئینجـا دەسـتبەجێ هەسـتان و هاتنـەوە ئۆرشـەلیم، بینییـان یـازدە قوتابییەکـە و ئەوانـەی لەگەڵیانـدان کۆبوونەتـەوە و دەڵێـن: «بـە ڕاسـتی مەسـیحی خـاوەن شـکۆ هەسـتاوەتەوە و بـۆ شـیمۆن دەرکەوتووە.» ئەمانیـش باسـی ئـەو شـتانەیان کـرد کـە لـە ڕێـگا بەسـەریان هاتبـوو، هەروەهـا لـە کاتـی نانلەتکردنەکـەدا چـۆن مەسـیحیان ناسییەوە.[٢٤٠]

## عیسا بۆ قوتابییەکانی دیکە دەردەکەوێت

ئێـوارەی هەمـان ڕۆژ،[٢٤١] کـە (قوتابییـەکان) باسـی ئەمەیـان دەکـرد (دیارنەمانـی تەرمـی عیسـا و دەرکەوتنـی)، عیسـا خـۆی لەناوەڕاسـتیان ڕاوەسـتا و پێـی فەرموون: «سـڵاوتان لـێ بێت.» سـام دایگرتـن و ترسـان، وایـان دەزانـی خێـو دەبینـن.[٢٤٢] لەبـەر بێبـاوەڕی و کەللەڕەقییـان سەرزەنشـتی کـردن، چونکـە باوەڕیـان بەوانـە نەکـرد کـە دوای هەسـتانەوەکەی بینیبوویـان.[٢٤٣]

پێـی فەرمـوون: «بۆچـی شـێواون؟ بۆچـی گومـان دەکەوێتـە دڵتان؟ سـەیری دەسـت و پێـم بکـەن. بـڕوا بکـەن، منـم! دەسـتم لـێ بـدەن و ببینـن، چونکـە خێـو

---

(٢٤٠) لۆقا ٢٤: ١٣- ٣٥

(٢٤١) یۆحەنا ٢٠: ١٩

(٢٤٢) لۆقا ٢٤: ٣٦- ٣٧

(٢٤٣) مەرقۆس ١٦: ١٤

گۆشـت و ئێسـقانی نییـە وەك دەبینـن کـە هەمـە.»

کـە ئەمـەی فەرمـوو، دەسـت و پێـی نیشـاندان. لە خۆشـی و سەرسـوڕماندا هێشـتا باوەڕیـان نەدەکـرد، پێـی فەرمـوون: «لێـرە خواردنتـان هەیە؟» ئەوانیـش پارچەیـەك ماسـی برژاویـان دایێ. وەریگـرت و لەبەرچاویـان خـواردی.[٢٤٤]

## دەرکەوتنی عیسا بۆ تۆماس

قوتابییەکان کە مەسیحی خاوەن شکۆیان بینی دڵشاد بوون.

ئینجـا دیسـان عیسـا پێـی فەرمـوون: «سـڵاوتان لـێ بێـت! هـەروەك چـۆن بـاوك منـی نـاردووە، منیـش دەتاننێرم.» کـە ئەمـەی گـوت، فـووی لێکـردن، پێـی فەرمـوون: «ڕۆحـی پیـرۆز وەربگرن. ئـەوەی ئێـوە گوناهـی ببەخشـن، بەخشـراوە. ئـەوەی ئێـوە گوناهـی نەبەخشـن، نەبەخـشراوە.»

بـەڵام تۆمـاس کـە یەکێکـە لـە دوازدە قوتابییەکـە و بـە دیدمـۆس نـاسراوە، لەگـەڵ قوتابییـەکان نەبـوو کاتێـك عیسـا هـات. قوتابییەکانـی دیکـە پێیـان گـوت: «گەورەمـان بینی!»

ئەویـش پێـی گوتـن: «ئەگـەر جێـگای بزمـارەکان بـە دەسـتیەوە نەبینـم، پەنجـە نەخەمـە شـوێنی بزمارەکانـەوە، دەسـت لـە کەلەکـەی نـەدەم هەرگیـز بـاوەڕ ناکـەم.»

لـەدوای هەشـت ڕۆژ، قوتابییەکانـی دیسـان لـە ژوورەوە بـوون و تۆماسـیش لەگەڵیـان بـوو، دەرگاکانیـش داخرابـوون، عیسـا هـات و لەناوەڕاسـتیان ڕاوەسـتا، فەرمـووی: «سـڵاوتان لـێ بێت!» ئینجـا بـە تۆماسـی گـوت: «پەنجـەت بێنـە ئێـرە و دەسـتم ببینـە، دەسـتت بێنـە و لـە کەلەکەمـی بـدە. بێبـاوەڕ مەبـە بەڵکـو بـاوەڕ بهێنە.»

تۆماس وەڵامی دایەوە: «ئەی خاوەن شکۆ و خودای من!»

عیسـا پێـی فەرمـوو: «چونکـە منـت بینـی بـاوەڕت کـرد؟ خۆزگـە دەخوازرێـت بەوانـەی نەیانبینـی و باوەڕیـان هێنـا.»[٢٤٥]

---

(٢٤٤) لۆقا ٢٤: ٣٨- ٤٣

(٢٤٥) یۆحەنا ٢٠: ٢٠- ٢٩

## نانخواردن لەگەڵ عیسا

دوای ئەمە دیسان عیسا لە دەریاچەی جەلیل خۆی بۆ قوتابییەکان دەرخست. بەم شێوەیە خۆی دەرخست: شیمۆن پەترۆس و تۆماس کە بە دیدمۆس ناسراوە، لەگەڵ ناتانئیل کە خەڵکی قانای جەلیل بوو، هەروەها کوڕەکانی زەبدی و دوو قوتابی دیکەی ئەو (عیسا) پێکەوە بوون. شیمۆن پەترۆس پێی گوتن: «بۆ ڕاو دەچم.» پێیان گوت: «ئێمەش لەگەڵت دێین.» ئینجا ڕۆیشتن و سواری بەلەم بوون، بەڵام لەو شەوەدا هیچیان نەگرت.

کاتی بەرەبەیان، عیسا لەسەر کەنارەکە وەستا، بەڵام قوتابییەکان نەیانزانی ئەوە عیسایە.

عیسا پێی فەرموون: «کوڕینە، هیچ ماسیتان پێنییە؟» وەڵامیان دایەوە: «نەخێر.»

پێی فەرموون: «تۆڕەکە هەڵبدەنە لای ڕاستی بەلەمەکە، ماسی دەبیننەوە.» جا هەڵیاندا و ئیتر لەبەر زۆری ئەو ماسییانەی تێیدا بوو نەیانتوانی تۆڕەکە ڕابکێشنە ناو بەلەمەکە.

ئەو قوتابییەی عیسا خۆشی دەویست (یۆحەنای زەبدی) بە پەترۆسی گوت: «ئەوە عیسای خاوەن شکۆیە!» کاتێك پەترۆس بیستی «ئەوە عیسای خاوەن شکۆیە،» خۆی بە جلەکانی داپۆشی چونکە ڕووت بوو، خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکەوە. قوتابییەکانی دیکە بە بەلەمەکە هاتن و تۆڕی ماسییەکەیان ڕادەکێشا، چونکە لە وشکانی دوور نەبوون، تەنها دوو سەد باڵ. کاتێك دابەزینە وشکانی، بینییان وا خەڵووز ئامادە کراوە و ماسی خراوەتە سەری و نان دانراوە.

عیسا پێی فەرموون: «لەو ماسییانە بهێنن کە ئێستا گرتتان.»

شیمۆن پەترۆسیش سەرکەوت و تۆڕەکەی ڕاکێشایە سەر وشکانی، سەد و پەنجا و سێ ماسی گەورەی تێدابوو، لەگەڵ زۆرییەکەشی تۆڕەکە نەدڕا. عیسا پێی فەرموون: «وەرن بخۆن.» هیچ کام لە قوتابییەکان نەیانوێرا پرسیاری لێ بکەن: «تۆ کێیت؟» زانییان عیسای خاوەن شکۆیە. عیسا هات، نانەکەی

هەڵگـرت و پێیـدان، ماسـییەکەش بـە هەمـان شـێوە. ئەمە سـێیەم جـارە عیسـا بـۆ قوتابییـەکان دەربکەوێـت پـاش هەسـتانەوەی لەنێـو مردووانـدا.

## ئایا عیسای مەسیحت خۆشدەوێت؟

دوای ئـەوەی نانیـان خـوارد عیسـا بـە شـیمۆن پەترۆسـی فەرمـوو: «شـیمۆنی یۆنـا، منـت لەوانـە خۆشـتر دەوێـت؟»

پێی گوت: «بەڵێ گەورەم، دەزانیت کە تۆم خۆشدەوێت.»

پێی فەرموو: «بەرخەکانم بلەوەڕێنە.»

دیسان پێی فەرمووەوە: «شیمۆنی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟»

پێی گوت: «بەڵێ گەورەم، دەزانیت خۆشمدەوێیت.»

پێی فەرموو: «ببە بە شوانی مەڕەکانم.»

سێیەم جار پێی فەرموو: «شیمۆنی یۆنا، منت خۆشدەوێت؟»

پەتـرۆس دڵگـران بـوو، چونکـە سـێ جـار پێـی فەرمـوو: «منـت خۆشـدەوێت؟» پێـی گـوت: «ئـەی گـەورەم، هەموو شـتێك دەزانیـت. دەزانیـت کە خۆشـمدەوێیت.»

عیسـا پێـی فەرمـوو: «مەڕەکانـم بلەوەڕێنە. ڕاسـتی ڕاسـتیت پـێ دەڵێـم، کاتێـك گەنـج بوویـت پشـتێنەکەتت دەبەسـت و بـۆ هەرکـوێ دەتویسـت، دەچوویـت. بـەڵام کاتێـك پیـر دەبیـت دەسـتت درێـژ دەکەیـت و یەکێکـی دیکـە پشـتێنەکەت دەبەسـتێت و دەتباتـە شـوێنێك کـە ناتەوێت.» ئەمـەی گـوت وەك ئاماژەکردنێـك بـۆ مردنـی پەتـرۆس کـە بـە هۆیـەوە شـکۆداریی خـودا دەردەخـات. لـەدوای ئەمـە پێـی فەرمـوو: «دوام بکـەوە!»

پەتـرۆس ئـاوڕی دایـەوە و بینـی کـە ئـەو قوتابییـەی عیسـا خۆشـی دەویسـت دوایـان کەوتـووە، ئـەوەی لـە کاتـی (دوایـین) نانـی ئێـوارەدا شـانی بـە سـنگی عیسـاوە نابـوو و پێـی گـوت: «گـەورەم، کێیـە ئـەوەی بـە گرتنـت دەدات؟» کاتێـك پەتـرۆس ئەمـەی بینـی بـە عیسـای گـوت: «گـەورەم، ئـەی ئەمـە چـی لێدێـت؟»

عیساش پێی فەرموو: «ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆ چی؟ تۆ دوام بکەوە.» ئیتر ئەم قسەیە لەنێو برایان وا بڵاو بووەوە کە ئەو قوتابییە نامرێت (هەتا ئەو کاتەی بۆ جاری دووەم عیسا دێتە سەر زەوی). بەڵام عیسا پێی نەفەرموو کە نامرێت، بەڵکو «ئەگەر بمەوێت دەمێنێتەوە هەتا دێمەوە، بە تۆ چی؟»[٢٤٦]

## عیسای مەسیح قوتابییەکانی دەنێرێت

ئیتر یازدە قوتابییەکە چوونە جەلیل، بۆ ئەو کێوەی عیسا فەرمانی پێدابوون. کاتێك بینییان کڕنۆشیان بۆ برد، بەڵام هەندێکیان گومانیان کرد. عیسا لێیان نزیك بووەوە و قسەی بۆ کردن: «هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون.»[٢٤٧]

ئەوەی باوەڕ دەهێنێت و لە ئاو هەڵدەکێشرێ ڕزگاری دەبێت، ئەوەش کە باوەڕ ناهێنێ، تاوانبار دەکرێت. ئەوانەی باوەڕ دەهێنن ئەم نیشانانەیان لەگەڵ دەبێت، بە ناوی من ڕۆحی پیس دەردەکەن و بە زمانی نوێ دەدوێن، بە دەستیان مار دەگرن، ئەگەر ژەهرێکی کوشندەش بخۆنەوە زیانیان پێ ناگات، دەست لەسەر نەخۆش دادەنێن و چاکدەبنەوە.»[٢٤٨]

دڵنیابن من هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.»[٢٤٩]

---

(٢٤٦) یۆحەنا ٢١: ١- ٢٣

(٢٤٧) مەتا ٢٨: ١٦- ٢٠

(٢٤٨) مەرقۆس ١٦: ١٦- ١٨

(٢٤٩) مەتا ٢٨: ٢٠

## دوایین ڕێنمایی

دوای ئـازار چێژتنـی بـە چەندیـن بەڵگـە بـە زیندوویـی خـۆی پیشـاندان، لـە مـاوەی چـل ڕۆژدا بۆیـان دەرکـەوت و سـەبارەت بـە شانشـینی خـودا بۆیـان دوا. کاتێـك (عیسـا و قوتابییـەکان) پێکـەوە نانیـان دەخـوارد، ڕایسـپاردن: «ئۆرشـەلیم بەجێمەهێڵـن، بەڵکـو چاوەڕێـی بەڵێنەکـەی بـاوك بکـەن کـە لـە منـەوە بیسـتتان.»[٢٥٠]

ئینجا پێـی فەرمـوون: «ئـەم قسـانەم بـۆ کـردن کاتێـك لەگەڵتـان بـووم: پێویسـتە هەمـوو ئەوانـەی لـە تەوراتـی موسـا و پێغەمبـەران و زەبـووردا دەربـارەی مـن نـووسراون بێنـە دی.»

ئینجا مێشـکی کردنـەوە، تاکـو نـووسراوە پیـرۆزەکان تێبگـەن. پێـی فەرمـوون: «ئـاوا نـووسراوە، کـە مەسـیح ئـازار دەچێژێـت و لـە ڕۆژی سـێیەم لەنێـو مـردووان هەڵدەسـتێتەوە، بە نـاوی ئەویـش تۆبەکـردن بـۆ لێخۆشـبوونی گونـاه بـۆ هەمـوو گـەلان جاڕبدرێـت، ئەمـەش لـە ئۆرشـەلیمەوە دەسـتپێدەکات. ئێوە شـایەتی ئـەم شـتانەن. وا مـن بەڵێنەکـەی باوکمتـان بـۆ دەنێـرم (ئامـاژەی دەکـرد بـۆ هاتنـی ڕۆحـی پیـرۆز بـۆ سـەریان بـۆ ئـەوەی ڕێنیشـاندەریان بێـت و هێـزی خوداییـان پـێ ببەخشـێت). بـەڵام لـە شـار بمێننـەوە، هەتـا لـە ئاسـمانەوە پـڕ دەکرێـن لـە هێـز.»[٢٥١]

«ئۆرشـەلیم بەجێمەهێڵـن، بەڵکـو چاوەڕێـی بەڵێنەکـەی بـاوك بکـەن کـە لـە منـەوە بیسـتتان. یەحیـا خەڵکـی لـە ئـاو هەڵدەکێشـا، بـەڵام ئێـوە پـاش چەنـد ڕۆژێکـی کـەم لـە ڕۆحـی پیـرۆز هەڵدەکێشرێـن.

ئەوانـەی پێکـەوە کۆببوونـەوە لێیـان پرسـی: «ئـەی خـاوەن شـکۆ، لـەم کاتـەدا پاشـایەتی بـۆ ئیسرائیـل دەگەڕێنیتـەوە؟

وەڵامـی دانـەوە: بۆتـان نییـە ئـەو کات و سـەردەمانە بزانـن کـە بـاوك بـە دەسـەڵاتی خـۆی دایناـون. بـەڵام کاتێـك ڕۆحـی پیرۆزتـان دێتـە سـەر، هێـز وەردەگـرن و بـۆ مـن دەبنـە شـایەت، لـە ئۆرشـەلیم و هەمـوو یەهودیا و سامیرە، تاکـو ئەوپـەڕی زەوی.[٢٥٢]

---

(٢٥٠) کرداری نێردراوان ١: ٣- ١٤

(٢٥١) لۆقا ٢٤: ٤٤- ٤٩

(٢٥٢) کرداری نێردراوان ١: ٤- ٨

## گەڕانەوەی عیسا بۆ ئاسمان

ئینجـا ئەوانــی بــۆ گونــدی بێتعەنیـا (گوندێـك بــوو لــە چیــای زەیتــوون) بـردە دەرەوە، دەسـتی بـەرز کـردەوە و بەرەکەتـداری کـردن. کاتێـك بەرەکەتـداری دەکـردن، لێیـان جیـا بـووەوە و بەرزکرایـەوە بـۆ ئاسـمان.[٢٥٣]

ئەمــەی فەرمــوو و ئەوانیــش تەماشــایان دەکــرد، بەرزکرایــەوە، هەورێــك لەبەرچاویــان شــاردییەوە.

کاتێـك ئـەو دەڕۆیشــت، ئـەوان ســەرنجیان لــە ئاســماندا بــوو، ئـەوە بــوو دوو پیـاو بـە جلـی سـپییەوە لەلایانـەوە ڕاوەسـتاون. پێیـان گوتـن: «جەلیلییـەکان، بۆچـی ڕاوەسـتاون سـەیری ئاسـمان دەکـەن؟ ئـەم عیسـایە، کـە لەنێوتانـدا بـۆ ئاسـمان بەرزکرایـەوە، چـۆن بینیتـان دەچـووە ئاسـمان، ئـاواش دێتـەوە.[٢٥٤]

(عیسـای مەسـیحی پـەروەردگار) بـۆ ئاسـمان بەرزکرایـەوە و لـە دەسـتە ڕاسـتی خــودا دانیشــت.[٢٥٥] ئەوانیــش کڕنۆشــیان بــۆ بــرد و بــە شــادییەکی گــەورەوە گەڕانـەوە ئۆرشـەلیم.[٢٥٦]

ئینجـا لـەو کێـوەی پێـی دەگوتـرا زەیتـوون گەڕانـەوە ئۆرشـەلیم کـە بەقـەد ڕۆیشـتنێکی شـەممە[٢٥٧] لـە ئۆرشـەلیم نزیـك بـوو.[٢٥٨]

بەردەوام لە پەرستگا بوون و ستایشی خودایان دەکرد.[٢٥٩]

---

(٢٥٣) لۆقا ٢٤: ٥٠- ٥١

(٢٥٤) کرداری نێردراوان ١: ٩- ١١

(٢٥٥) مەرقۆس ١٦: ١٩

(٢٥٦) لۆقا ٢٤: ٥٢

(٢٥٧) ئەو دوورییەیە کە جولەکەیەك بۆی هەیە لە ڕۆژی شەممەدا بیبڕێ. ئەویش تەنها (١١٠٠ مەترە)، چونکە وەك نەریتێکی ئایینی ڕۆژی شەممە بۆ پشوودانە.

(٢٥٨) کردار ١: ١٢

(٢٥٩) لۆقا ٢٤: ٥٢

## هاتنی ڕۆحی پیرۆز

کە ڕۆژی پەنجایەمین داهات، هەموو (قوتابییەکان) پێکەوە لە یەك شوێندا بوون، لەناکاو دەنگێك لە ئاسمانەوە وەك ڕەشەبا هات، ئەو ماڵەی پڕکرد کە تێیدا دانیشتبوون. ئینجا چەند زمانێکی دابەشبوو وەك ئاگر بۆیان دەرکەوت و لەسەر هەریەکەیان نیشتەوە. جا هەموویان پڕبوون لە ڕۆحی پیرۆز و دەستیان پێکرد بە زمانەکانی دیکە بدوێن، وەك ڕۆح پێی بەخشین.

لەو کاتەدا جولەکەی لەخواترسی هەموو نەتەوەکانی ژێر ئاسمان لە ئۆرشەلیم مابوونەوە (ئەو جولەکانەی کە بۆ جەژن هاتبوون). کاتێك دەنگەکە هات، خەڵك کۆبوونەوە و بووە پەشێوی، چونکە هەریەکەیان گوێی لە زمانی خۆی دەبوو پێی دەدوان. حەپەسابوون و بە سەرسامییەوە گوتیان: «باشە هەموو ئەوانەی قسە دەکەن جەلیلی نین؟ ئەی چۆن هەریەکەمان گوێی لە زمانی دایکیی خۆی دەبێت؟ ئێمەی خەڵکی پەرتیا و میدیا و ئیلامی، دانیشتووانی میسۆپۆتامیا، یەهودیا و کەپەدۆکیا، پۆنتۆس و ئاسیا، فریجیا و پامفیلیا، میسر و ناوچەکانی لیبیای ڕووەو کورێن، هەروەها میوانەکانی ڕۆما، جولەکە و بەجولەکەبوو، کریتی و عەرەب، ئەوەتا گوێمان لێیانە بە زمانی خۆمان باسی کردارە مەزنەکانی خودا دەکەن.[٢٦٠]

(٢٦٠) کرداری نێردراوان ٢: ١- ١١

## کۆتایی

ئەوانیـش (قوتابییـەکان) چـوون و لـە هەمـوو لایـەك جارێـان دا (بـۆ مزگێنـی پەیامـی مەسـیح)، عیسـای خاوەن شـکۆش لەگەڵیـان کاری دەکرد و بـە پەرجووەکانی پشـتگیری پەیامەکـەی دەکـرد.[٢٦١]

زۆر شـتی دیکـە هەیـە عیسـا کردوویەتـی، ئەگـەر یـەك لـەدوای یـەك بنووسرایەتـەوە، وابزانـم خـودی جیهـان جێـگای ئـەو پەڕتووکـە نووسراوانـەی تێـدا نەدەبـووەوە.[٢٦٢]

عیسـا لەبـەردەم قوتابییەکانیـدا زۆر پەرجـووی دیکـەی کـرد کـە لـەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. بـەڵام ئەمانـەی نـووسراون تاکـو بـاوەڕ بهێنـن کـە عیسـا مەسـیحەکەیە، کـوڕی خودایـە، تاکـو بـە باوەڕهێنـان بـە ناوی ئـەو ژیانتـان هەبێـت.[٢٦٣]

---

(٢٦١) مەرقۆس ١٦: ٢٠

(٢٦٢) یۆحەنا ٢١: ٢٥

(٢٦٣) یۆحەنا ٢٠: ٣٠- ٣١

**عیسا لەبەردەم قوتابییەکانیدا**

**زۆر پەرجووی دیکەی کرد**

**کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە.**

**بەڵام ئەمانەی نووسراون**

**تاکو باوەڕ بهێنن کە**

**عیسا مەسیحەکەیە،**

**کوڕی خودایە،**

**تاکو بە باوەڕهێنان بە ناوی ئەو**

**ژیانتان هەبێت.**

مزگێنی بەپێی نووسینی یۆحەنا ٢٠: ٣٠، ٣١

فەیسبووك:  fb.com/BiblicaHewler
ئیمەیڵ: info@kitebipiroz.com
ماڵپەڕ:  kitebipiroz.com
مۆبایل: ٥٥٧٥ ٧٣٦ ٧٥٠ ٩٦٤+

**خوێنــەری ئازیــز:** بــۆ خوێندنــەوەی تــەواوی کتێبــی پیــرۆز لــە مۆبایلەکەتــەوە دەتوانیــت ئاپــی پەڕتووکەکــەم (Pertukekem) یــان (YouVersion) بــۆ مۆبایلەکــەت دابەزێنیــت.